
KURDISTAN
له "ڕۆژنامەی کوردستان"
و"کوردستان میدیا"وە
بانەمەڕی ٢٧٢٣
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی؛ ڕحمان نەقشی

# پێڕست:

١- ترس لە لاوازی و نەبوونی پێگە............................................................ سمایل شەرەفی ..... ٥

٢- شەهید تاهیر سالحی)............................................................ برایم چووکەڵی ..... ٨

٣- ئاوەتریش پشتی کردە دەستەڵاتی ئاخوندان............................................................ دارسمە ..... ١١

٤- ئەزموونێک لە نێوان باکوور و باشووردا............................................................ ئاگری ئیسماعیلنژاد ..... ١٤

٥- سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیم بە ئاکام ناگەن............................................................ ئاسۆ مینبەری ..... ١٧

٦- هۆکاری گرژییەکانی نێوان ئێران و ئازەربایجان............................................ د. محەممەد حوسێنزادە ..... ٢٠

٧- نێڵدانی کوانوو............................................................ کەریم پەرویزی ..... ٢٦

٨- ئەگەر ئالترناتیوی ڕێژیم دروست نەبوو؟............................................................ ئەلبورز ڕۆئینتەن ..... ٣٠

٩- ئازادی وەک ئەمری سیاسیی کوردی ............................................................ شاهۆ حوسێنی ..... ٣٣

١٠- زەویی سووتاو، شەڕی نهێنی............................................................ ڕەزا دانشجوو ..... ٣٨

١١- هەڵاوسان، هەژاری و کەلێنی چینایەتی سێکوچکەی چارەڕەشیی کۆمەڵگە..................... شەماڵ تەرغیبی ..... ٤٣

١٢- ناسنامەی دزراو............................................................ کەریم پەرویزی ..... ٤٦

١٣- کاریگەریی ڕێککەوتننامەکان: زەهاو و ئەرزەرووم ١ و ٢ لەسەر پرسی کورد................ مستەفا مەولوودی ..... ٥٠

١٤- هاندانی تێرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران و خەیانەت بە مافەکانی مرۆڤ ........................... عەلی بداغی ..... ٥٦

١٥- لەسێدارەدان وەک تۆڵەیەکی دڕندانە............... باوان کرماشانی .... وە: لە فارسییەوە: کاروان مێراوی ..... ٥٩

١٦- ناوەندی هاوکاریی هێزەکان و یەکیەتیی سیاسی و نەتەوەیی................................ محەممەد سلێمانی ..... ٦٤

١٧- لە پەیمانی لۆزانەوە بۆ شۆڕشی ژینا............................................................ سمایل شەرەفی ..... ٦٩



سەرچاوە
Serchawe

١٨- کۆمێدیی براکان!................................................................ کەریم پەرویزی ..... ٧٣

١٩- ١٠ نادادپەروەریی کەشوهەوای ناوچەیی........................................ و لە فارسییەوە: شاهۆ مەتین ..... ٧٧

٢٠- خاوەندارێتی کردن لە شۆڕش و ترسی ڕێژیم.................................................. شەماڵ تەرغیبی ..... ٨٤

٢١- بەرپرسێکی حیزبی و وتارێکی بانحیزبی............................................... د. محەممەد حوسێنزادە ..... ٨٧

٢٢- شەڕ وەک نێعمەتێک بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران................................................ سمایل شەرەفی ..... ٨٤

٢٣- ڕۆژی جیهانیی ژینگە و ئاوڕدانەوەیەک لە دۆخی ژینگەی ئێران.................................. بێهزاد قادری ..... ٩٨

٢٤- دیاردەی بەرگری و پەلامار لە شۆڕشدا............................................ د. کامران ئەمینئاوە ..... ١٠٣

٢٥- سووڕی تاوان و هەڵە............................................................................. عومەر باڵەکی ..... ١٠٩

٢٦- (شەهید سەدیق ئەدیمی).......................................................................... برایم چووکەڵی ..... ١١٢

٢٧- هەر کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا لە مانای قووڵی تەحریم تێ دەگەن................................. دارسمە ..... ١١٥

٢٩- دوکتور ئیدریس ئەحمەدی: کورد دەبێ سەبری ستراتیژیکی هەبێ، هەڵەی سیاسی دووپات نەکاتەوە و پراگماتیستانە سیاسەت بکا............................................................................................ وتووێژ: دیاکۆ دانا ..... ١١٨

٣٠- زیندانیی سیاسی لە کۆماری ئیسلامیدا............................................................ حەسەن حاتەمی ..... ١٢٣

٣١- هێزی شەقام و لێکەوتەکانی................................................................... ناسر ساڵحیئەسڵ ..... ١٢٨

٣٢- ئەم پارادۆکسە چییە؟............................................................................... ئاسۆ مینبەری ..... ١٣٢

٣٣- "تجزیەطلبی" کاڵای پڕ بە باڵای کۆماری ئیسلامی................................................... شەماڵ تەرغیبی ..... ١٣٥

٣٤- بارمتەگیری و دیپلۆماسیی بارمتەگیریی کۆماری ئیسلامی............................................ زانیار حوسێنی ..... ١٣٨

٣٥- ڕۆژئاوا و دیپلۆماسیی بارمتەگیریی کۆماری ئیسلامی.............................................. عەلی بداغی ..... ١٤٦

٣٦- لە سەربەخۆییخوازانی بازنەی ئیستانبووڵ هەتا شۆڕشی "ژینا"................................ شاڕوخ حەسەنزادە ..... ١٥١

٣٧- ڕاستییەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان............................................... ئەلبورز ڕووییننتەن ..... ١٥٦

٣٨- کوشتن وەک تاکەچارەسەر!.......................................................................... عەلی بداغی ..... ١٥٩

جۆزەردانی ٢٧٢٣

٣٩- دیموکراسی و گەشەی ئابووری........................................................ د. محەممەد حوسێنزادە ..... ١٦٢
٤٠- (ڕێککەوتننامەکان: سایکس - پیکۆ، سێڤەر)................................................. مستەفا مەولوودی ..... ١٦٨
٤١- ملکەچیی دەروونی!........................................................................ کەریم پەرویزی ..... ١٧٥
٤٢- پێگەی ڕەفتاری بنەماڵەی شەهیدان لە شۆڕشی ژینادا................................ سمایل شەرەفی ..... ١٨٠
٤٣- بۆ بەرەنگاربوونەوەی حکوومەت، ئاڵتێرناتیڤی بۆ دروست بکەن.............. و لە فارسییەوە: شاهۆ مەتین ..... ١٨٣
٤٤- هۆکاری جێگیرکردنی هێزی سەربازی لە کوردستان چییە؟................................... شەهرام سوبحانی ..... ١٨٩
٤٥- دەبێ چی بکەین؟........................................................................ شەماڵ تەرغیبی ..... ١٩٣
٤٦- حیجابی زۆرەملێ و سەپاندنی هەژموونی.............................................. ئومید محەممەدپووری ..... ١٩٦
٤٧- کۆمێدیی مێژوو.......................................................................... کەریم پەرویزی ..... ٢٠٠
٤٨- ئەزموونێک لە ساڵی ڕابردوو............................................................. سۆران شەمسی ..... ٢٠٣
٤٩- کەرامەتی مرۆڤ!.......................................................................... کەریم پەرویزی ..... ٢٠٩
هەژاریی مێشک!............................................................................. کەریم پەرویزی ..... ٢١٣
"تێکۆشین بە تەمای جیران ویشکە"........................................................ کوردستان میدیا ..... ٢١٧



# ترس لە لاوازی و نەبوونی پێگە




سمایل شەرەفی

هەر لە دەستپێکی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادییەوە کە لە کوردستان چەخماخەی لێدراو بەدوای خۆیدا پشتیوانیی شارو ناوچەکانی دیکەی ئێرانی لە کوردستان لێ کەوتەوە و زۆر خێرا سەرتاسەری وڵاتی گرتەوە، ژوورەکانی پیلانی کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرنجیان خستە سەر کوردستان. ڕێژیم کە لەم پیلانەدا هەموو هەوڵێکی بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی لە سەر شۆڕشەکە و لەسەنتەرخستنی کوردستان لەم شۆڕشەدا بوو، سەرەتا لە ژێر کۆدڕەمزی "تجزیه طلبی"دا بە گوتارێکی دیکەوە قۆڵی لە شەڕی کوردستان هەڵماڵی. تۆمەتبارکردنی حیزبەکان بە "تێرۆریست" و "هەڵوەشاوە"(منحله) جێی خۆی دا بە "گرووپە جیاییخوازەکان" کە گوایا دەیانهەوێ ئێران لەتوپەت بکەن و کوردستانی لێ جیا بکەنەوە. کاربەدەستانی ئەمنیەتی و سەربازیی ڕێژیم کە زیاتر لەم پێوەندییەدا و بەم گوتارەوە لێدوانیان دەدا، لە لایەک دەیانهەویست لەو شەپۆلە پشتیوانییە مێژووییەی گەلانی دیکەی ئێران لە کورد و کوردستان بدەن و لە لایەکی دیکەوە پێوەبوون زەمینەی هێرش بۆ سەر کوردستان و حیزبە سیاسییەکانی بڕەخسێنن و بەو تومەتانەوە ی سیاسەتی سەرکوتکاریی خۆیان بدەن. ئەوەبوو کە دوای کەمتر لە مانگێک تێپەڕین بەسەر شۆڕشی ژینا و لە ڕێکەوتی ٦ ڕەزبەی ١٤٠١ی هەتاویدا یەکەم هێرشی

مووشەکیی کرایە سەر بنکە و بارەگانی حیزبەکان و بەدوای ئەودا سەرکوتی سیستماتیکی شۆڕشڤانانی سەر شەقامەکانی کوردستان بێبەزەییانەتر لە شوێنەکانی دیکەی ئێران پەلامار دران و هاوکات لەگەڵ شەهید و برینداراکردنی هەزاران کەس، بە هەزاران کەسی دیکەیان لێ دەستبەسەر و ڕەوانەی بەندیخانەکانی ڕێژیم کران.

ئیرادەی بەرزی شۆڕشڤانانی سەر شەقامەکانی کوردستان و بیرکردنەوە مودێرن و ئینسانییەکانی خەڵکی کوردستان کە بە درووشم و ڕەفتاری ڕۆژانەیانەوە دیارە، لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا ڕۆژهەڵاتی لەگەڵ ڕۆژ کورد و کوردستانی کردبوو بە کلاسێکی پڕ لە ئیرادەی گۆڕانکاری و مەعریفە کە توانیبووی نەتەنیا سەرنجی گشت خەڵکی ئێران، بەڵکوو بیروڕای نێونەتەوەییشی بۆلای خۆی ڕابکێشێ. لەم پێوەندییەدا ڕۆڵی ناوەندی هاوکاری بە گشتی و بەتایبەت سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کاریگەریی بەرچاوی هەبوو. ئەوە بوو بڕیاری ژوورە ڕەشەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر گوشار بۆ سەر حیزبەکان و مووشەکبارانکردن پێداگریی لەسەر کرایەوە.

لە درێژەی ئەم پیلانگێڕییانەدا بە گوشارخستنە سەر دەوڵەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە داواکاریی جۆراوجۆر لە سەر مەحدودکردنەوەی چوارچێوەی بوون و تێکۆشانی حیزبەکان، هەموو هەوڵێکی ئەوەیە کە ئەم حیزبانە و لە سەرروو هەمووانەوە حیزبی دێموکرات لە خەڵکی کوردستان دابڕێت. لەم پێوەندییەدا هەرجارە و کاربەدەستێکی ئەمنیەتیی و سەربازیی ڕێژیم ڕوو بە دەوڵەتی عێراق لە بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر، بە هەڕەشە و گوڕەشەوە داوا دەکەن کە داواکارییەکانی ئێران لە سەر حیزبەکان جێبەجێ بکەن. لەم پێوەندییەدا کاربەدەستانی ڕێژیم ناوە ناوە بە پاساو و بیانووی "نائەمنکردنی سنوورەکان و هەڕەشە بۆ سەر ئەمنیەتی میللی" لە لایەن حیزبەکانەوە، بە زمانی هەڕەشەوە داواکارییەکانیان وەبیر کاربەدەستانی عێراق و هەرێم دەهێننەوە. ئەوە لە حاڵێک دایە کە ئیدیعای کاربەدەستانی ئێران لە سەر ئەمنیەتی سنوورەکان و جموجۆڵی چەکداریی حیزبەکان نەتەنیا لە جێی خۆیدا نیە و دوورە لە ڕاستی، خودی حیزبەکانیش پێداگری لە سەر خەباتی سیاسی و مەدەنی لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەکەن.

ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران بەدوایدا دەگەڕێ و مەبەستییەتی نە ئەمنیەتی سنوورەکانە و نە دابینکردنی ئاسایش و هێمنی بۆ ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان، بەڵکوو دژایەتییەکی ڕووت و حاشاهەڵنەگری پرسی کورد و بەزاندنی سنووری سەروەریی سیاسیی وڵاتی عێراق و هەرێمی کوردستانە. دەنا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران خۆیان لە هەموو کەس و لایەنێک باشتر دەزانن کە؛ ئەو کاتانەی کە ئەوان بە هێرشی مووشەکیی بۆسەر بنکە و بارەگای حیزبەکان پلان و پیلانیان ئەوە بوو کە حیزبەکان بکێشنە مەیدانی شەڕێکەوە کە مەرامە شەڕەنگێزانەکانی ڕێژیم دابین بکات، ئەوە حیزبەکان بوون

**جۆزەردانی ٢٧٢٣**

**کە خۆیان لەم پیلانە بوارد و داوایان لە خەڵکی کوردستان کرد کە وێڕای هەوڵدان بۆ جەماوەریبوونی شۆڕشەکە، خۆ لە هەر هەڵسووکەت و ڕەفتاری توندوتیژانە بپارێزن.**

**ژوورە ڕەشە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە پیلانەکانیان بۆ گوشارخستنە سەر دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ هەڕەشەکانیان بۆ سەر حیزبەکان هەروا بەردەوامن. لە ماوەی یەک دوو حەتووی ڕابردوودا، ریژیم بە گرتنەبەر پیلانێکی کۆن و چەندینبارەی ژەنگاوی، چەند دەستە لە بەکرێگیراوانی خۆی بە جل وبەرگ و ناسنامەی پێشمەرگانەوە لە هێندێک ناوچەی سنووریدا بڵاو کردۆتەوە کە گوایا ئەمانە پێشمەرگەی حیزبەکانن بۆ نائەمنکردنی سنوورەکان ئاودیوی "ئێران" بوون. کۆماری ئیسلامی لە لایەک دەیهەوێ بەم پیلانەوە هەوڵی ئەمنیەتیترکردنی سنوورەکان بدات و لە لایەکی دیکەوە وەک کارتێکی فشار بۆ سەر دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستان بەکاری بێنێت کە گوایە ئەوان بەڵێنییەکانیان بەجێ نەگەیاندوە و "ئەوانیش بۆ پاراستی ئەمنیەتی سنوورەکان و ئەمنیەتی ژیانی خەڵک بە مافی خۆیان دەزانن کە پەلامار بۆ سەر حیزبەکان درێژە پێ بدەن."**

**هیچ گومانی تێدانیە کە هەموو لایەنەکانی پێوەندیدار بەم پرسەوە دەزانن و زانیاریی تەواویان لەسەر ئەم پیلانانەی ڕێژیمی ئێران و هەڵویست و ڕەفتاری بەرپرسانەی حیزبەکانیش هەیە. بۆیە ئیدیعا و ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی ئێران نەتەنیا هیچ بنەمایەکی ڕاست و یاسایی نیە، بەڵکوو لە نەوعی خۆیشیدا بێڕێزی بە سەروەریی دەوڵەت و خاکی عێراق و هەرێمی کوردستانیشە.**


**ئەوەندەی پێوەندیی بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشەوە هەیە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی خەبات و تێکۆشانی خۆیدا پێداگری لە تێکۆشانی سیاسی و مەدەنی لە کوردستان و ئێراندا دەکات و لەم پێوەندییەدا وەک حیزبێکی بەرپرسیار هاوکات لەگەڵ ڕێزگرتن لە سەروەریی سیاسی و یاسایی لایەنە پێوەندیدارەکان، چاوسوورکردنەوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بزووتنەوەی کوردستان بە نیشانەی لاوازی و بێپێگەیی ئەم نیزامە دەزانێ.**

**١ی جۆزەردانی ٢٧٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

# کۆتایی چیرۆکی خەبات لای ئێوەیە، من گەیشتن بە ئازادیم بە هاوڕێکانم سپارد (شەهید تاهیر ساڵحی)




برایم چووکەڵی

کاروانی خەبات بۆ دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد بەردەوامە و هەتا گەیشتن بە دوائامانجەکانی بەردەوام دەبێت. ئەم کاروانە بە پێشکەشکردن و بەشینی گیانی باشترین و بەوەجترین ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە ئامانجێکی بەرزی و ئینسانی هەیە و ئەویش بەختەوەری و ئازادیی گەلێکی بندەستە کە شیاوی ئازادییە، چونکی ڕووبارێک خوێنی بۆ داوە. لە ژمارەی ئەمجارەی "کوردستان" و لە گۆشەی "هەگبەی شاخ و شۆڕش"دا سەرێک لە ناوچەی سەقز هەڵدێنین و یادی شەهید تاهیر ساڵحی، شۆڕەسوارێکی ئەم دەڤەرە دەکەینەوە.

تاهیر ساڵحی لە شاری سەقز لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش چاوی بە دنیای ڕوون کردەوە. ئەو نازدار و خۆشەویستی ماڵ بوو، هەربۆیە دایک و بابی پتر زەحمەتیان کێشا بۆ ئەوەی کوڕی خۆشەویستیان چاولەدەست نەبێ. لە تەمەنی حەوت ساڵیدا بە کۆڵێک هیوا و هۆمێدەوە نێردایە قوتابخانە، کەچی دواتر بەهۆی زۆر گیروگرفتی بنەماڵەیی و بژیوی ژیان

نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدا. بۆیە بەناچار ڕێگای یارمەتیکردن بە باوکی گرتەبەر و هەوێنی ژیانی ساکارانەی تاهیر بوو بە زەحمەت و کوێرەوەری و ڕەنجکێشان.

تاهیر هەرچەند لەگەڵ مەینەتی و کوێرەوەری گەورە بوو، و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر هەستی بە زوڵم و زۆری دەکرد؛ بەڵام ڕوحی خەبات و خۆڕاگری لە ناخیدا چەکەرەی دەکرد. ئەو کە لە چایخانەکەی باوکیدا کاری دەکرد، لە زمان خەڵکێکی زۆرەوە دەیبیست و دەیدی کە گەلە بەشخوراو، و نیشتمانە داگیرکراوەکەی چیی بەسەر دێت.

ساڵی ٥٧ کە تەقینەوەی شۆڕشی گەلانی ئێران لەدژی ڕێژیمی گەندەڵ و بێزراوی پاشایەتی بوو، تاهیر لە ڕیزی پێشەوەی خۆپیشاندەران بوو. ئەو وێڕای دەربڕینی بێزاریی خۆی لە ڕێژیمی محەممەدڕەزاشای پەهلەوی لاوانی دەوروبەری بۆ بەشداری لە ڕاپەرینەکە هان دەدا. دوای ئەوەش کە شۆڕشی گەلانی ئێران سەر کەوت و حیزبی دێموکراتی کوردستان تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەست پێ کردەوە، تاهیر بڕیارە چارەنووسسازەکەی خۆی دا.

تاهیر بەگوێرەی ناسیاوییەک کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و مێژووی خەبات و تێکۆشانی حیزب هەیبووی، وەک کوڕە کوردێکی بەهەست و نیشتمانپەروەر ئەو حیزبەی وەک وەدیهێنەری ئامانجەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران پەسەند کرد و بوو بە لایەنگرێکی وەفاداری حیزبی دێموکرات. زۆری نەبرد و لە هاوینی ساڵی ١٣٥٨دا دەستی دایە چەک و لە ڕیزی شۆڕشگێڕانی حیزبی دێموکرات لە هێزی عەزیز یوسفی بوو بە پێشمەرگە. ئەو کە لەنێو هاوڕێیانیدا بە "هەڵۆ"ی ناوبانگی دەرکردبوو، زۆر زوو توانی جێگەی خۆی لەنێو پێشمەرگەکانی هێز و خەڵکی ناوچەدا بکاتەوە.

تاهیر بە وشیارییەوە کاری پێشمەرگایەتیی خۆی دەست پێ کرد و بوو بە پێشمەرگەیەکی ئازاو بەئیمان. ئەو هەوڵی دەدا لەگەڵ هاوسەنگەرانی و خەڵکی دەوروبەر کردەوە و ڕەفتار و هەستان و دانیشتنی شۆڕشگێڕانەی هەبێ. جگە لەمانەش خۆی ماندوو دەکرد بۆ ئەوەی زیاتر لە سیاسەتی حیزبە ئاگادار بێ و لەنێو خەڵکدا برەویان پێ بدا. تاهیر بە لێهاتوویی و لێوەشاوەیییەوە ئەرکە پیرۆزەکانی بە ڕێکوپێکی بەڕێوە دەبرد و بڕیارەکانی حیزبی جێبەجێ دەکرد.

پاش ئەوەی شاری سەقز لەلایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیمی ئاخوندییەوە کەوتە بەر پەلامار و داگیر کرا، تاهیر وێڕای تێکۆشەرانی حیزب و هاوسەنگەرانی درێژەی بە تێکۆشانی سیاسی و نیزامیی خۆی دا و چیاکانی ناوچەی سەقز و هەوشاری لە دوژمن کردە گۆڕستان. تاهیر کە لەو ماوەیەدا ئەزموونێکی باشی لە شۆڕش بەدەست هێنابوو، بەهۆی ئازایەتی بە سەرپەل دیاری کرا و ئەو ئەرکەشی بەجوانی بەڕێوە برد و بەتایبەت لە شەڕەکانی سێ مانگە، دەرەقووڵە و خۆشێنان

ئازایەتیی کەموێنەی نواند.


تاهیر ساڵی ساڵی ۱۳٦۲ بوو لەگەڵ شەهید سەدیق فەروخیان ڕووی لە ناوچەی هەوشار کرد. پاش ماوەیەک کار لەو ناوچەیە وەک فارەماندەری لک دیاری کرا و لەو پۆستەشدا کارامەیی خۆی نیشان دا. تاهیر لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا نموونەی سەداقەت و ڕاستی و دروستی بوو. هەستان و دانیشتنی و کردەوەکانی لە خزمەت ئامانجەکانی جووڵانەوەدا بوو. چالاکی و هەڵسووڕیی ئەو لە خەبات دژی دوژمنانی ئازادیدا بەرچاو بوو. لە زۆربەی شەڕەکاندا بەشداریی چالاکانەی هەبوو و وەک قەڵایەکی پۆڵایین لەبەرانبەر دژیگەلییەکاندا ڕادەوەستا. تاهیر بە تێکۆشانی بێوچان و بە هەڵمەتی دوژمنشکێنانەی پێشانی دا شیاوی ئەم پلە و بەرپرسایەتییەیە و لە کاری فەرماندەییدا ڕۆڵەیەکی کارلێهاتوو و ئازایە. بە چەشنێک کە فارەمانیەتی و نەترسیی تاهیر لە ناوچەی سەقز و هەوشار دەنگی دایەوە. شەڕەکانی ناوچەی سەقز و هەوشار فەیزوڵابەگی نموونەیەکی چووکەن کە وەک یادگار لە دەفتەری بیرەوەریی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتدا ماونەتەوە.

ڕۆژی یەکی ڕەشەمەی ساڵی ۱۳٦۲ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی پەلاماری گوندی "کانیچەرموو"یان دا. شەڕێکی قورس لە نێوان هێزی پێشمەرگە و دژیگەلییەکاندا کەوتە ڕێ. بەداخەوە سەرەڕای ئازایەیی بێوێنە، بەڵام سینگی تاهیر ساڵحی کەوتە بەر گوللەی داگیرکەران و چرای تەمەنی لە ۲۵ساڵیدا کوژایەوە.

ئەگەر چیا سەربەرزەکانی کانیچەرموو بە خوێنی تاهیر نەخشان، لەو لاوە یاد و ناوی تاهیر لە دڵ و بیرەوەریی هەزاران هەزار لاو و منداڵی نەتەوەکەیدا هەرمان مایەوە.

٢ی جۆزەردانی ۲۷۲۳

# ئاوەتریش پشتی کردە دەستەڵاتی ئاخوندان




**دارسمە**

ئــای لەم تــرێ هیچوپــوچە، ئــای لە تــرێ ڕەشــەی سەردەشــتێ، وای لە ترێــی زێڕینــی شــێرازێ، بەهــ بەهــ لە ڕەزی هەزاربەهەزاری دەشتی قەزبێن و تاکستانێ.

فارسان بە دارمێو دەڵێن "تاک" و بەم زمانە "ڕەزی"ش دەبێتە "تاکستان". فارس دوای ئەوەی لە ئێران بوونە دەستەڵاتداری سەرەکی، سەریان لە دارمێویش شێواند.

ئەوانەی دوو سێ جار خشتەی یەکتربڕ یان "جدول كلمات متقاطع"یان لە ڕۆژنامە و گۆڤاری فارسیدا پڕ کردبێتەوە، باشتر دەزانن ئەمانە چ پەندێکیان بەسەر دارمێو هێناوە. لە جێیەک پێی دەڵێن "مۆو" لە شوێنێک پێی دەڵێن "تاک" و هێندیک جاریش دەڵێن "درخت انگور". هەر بۆیە ترێ لە ئێران لەوکاتەوە دەبێتە "بەرسیلە" و "بۆڵ" و "زەنگەتە" و "هێشوو" و لقی دارمێو بەرەو زەوی ڕادەکێشت، تووشی هەزاران پەند و و گوڵمەزە دەبێت. هێشتا نەبووەتە بەرسیلە و قۆرە، بە مەبەستی



سەرچاوە
Serchawe

سازکردنی دۆڵمە دەگەڵ تووله مێوان دەیرِننەوە. له کاتی بەفۆرەبوونیشدا بۆ گرتنی ئاوەقۆرە و دامرکاندنی حەزی ژنانی بیزوودار کاڵرِن دەکرێت.
ترێ، دوای کامڵبوون و تێپەڕاندنی سەردەمی مێرمنداڵی، دەبێتە گوڵی مەجلیسان و زۆر جار خۆی دە کاروباری سیاسییش وەردەدات.

هەموو خوێنەرانی ئەم دێڕانە ناوی دوو برێندی لێکەوتە و بەرهەمی ترێیان بیستووە. ناوی ئەم برێندانەش "ساندیس" و "شەڕابی شیراز"ە. ئێستا لە سەردەمی دەستەڵاتی ئاخونداندا لە کاتێکدا کارگەی دروستکردنی شەڕاب لە شیراز داخراون، ولاتێکی وەک فەڕانسە ئێستاشی دەگەڵ دابێت شەڕاب بەم ناوە دروست دەکات و دانیشتووانی شیرازیش هەتا دەستیان دەکەوێت، دوور لە گوێدێران ئەستۆ و ڕانی خۆیانی بۆ دەشکێنن .

بە پێی هەنەندێک ڕیوایەتی نیوەپشتڕاست کراوە، ئەم شەڕابە شیرازەی لە فەڕانسە بەرهەم دێت و ئێستا دانیشتووانی بەڕێزی شیراز بە فارسیی ڕەسەن و لوڕ و قەشقاییەوە مەگیرانیی لێ دەکەن، ئەویش بەرهەمی ترێی خۆیانە.

دەڵێن دەنکە کشمیشێک بەسەرهاتی خۆی بۆ کرێکارێکی پەنابەری شیرازی لە کارگەیەکی شەڕابسازیی فەڕانسە گێڕاوەتەوە و گوتوویەتی دوای ئەوەی لە باغێکی شیراز لەژێر تینی هەتاو چرچیان هەڵێناوە، بردوویانەتە کارگەیەکی پوختەکردنی کشمیش و دەگەڵ کۆمەڵە کشمیشێکی دەروجیرانی دە پاکەتێکیان کردووە و هەتا گەیشتووەتە ئەم کارگەیە لە تاریکی زیاتر هیچی دیکەی نەدیتووە. کرێکارە شیرازییەکەش وای لێک داوەتەوە، ئەم بوڵەترێ چرچهەڵاتووە لەجیات ئەوەی وەک جاری جاران لە شیراز بکرێتە شەڕاب، لە سەر پشتی لۆریی گەورە بارکراوە و بە ژێر چەندین گومرگ و لێپرسینەوەدا تێپەڕێوە. کرێکارەکە هەزار ڕەحمەتی بۆ ئەو فەڕانسەییە کافر و دیانانە ناردووە و لەبەر ئەوەی ئەم ترێیانەیان هەر بەناوی شیرازەوە کردۆتە شەڕاب گەلێک سوپاسی کردوون .

ترێ ڕەشەی سەردەشتیش هیچی لە ترێی زێڕینی شیراز کەمتر نییە، بەڵام چونکە ڕەشتاڵەیە و لەنێو کوردانیشدا وەک ترێ زەردەڵەکەی شیراز ڕێزی ناگیرێت؛ بە هەزار بەزم و ئۆینیشەوە ڕەوانەی هەنداران ناکرێت.

ئەم ترێ ڕشتاڵەیە، پێش ئەوەی ئێران ئەوا بەتوندی ئاخونداوی بکرێت، لە سەردەمی دەستەڵاتی پاشایەتیدا بە لۆری و قەڵلابان دەگەیندرایە کارخانەی شەڕابسازیی ورمێ و لەوێ دەکرایە شەڕابی ناب.

**جۆزەردانی ٢٧٢٣**

**لەو کاتەوەی کارخانەی شەڕابسازیی ورمێ کرا بە  کارگەی بەرهەمهێنانی "ساندیس" و نێوەندی بەرهەمهێنانی ئاوەتریّ، دۆخی ئێران گۆڕانێکی قووڵی بەسەردا هات. کاتێک ساندیس دەستی بە خەیانت کرد و دوای دابەشکرانی دە نێو خۆپێشاندرانی لایەنگری دەستەڵاتی کۆماری ئیسلایدا، دەروونی لایەنگرانی حکومەتی فێنک کردەوە، دەستەواژەی "ساندیسخۆر" لەدایک بوو.**

**"ساندیسخۆر" بەو کەسانە دەگوترێت بۆ پێشتیوانیکردنی دەستەڵات خۆیان پێشان دەدەن و لە کاتی خۆپێشاندانداندا لەجیات ئەوەی بە باتووم، دار، شەق و ساچمەزەن بیانکوژن یان پەلکێشی گرتووخانەیان بکەن، ساندیسی فێنکیان دەپێش دەکەن. ئەوەندی لەسەر بەزمی تریّ لە ئێراندا بڕۆین کەمە و بۆ ئەوەی درێژدادڕی نەبێت، بەم بەسەرهاتەی دوایی کۆتایی پێ دەهێنین:**

**رۆژی ٢٧ی ئەم مانگە، هەواڵدەریی فارس بڵاوی کردەوە لەم دواییانەدا هەست بەمە کراوە دانیشتووانی تاران لە مەیدانی میوەی ئەم شارە لە پێش ئامێری پاڵاوتنی ئاوی میوە ڕیز دەبەستن و بە دەبەی ١٥ لیتری ئاوی تریّ بۆ ماڵان دەبەنەوە. هەواڵدەریی فارس وای مەزەندە کردووە، کڕیارانی هەراوی ئاوەتریّ، ئەم ئاوە دەبەنەوە ماڵ و بەدزییەوە و دوور لەچاوی ساندیسخۆران دەیکەنە شەڕاب.**

**دیارە شەڕابخواردنەوە ئەگەر هەر سەرخۆشبوون و گێژ و وڕ و کاسبوونی بەدواوە بێت، نەک هەر زەرەر نییە، بەڵکو باشیشە. بەمجۆرە خەڵکەکە لە ماڵی خۆی دادەمرکێت و واز لەم هەموو درووشمە "هنجارشکنانە"و "حرکات موزون"ە دەهێنیت. بەڵام وەک بیستراوە، ئەوانەی بە شەڕاب سەرخۆش دەبن، درووشم دەدەن و ئەوانەی لە مەجلیسی کۆبوونەواندا دەیخۆنەوە، هەر قومی لێ دەدەن و باس لە دۆخی ئێستا و داهاتوو دەکەن. هەر بۆیەشە داواکاری گشتیی تاران داوای کۆکردنەوەی ئەو ئامێرانەی  پاڵاوتنی ئاوی میوەی کردووە.**

**بەڵام ئەگەر بەقسەی نووسەری "بەزەمیری، فەقیری حەقیر" بێت، بە فەتوای شیخی خۆی دەکات:**

**"شەڕابی لەعلی ڕۆممانی لە "نالی"**
**حەرامە بێ مەززەی ماچێکی لێوان."**
**بە نووسەر و بە دەستەڵاتی میری چی، ئەم شێعرە هەنجارشکەنانەیە.**

**٢ی جۆزەردانی ٢٧٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

# ئەزموونێک لە نێوان باکوور و باشووردا



ئاگری ئیسماعیلنژاد

ڕۆژی ١٤ی مەی ٢٠٢٣ هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری و پارلەمانیی تورکیر بەڕێوە چوو. لە ئاستی پارلەماندا بەرەی ئاکپارتی بە هاوپەیمانی لەگەڵ مەهەپە توانییان ٣٢٢ کورسی لە ٦٠٠ کورسی بێنێتەوە و لە ئاستی سەرۆککۆماریشدا ئەوەی کە دیاریی دەکات کێ دەبێتە سەرۆککۆماری ٥ ساڵی داهاتووی تورکیە، "سینان ئۆغان" کاندیدای بەرەی "ئات"ە. گرینگترین خاڵی ئەو هەڵبژاردنە بۆ ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵات هەڵوێستی "مەهەپە"(حیزبی ناسیۆنالیست و ڕاستی توندڕەوی تورکیە) و "سینان ئۆغان"ە، کە هەر دووک لایەن مەرجی سەرەکییان بۆ هاوپەیمانیەتیی لەگەڵ ئەردۆغان دژایەتیی کوردە!

زۆر جار چالاکانی سیاسی و کەسایەتییەکانی کورد باسی ئەوە دێننە گۆڕێ کە گوایە ئێمە (کورد) لەگەڵ دەوڵەتانی ئێران ، تورکیە، سووریە و عێراق کێشەمان هەیە و ئەو کێشەیە و هەموو تاوانی دژی کورد ئەو دەوڵەتانە کردوویانە و نەتەوەی فارس، تورک و عەرەب وەکوو خەڵکی نێو ئەو دەوڵەتانە، هیچ تاوانێکیان نییە. ڕاستییەکی تاڵە، بەڵام بناغەی ئەو وڵاتانە لەسەر دژایەتیی کورد دامەزراوە و ئەو دژایەتییە بە قازانجی نەتەوەی خاوەن دەوڵەتە لە هەموو ڕوویەکەوە؛ هەتا

ئێستا لەگەڵ ئەوەی کە ١٠٠ ساڵ لەو باسە تێ دەپەڕێ، بەڵام دۆخەکە نەگۆڕدراوە و هەر چەشنە دژایەتییەکی بەرانبەر نەتەوەی کورد لەلایان داگیرکەرانەوە بە قازانجی نەتەوەی خاوەن دەوڵەت دەشکێتەوە و تاکی ئەو نەتەوەیەش چ وەک کۆمەڵگە و چ وەک تاک بەتەواوی هەستی بەو قازانجە کردووە؛ تەنانەت داکۆکیشی لێ دەکات.

ئەگەر بمانەوێ ڕوونتر ئەو بابەتە تاوتوێ بکەین، دژایەتیکردنی کورد تەنیا لەلایەن دەوڵەتەکانی داگیرکەر و بە هۆکاری دیکتاتۆربوونی دەوڵەتەکانەوە نییە، بەڵکوو لەلایان کۆمەڵگەی نەتەوە داگیرکەرەکانی کوردستانیشەوە، ئێمە وەکوو کورد دژایەتی دەکرێن، واتە ئاکار، سەرکوت ، پیلان و کوشتوبڕی کورد بەدەستی دەوڵەتی فارس، تورک و عەرەب لانیکەمی دڵخوازی بەشێک لە ئەو کۆمەڵگایانەیە، و لە چاوی ئەو بەشە لە کۆمەڵگەی ئەوان سەرکوتی کورد ڕەوایە و پێویستە! ئەگەر بەو ڕوانگەیەوە سەیری ئێران بکەن، دەکرێت بڵێین لە دە ساڵی ڕابردوودا کە خەباتی نەتەوە نافارسەکان لە ئاستی ئێراندا هێزی گرتووە، هەر چەشنە هاوپەیمانییەک کە لە ئێراندا ساز بووە، چ لە ئاستی نێوخۆی کۆماری ئیسلامی و چ لە ئاستی دەروەی کۆماری ئیسلامیدا دەتوانین بەسەر دووبەشدا دابەشی بکەین:

**یەکەم**: ئەو هاوپەیمانییانەی خوازیاری لادانی هەڵاواردنی نەتەوەیی لە ئێرانن.
**دووهەم**: ئەو هاوپەیمانییانەی بۆ پاراستنی فارس سەروەری دامەزراون.

ئەگەر ڕوونتر لەسەر ئەو بابەتە بدوێم، دەبێت بڵێم کە لایەنە سیاسییەکانی ئێران کە نوێنەرایەتیی بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی فارس و باقی نەتەوەکانیتر دەکەن؛ لەسەر بنەمایی دژایەتیکردنی مافی نەتەوەکان یان پاراستنی مافی نەتەوەکان لە ئاستی نێوخۆی کۆماری ئیسلامی و ئۆپۆزیسیۆندا هاوپەیمانییان بەستووە. بەڵگە بۆ ئەو قسەیە ئەوەیە کە زۆربەی جاران لە چالاکانی سیاسی- ئێرانی دەبیستین کە دەڵێن: "مەترسیی (تجزیەطلبی) لە گۆڕییە، کەوایە دەبێت پشتی کۆماری ئیسلامی بگیرێت."
لە نێو بەرەی بەرواڵەت ئۆپۆزیسیۆنیشدا هەمان باس هەیە و تەنانەت هێندێ لایەنەی وەکوو مەنشووری مەهسا، شوڕای مودیرییەتی گوزار و شوڕای تەسمیم کە نەرمافۆترن لە چاو لایەنەکانیتر، هۆکاری نەرمافۆکەیان ئەوەیە بەو ڕێگایەوە بەجۆرێک خوازیاری ئەوەن ئارستەی مافی نەتەوەکان لەژێر کۆنترۆڵی خۆیان نێن، واتە نەرمافۆبوونەکەیان لەبەر ترس لە نەمانی هێژمۆنیی فارسە، نەک لەبەر باوەر بە پێکەوەژیان و مافی مرۆڤ!

ئێستا باکووری کوردستان مەترسیی ئەوەی لەسەرە کە لە چوارچێوەی دێمۆکراسیدا سەرکوت بکرێت، هاوکات باشووری کوردستانیش بەردەوام هەڕەشەی جۆراوجۆری لەلایەن دەوڵەتی بەغداوە لەسەر با لەو بەشەدا پەیوەندی نێوان بەغدا و هەولێر تاوتوێ بکەین!

جۆزەردانی ٢٧٢٣

لە پاش چوونە دەرێ ئامریکا لە عێراق لە ٣١ی دێسامبری ٢٠١١دا، دەوڵەتی بەغدا سەرەڕایی ئەوەیە دەیان قەیرانی سیاسی و ئابووریی بۆ حکوومەتی هەرێم ناوەتەوە! و بە بیانووی جیاواز لە هەوڵی لاوازکردن و تێدابردنی ئەو حکوومەتەدایە، لانیکەمی دوو جاریش ویستوویەتی کە بە هێزی چەکدار کێشەی نێوان هەوڵێر و بەغدا چارەسەر بکات، جاری یەکەم لە ژانویەی ٢٠١٢ بوو کە مالکی دەیەویست سپای دیجلە لە ناوچەی کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم جێگیر بکات و جاری دووهەم هێرشی ٢٠ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧ لە پردێ نموونەیەکی باشن بۆ باسەکەی ئێمە. ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەوەی هەتا ئێستا حکوومەتی هەرێمی هێشتۆتەوە، دێمۆکراسی، پێکەوە ژیان پێشگیری نێودەوڵەتی و تەنانەت ئابووریش نییە، بەڵکوو هێزی پێشمەرگەیە و ئەگەر هێزی پێشمەرگە نەبایە دەوڵەتی بەغدا لە باتی سازکردنی قەیرانی ئابووری و سیاسی بۆ هەرێم بە هێزی نیزامی سەرکوتی کوردی دەکرد، وەکوو دەیان نموونەی کە لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا کردوویەتی.

پوختەی مەبەست ئەوەیە تەنیا ڕێگا بۆ ئەوەی مافی کورد لە پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەستەبەر بکرێت، ئەوەیە حکوومەتێکی کوردیی لانیکەم هاوشێوەی حکوومەتی هەرێم دابمەزرێ؛ واتە حکوومەتێک کە خاوەنی هێزی نیزامی بێت. بۆیەش هەر ڕێچارەیەک کە لە ئێستادا دان بە دامەزرانی حکوومەتێکی کوردستانی لە ڕۆژهەڵاتدا نەنێ، تەنیا چارەنووسی کوردی تووشی قەیران کردووە و دەرگای فاشیزمی فارس بە کراوەیی هێشتۆتەوە.

وەکوو دەبینین ئەو ٥٪ دەنگی سینان ئۆغان و ١٠٪ دەنگی مەهەپە وای کردووە کە کورد لە باکووری کوردستان لە چوارچێوەی دێمۆکراسییدا سەرکوت بکرێت! هیچ دوور نییە، هەمان ئەزموون لە ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامییش سەر هەڵبدات و دوو نەتەوەی فارس و تورک کە پێکەوە زۆرینەی ئێران پێک دێنن، بۆ دژایەتی کورد بە شێوەی دێمۆکراتیک هاوپەیمانی ببەستن؛ ئەزمونی ئەوەشمان هەیە کە لە ساڵی ١٩٥٧دا، پانتورکیسم و خومینیسم پێکەوە هاوپەیمانەتییان بۆ سەرکوتی کوردستان بەست.

لە کۆتاییدا: ساڵانی ٩٣ و ٩٦دا دووجار دەستەی وەزیرانی ئێران لایحەیەکی پێشکەشی مەجلیس ڕێژیم کرد کە دوو شاری بانە و مەریوان بکرێتە ناوچەی ئازادی ئابووری. لە هەر دوو جارەکەدا نزیک بە ١٠٠٪ نوێنەرانی تورک زمانی مەجلیسی ئێران دەنگی نایان دا بەو لایحەیەدا و بەو شێوەیە لایحەکەیان ڕەت کردەوە. کە وایە ڕێگای دڵنیایی بۆ دەستبەرکردن و سەقامگیربوونی مافی نەتەوەی کورد، تەنیا دێمۆکراسی لە ئاستی ئێراندا نییە، بەڵکوو دامەزرانی دەوڵەتێکی کوردستانیی هاوشێوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە! واتە دەوڵەتێک کە هێزی چەکداری هەبێت.

https://bit.ly/3M96pWT

٢ی جۆزەردانی ٢٧٢٣

# سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیم بە ئاکام ناگەن



ئاسۆ مینبەری

لە ڕۆژانی ڕابردوودا، وەزارەتی وەرزش و لاوانی ڕێژیم ڕایگەیاند لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا، زیاتر لە ٣٠ ناوەندی هاوسەرگیری لە ئێراندا دامەزراون. ئەم ناوەندانە بە ئیزنی ناوەندی تەبلیغاتی ئیسلامیی ڕێژیم کار دەکەن و لە زیاتر لە ١٥ پارێزگای ئێراندا بنکەیان بۆ دیاری کراوە.

لە ڕاستیدا کرانەوەی ئەم ناوەندانە پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ سیاسەتی ڕێژیم بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی حەشیمەت هەیە کە لە ساڵی ١٤٠٠دا لە ژێر ناوی "گەڵاڵەی پشتیوانی لە بنەماڵە و جەوانیی حەشیمەت" کەوتە بەر دەنگدان و لەلایەن مەجلیسی ڕێژیمەوە پەسەند کرا و چووە قۆناغی جێبەجێکردنەوە. هەر بەپێی ئەم گەڵاڵەیە بنەماڵەکان لە مافی سەرەتایی خۆیان، واتە کۆنترۆڵکردنی ڕێژەی منداڵبوون بێبەریبوون و تەنانەت فرۆشتنی کەرەستە بێهداشتییەکانیش بۆ پێشگرتن لە منداڵبوونیان لێ قەدەغە کرا.

بەپێی لێکۆڵینەوەکان دەرکەتووە کە ١٠ لەسەدی کۆمەڵگەی ئێران بە پیر دادەنرێن و، بەدواداچوونی کارناسانی حەشیمەتیش پێشانی داوە کە هەتا ساڵی ١٤٣٥، واتە هەتا ٣٣ ساڵی دیکە حەشیمەتی ئێران بەرەو پەککەوتەیی دەچێت کە ئەمە دەتوانێ کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر جومگە جیاوازەکانی کۆمەڵگەش هەبێ.

بەڵام ئایا ئەمە ئەتوانێ بیانوویەکی باش بۆ دەستێوەردان لە تایبەتیترین بەشی ژیانی بنەماڵەکان بێ؟ ئایا بەم شێوەیە حەشیمەتی ئێران بەرەو جەوانی دەچێت و ئایا ئەم جەوانبوونی حەشیمەتە ئەتوانێ لە ڕاستای بەرژەوەندی و قازانجی ڕێژیمدا بێ؟ چاوخشاندنێک بەسەر دۆخی ئێران لەم ساڵانەی دواییدا و بەتایبەتیش لە چەند مانگی ڕابردوودا دەری دەخات کە ڕێژیم چۆن لە نەبوونی پلان و ستراتیژیی گونجاودا خۆی بووەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی حەشیمەت ڕوو لە کزبوون بنێ و چیدیکە خەڵک حەزیان لە گەورەکردنەوەی بنەماڵەکانیان نەبێ. هەر لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەزاران کەس لە توێژی لاوی کۆمەڵگە و ئەوەی کە دەبوایە بۆ داهاتووی ئەو وڵاتە هیوای پێ ببەسترێ، بەهۆی خراپیی دۆخی ئابووری و ژیانی خۆیانەوە، پەنایان بردە بەر خۆکوژی و کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێنا. لەلایەکی دیکەوە سەرهەڵدانە بەردەوامەکان و دژایەتیکردنی لاوان لەگەڵ سیاسەتە هەڵەکانی ڕێژیم وای کرد، کە ڕێژیم ڕێگای سەرکوت لەبەر بگرێ و لەم پێناوەشدا بە سەدان لاو دەسبەسەر کران، لە سێدارە دران یان کەوتنە بەر فیشەکی هێزەکانی ڕێژیمەوە و گیانیان لەدەست دا.

سیاسەتی جەوانیی حەشیمەت، هەرجارە و بەپێی خواستی بەرپرسانی ڕێژیم گۆڕانی بەسەردا دێت، پێشتر کە دۆخی ئێران تا ڕادەیەک سەقامگیر بوو و نارەزایەتییەک لە ئارادا نەبوو، ڕێژیم بۆ سزادانی ئەو بنەماڵانەی کە لە ٤ منداڵ زیاتریان هەبوو، کۆپۆنی لە منداڵە تازەلەدایکبووەکە ئەبڕی تاکوو بتوانێ پێش بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی حەشیمەت بگرێ، وەک بڵێی ئەو خاروبارەی کە بە کۆپۆن دەیدا ئەوەندە زۆرە کە منداڵ ئیدی پێویستی بە شتێکی تر بۆ گەورەبوون نییە جگە لەوەی کە ڕێژیم پێی دەدا، لە ڕاستیدا نارەزایەتی و ئاڵۆزییەکیش نەبوو تاکوو پێویستی بە هێزیش بێ کە بۆ سەرکوتیان کەڵکیان لێ وەربگرێ، بەڵام دواتر کە ئێران بوو بە گۆڕەپانی نارەزایەتییەکان و بەتایبەتیش پاش نارەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ٩٨ کە خەڵک بە تووڕەییەوە هاتنە سەر شەقامەکان و تەواوییەتی ڕێژیم و خودی خامنەیی ڕێبەری ڕێژیمیان کردە ئامانجی دروشمەکانیان و ویستیان ڕووخانی ڕێژیم بوو، ڕێژیم بیری لەوە کردەوە کە بۆ لەبەرگرتنی ڕێگای سەرکوتی خەڵک، پێویستی بە خودی خەڵکە! ڕێژیم پێویستی بە هێزی خۆفرۆش و نەیارەکان بوو تاکوو لە ڕێگەی ئەوانەوە خەڵکی نارازی سەرکوت بکا، جا لەم نێوانەدا لە دوو بەرەی جیاوازدا خەڵک بە دەستی خەڵک دەکوژرێن، ئەویش زیاتر ئەو کەسانە کە تەمەنیان لە لاوەتیدایە و نایانەوێ وەکوو باوباپیرانیان لەژێر دەسەڵاتی نگریسی کۆماری ئیسلامیدا ژیان و تەمەن و لاوەتیی خۆیان فیدا بکەن، کەوایە حەشیمەتی لاو ڕووی لە کزی دەنا و تا چەند ساڵی دیکە کۆمەڵگەی ئێران دەمایەوە و کۆمەڵێک هاووڵاتیی پیر و پەککەوتە کە نەک هەر ناتوانن کار بکەن و بژێوی ژیانیان دابین بکەن، بەڵکوو



سەرچاوە
Serchawe

**جۆزەردانی ٢٧٢٣**

چاوەڕوانییان لە دەوڵەتیش ئەوەیە کە ژیان و پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکا، کەوایە هیچ شتێک وەکوو گەلاڵەی جەوانیی حەشیمەت، کە بە زۆر بەسەر خەڵکدا بسەپێ، ناتوانێ بە قازانجێ ڕێژیم بێ.

ڕێژیم بەو ستراتیژییە لەلایەکەوە، لاوانی ئازادیخواز سەرکوت دەکا و گیانیان لێ دەستێنێ، لەلایەکی دیکەوە هەتا ژووری نوستنی خەڵک دەچێت و لە بڕیاری ئەواندا بۆ منداڵبوون دەستێوەردان دەکا تاکوو بە خەیاڵی خۆی حەشیمەتەکە کۆنتڕۆڵ بکا و هێزی کاری هەبێ کە داهاتووی وڵاتەکە لەسەر دەستی ئەوان نەفەوتێ و هەموو قازانجەکەش دیسانەوە بۆ خودی ڕێژیم و دەستوپێوەندییەکانی بێت. لەلایەکی دیکەشەوە جەختکردنەوەی بەرپرسانی ڕێژیم لەسەر بەرزکردنەوەی حەشیمەت و پێدانی وادە و بەڵێنێ بە بنەماڵەکان لەم بوارەدا، زیاتر بۆ بەلاڕێدابردنی دۆخی هەنووکەیی و هەوڵدان بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخەکەیە، تاکوو لە داهاتوودا بە خستنەڕووی ئامارێک لە ڕێژەی منداڵبوونەکان بڵێ ئەوەتا، کۆمەڵێک ئاژاوەگێڕ هاتنە سەر شەقام و وڵاتیان ئاڵۆز کرد، بەڵام هیوا بە ژیان ئەوەندە لە ئێراندا زۆرە کە خەڵک بە بێ گوێدان بەم بابەتانە خەریکی گەورەکردنەوەی بنەماڵەکانیانن!


لەبەرگرتنی ئەم چەشنە سیاسەتە ناتوانێ بە قازانجی ڕێژیم بێت، خەڵک پاش زیاتر لە ٤ دەیە زۆر باش ڕێژیمیان ناسیوە و لە هەموو پیلانێکی ئاگادارن، بۆیە ئەوان منداڵبوون وەکوو مافی خۆیان دەبینن و هیچکات لە پێناو سیاسەتەکانی ڕێژیمدا هەنگاو هەڵ ناگرن و ناهێڵن سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیم بە ئاکام بگەن.

**٢ی جۆزەردانی ٢٧٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

# هۆکاری گرژییەکانی نێوان ئێران و ئازەربایجان




د. محەممەد حوسێنزادە

دوو وڵاتی ئێران و ئازەربایجان زیاتر لە ٦٠٠ کیلۆمەتر سنووری زەوینی هاوبەشیان هەیە و لە دەریای خەزەریش هاوسنوورن. ئەو دوو وڵاتە خاوەن ڕابردوو و هەندێ فاکتەری مێژوویی هاوبەشن. ئازەربایجان دوای ئێران، بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی دانیشتووان، دووەم گەورەوڵاتی شیعەیە. هەردوو وڵات ئەندامی ڕێکخراوی "ئێکۆ"ن. هەر لە سەرەتای سەربەخۆیی کۆماری ئازەربایجانەوە (١٩٩١) تا ئێستا ڕەوتێکی هاوکاتی "لێکنزیکبووەنوە" و "لێکدابڕان" لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا هەبووە. لە هەندێ قۆناغدا لێکنزیکبوونەوە تایبەتمەندیی پەیوەندییەکانی نێوان باکۆ و تاران بووە و بە پێچەوانەوە، لە هەندێ قۆناغی دیکەدا لێکدابڕان باڵی بەسەر پەیوەندییەکانیاندا کێشاوە. بەڵام لەم یەک دوو ساڵەی دواییدا گرژی و ناکۆکیی زیاتر کەوتووەتە نێوان ئێران و ئازەربایجان. ئەو گرژییانە بە ڕادەیەک پەرەیان سەندووە کە هەندێ لە شارەزایان پێشبینیی ڕوودانی شەڕێک لە نێوان ئەو دوو ئەکتەرەدا دەکەن. ئەم کورتە نووسینە نایهەوێ بەوردی باس لە ئەگەرەکان و سیناریۆکانی داهاتوو و چۆنیەتیی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە بکات، بەڵکوو ئامانجی سەرەکی ئەوەیە بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە بە هۆکارەکانی پەرەسەندنی قەیران لە پەیوەندییەکانی باکۆ- تاران بکات.



سەرچاوە
Serchawe

لەم چوارچێوەیەدا سەرەتا باس لە هەندێ فاکتەر و بابەت دەکات کە هەر لە دوای سەربەخۆیی ئازەربایجانەوە بوونەتە هۆی کێشە و ناکۆکی نێوانیان و دواتر دەپرژێتە سەر ئەو ڕووداوانەی چەند ساڵی ڕابردوو کە گرژییەکانی نێوان تاران و باکۆی تا ئەوپەڕی خۆی بەرز کردەوە.

دەکرێت لە ئێستادا پەیوەندییەکانی نێوان ئازەربایجان و ئیسرائیل بە سەرەکیترین فاکتەری گرژی و ناکۆکی نێوان ئەو دوو وڵاتە دابنێین. لەنێو وڵاتانی موسڵماندا، ئازەربایجان زیاترین پەیوەندیی لەگەڵ ئیسرائیل هەیە. هەر لە دەیەی ١٩٩٠دا بەرپرسانی کۆماری ئازەربایجان لە چوارچێوەی ناکۆکییەکانیان لەگەڵ ئەرمەنستان، بە تایبەت لەسەر پرسی قەرەباغ، بیریان لە پەرەپێدان بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل دەکردەوە و لەو پەیوەندییەدا، بە شێوەیەکی سەرەکی هەوڵی دەستپێڕاگەیشتن بە کەلوپەل و تەکنۆلۆژیای سەربازیی و بەدەستهێنانی پشتیوانیی لۆبی ئیسرائیل لە ئەمریکا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ لۆبی ئەرمەنەکانیان دەدا. لە بەرامبەردا، ئیسرائیلیش لە چوارچێوەی "دکتۆرینی پەراوێز"دا (Periphery doctrine) تامەزرۆی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتێکی وەک ئازەربایجان بوو. دکتۆرینی پەراوێز کە یەکەم جار لەلایەن "دەیڤید بن گوریون" هاتە ئاراوە، بە شێوەیەکی سەرەکی جەختی لەسەر پەرەپێدان بە پەیوەندییەکانی ئیسرائیل لەگەڵ وڵاتانی موسڵمانی ناعەرەب -وەک ئێرانی سەردەمی پاشایەتی، تورکیە، ئەتیوپی، ئازەربایجان و ڕەنگە کوردەکان- بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەترسیی وڵاتانی عەرەب دەکردەوە. لە پاڵ ئەوەدا داڕێژەرانی سیاسەتی ئیسرائیل بیریان لە پەرەپێدان بە دەسەڵاتی خۆیان لە ناوچەی قەفقاز و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی وەک دوژمنی سەرەکیی خۆیان لە بوارەکانی سیاسی، سەربازی، زانیاریی و تەنانەت ئابووری دەکردەوە. لەم چوارچێوەیەدا، (هەر لە ساڵانی ١٩٩٢ تا ١٩٩٤ کە شەڕی نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان بەردەوام بوو، ئیسرائیل لە ڕێگەی پێدانی مووشەکی ستینگێر و کەلوپەلی سەربازی پشتیوانیی لە ئازەربایجان کرد. لە ساڵی ١٩٩٧دا، بنیامین نتانیاهۆ، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل سەردانێکی ئازەربایجانی کرد و لەبارەی پەیوەندییە دوولایەنەکان و هەڕەشەکانی ئێران لەگەڵ حەیدەر عەلی ئۆف وتووێژیان کرد. دوای ئەوە، پەیوەندییە سەربازییەکانیان چوونە قۆناغێکی نوێوە. شارەزایانی کاروباری نێودەوڵەتی، ئەو سەردانەی نتانیاهۆ وەک خاڵی دەستپێکی هاوپەیمانیەتیی ئەو دوو وڵاتە ناو دەبەن. هەبوونی سەرچاوەی فراوانی وزە و بەتایبەت نەوت و گاز وای کرد کە ئیسرائیلییەکان هەوڵی زۆر بۆ وەبەرهێنان لەو بوارەدا بدەن و تەنگ بە کۆماری ئیسلامی لە ئازەربایجان هەڵبچنن.

هەرچەندە زۆر جار باس لە پەیوەندییە سەربازییەکان دەکرێت، بەڵام پێدەچێت لە ئێستادا زیاترین پەیوەندیی نێوان باکۆ و تەلئەبیب دەگەڕێتەوە بۆ بواری وزە و تەلئەبیب لە ساڵانی ڕابردوودا ڕێژەیەکی زۆر لە نەوتی پێویستیی خۆی لە ئازەربایجان هاوردە دەکرد. لە بواری سەربازی و ئەمنیەتیشەوە پەیوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتە هێندە پەرەیان سەندووە کە

لە ئیستادا کۆماری ئیسلامی، ئازەربایجان وەک بنکەیەکی سەربازی ئیسرائیل ناو دەبات. بەپێی هەندێ هەواڵ و ڕاپۆرت ئیسرائیل هەندێ جار لە خاکی ئازەربایجان بۆ سیخوڕیکردن یان دزەکردن یان لێدان لە هەندێ بنکە و دامەزراوەی سەربازی و ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی کەڵکی وەرگرتووە، ئەمەش یەکێک بووە لە سەرەکیترین هۆکارەکانی گرژی و ناکۆکی لە پێوەندییەکانی نێوان باکۆ- تاراندا. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئەو پەیوەندییانەیان بەردەوام وەک هەڕەشەیەکی هەبوو لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی وڵاتەکەیان سەیر کردووە. بەرپرسانی تاران بانگەشەی ئەوە دەکەن ڕاوێژکارانی سەربازیی ئیسرائیل بەردەوام لە ئازەربایجانن. هەر لەم چوارچێوەیەدا، "فۆرێن پالیسی" لە ساڵی ٢٠١٢ لە ڕاپۆرتێکدا ئاشکرای کرد کە باکۆ ڕێگەی بە ئیسرائیل داوە لە ئەگەری پێکدادانێک لە نێوان تاران و تەلئەبیب، لە بنکە سەربازییەکانی کۆماری ئازەربایجان بۆ بوردمانکردنی ئێران کەڵک وەربگرێت؛ هەرچەندە بەرپرسانی ئازەربایجان ئەو ڕاپۆرتەیان بەدرۆ خستەوە، بەڵام ئەو جۆرە ڕاپۆرتانە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بەردەوام بڵاو بوونەتەوە. بەکورتی باشترە بڵێین لە ئیستادا ئیسرائیل لە ئازەربایجان هەمان ئەو کایەیە دەکات کە کۆماری ئیسلامی لە سوریە دژی ئیسرائیل دەیکات. ئەمەش گرژی و ناکۆکی لە پەیوەندییەکانی نێوان تاران-باکۆی لێ کەوتووەتەوە.

دیاریکردنی سنووری کەنارەکانی دەریای خەزەر کێشەیەکی دیکەی نێوان تاران- باکۆیە. دوای داڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت و سەرهەڵدانی چەندین وڵاتی نوێ، پێنج وڵات بوونە هاوسنوور لە دەریای خەزەر و لەو کاتەوە چۆنیەتیی دابەشکردنی کەنارەکان بە شێوەیەکی یاسایی چارەسەر نەکراوە. دوو لەو وڵاتانە بریتین لە ئێران و ئازەربایجانان. کۆماری ئیسلامی خوازیاری دابەشکردنی یەکسانی ئەو دەریایە لەسەر بنەمای پشکی ٢٠٪ بۆ هەر یەک لەو پێنج وڵاتەیە. ئەوە لە کاتێکدایە کە کۆماری ئازەربایجان بە گەڕانەوە بۆ کۆنڤانسیونی ١٩٨٢ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی دەریاکان، خوازیاری دابەشکردنی کەنارەکانی دەریای خەزەر بۆ سەر خاکی وڵاتان بەپێی ڕووبەری سنوورەکانیانە. بەو پێیە ئێران لە جیاتی پشکی ٢٠٪ کە پێشنیاری خۆیەتی، پشکی دەبێتە ١٣/٦. ئەم کێشەیە تا ئێستاش بەردەوامە و ڕێگر بووە لە ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە .

کێشەی خاک و بەریەککەوتنی پانئێرانیزم/ پانفارسیزم و پانتورکیزم یەکێکی تر لە هۆکارەکانی ناکۆکیی نێوان ئازەربایجان و تارانە. بەکورتی هەندێک لە ئێران هێشتا پێیان وایە پێویستە لە داهاتوودا ئازەربایجان بگەڕێتەوە سەر خاکی ئێران. تەنانەت لەکاتی پەرەسەندنی گرژییەکاندا هەندێ لە ماڵپەڕ و میدیاکانی سەربەکۆماری ئیسلامی، کۆماری ئازەربایجان بە "پارێزگاری ئازەربایجانی باکوور" ناو دەبەن. لەبەرانبەردا، لە ئازەربایجان زۆر جار باسی سەربەخۆیی ئازەربایجانی باشور یان پێویستی گرێدانەوەی ئازەربایجانی باکوور و باشوور دەکرێت. ئەمەش زۆر جار گەیشتووەتە ئاستێک کە هەر دوو لایەن بەئاشکرا هەڕەشە لە یەکتری بکەن.



سەرچاوە
Serchawe

هەروەها، هەوڵەکانی ئێران بۆ پەرەپێدان بە ئیسلامی سیاسی و بەتایبەت شیعەگەری لە کۆماری ئازەربایجان یەکێکی تر لە فاکتەرەکانی دابڕانی ئەو دوو وڵاتە بووە. بە تایبەت کە کۆماری ئیسلامی پێشتر گرووپێکی بەناوی حسینیون (حسینچی‌لر) بە مەبەستی چالاکی لە ئازەربایجان دامەزراندووە و لەو کاتەوە کۆماری ئازەربایجان نیگەرانیی خۆی لە دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی بەمەبەستی پەرەپێدان بە شیعەگەریی سیاسی دەربڕیوە. بە گشتی ئەمانە ئەو فاکتەرانەن کە ماوەیەکی زۆرە لانیکەم ڕێگرن لە نزیکبوونەوەی زیاتری ئەو دوو وڵاتە دراوسێیە. بەڵام هەندێ ڕووداو لەم دواییانەدا وایان کرد کە پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی و ئازەربایجان بچنە قۆناغێکی زۆر ئاڵۆزتر. ئەم قۆناغە بەتایبەت لە شەڕی ساڵی ٢٠٢٠ی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان دەستی پێ کرد.

چیرۆکەکە بەم شێوەیە بوو کە لە ساڵی ٢٠٢٠دا ئازەربایجان توانی بە یارمەتیی تورکیە وەک ڕکەبەرێکی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی قەفقاز و ئیسرائیل وەک دوژمنی سەرەکیی تاران، ناوچەی قەرەباغ کە بۆ ماوەی نزیکەی ٢٥ ساڵ ئەرمەنستان داگیری کردبوو، بخاتەوە ژێر ڕکێفی خۆی. ئازەربایجان لەو شەڕەدا بە شێوەیەکی بەرچاو لە چەکوچۆڵی ئیسرائیل و بە تایبەت لە درۆنەکانی ئەو وڵاتە کەڵکی وەرگرت. هەرچەندە کۆماری ئیسلامی بە شێوەی فەرمی پشتگیریی کۆماری ئازەربایجانی کرد، بەڵام هاوکات پتەوبوونەوەی پێگەی تورکیە و ئیسرائیل بووە هۆی نیگەرانیی ئەو وڵاتە. لە هاوینی ساڵی ١٤٠١دا، دیسانەوە پێکدادانێک لە نێوان ئەرمەنستان و باکۆ ڕووی دا. کۆماری ئیسلامیی ئێران خێرا ئیدیعای ئەوەی کرد کە ئازەربایجان دەیەوێت پارێزگای سیونیک کە ٤٤ کیلۆمەتر سنووری هاوبەشی لەگەڵ ئێراندا هەیە داگیر بکات و دوای ئەوە هەوڵی دروستکردنی داڵانی "تورانی" یان ئەوەی ئازەربایجان پێی دەڵێت داڵانی "زەنگەزور" بدات. ئەم ناوچەیە هەم ئەرمەنستان گرێ دەداتەوە بە قەرەباغی کوێستانی و هەم دەتوانێت ئازەربایجان گرێ بداتەوە بە نەخجەوانەوە. نەخجەوان لە باشووری قەفقاز و باکووری ڕووباری ئەرەس هەڵکەوتووە و لە باکوور و ڕۆژهەڵاتەوە دراوسێی ئەرمەنستانە و لە باشوورەوە لەگەڵ ئێران هاوسنوورە و لە ڕۆژئاواشەوە هەندێ سنووری لەگەڵ تورکیە هەیە. هەرچەندە بەشێکە لە خاکی ئازەربایجان بەڵام لە خاکی سەرەکی ئەو وڵاتە جودایە و باکۆ لەسەر عەرزەوە دەستی پێی ڕاناگات و زۆر جار ناچارە لە ڕێگای ئێرانەوە دەستی بەو بەشە لە خاکی خۆی بگات. لە سەردەمی یەکیەتیی سۆڤیەتدا لە ڕێگەی داڵانێکەوە ڕووسیە و ئازەربایجان و ئەرمەنستان و نەخجەوان پێکەوە گرێ دەدرانەوە، بەڵام دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و سەربەخۆیی وڵاتانی ناوچەی قەفقاز ئەو ڕێگایە ئیتر داخرا.

ئێستا ئازەربایجان دەیەوێت داڵانی زەنگەزور بکاتەوە. پێدەچێت ئەگەر ئازەربایجان بەوە ڕازی بێت دەسەڵاتی ئەو داڵانە لە دەستی ئەرمەنستاندا بمێنێتەوە، ئەرمەنستان لەگەڵ کردنەوەی ئەوە داڵانە کێشەی نەبێت. بەڵام کۆماری ئیسلامی بەوە ڕازی نییە و دەڵێت ئەوە پیلانێکە بۆ دەوردانەوەی ئێران. ئێرانییەکان پێیان وایە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە تورکیە

لەگەڵ نەخجەوان هاوسنوورە، کردنەوەی داڵانی زەنگەزور بە واتای پێکەوەلکانی تورکیە، نەخجەوان و ئازەربایجانە و ئەوەش بەو مانایە دێت کە ئەو وڵاتانە دەیانەوێت ڕێگەی ترانزیتی ئێران دەور بدەنەوە. جگە لەوە کۆنترۆڵکردنی ئەو داڵانە لەلایەن ئازەربایجانەوە بەمانای کۆنترۆڵکردنی پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەرمەنستان دێت. ئەمە هەروەها دەتوانێت کاریگەری لەسەر دەستپێشخەری "پشتێنە و ڕێگا"ی وڵاتی چین هەبێت کە بەشێکی لە ئێرانەوە تێپەڕ دەبێت و دەتوانێت داهاتێکی زۆری بۆ ئێران هەبێت. جگە لەوە ئەو داڵانە وا دەکات کە تورکیا بتوانێت بەشێکی زۆر لە وزە و بەتایبەت نەوتی خۆی ڕاستەوخۆ لە ئازەربایجان هاوردە بکات و چیدیکە پێویستیی بە وزەی کۆماری ئیسلامی نەمێنێت. ئەو نیگەرانیانە وایان کرد "ئەمیر عەبدوڵاهییان" وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی خێرا سەردانی ئەرمەنستان بکات و کونسولگەریی ئێران لە پارێزگای سیونیک بکاتەوە. دواتر لە سەرەتای پاییزی ١٤٠١دا، هێزی زەمینیی سوپای پاسداران مانۆڕێکی سەربازیی بە ئامادەبوونی حوسێن سەلامی، فەرماندەی گشتیی سوپا و هەندێ لە فەرماندە باڵاکانی ئەو هێزە لە نزیک ڕووباری ئەرەس بەڕێوە برد. بەگوێرەی میدیاکانی ئێران پەیامی ئەو مانۆڕە وریاکردنەوەی بەرپرسانی باکۆ سەبارەت بە گۆڕینی سنوورەکانی ناوچە بوو. ئەمەش کاردانەوەی ئازەربایجانی لێ کەوتەوە و ئەو وڵاتەش جارێک بە هاوکاری پاکستان و تورکیە و جارێکیش بە هاوکاری تورکیە مانۆڕی سەربازیی بەڕێوە برد و ئەو مانۆڕانە کۆماری ئیسلامیان نیگەرانتر کرد.

ئەو ڕەوتە بەردەوام بوو تا ڕێبەندانی ساڵی ١٤٠١ کە لە تاران هێرش کرایە سەر باڵوێزخانەی کۆماری ئازەربایجان و بەرپرسی تیمی پاسەوانانی ئازەربایجان کوژرا. سەرەڕای ئەوەی کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند هێرشبەر هۆکاری خێزانی و تایبەتیی هەبووە، بەڵام ئیلهام عەلی ئۆف بەڕەسمی و تەنانەت لە کۆبوونەوەی ئاسایشی مۆنیخ لە ئەڵماندا ڕایگەیاند کە ناوەندە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە پشت ئەو تیرۆرەوە بوون. دواتر دەستبەسەرکردنی چەندین تیمی سیخوڕیی سەر بە کۆماری ئیسلامی لە ئازەربایجان قەیرانی پەیوەندییەکانی نێوان باکۆ- تارانی قووڵتر کردەوە. دیسانەوە، لە سەرەتای ساڵی نوێدا (١٤٠٢)، کۆماری ئیسلامی بە بیانووی ئەوەی ئازەربایجان دەیەوێ هێرش بکاتە سەر پارێزگای سیونیک دەستی کرد بە ناردنی هێز بۆ سەر سنوورەکان و هەڕەشەکردن لە باکۆ و هەر لەو سەروبەندەدا نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی لە مەجلیس بەیاننامەیەکیان لە ڕۆژی ١٦ی خاکەلێوە لەدژی باکۆ بە بیانووی ئیدانەکردنی کردنەوەی باڵوێزخانەی کۆماری ئازەربایجان لە ئیسرائیل دەرکرد. ئازەربایجان وەک کاردانەوەیەک دیپلۆماتەکانی ئێرانی لە وڵاتەکەی دەرکرد و هەردوو لایەن کەوتنەوە هەڕەشەکردن لە یەکتر. کۆی ئەم ڕووداوانە پەیوەندییەکانی نێوان باکۆ و تارانیان لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بەرەو ئاڵۆزی و گرژی زیاتر بردووە.

بەڵام ئەوەی کە ئایا داهاتووی پەیوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتە بەرەو چ ئاقار و ئاراستەیەک دەڕوات؟ ئایا ئەو قەیرانە

جۆزەردانی ٢٧٢٣

دەبێتە هۆی شەڕ و پێکدادانی نێوان تاران- باکۆ یان نا؟ پرسێکە کە لە ئێستادا پێشبینیکردنی بە لەبەرچاوگرتنی خێرایی ڕووداوەکان تا ڕادەیەک زەحمەتە. سەرباری ئەوەش، ئەمن پێم وایە ئەو قەیرانە تا ئاستی پێکدادان بەرز نابێتەوە و باکۆ و تاران لە کۆتاییدا هەوڵ دەدەن بەشێک لە کێشەکانیان بە گەڕانەوە بۆ دیپلۆماسی و وتوویژ چارەسەر بکەن. بۆ نموونە ئەگەری زۆرە بە بەشداریکردنی ڕووسیە لە گفتوگۆکاندا کێشەی دالانی زەنگەزور بە بەشداری ئێران، ئەرمەنستان و ئازەربایجان لە پلانێکی هاوبەشدا و بە مەرجی دابینبوونی بەرژەوندی هەر سێ وڵات چارەسەر بکرێت و هەم ئەرمەنستان ڕێگەی بۆ قەرەباغ بکرێتەوە و هەم ئازەربایجان بۆ نەخجەوان. هاوکات کۆماری ئیسلامییش دڵنیا بکەنەوە کە کردنەوەی ئەو دالانە کاریگەریی نەرێنی لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەرمەنستان و هەروەها ئەورووپا نابێت. دیارە ئەمەش بەو مانایە نایەت کە پەیوەندی ئەو دوو وڵاتە بۆ هەمیشە ئاسایی دەبێتەوە. بۆ نموونە پەیوەندی ئیسرائیل- ئازەربایجان پرسێکە کە بۆ ساڵانێکی زۆر دەتوانێت ببێتە هۆی دابڕان و سەرهەڵدانی ناوەناوەی قەیران لە پەیوەندییەکانی باکۆ و تاران.

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەو خاڵە بکرێت کە چۆنیەتیی پەیوەندیی نێوان ئازەربایجان و کۆماری ئیسلامی پرسێکی زۆر هەستیارە بۆ کورد. بەتایبەت لە ئەگەری هەر جۆرە گۆڕانکارییەک لە ئێران دەتوانێت کاریگەرییەکانی لەسەر کوردستان دەر بکەون. دیارە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێستادا بە شێوەی کردەکی لەژێر داگیرکاریی کۆماری ئیسلامیدایە، بەڵام کۆماری ئازەربایجانیش وەک وڵاتێک کە زۆر جار باس لە پێویستی سەربەخۆیی "ئازەربایجانی باشوور" دەکات و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لەو نەخشانەدا کە پانتورکەکان بڵاوی دەکەنەوە بەشێکی بەرچاو لە خاکی کوردستان دەخەنە چوارچێوەی ئازەربایجانی باشوور و ئەمەش دەتوانێت بە شێوەی هێزەکی هەڵگری هەڕەشە بۆ کوردستان بێت. لەم نێوەدا کاتێک باس لە میحوەری ئیسرائیل-تورکیە-ئازەربایجان لەو ناوچەیەدا دەکرێت، زیاتر هەست بە جۆرێک لە هەڕەشە لەسەر کورد دەکرێت. هەر لەم ئاراستەیەدا لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ژمارەیەک لە نوێنەرانی پەرلەمانی ئیسرائیل نامەیەکیان واژۆ کرد سەبارەت بە پێویستی پشتیوانیکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە سەربەخۆیی ئەو ناوچە کە بە "ئازەربایجانی باشوور" ناوی دەبەن. بۆیە پێویستە هەم نووسەران و ڕوناکبیران و هەم حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیر لە هەموو لایەنەکانی ئەو بابەتە و ئەگەرەکانی داهاتوو بکەنەوە و بەو پێیە باشترین و گونجاوترین سیناریۆکان بۆ داهاتوو دابڕێژن.

٢ی جۆزەردانی ٢٧٢٣

# نێڵدانی کوانوو



**کەریم پەرویزی**

شەوی شەممە ٣٠ی بانەمەڕ، لە تەقەکردن لە پایگایەکی سنووریی هێزەکانی ڕێژیم لە سەراوانی بەلووچستان، پێنج کەس کوژران و ڕۆژی دواتر یەکێکی دیکەیان بە هۆی قورسیی برینەکەیەوە کوژرا.

تا ئێستەش کەس ئەو تەقەکردنەی وەئەستۆ نەگرتووە و ڕەنگە کەسانێکی لەوانەی بەلووچ بن کە بەدەستی تاوانەکانی ڕێژیم وەزاڵە هاتبن یان ڕەنگە قاچاقچی بووبن یان ڕەنگە خودی سوپای پاسدارانی ڕێژیم بە تەقەکردن لەو پایگایە و قوربانیکردنی چەند کەس، پیلانی دیکەی بەدەستەوە بێ ، بەڵام ئەوەی ڕوونە کە گەر بە بیانووی ئەو تەقەوە خەڵکی بەلووچ بە تێرۆریست ناو ببرێ، نیشانەی بیرکردنەوەی داگیرکەرانە و فاشیستیی کەسەکەیە کە لە شارە فارسنشینەکان هێزەکانی ڕێژیم بە سەرکوتکەر بناسرێ و لە خاکی نەتەوە بندەستەکان وەکوو سەربازی میهەن ناو ببرێن و خەڵکی ئەو نەتەوانە بکرێن بە تێرۆریست!

لەگەڵ نادیاربوونی تەقەکەرەکان لە سەراوان بەڵام دوو شت دیار و ڕوونە، کەسانێک کە ژێستی ئۆپۆزیسیۆن دەگرن، لەگەڵ ئەوەی کە ئێعدامی دڕندانەی کەسەکانی سەر بە نەتەوەکان لەلایەن ڕێژیمەوە مەحکووم ناکەن بەڵام هەر زوو بۆ ڕووداوی وەکوو سەراوان هاوخەمی دەردەبڕن، دەرخەری ئەوپەڕی بیری فاشیستییانە و دووهەم شتیش ئەوەیە کە دوای ئەم ڕووداوە سوپای پاسداران دەیکا بە بیانوو بۆ سەرکوتی زیاتری خەڵکی بەلووچ و ڕەنگە هێرشی دڕندانە بکاتە سەر کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەکانی خەڵک لە ڕۆژانی هەینیدا.

ڕووداوی تەقەکردن لە سەراوان و بردنە فازی نیزامی تەنیا لایەنی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژانە نییە، بەڵکوو توندتر و بەربڵاوترکردنی ئێعدامی خەڵک لەنێو ئێران و بە پانتایی هەموو نەتەوەکان، هەروەها هەڕەشە یەک لە دوای یەکەکانی سەرانی سوپای تێرۆریستیی پاسداران لە کوردستان و کورد و هەرێمی کوردستان، پێکەوە دیمەنێک دەخەنە بەرچاو کە بریتییە لەوەی کە ڕێژیم بەرەو توندترکردنەوەی دۆخی نێوخۆی وڵات دەڕوا.

**بۆ زیاتر تێگەیشتن لە دۆخەکە چەند هەواڵی نیزامیی پێکەوە گرێدراو وەرد بدەینەوە:**

ڕۆژی دووشەمە ٢٢ی مەی، ڕادیۆ فەرانسە هەواڵی مانۆڕێکی نیزامیی حیزبوڵڵای لوبنانی بڵاو کردەوە کە لەو مانۆڕە تەبلیغی و نیزامییەدا هێرشیان بۆ سەر خاکی ئیسراییل بە چەکی جۆربەجۆر کە ڕێژیمی تاران پێی داون بەڕێوە برد.

مێئیر جاودانفەر مامۆستای زانکۆ لە ئیسراییل دەڵێ کە ئەو مانۆڕە نیشانەی ترسی حیزبوڵڵا و کۆماری ئیسلامییە لە هێرشی نیزامیی ئامریکا و ئیسراییل بۆ سەر ڕێژیمی ئێران.

حەوتوویەک پێشتر، ژەنەراڵ مارک میلی سەرۆکی ئەرکانی هاوبەشی سوپای ئامریکا ڕایگەیاند کە ڕێژیمی ئێران بەتوندی خەریکی بردنە پێشی بەرنامە ناوکییەکانیەتی و چەند مانگێکی مەودا هەیە لەگەڵ دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی.
لە هەواڵێکی دیکەدا پایگای هێزە ئاسمانییەکانی ئامریکا وێنەی بۆمبێکی نوێی ناسراو بە سەنگەرشکەنی بڵاو کردەوە و ڕۆژی دواتر هەواڵەکەی لابرد. لەو وێنەیەدا بۆمبێکی زۆر نوێ بە کێشی ١٢ تۆن بڵاو کرابووەوە کە دەتوانێ تا ١٠٠ میتر زەوی و بتۆن کون بکا و دوایە بتەقێتەوە.

لە هەواڵێکی دیکەدا لە گۆشەیەکی دیکەی دونیا، لە پاریس، دەوڵەت بوودجەی نیزامیی نوێی کە پێشکەشی پارلمان کردووە بۆ پەسند کردن، ١١٨ میلیارد یۆرۆی زیاتر لە بوودجەی پێشوو پێ زیاد کردووە یان بە واتایەکی دیکە نزیک بە

٤٠%ی بە بوودجەی نیزامی زیاد کردووە و تێیدا ئاماژەی بە دژکردەوە و ئامادەیی بۆ مەترسیی ناوکی و هەروەها هەڕەشە چەند پێکهاتەییەکان کردووە.

لە پەنا یەک دانانی ئەم وێنانە، ڕەنگە لە ڕوانینی یەکەمدا زۆر گونجاو نەیەتە بەرچاو و بوودجەی نیزامیی فەرانسە و مانۆڕی حیزبوولا و ئێعدامی نەتەوە بندەستەکان لە ئێران دوور لە یەک نیشان بدرێن. بەڵام خوێندنەوەیەکی ڕابردووی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ڕەنگە لە لێکدانەوەی ڕاستیمان نزیک بکاتەوە.

دوای هاتنەسەرکاری ئیدارەی تازە لە ئامریکا و دەسەڵات گرتنی بایدێن، هەوڵێکی زۆریان دا کە ڕێککەوتنی بەرجام زیندوو بکەنەوە و ئامریکا لەگەڵ ئێران پێک بێتەوە، بەڵام بە چەند هۆکاری وەکوو ڕق لەدڵیی خامنەیی و هەوڵی بەردەوامی بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی، وتووێژەکان بە ئاکام نەگەیشتن، تەنانەت خامنەیی لەم ڕۆژانەدا ڕایگەیاند کە ئەوەی کە پێشتر وتبووی نەرمشی قارەمانانە بکەن لە دەورانی حەسەن ڕووحانیدا، ئەوە تەقیە بوو! بە زمانی خودی خامنەییەوە ڕاگەیەنرا کە سیاسەتیان تەقیە واتە ڕیاکاری و درۆکردن بووە!

پرسی سەرەکیی دیکە، شەڕی ڕووسیە و ئۆکراین بوو کە لەو قۆناخەدا ڕووسیە بە قازانجی بوو کە کۆماری ئیسلامی هەرچی زیاتر دوور بخاتەوە لە ڕۆژاوا و بەم شێوەیە کردی بە گرۆگانی سیاسەتەکانی خۆی.

ئێستە ئیدی بەرجام بە تەواوی مردووە و کەس ناوێرێ خۆی بکاتە خاوەنی لاشە مردووەکەی، بەڵام پەروەندەی ناوکیی ڕێژیمی ئیسلامیی تاران بەردەوامە و مەترسییەکانی زۆرتر دەبنەوە.

سیاسەتی ئامریکا و ڕۆژاواش تا ئێستە نەگەیشتۆتە قۆناخی گۆڕینی ڕێژیم و هەوڵی مەهاری دەدەن. هەر بۆیە پێویستیان بوو کە بە گوشاری چین، لەگەڵ وڵاتانی وەکوو عەرەبستان ڕێککەوتن بکا تاکوو هەندێ لە ناوچە سنووردار بکرێتەوە. بەڵام ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی ئەو ڕێژیمە نییە کە بێ قەیران دابنیشێ و هەر بۆیە لە سنووری ئیسرایل دەست دەداتە ئاژاوەگێڕی.

ڕۆژاواش دەزانن کە کۆماری ئیسلامی بێ ئاژاوە دانانیشێ و بۆیە کۆی وێنەی ناوچەیی وا نیشان دەدا کە بەرەو هەڵکشانی دۆخەکە و زاڵبوونی کەشی نیزامی دەڕوا و هەر بۆیە هەواڵە پێوەندیدارەکان زۆرتر دەبنەوە.



سەرچاوە
Serchawe

جۆزەردانی ٢٧٢٣

ئەوەی لە سیاسەت و کردەوەکانی ڕۆژاوادا دیارە، خۆئامادەکردنیان نەک بۆ هێرش بۆ سەر ئێران، بەڵکوو بۆ حاڵەتی وایە کە لەوپەڕی توندیی دۆخەکەدا خۆیان بۆ کاردانەوەکانی کۆماری ئیسلامی ئامادە دەکەن، گەر ئیسراییل بنکە ئەتۆمییەکانی وەلیی فەقیهی لەنێو برد، پێشی پەرەسەندنی ئاگرەکە بگرن.

لە وەها دۆخێکدا کە ڕێژیم لە ناوچە و جیهان بەرەوڕووی کێشە و قەیران دەبێتەوە، هێزەکانی لەسەر نێوخۆ چڕ دەکاتەوە تاکوو دۆخی توندو چاوترسێنکردن و کوشتار و وەحشەت زاڵ بکا، نەکا خەڵک دوبارە دەست بدەنەوە بە ڕاپەڕین.

خامنەییش خۆی بۆ ئەوە ئامادە دەکا کە لەو دۆخەدا خەڵک لێی ڕانەپەرن و ڕێژیمەکەی لە خاڵی لەرزۆکی خۆیدا وەگیر نەهێنن و نەیڕووخێنن.

هەر بۆیە دەستی داوەتە کوشتار و ئێعدامی زۆرتر تاکوو ترس بخاتە دڵی خەڵک و پێیان بڵێ کە زاڵە بەسەر دۆخەکەدا، بەڵام لە ڕاستیدا خۆی زیاتر لە هەموو لایەک لە دۆخەکە ترساوە و بۆیە پەنا دەباتە بەر قەیرانسازی!

وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین

٢ی جۆزەردانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# ئەگەر ئالترناتیوی ڕێژیم دروست نەبوو؟



ئەلبورز ڕۆئینتەن

بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی هەبوونی ئاڵتێرناتیڤێک کە بتوانێ وێڕای وەرگرتنی متمانەی خەڵک بەرنامەیەکی دێموکراتیک و شەفافی هەبێ پێویستیەکی حاشا هەڵنەگرە. ڕەمزی سەرکەوتنی ئەو ئالتێرناتیوە گەیاندنی بەرنامەکەی بە خەڵک و ڕێنوێنیکردنی خەڵکی شۆڕشگێڕە کە دژی دیکتاتور شەڕ دەکەن. ئەو ئالتێرناتیوە دەبێ ببێتە دەنگی شۆڕش و وێڕای ڕێنوێنی نێوخۆ نوێنەرایەتیی ئەو شۆڕشە لە دەرەوە بۆ زیاتر گۆشەگیرکردنی حوکمڕانانی تاران دەکات تا بتوانێ ڕێگا لە سەرکوتی زیاتر بگرێ. ئەو ئالتێرناتیوە بۆ هەر ئەگەرێک بەرنامەیەکی هەیە و لە هەر ڕووداوێکدا ئامادەیە و بۆ هەر گرفتێک چارەسەرێکی نوێ بدۆزێتەوە، دەتوانێ ڕووخانی دیکتاتور خێراتر بکات. ئەو ئالتێرناتیوە وانەی لە مێژووی دیکتاتورەکانی ڕابردوو وەرگرتووە و پێشکەوتووانە بیر بکاتەوە تا مێژووی ڕەشی ڕابردوو دوبارە نەبێتەوە.

هەموومان باش دەزانین کە هەبوونی ئاڵتێرناتیڤێک بەو تایبەتمەندییانەی کە لە سەرەوە باسمان کرد، یەکێک لە گرنگترین پێداویستیەکانی ڕووخانە و دەبێ کار بکەین بۆ هەبوونی ئالتێرناتیوێکی وەها. تەنانەت سەرکەوتوو بوون لە

بوارەدا خزمەت بە نەمانی دیکتاتۆر دەکات. بەڵام بە چاوخشاندنێک بە سەر گۆڕەپانی ئێستای سیاسەتی ئێران و هەموو ئەوانەی ئیدعای ئالتێرناتیڤبوون دەکەن، دەبینین هەبوون و دروستبوونی ئالتێرناتیڤێکی وەها چەندە لە ڕاستی دوورە و تەنانەت لە خەیاڵێکی شیرین دەچێ، چونکە زۆربەی هەر زۆری کاراکتەرە سیاسییەکان بە تایبەتی نەتەوەی فارس کە وەک ئۆپۆزیسیونی ڕێژیم کار دەکەن لەو تایبەتمەندیانەی کە بۆ ئالتێرناتیڤێکی کاریگەر پێویستن و لە سەرەوە باسمان کرد، بێبەرین.

لێرەدا پرسیارێکی جیدی دروست دەبێ ئەی ئەگەر ئەو ئالتێرناتیڤە دروست نەبێ چی بکەین؟ ئایا دەبێ چاوەڕێ بکەین تا دروست دەبێ؟ ئەدی خەڵک چی بکات؟ ئەی ئەگەر خەڵک چاوەڕێی ئالتێرناتیڤی نەکرد چۆن دەبێ؟

سیاسەت دیتنەوەی ڕێگەچارە بۆ هەر دۆخێکە، واتە نابێ چاوەڕێی تەنیا هەبوونی ئەگەری دروستبوونی ئالتێرناتیڤ بکەین، بەڵکوو لە ئەگەری دروستنەبوونی ئەو ئالتێرناتیڤەش کە ئەگەرێکی بەرچاوە خاوەن بەرنامەی دیاریکراو بین. بەتایبەتی ئێمەی کورد لەو بوارەدا خاوەن پوتانسیەلی گەورەین کە بەکارهێنانی ئەو پوتانسیلە دەتوانێ خۆی لە خۆیدا ببێ بە ئالتێرناتیوێک کە کاریگەری زۆریشی دەبێ. کە واتە لە یەکەم هەنگاودا دەبێ هەموو هێلکەکان نەخەینە سەوەتەی ئەو ئالتێرناتیڤەی کە نەتەوەی فارس دروست دەکات، چونکە یەکەم لەوانەیە دروست نەبێ دووەم دروستیش ببێ لەوانەیە لە بەرژەوەندی کورد نەبێ، هەر وەکوو لە ماوەی ڕابردووش بینیمان.

لە هەنگاوی دووەمدا لە وەها ئەگەرێکدا بیر لەوە بکەینەوە کە وەک کورد چی بکەین، چونکە ئێمە ناتوانین تا سەر ئەو هەموو ئەو خەباتەی کوردستان بە ناوەندێک گرێ بدەین کە ناتوانێ ببێ بە ئالتێرناتیڤێک. دەزانم لەوەها دۆخێکدا باس لەوە دەکرێ کە کورد بەتەنیا ناتوانێ کۆماری ئیسلامی بڕووخێنێ، ئەوە پرسێکی بەحەقە، بەڵام بەو هێزەی هەیە ئێمە دەتوانین لە کوردستان کۆماری ئیسلامی بڕووخێنین، تەنانەت کۆماری ئیسلامییەکی لاواز باشترە لە ڕێژیمێکی دیکتاتۆری بەهێز کە سەر لە نوێ کورد سەرکوت بکات. بۆ ئەو بابەتە ئێمە دەبێ باوەڕمان بەو هێزەی نێوخۆی خەڵک هەبێ. لەوانەیە بەر لە شۆڕشی ژینا ئەگەر ئێمە بمانگووتبا کە شۆڕشێک بە بانگەوازی ناوەندی هاوکاری لە کوردستان هەڵدەگیرسێ کە کاریگەریی لەسەر هەموو ئێران دادەنێ کەس باوەڕی نەکردبا.

لە هەنگاوی سێیەمدا ئامادەکردنی گوتارێکە کە لەگەڵ ئەو دۆخە نوێیە بێتەوە هەروەها وێڕای هەبوونی ئەو گوتارە نوێیە هەبوونی پلان و نەخشە ڕێگا بۆ هەنگاوی کرداری بۆ بەهێز بوون لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات کە پوتانسییلێکی بەهێزی هەیە. پرسینی پرسیاری ئەگەر ئالتێرناتیڤ دروست نەبوو، نەک بۆ دۆخی نەبوونی ئالتێرناتیڤ بەڵکوو بۆ هەر دۆخێکی دیکەش

جۆزەردانی ٢٧٢٣

ئێمە ئامادە دەکات و ئەو ئامادەییە هیوای دەستەبەرکردنی داخوازیەکانمان زیاتر و زیاتر دەکات. دەبێ زۆر زوو ئەو پرسیارەمان کردبا و ئەگەر ئێستاش بکەین هەر لەوەی باشتر کە سبەی بیری لێ بکەینەوە.

٣ی جۆزەردانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# ئازادی وەک ئەمری سیاسیی کوردی




**شاهۆ حوسێنی**

**لەبری پێشەکی:**

ناڕەزایەتی، تێکهەڵچوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی، خواستی ئاڵوگۆڕی و گۆڕین، گرژی، توندوتیژی و هەموو دیاردەکانی تری لەم شێوەیە ئاماژەیەکی ڕوونە بە هەبوونی قەیران، کێشە، کەلێن و دابڕان لەنێو کۆمەڵگەدا. بە مانای کارتێکەرنەبوون، شەرعییەتلەدەستدان، و نەمانی برەوی کولتووری کۆمەڵایەتی، سیاسی، بەها و نۆرمەکانە. ئەوانە ئاماژەیەکن بە خواست بۆ گۆڕین و لادانی زۆر دیاردەی مسۆگەر، چەسپاو و داسەپاو.

ئەمەی لەو ناوەدا گرینگە ئەوەیە کە شێواز و ئاسۆی ئەم دیاردانە لە کۆمەڵگەیەک ڕا بەرەو کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازیی هەیە. لە کۆمەڵگە دێموکراتیکەکاندا ئەمری ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری ڕەنگە بەرچاوترین بن و شێوازی مەدەنی و هێمنانە دیارترین شێواز. بەڵام لە کۆمەڵگە دیکتاتۆرەکاندا بێگومان ئەمری سیاسی و ئازادی وەک ئەمری سیاسی گرینگترین دیاردەیە و شێوازی شۆڕش دیارترین شێوازی ئاڵوگۆڕیە. لە ئێران وەک کۆمەڵگەیەکی دیکتاتۆر چ لە ڕووی گوتاریەوە، چ لە



سەرچاوە
Serchawe

ڕووی کولتووریە و؛ چ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ئازادی وەک ئەمری سیاسی و، شۆڕش وەک شێواز بەرچاوترین دیاردەکانی مێژووی سیاسیی هاوچەرخی ئێران بوون لە ماوەی سەدساڵی ڕابردوودا؛ بەهۆی ئەوەکە هیچ مەجالێکی ڕیفۆرمخوازانە بۆ تێپەڕین لە دیکتاتۆرییەت و پاوانخوازێتیی سیاسی لە ئێران هیچکات نەڕەخساوە.

## ئازادی و ئازادیخوازی:

کانت لەسەر ئەو باوەڕەیە ئازادی بە مانایی توانایی دەستپێکی کۆگشتییەک لە ڕووداوەکانە لەلایەن "خود". بەو پێیە دەشێ بگوترێ ئازادی بە مانای توانایی خود بۆ خۆدەرخستن، فام لەڕێی توانایی عەقڵی خۆی و توانایی خۆداڕشتن و خۆپێناسەکردن دیاردەیەکی مۆدێرنە کە بە دێکارتەوە دەست پێ دەکات. بەڵام ئازادیخواز وەک ئەکت و کردە لە نووسراوەکانی ویلیام بێلشام لە سەدەی ١٨دا دەرکەوت. ئەو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە جیاوازی هەیە لەنێوان ئازادی بەو مانایەی کە زەین پاڵنەرەکان هەڵدەبژێرێت و ئەو زەرووڕەتانەی کە پاڵنەرەکانی زەین دیاری دەکات. ئازادی سەلمێنەری شیاویی مرۆڤ و تاکە بۆ هەر جۆرە هەڵسوکەوتێک لە حەوزەی فام، پێناسە و تێگەیشتندا.

ئازادیخوازی باسی دیاردەی توانایی مرۆڤ دەکات لە بەرانبەر زۆرداری و زۆر بەسەرداسەپاندن، ئازادیخوازی لە ڕاستیدا زۆرداری و زۆر وەک دژبەری ئیرادەی ئازادی پێناسە دەکات. ئازادیخوازی لەسەر دوو بنەمای سەرەکی بنیات نراوە: یەکەم شەرعییەتی توانایی ڕاپەڕاندنی ئەرک بە شێوەیەکی جیاواز و دووهەم بەرپرسیاریەتیی کۆتایی. ئەم دوو بنەمایە یەکەم ئاماژەیەکە بە جیاوازبوونی هەڵبژاردنی بژاردەکان لەلایەن تاکەوە بەهۆی جیاوازیی کات و شوێنەکان و دووهەم بەرپرسیاریەتیی مرۆڤەکان لە ئازادی و ئیختیاردا، واتە مرۆڤ کاتێ بەرپرسیارە کە ئازادی هەڵبژاردنی هەبێت. بەگشتی ئازادیخوازی ئەسڵی هێرشنەکردنە بۆ سەر ئەوانیتر.

## هەرزەیی چەمکەکان لە کولتووری ئێرانیدا

بنەما و مەبەستی ئاڵوگۆڕەکان لە ڕۆژئاوا لەم شوێن و کاتەوە دەست پێ دەکات کە دێکارت بە دوو ڕستە مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە نێو چەقی ژیان، کۆمەڵگە و مێژوو. یەکەم جار بە شککردن لە دیاردە زەینی و ڕوانگەکانیدا کە بەرهەمی ژیان لەنێو ژینگەیەکەی کۆمەڵایەتی و کولتووری و زەمانێکی تایبەتدا بوو. ئەو حەوڵ دەدات هەموو ئەم ئەندێشە، فام و ئاگاییانەی کە وەک ئەزموونی زەینی وەری گرتوون لە بێژنگیان بدات و وەردەیان بداتەوە. دوایش لەڕێی "من بیر دەکەمەوە" حەوڵ دەدات ئەندێشە و زەینی خۆی بکاتەوە بە چەقی فام و تێگەیشتوویی و بەم شێوەیە لە بوونێکی بەرکار،

دەسکرد، ڕاهێنراو، ڕاهاتوو و دەستەموو بڕەخسێت، ئازاد بێت و سەربەخۆ بێت. واتە بوونێکی بکەر، خۆدەرخەر، خۆڕەخسێنەر و خۆبەرهەمهێن دەربخات. بەکورتی لە مرۆڤێکی یەخسیر بەرەو مرۆڤێکی ئازاد هەنگاو دەنێت. لە ڕاستیدا ئازادی سەرەتا و دەسپێکی جیهان، ئەندێشەی مۆدێڕن و دەرکەوتنی مۆدێڕنیتە، واتە گەڕانەوەی مرۆڤی بیرمەند، خاوەن ئەندێشە و سەربەخۆ بۆ نێو چەقی ژیان، جیهان و مێژوو بە مانای ئازادی و ڕەخسان لە کۆیلەیی و یەخسیریی سەرەتای دەرچوون لە جیهانی نەریتی و کلاسیک بەرەو جیهانی مۆدێڕنە.

ئاڵوگۆڕەکانی دوایی لە کۆمەڵگە، کولتوور، ئابووری و سیاسەت هەر لەسەر ئەساس و تەوەرەی ئازادیی مرۆڤ ڕووی دا. بۆ وێنە دەرکەوتنی کۆمەڵگەی مەدەنی، لیبرالیزم، مرۆڤخوازی، عەداڵەتخوازی، دێموکراسی و دەوڵەتی دیمۆکراتیک هەموویان لەسەر ئەساس و تەوەربوونی ئازادیی تاک و بە مەبەستی پاراستن، پەرە و پەیڕەوی ئەم ئەندێشەیە دەرکەوتن و سەریان هەڵدا.

بەڵام ئەمەی لە ئێران دەرکەوت و سەری هەڵدا، ڕێک پێچەوانە و دژی ئەم ئاڵوگۆڕانە بوو کە لە ڕۆژئاوا وەک مۆدێڕنیتە دەرکەوت و سەری هەڵدا. ئێرانییەکان شێوە مۆدێڕنیتە، شێوە ئازادی، دەوڵەتی شێوە مۆدێرن و دیاردە شێوە نوێیەکانیان بە مەبەستی سەرکوتی تاکی ئازادیخواز، بەرهەمهێنانی بوونی دەستەمۆ، دیل و بەرکار دەکار هێنا. ئەوان لە هەموو کەرەستەیەک کەڵکیان وەرگرت تا بەر بگرن بە دەرکەوتنی بوونی ئازاد، سەربەخۆ و خۆبنیاتنەر، بۆیەش بە بەرهەمهێنانی گوتار و ئایدۆلۆژیی گشتگیر و ڕادیکاڵ، بەرهەمهێنی داگیرکاری، پاوانخوازی و دیکتاتۆڕییەت بوون.

گرینگترین دیاردەی شێوە مۆدێڕن کە وەک بنەما لە ئێران دەرکەوت تا لەسەر ئەساسی ئەو، دیاردە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان پەرە بستێنن. ناسیۆنالیزمی ئێرانی بوو کە بەپێچەوانەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەتەورە کە درێژەی سوبژێکتیسمی دێکارتی بوو، و سوبژەی لە تاک ڕا گواستەوە بۆ گشت، تاک و گشتی ئۆبژەی بەرهەمهێنایەوە بە مەبەستی پارستن، پەرە و بەربڵاویی دەسەڵاتی سیاسی. بەکورتی دەشێ بگوترێ کە ئاڵوگۆڕەکان لە ئێران بە هۆی ئەوە کە چەمکەکان بەردەوام لەلایەن دەسەڵاتەوە لە نێوەرۆکی نوێ و مۆدێڕنی خۆی بەتاڵ کرا و نێوئاخنی کردن بەدیاردە تەواو نەریتییەکان، بەگشتی چەمکە نوێ و مۆدێڕنەکان تووشی هەرزەیی بوون. ئەم هەرزەییە خۆی لە سێ ئاستی ئایدۆلۆژیکدا دەدیتەوە، نەتەوەخوازیی ڕەچەڵەکی کە ڕەزاشا و حەمەڕەزای پەهلەوی و سەڵتەنەتخوازەکانی ئێستا خۆیان تێدا پێناسە دەکرد و دەکەن. دووهەم ئایینخوازەکانی مەشرووتەخواز و لە کۆماری ئیسلامیدا ڕێخۆرمخواز. سێهەم چەپی ئۆرتۆدۆکسی کە خۆیان لە توودە، چریکەکانی فیدایی خەڵق و ئێستاش لایەنەکانی وەک حیکمەتیست و کۆمۆنیستی کرێکاریدا دەبیننەوە.

وێکچوویی بنەڕەتی و سەرەکیی هەمووی ئەم لایەنانە دژایەتی لەگەڵ سوبژێکتیسم بە مانای سەربەخۆیی تاک وەک بنەمای پلۆرالیزم، کەلانڕەوایەتی و مۆنۆلۆگ بوونە کە دەشێ بەگشتی وەک دژایەتی لەگەڵ مۆدێرنیتە پێناسە بکرێت. هەربۆیەش بەهۆی ئەو نیزامە مەعریفەتناسە پاوانخواز و نەریتییە هیچ ڕەوتێکی دێمۆکراتیزاسیونی لە ئێران نە هاتۆتە ئاراوە، نە دێتە ئاراوە و نە دەردەکەوێت.

## ئازادی و ئازادیخوازی لە کوردستان:

ئەگەر کورد تا سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی بوونیکی ئۆبژەیە و لە چوارچێوەی شوناسی ئەوی تر دایە، بەجۆرێک کە لەڕێی ئایینخوازییەوە دەکەوێتە بەرەی عووسمانی و تووشی کوشتار و ژێنۆساید دەبێت، ئەوا لە پاش شەڕی یەکەم حەوڵەکانی کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکان، ڕووناکبیرانی کورد و ڕۆژنامەنووسانی کورد بە مەبەستی دەرخستنی شوناسێکی کوردانە، سەربەخۆیانە و خۆسەروەرانە لە کورد، کۆششێکی مۆدێرن، سوبژێکتیستانەیە و هەر بەو پێیەش ئازادیخوازنەیە بۆ دەرخستنی کورد لە کۆیلەیی، کۆتی شوناس، فۆڕمی زەینی و چوارچێوەی مەعریفی داهێنراوی ئەوی تری کورد.

ئەم دۆخە دەستپێکی دەرچوون لە نیزامی مەعریفەتناسانەی داڕێژراوی ئەوی تری کورد و هەنگاوێکە بۆ بنیاتنانی نیزامیکی مەعریفەتناسانەی کوردی وەک ڕایەڵێک بۆ لێکگرێدانەوەی کورد وەک کۆگشتییەکی پارچەکراو، بۆیە دەشێ بگوترێ کە دەستپێکی ئازادیخوازیی کوردی وەک حەولێکی مۆدێرن و سۆبژێکتیڤیستانە بە مەبەستی دەرکەوتنی وەک فۆڕمێکی سەربەخۆ و جیاواز لەوی تر لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانییە. دیارە بنەماکانی ئەم ڕەوتە هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ڕا داندرابوو، بەڵام وەک ڕەوت لە پاش شەڕی یەکەم گشتگیر دەبێت و کوردایەتی وەک کۆششێکی سەربەخۆیانە لە فۆڕمی زەینیدا دەبێتە بنەمای شۆڕشەکانی کوردی. ئیتر لەمەو بەدوا خەبات بۆ ڕەخساندنی تاکی کورد و کۆمەڵگەی کوردی لە چوارچێوە مانایی و ڕواڵەتی داسەپاو لەلایەن ئەویتری خاوەن دەسەڵات، هێژمۆن و دژە کورد دەبێتە ئامانجی شۆڕشەکانی کوردی.

ئەمری سیاسیی فارسی لەسەر بنەمای دۆست و دوژمن بنیات نراوە، ئەم دۆستە لە ئێرانخوازیی پەهلەویدا تاکی موستەحیلی بوو لەنێو شوناس و فۆرماسیونی ئێرانیدا بوو، لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا تاکی موستەحیلبوو لەنێو شوناس و فۆرماسیۆنی زەینی شیعەدایە. هەر بەو پێیە دەشێ بگوترێ کە گرینگترین تایبەتمەندیی ئەمری سیاسی فارسی دیکتاتۆری، پاوانخوازێتی و دوگماتیزمە. دوژمن هەموو تاک و کۆمەڵگەکان لەخۆ دەگرێت کە دژی شوناسی داسەپاوی ئێرانین، دژی کۆیلەیی، دەستەمۆیی و خوازیاری ئازادین. کە وابێ ئەمری سیاسیی دژبەری ئەمری سیاسی فارسی دەشێ لەسەر بنەمای

**جۆزەردانی ٢٧٢٣**

دیکتاتۆڕییەت و ئازادی بنیات بندرێت، واتە وەک دژایەتی و بەرپەرچدانەوەی پاوانخوازێتی و نەریتخوازی ئەمری سیاسی فارسی کە دیکتاتۆڕییە، ئەمری سیاسی کوردی پێویستە ئازادیخواز بێت. ئازادی بە مانای شەرعییەتی دەرکەوتنی تاک و کۆمەڵگەی جیاواز، پێشگرتن بە هەرجۆرە هێرشێک بۆ سەر شوناس و جیهانی زەینی کوردی، شیاوی و توانایی خۆدەرخستن، خۆڕێکخستن و خۆبنیاتنان.

**٣ی جۆزەردانی ٢٧٢٣**

# زەویی سووتاو، شەڕی نهێنی



**ڕەزا دانشجوو**

دوژمنایەتیی ڕێژیمی وەلایەتی فەقیه لەگەڵ کورد و کوردستان لەو ڕۆژەوە کە ئەم سیستەمە نامرۆڤانەیە دامەزرا دەستی پێ کرد. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی جگە لە وێرانکاری و ماڵوێرانی بۆ هەموو ئێران هیچی تری بەدیاری نەهێنا، بەڵام چیرۆکی گەلی کورد تەواو جیاوازە. ئەگەر بێتوانایی و بێپلانیی ڕێژیم بووەتە هۆی لەنێوچوونی سەرچاوە ماددی و مرۆییەکان لە هەموو شوێنێکی ئێران، ئەوەی لە کوردستان ڕووی داوە دەرئەنجامی پلاندانانێکی تەواو وشیارانە و ئامانجدار بووە.

لەڕاستیدا ڕێژیم ڕاستەوخۆ هاتۆتە شەڕی کورد و کوردستان. ڕەنگە ڕیشەی ئەم دوژمنایەتییە بۆ ڕووداوەکانی یەکەم ڕۆژەکانی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧ بگەڕێتەوە؛ ئەو کاتەی کورد حازر نەبوو هاوکاریی ڕێژیم بکا و بایکۆتی شانۆی هەڵبژاردنەکانی کرد و دژی دیکتاتۆریەتی ویلایەتی فەقیه ڕاوەستا و ئەم دژایەتییە و بەربەرەکانێیە تا ئەمڕۆش بەردەوامە. لە بەرانبەردا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش بۆ هێرشکردنە سەر کورد و کوردستان، هەموو ئیمکانات و شێوازە

مومکینەکانی بەکارهێناوە و تا ئێستاش بەردەوامە. ئەمڕۆ سیاسەتی ئاسمیلەکردنی کورد بەهۆی داگیرکەرانەوە لە هەموو شوێنێکی جوغرافیای کوردستان لە ئاگریەوە تا دالاهۆ دەبینرێت. بەشی تاڵی چیرۆکی هێرش و دژایەتیکردنی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە تەنیا گەلی کورد نەکەوتۆتە بەر ڕق، کینە و دوژمنایەتیی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو جوغرافیای کوردستانیش بە دەیان فۆرمی جیاواز ئەو ڕق و دژایەتیکردنەی ئەزموون کردووە.

ئەوەی لە ماوەی ساڵیانی ساڵ لەم وڵاتە بەندکراوەدا ڕووی داوە، پلانێکی لەپێشداڕێژراو و بە شێوەیەکی تەواو ڕێکخراو بووە و لە سەر بنەمای تاقمێک تیۆریی ناسراو کە ئامانجی کۆتاییان لە نێوبردنی جوغرافیای کوردستانە دامەزراوە. سیاسەتەکانی ڕێژیم لەم بوارەدا دەتوانرێت لە چوارچێوەی "ئیکۆتێرۆریزم" و فۆرمە نامرۆڤانەترەکەی "زەویی سووتاو"دا پێناسە و باسی لێ بکرێت.

ئیکۆتێرۆریزم (Eco-terrorism) یان تێرۆری ژینگەیی ئەو کارانەن کە مرۆڤ بە دەستێوەردان و دەستکاریکردنی سروشت لە پێناو دەستەبەر قازانج و بەرژەوەندی دەیکات و دەبێتە هۆی تێکچوونی پەیکەری سروشتی ناوچەکە. دەستەواژەی تێرۆر بەو مانایە پێشنیار کراوە کە ئەم دیاردە ترسناکە بە تاوان دەزانرێت. ئەوەی لەم پێناسەیەدا ئاماژەی پێ کراوە زیاتر مەبەستی دەستێوەردانی خەڵکانێکە کە دەبنە هۆی لەنێوچوونی سروشت بۆ ئەوەی قازانجی زیاتر بەدەست بهێنن. کۆماری ئیسلامی و بەکرێگیراوانی لەنێو دەستەڵات وەک ئەندامانی بەسیج و سپای پاسداران ساڵانێکی زۆرە لە تەماحی سەروەت و ساماندا سروشتی کوردستان تاڵان دەکەن و لەنێوی دەبەن.

چەمکێکی تری پەیوەست بە "ئیکۆتێرۆریزم" و لە ڕاستیدا فۆرمی ئاڵۆزتری ئەم دیاردەیە بریتییە لە سیاسەتی "زەویی سووتاو"، کە لە درێژەدا بەکورتی باسی لێ دەکرێت. سیاسەتی "زەویی سووتاو" (Scorched earth policy) ستراتیژییەکە بۆ لەنێوبردنی هەموو سەرچاوە و موڵک وماڵی سروشتی، کشتوکاڵی، ژینگەیی، گواستنەوە و بەگشتی بێبەشکردنی خەڵکی وڵاتە داگیرکراوەکان لەو سامان و ئیمکاناتانەی لەبەردەستدایە. لەڕاستیدا داگیرکەران کە توانای گۆڕینی پەیکەری کۆمەڵایەتی یان داسەپاندنی هەژموونی کولتوورییان نییە، ئەمجارەیان لەبری دانیشتوانی جوغرافیای داگیرکراو، هێرش دەکەنە سەر خودی جوغرافیای ناوچەکە. "زەویی سووتاو" یانی لەنێوبردن و خاپوورکردنی هەموو سەروەت و سامانی سروشتی و شوێنەواری مێژوویی و. ...

لە شەڕی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڤێتنامدا، سوپای ئەمریکا لە کاتی پاشەکشەکردندا هەموو سەرچاوە و ئیمکاناتەکانی ئەو ناوچانەی پاشەکشەیان لێیان دەکرد و بەجێی دەهێشتن، لەنێو دەبرد بۆ ئەوەی نەکەونەوە دەستی

پارتیزانەکانی "ڤێت کۆنگ". لەنێوبردنی سامانی وڵاتانی داگیرکراوی ئورووپا لەلایەن سوپای نازی لە کاتی کشانەوەیان لەم وڵاتانە، سووتاندنی بیرە نەوتییەکانی کوێت لەلایەن عێراقەوە لە کاتی کشانەوەی سەدام لە کوێت و هتد بەشێکن لەو ستراتیژییە سەربازییە. هەرچەندە ئەم ستراتیژییە بەشێکە لە پلانی سەربازی و نیزامی و لە حاڵەتێکدا بەکار دێت کە هێرشی سەربازی کرابێتە سەر وڵاتێک، بەڵام جیهان لەم ساڵانەی دواییدا فۆرمێکی دیکەی ئەم سیاسەتە دوژمنکارانەیەی بە خۆیەوە بینیوە. لە دوایین نموونەدا، بەپێی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان، سوپای میانمار بەئەنقەست ئاگری لە دارستان و کێڵگەکانی موسڵمانانی "ڕۆهینگیا" بەر داوە و بەم شێوەیە ناچاری کردوون ماڵ و حاڵ وزێدی خۆیان بەجێ بهێڵن. تاڵانکردن، دزین و لەنێوبردنی شوێنەوار و ئاسەوارە مێژووییەکان بەشێکی دیکەی سیناریۆی "زەوی سووتاو"ی داگیرکەران لە ناوچە داگیرکراوەکاندایە.

دوای شکستی سوپای فەڕانسە و داگیرکردنی پاریس، بە فەرمانی هیتلێر، دەبوو هەموو بەرهەمە هونەرییەکانی فەڕانسە لە مۆزەخانەی گشتی و تایبەت کۆ بکرێنەوە بۆ ئەوەی لە کاتی گونجاودا بۆ ئۆتریش و ئەڵمانی نازی بگوازرێنەوە. سێپتامبری ١٩٤٠ کاتێک کۆمەڵێک بریکار و سەربازی نازی بە مەبەستی تاڵانکردن چوونە نێو "لۆڤەر"، ڕووبەڕووی هۆڵ و پێشانگایەکی زۆر بەتاڵ بوون چونکە بەڕێوبەرایەتیی مۆزەخانەی "لۆڤەر" لە دەستپێشخەرییەکی ژیرانەدا و ڕەنگە بەهۆی ئاگاداری لە شێوەی هەڵسوکەوتی داگیرکەران لەگەڵ دەستپێکردنی فەرمی شەڕ لە فەڕانسە، فەرمانی دابوو تا سەرجەم ئاسەوارە بەنرخەکانی لۆڤەر بۆ شوێنێکی سەلامەت بگوازرێنەوە. بەڵام بەداخەوە ئەمە تەواوی چیرۆکەکە نەبوو و زۆرێک لە بەرهەم و ئاسەوارە هونەری و مێژووییەکانی فەڕانسە لە ماوەی ساڵانی داگیرکاریی ئاڵمانی نازی لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی ئەم وڵاتە دزران یان لە نێوچوون. ئەوەی لە درێژەی ئەم وتارەدا دێت بەڕوونی باس لەوە دەکات کە بەدرێژایی ساڵانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئەوەی لە ڕۆژهەڵات ڕووی داوە دیاردەی ڕوونی سیاسەتی "زەویی سووتاو" بووە و ئاشکرا و بەئانقەست و بە ئامانجی لە نێوبردنی سروشت و داهاتی کوردستان ئەنجام دراون:

- پێدانی مۆڵەت بۆ دەرهێنانی کانی بەرد و سەرچاوەی جۆراوجۆر، کە بەرهەمەکانیان بە گشتی بە شێوەی خام بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران هەناردە دەکرێت و جگە لە تێکدانی ژینگەی کوردستان هیچ دەستکەوتێکی بەدواوە نەبووە. جگە لەوەش چەندین جار تێبینی ئەوە کراوە کە شوێنی ئەم کانی بەرد و سەرچاوانە لە نزیک ئاسەوارە دێرینەکان و جێگە مێژووییەکان هەڵکەوتوون و بوونەتە هۆی لەنێوچوونی پەیکەرەی مێژوویی ئەو ناوچەیە. وەک دوایین حاڵەتەکان دەتوانین ئاماژە بکەین بە پێدانی مۆڵەتی دەرهێنانی کانی بەرد لە نزیک شاخ و شوێنی مێژوویی "بالۆقایە"ی سەقز یانهەڵکەندن و گەڕان لەلایەن کۆمپانیای نەوت و گازی ڕێژیم لە نزیک شوێنی مێژوویی "بانکۆڵ" لە ئیلام، کە هەردووکیان ڕووبەڕووی ڕەخنە و گازەندەی توندی دانیشتووان و گروپەکانی ژینگەپارێز بوونەوە.



سەرچاوە
Serchawe

- سووتاندن یان بڕینی بەئەنقەستی دارستانەکانی کوردستان بە ئامانجی لەنێوبردنی سروشتی ڕۆژهەڵات. جگە لە قاچاخچییەکانی دار، کە بە شێوەیەکی سەرەکی بە هاوبەشیی ڕێژیم دارستانەکانی کوردستان تاڵان دەکەن، ساڵانێکی زۆرە شایەتی سووتاندنی بەئەنقەستی دارستانەکانی کوردستانین. لە یەکێک لە ئاگرکەوتنەوە هەرە ترسناکەکانی دارستانەکانی مەریوان، لە کاتێکدا بەشێکی زۆری دارەکان سووتان، بەداخەوە ژمارەیەک خۆبەخشیش کە بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە لەو ناوچەیە بوون گیانیان لەدەست دا.

- دروستکردنی بێ پلان و بێبنەمای بەنداو و گواستنەوەی سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستان بە بیانووی دانی "بەشەئاو"، یەکێکی دیکەیە لە کردەوەکانی ڕێژیم لە دژی سروشتی کوردستان کە جگە لە خەسار و زیانی ماڵی و گیانی بووەتە هۆی تێکچوونی هاوسەنگیی سروشت لە درێژخایەندا، ئەم لە کاتێکدایە کە هەموو ئەزموون و زانیارییە زانستییەکان پێشان دەدەن ئەم جۆرە دەستێوەردانانە ناتوانن بە هیچ شێوەیەک کێشەکە چارەسەر بکەن. نوێترین نموونە، پرۆژەی گواستنەوەی ئاوی ڕووباری "زێ_زاب" بۆ گۆلی ورمێیە، کە دەبێتە هۆی لەناوچوونی ئیکۆسیستەمی دەشتی زاب، ئەمەش لە کاتێکدایە بە وتەی هەموو شارەزایان، هیچ کاریگەرییەکی لەسەر بوژانەوەی گۆلی ورمێ نییە.

- داگیرکردنی لەوەڕگە و شاخەکان و دابەشکردنی لە نێوان بەکرێگیراوانی ڕێژیم یەکێکی دیکە لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامییە، کە بووەتە هۆی لەنێوچوونی لەوەڕگە و سامانە سروشتییەکان و دیمەنە جوانەکانی کوردستان و تێکچوونی هاوسەنگیی سروشت. ئەم سیاسەتە ل ژێر چاودێری ڕاستەوخۆی سوپای پاسداران و بە قازانجی بەکرێگیراوانی ڕژیم ئەنجام دەدرێت.

- هەڵکەندن و دەرهێنانی نایاسایی بەشێکی دیکەی پلانی تاڵانکردن و دزینی سامانە سروشتییەکانی ڕۆژهەڵاتە. ئەم سیاسەتە ساڵانێکە بە شێوەیەکی ڕێکخراو لە سەرتاسەری کوردستان بەڕێوە دەچێت و تا ئێستا بەشێکی زۆری بەرهەم و کەرەستەی مێژووییەکانی ڕۆژهەڵات لەلایەن ڕێژیم و بەکرێگیراوەکانییەوە دزراوە. جگە لە بایەخی ماڵی ئەو کەلوپەل و بەرهەمانە، ئەمانە بەدڵنیاییەوە بەشێکن لە مێژووی کوردستان و نەبوونیان خەسارێکی قەرەبوونەکراوەیە.

ئەوەی لەم وتارەدا بە کورتی باس لێ کرا، سیاسەتی دوژمنکارانەی فرەچینەی داگیرکەران لەدژی جوغرافیای کوردستانە. لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی بێتوانا لە کاریگەریدانان لەسەر خەڵکی کورد و بە مەبەستی تۆڵەکردنەوە خەریکی لەنێوبردن و تاڵانکردنی سروشت و سامان و داهاتی کوردستانە. ئەم پرسە لەم ڕوانگەوە زۆر گرنگ دەبێت کە بەداخەوە ئەم سەرچاوانە دووبارەبوونەوەیان نییە و نوێ نابنەوە. ڕەنگە داگیرکەران لە هەموو کەس باشتر بزانن کە درەنگ یان زوو

جۆزەردانی ٢٧٢٣

ناچار دەبن ئەم خاکە بەجێ بهێڵن، هەر بۆیەش بەڕوونی هاتوونەتە شەری کوردستان و بە گرتنەبەری سیاسەتی "زەویی سووتاو" تێ دەکۆشن دوای ڕۆیشتنیان جگە لە وێرانەیەک هیچ شتێک بۆ گەلی کورد نەمێنێت.

بەرەنگاربوونەوەی ئەم سیاسەتە نامرۆڤانەیە پێویستی بە وشیاریی جەماوەری هەیە و بێدەنگیی لە بەرانبەر سیاسەتی" تیرۆری ژینگەیی" و "زەویی سووتاو" ڕەهەندەکانی ئەم کارەساتە قووڵتر دەکاتەوە. نابێ ئەوە لەبیر بکرێت کە ئەم شەڕە تەنیا دژی خاک و ئاوی کوردستان نییە، بەڵکوو دژی ناسنامە و پێناسەی کورد و ڕۆژهەڵاتە.

٣ی جۆزەردانی ٢٧٢٣

# هەڵاوسان، هەژاری و کەلێنی چینایەتی سێکوچکەی چارەڕەشیی کۆمەڵگە


روزنامه شرق

سؤال‌های آزمون نهایی در نخستین روز برگزاری و در فرصتی کوتاه بعد از آغاز آزمون لو رفت

نشت ۱۷ دقیقه‌ای

احمد علیرضابیگی در گفت‌وگو با «شرق» آخرین وضعیت پرونده قضائی خود را تبیین کرد

۳۰۰ خودرو واگذار شده که اسناد ۱۴۷ دستگاه آن را در اختیار دارم

دوشنبه ۱ خرداد ۱۴۰۲ - ۳ ذی‌القعده ۱۴۴۴ - ۲۲ مِی ۲۰۲۳ - سال بیستم - شماره ۴۵۵۹ - ۱۲ صفحه - ۱۵۰۰۰ تومان

در «شرق» امروز می‌خوانید: باشگاه عذرخواهی کرد: عکسی که در شأن پرسپولیس نبود، کن شیفتگان، «شرق» بررسی می‌کند: چالش بدل برای برجام و یادداشت‌هایی از بابک زمانی، عبدالرضا ناصرمقدسی، لطفعلی بخشی

سرمقاله

لایحه هفتم

برنامه توسعه یا فرمانه دولتی

مرکز آمار نرخ تورم نقطه‌ای فروردین امسال را ۵۵ درصد و تورم نقطه‌ای غذا را در آستانه ۸۰ درصد اعلام کرد

## بوق ممتد تورم

چرا آمارهای موجود از شاخص ضریب جینی قابل اعتماد نیست

سقوط شهر سوخته

گروه واگنر از کنترل کامل روسیه بر باخموت خبر می‌دهند

تنش‌های بی‌اصول

راه‌های اجتناب از جنگ جهانی سوم

راه‌رفتن روی تیغ

«نداجا» تاریخ را ورق زد

**شەماڵ تەرغیبی**

ڕۆژنامەی حکوومەتیی شەرق لە ژمارەی یەکی جۆزەردان و لە لاپەڕەی ئابووریی خۆیدا باسێکی ورووژاندووە لەسەر بنەمای بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵاوسان لە ئێران و بە ئاماژە بە نوێترین ئاماری نرخی هەڵاوسان کە لەلایەن ناوەندی ئاماری ڕێژیمەوە بڵاو کراوەتەوە ڕایگەیاندووە کە نرخی هەڵاوسانی خاڵ بە خاڵ لە مانگی پێشوو واتە مانگی خاکەلێوە ٥٥ لەسەد و نرخی هەڵاوسانی خاڵ بە خاڵی خۆراکی نیزیک بە ٨٠ لەسەد بووە!

هاوکات لەسەر زاری هادی حەقشناس کارناسی ئابووری ڕایگەیاندووە: سیاسەتە هەڵە ئابووری و ماڵی و ئەرزییەکانی دەوڵەت بووەتە هۆکارێکی بنەڕەتی بۆ ئەو دۆخە ئابوورییەی کە هەنووکە لە ئێراندا دەبینرێ؛ بەوتەی ناوبراو ئەوەیکە ئەمڕۆ ئابووریی ئێران ئەزموونی دەکات لەڕاستیدا ئاکام و دەرەنجامی زەین و عەقڵی مێکانیکیی بەرپرسان و نەبوونی ڕوانینی درووست لە زانستی ئابوورییە.

هاوکات توێژەر "حوجەت میرزایی" لە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیدا بۆ دیاردەی هەژاری باس لەوە دەکات کە ڕێژەی هەژاری لە بەشێک لە پارێزگاکانی ئێران گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار؛ بەجۆرێک کە زیاتر لە ٨٠٪ ی کۆمەڵگەی گوندنشین و ٤٥٪ ی کۆمەڵگەی شارەکانی سیستان و بەلووچستان هەژارن و نزیکەی هەموو دانیشتووانی ئەم پارێزگایە، جگە لە گرووپێکی زۆر کەم نەبێ ، شیاوی مافی وەرگرتنی یارانەیانەن.

زیاتر لە ٥٠% ی دانیشتووانی چابەهار و ٤٠% ی دانیشتووانی بەندەرعەباس و ٣٠-٣٥% ی دانیشتووانی مەشهەد پەراوێز خراون.

هەژاری ڕەها گەیشتووەتە ئاستێک کە بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی ڕێگاوبان و گەشەپێدانی شار، چینی یەکەم (هەژاران ) بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی ماڵ، پێویستیان بە ٢٤٨ ساڵ کات هەیە؛ بەپێی ڕاپۆرتێکیش کە لە ساڵی ١٤٠٠ بۆ وەزارەتی کار ئامادە کراوە، ڕێژەی چالاکییە نافەرمییە دژەمرۆیییەکان (انسان ستیز) وەک کۆڵبەری، گیرفان دزی و تەقەکردن و زبڵدۆزی و هتد گەیشتووەتە ٤٠% و لە هەندێک پارێزگاش ٦٠% زیاترە.

لە ئێستادا ٨٥%ی دانیشتووانی وڵات لەو پارێزگایانە دەژین کە داهاتی سەرتاسەرییان نیوەی داهاتی تارانە و ٤٠%ی دانیشتووانی ئەو وڵاتە لەو پارێزگایانە دەژین کە ڕێژەی بێکاری جێگیر و درێژخایەنیان لە ١٥% زیاتر بووە ؛ ئەم بارودۆخە لە کرماشان، لوڕستان، خوزستان و سیستان و بەلووچستان دەگاتە زیاتر لە دوو دەیە.

داهاتی سەرانە لە تاران پێنج هێندەی سیستان و بەلووچستانە و تەمەنی هیوا بە ژیانی پیاوانی ئەم پارێزگایە لە نێوان ٨ بۆ ١٠ ساڵ و تەمەنی ژنان ٦ ساڵ کەمترە لە تێکڕای نیشتمانی.

لە ئێستادا نیگەرانیی حکوومەت لە دابینکردنی ژێرخانی گەشەپێدانەوە بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی وەک ئاو، نان، گاز و کەلوپەلی سەرەتایی گۆڕاوە و پارێزگاکانی ئێران بوونەتە گۆڕستان بۆ پرۆژەکانی بیناسازی.

بە پشتبەستن بە دوا داتا و زانیارییە بڵاوکراوەکانی خودی ناوەندە فەرمییە حکوومەتییەکان، ئەوەیکە ڕوونە سیاسەتەکانی ڕێژیم لە بیاڤی ئابووری خەساری زۆر قەرەبوونەکراو و جیددی وە پەیکەرەی ئابووری و لە ژێر کاریگەریی ئابووریش کۆی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران داوە کە دەرەنجام و ئاسەوارەکانی یەخەی نەسڵی ئێستەی دادڕیوە.

جۆزەردانی ٢٧٢٣

هەرچەند کە کۆماری ئیسلامی بە دروشمگەلی وەک نەهێشتن و بنبڕکردنی هەژاری و چێکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هاتە سەر کار بەڵام تێپەڕینی زیاتر لە ٤٠ ساڵ لە دەسەڵاتداریی ئەم ڕێژیمە دەری خستووە کە پێوەرەکانی نادادپەروەری لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵگە خراپتر بووە و کەلێنە چینایەتییەکان گەیشتوونەتە ئاستێک کە قۆناغی هۆشداریان تێپەڕاندووە.

وەک حسەین ڕاغفەر، ئابووریناس و مامۆستای زانکۆیش دەڵێ: تێکچڕژاوی جۆرەکانی نایەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و هەژاری ڕەها و قووڵ لە بەستێنی گەندەڵیی پێکهاتەیی لە ئێران دەرەتانێکی بۆ ڕیفۆرمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی نەهێشتووەتەوە و بەردەوامبوونی ئەم دۆخە هەڕەشەیەکە لەمەڕ لێکهەڵوەشانەوە و لێکبڵاوکردنەوەی کۆمەڵگە لە ناخی خۆیدا.

بەکورتی نایەکسانی و کەلێنی چینایەتی لە پلەی یەکەمدا دەبێتە هۆکارێکی بنچینەیی لەمەڕ گۆڕینی پارادایمەکانی ژیان لە دادپەروەرییەوە بۆ مەسرەفگەرایی و زێدەخوازی؛ گەیشتن بەم خاڵە دەبێتە هۆی لادان لە پڕەنسیپ و ڕێوشوێنە ئەخلاقییەکان لەنێو کۆمەڵگە و کەمبایەخ و تەنانەت بێبایەخبوونی بایەخ و نۆڕمە فەرهەنگی و ڕەفتارییەکان؛ واتە کاتێک هەژاری، بێکاری، گرانی، هەڵاوسان و کەلێنی چینایەتی لە کۆمەڵگەدا پەرە بستێنن (وەک دۆخی ئێستەی ئێران) چیدی خەڵک ئامادە نییە بۆ پاراستنی کەرامەتە مرۆییەکان تێچوو بدات و بە پێچەوانەوە ئەوەیکە پەرە دەستێنێ دیاردە دزێوەکانی وەک دزی، قەتڵ، بەدڕەوشتی و ... یە کە ئەم دیاردانە دەرخەر و نیشاندەری هەبوونی چارەڕەشین لە کۆمەڵگەدا.

٣ی جۆزەردانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# ناسنامەی دزراو



کەریم پەرویزی

لە نزیک کەنگاوەر، لە پەنای چۆمی گاماسیاو، تەپەیەکی مێژوویی جێی گرتووە بە ناوی تەپەی گۆدین. خودی ناوی کەنگاوەر و چۆمی گاماسیاو و تەپەی گۆدین پڕن لە نیشانەکانی مێژوویەکی کۆن و دێرین کە هەوڵ دراوە فەرامۆش بکرێن! هەوڵی فەرامۆش کردن و شاردنەوە و پەردەپۆشکردنی مێژووی ئەم ناوچەیە هەوڵێکی تەنیا کاسبکارانە و سیاسی نییە، بەڵکوو پەلەقاژەیەکی شۆڤێنیستیە بۆ زەفکردنەوەی ناسنامەیکی درۆینە و شاردنەوەی مێژووی ڕاستەقینەی ناوچەیەکی دیار و تایبەت.

تەپەی گۆدین لە کەنگاوەر، لە دوورەوە وەکوو تەپەیەکی ئاسایی وەکوو هەموو تەپۆڵکەکانی دیکەی ئەم ناوچەیە دێتە بەرچاو کە ڕەنگە خەڵک یان ڕێبواران پێیان وابێ کە شتێکی سروشتیی کێو و تەپۆڵکەکانە و بە تێپەڕینی کات و هاتنی با و باران، وردەوردە سوا بێ و تەنیا تۆزێک لە بەرزاییەکی سروشتیی لێ بەجێ مابێ. بەڵام ئەم بەرزاییە سروشتی نییە،

بەڵکوو بەرزاییەکی دەسکردە کە بەدەستی مرۆڤ دروست کراوە و بە تێپەڕینی کات، وردەوردە سروشت ویستوویەتی بیشارێتەوە و هەندێ لە بیرکردنەوەی شۆڤێنیستیش هەوڵ فەرامۆشکردنی دەدەن!

تەپەی گۆدین پێشتر قەڵا و شاری نیشتەجێبوونی مرۆڤەکان بووە. شوێنێک بووە کە کورد تێیدا ژیاوە و شارستانیەتی بونیات ناوە و لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر بازرگانیی تێدا کردووە.

بەپێی لێکۆڵینەوە ئاسەوارناسییەکان لەسەر ئەم تەپەیە، ئاسەواری چەندین قۆناخی ژیان بەدی دەکرێ.

بەپێی زانیارییەکان کە لە هەواڵدەریی ئیسنای سەر بە ڕێژیمی ئیسلامی بڵاو بۆتەوە، لەم تەپەیەدا سێ لایەی شارستانەیەت و فەرهەنگی دۆزراوەتەوە. بە وتەی ئەم ڕاپۆرتەی ئیسنا، لە سێ دەورەی پێش مێژوو، دەورانی مێژوویی و هەروەها دەورانی ئیسلامیدا ئەم تەپەیە شوێنی نیشتەجێبوون و شارستانییەت بووە.

لە ئاسەوارەکان و لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوتووە کە مێژووی شارستانییەتەکەی تەپەی گۆدین دەگەڕێتەوە بۆ ٧٥٠٠ ساڵ پێش، واتە تەنانەت ٥٠٠٠ ساڵ پێش لە دەسەڵاتداریی ماد لەم شوێنە، ژیان و شارستانییەت هەبووە. هەروەها ئاسەواری سەردەمی مادەکانی تێدا دۆزراوەتەوە و ئاسەواری دەورانی هاتنی ئیسلامیش تێیدا بەدی دەکرێ.

یانی شارێک بووە کە زیاتر لە ٦٠٠٠ ساڵ ژیانی تێدا کراوە و دیار نییە لە چ سەردەمێکدا وێران کراوە و خەڵکەکەی کوشتار کراوە و ژیانی تێدا نەماوە.

بە وتەی ئەو ڕاپۆرتەی ئیسنا، سنووری تەپەکە دیاری نەکراوە و هەر بۆیە بەشێکی زۆری تەپەکە وێران کراوە. ئەڵبەت ڕاستییەکەی ئەوەیە کە باندەکانی قاچاخی ئاسەوار و خەزێنە مێژووییەکان کە سەردەمانێک سەر بە کوڕەکانی ڕەفسەنجانی بوون و دواتر سوپای پاسداران بوو بە باندی سەرەکیی قاچاخی ئەو ئاسەوارانە، دەستیان لە تەپەکە داوە و بە دوای زێڕ و ئاسەواردا تەپەکەیان وێران کردووە و ڕەنگە ئیدی شتێکی بەنرخی کە بتوانن بیفرۆشن تێدا نەماوە و وازیان لێ هێناوە، ئێستە باس لە مێژوو ڕاستەقینەکەی دەکرێ!

ئەم تەپەیە کە لە شاری کەنگاوەر و لە نزیک چۆمی گامسیاو جێی گرتووە، لە دڵی ناوچەیەکە کە لە چەندین قۆناخدا جێی نیشتەجێبوونی شارستانییەتەکان بووە. هەر لە مانایی و پێش لە مادەکانەوە و لە پێڕەوانی ئاناهیتاوە بیگرە تاکوو

سەردەمی ماد و دواتریش سەردەمی ئیمپراتۆرییە جۆربەجۆرەکان، لەم ناوچەیە ئاسەواری شارستانیەت تێدا بە فراوانی هەیە.

چۆمی گاماسیاوی مێژوویی کە لە سەراو گاماسیاو لە لای نەهاوەندەوە دەست پێ دەکا و دەچێتە کرماشان و دوای تێکەڵبوون بە قەرەسوو دەچێتە ئیلام و لەوێشەوە بەرەو ناوچەی ئەحواز دەڕوا.

لە کرماشان لە نزیک تەپەیەکی مێژوویی بە ناوی کوردۆویچ (بە فارسی کورتویچ) چۆمی دینەوەری تێ دەڕژێ. کوردۆویچ کە لە زمانی فارسیدا زۆر حەزیان لێیە بیکەن بە کۆرتۆویچ تا ناوی کوردی تێدا بسڕنەوە، شوێنێکی مێژووییە کە بە پێی لێکۆڵینەوەکان ئاسەواری ژیانی لە ١١٠٠٠ ساڵ پێشەوە تێدا دۆزراوەتەوە و تەنانەت ئاسەواری دەستەمۆکردنی بزن لە ١٠٠٠٠ ساڵ پێشدا لەو شوێنە تێدا بەدی کراوە.

تەپەی گۆدین لە کەنگاوەر و تەپەی کوردۆویچ لە دینەوەر تەنیا چەند نموونە لەو شوێنە مێژوویی و ئاسەوارە کۆنانەن کە داستانی زۆر دوور و درێژی ژیانیان لەم ناوچەیە لە دڵی خۆیاندا هەڵ گرتووە و نەک گوێییان نەدراوەتێ بەڵکوو بە ئەنقەست پشتگوێ خراون و ڕەنگە بۆ دەستێوەردانی دز و گەندەڵەکان خۆش کراوە تاکوو ئاسەوارەکان ون بکرێن.

ونبوونی ئەم ئاسەوارانە، تەنیا قازانجی مادیی بۆ باندە قاچاقچییەکانی سەر بە سوپای پاسداران نییە بەڵکوو قازانجی سەرەکیی بۆ بیرێکی شۆڤێنیستی هەیە کە دەیەوێ مێژووی ناوچەکە دەسکاری بکا و بە شێوەیەکی چەواشە نیشانی بدا.

لە سەردەمی ڕەزاخانی میرپەنجەوە کە دەست کرا بە دەسکاریی مێژوو و چەواشەکردنی ڕاستییەکان، هەوڵ درا کە بڕگەیەکی تایبەت بۆ مێژووی فەلاتی ئێران دەستنیشان بکەن کە بڵێن ژیان و مێژوو لەو شوێنەوە دەستی پێ کردووە و ئەوە بکەنە بنەما بۆ دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیەکی دەسکرد.

هەروەک ئاسەوارە مێژووییەکان دەدوێن، لەم ناوچە جوغرافییایەدا لە زاگرۆسەوە بیگرە تاکوو مازەندەران و تاکوو دەشتەکانی ئەحواز و خوزستان و تاکوو بەلووچستان، ئاسەواری مێژوویی چەندین هەزار ساڵە هەیە و دیارە کە شارستانیەتی زۆر کۆن لەم ناوچانە هەبوون.

لە کوردستاندا پڕە لە ئاسەواری وەها کە زیاتر لە سێ هەزار ساڵ و زۆر دەمی پێش لەوە ژیان و شارستانییەت تێیدا بەدی

جۆزەردانی ٢٧٢٣

دەکرێ. هەر وەک بۆ نموونە لەم تەپەی گۆدینەدا شوێنی وای تێدا دۆزراوەتەوە کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر گۆزە و شتی گڵینی تێدا سەریەک خرابوو کە نیشان لەوە دەدا کە ناوەندێک بووە بۆ بازرگانی بەو شتومەکانە و بۆ شوێنی دیکە نێردراون بۆ فرۆشتن. واتە ئەو شارە لە چەندین هەزار ساڵ پێش لە هەخامەنشیەکانەوە ناوەندێکی بازرگانی بووە!

بەڵام پرۆژەیەکی شۆڤێنیستیی وەکوو پرۆژەی نەتەوەسازیی دەسکرد بۆ ئێران، هەموو ئەو مێژووە دەسڕێتەوە وبە ئانقەست فەرامۆشی دەکا و دەڵێ شارستانییەت لە هەخامەنشیەکانەوە دەست پێ دەکا و لەوێوە نەتەوەیەک بە ناوی ئێران سەر هەڵ دەدا!


ڕوون و دیارە کە ئەمە درۆیەکی گەورە و چەواشەکارییەکی مێژووییە کە چەندین هەزار ساڵ مێژووی ئەم ناوچە دەشارێتەوە و فڕێی دەدا لە پێناوی ناسنامەیەکی دەسکرددا کە گرووپێکی تایبەت شانازیی پێوە بکەن و خۆیان بە خاوەنی ئەم موڵک و خاکە بناسێنن و ئەوانی دی و بەتایبەت کورد بە بیانی و غەریبە پێناسە بکەن.

ئەمە درۆیەکی گەورەی مێژووییە کە ئاسەوارەکانی شارستانییەت ڕەدی دەکەنەوە و هیچ داهاتوویەکی نییە.

وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین

٤ی جۆزەردانی ٢٧٢٣

# کاریگەریی ڕێککەوتننامەکان: زەهاو و ئەرزەرووومی ١ و ٢ لەسەر پرسی کورد




**مستەفا مەولوودی**

## کاریگەریی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لەسەر پرسی کورد

**(ڕێککەوتننامەکان: زەهاو و ئەرزەرووومی ١ و ٢)**

هەروەک لە بەشەکانیی پێشوودا تیشکی خرایە سەر، بابەتەکەی ئێمە لەسەر شوێنەواری ئەو ڕێککەوتن و پەیماننامەنەیە کە لەو ماوە دوور و درێژەدا کاریگەرییان لەسەر کوردستان و کورد داناوە، بۆیە لەم بەشەدا دەچینە سەر باسی پەیماننامەکان.

### ڕێککەوتننامەی زەهاو

ساڵی ١٥٠١ی زایینی شائیسماعیلی سەفەویی یەکەم لە تەورێز چووە سەر تەخت. سەفەوییەکان بەهۆی ڕکەبەرایەتیی ئایینی

لەگەڵ سوڵتانە عوسمانییەکان بە قزڵباش (سەرسوورەکان) ناوزەد کراون، چونکە مێزەرەکانیان بە دوازدە قەیتان دەڕازاندەوە وەک ئاماژەیەک بۆ دوازدە ئیمامی شیعە و دواتر دەسەڵاتەکەیان بە ئیمپراتۆریی سەفەویی قزڵباش ناو دەبرا. شائیسماعیل دوای ئەوەی دەسەڵاتی جێگیر بووە، هێرشی کردۆتە سەر خۆرئاوای ئیمپراتورییەکەی، واتە عێراق و بەشێکی تورکیەی ئێستا و ناوچەیەکی زۆری لە بەغداوە تا مەرعەش، دیاربەکر، قەڵای کێف، سیرت، حەزۆ، ئاتاق، میافارقین، باڵۆ و ئەگیل و چەند ناوچە و شاری دیکەی داگیر کرد.

بە هاتنی سوڵتان سەلیمی یەکەم (١٥٢٠ - ١٥١٢ )ی زایینی بۆ سەر تەختی عوسمانی گۆڕانێکی ڕیشەیی لە گۆڕەپانەکەدا ڕووی دا و وەرەق هەڵگەڕاوە. سوڵتان سەلیم دەستی کردووە بە هێرش بۆ سەر ڕۆژهەڵات. لە ٢٣ی ئاگۆستی ساڵی ١٥١٤ی زایینی شەڕ لە نێوان لەشکری عوسمانییەکان و لەشکری سەفەوییەکان لە دۆڵی چاڵدێران لە باکووری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی ورمێ ڕوو دا و لە ئەنجامدا قزڵباشەکان تێک شکان. شائیسماعیل بە بریندارى ڕای کرد و تەورێزی پایتەخت کەوتە دەست عوسمانییەکان.

شەڕی نێوان ئەو دوو ئیمپراتورییە بەردەوام بوو. سوڵتان مراد، چوارەمین سوڵتانی عوسمانی لە ساڵی ١٦٣٨ لە ڕێگای موسڵەوە هێرشی کردەوە سەر بەغدا و پاش شەڕێکی چل ڕۆژە و کوشتارێکی زۆر، لەشکری شای سەفەویی شکاند و بەغدا داگیر کرد. دواتر شای سەفەوی باڵوێزێک بە ناوی محەممەد قوڵیسوڵتانی نارده بەغدا و پێشنیاری سوڵح و ئاشتیی کرد. لە ڕێکەوتی ٧ - ١ - ١٦٣٩ دا پەیماننامەی ئاشتیی زەهاو (قەسری شیرین) لەلایەن نوێنەری ئەو دوو وڵاتە واتە سارو تەقی ئێعتمادولدەولە، نوێنەری سەفەوی و مستەفا پاشا نوێنەری عوسمانی ئیمزا دەکرێ. بەپێی ئەو پەیماننامەیە بەغدا و بەسرە و بەشێک لە کوردستان درا بە عوسمانی و لە بەرانبەردا ڕۆژهەڵاتی ئازەربایجان و ڕەواندز و ئەرمەنستان و گورجستان دران بە ئێران. بەو جۆرە شەڕی چاڵدێران بووەتە خاڵ و نیشانەیەکی مەترسیدار لە مێژووی کورددا و بۆ یەکەم جار خاک و نیشتمانی کورد لە نێوان دوو ئیمپراتۆریی عوسمانی و سەفەویدا دابەش کرا.

لە نێوان ساڵەکانی ١٥١٤ کە شەڕی چاڵدێران تێیدا ڕووی داوە هەتا ساڵێ ١٦٣٩ کە ڕێککەوتننامەی زەهاوی تێیدا مۆر کراوە. یانی لەو ١٢٥ ساڵەدا چەندین شەڕ لە خاکی کوردستان لە نێوان عوسمانییەکان و سەفەوییەکاندا ڕووی داوە کە کوردەکان ڕۆڵ و دەوری زۆر کاریگەرییان لە سەرکەوتن و شکستی شەڕەکاندا هەبووە. چەندین ڕێککەوتنی کاتییش لە نێوانیاندا هاتۆتە ئاراوە، وەک ڕێککەوتنی سوڵتان سەلیمی عوسمانی لەگەڵ میرەکانی کورد، بەڵێننامەی ئێرانی- تورکی لە ساڵی ١٥٥٥ی زایینی کە ناسراوە بە پەیماننامەی "ئاماسیا"، ڕێککەوتنی شاعەبباس (١٦٢٩ - ١٥٨١)ی کە بە ناوی ڕێککەوتننامەی ئاشتی لە ساڵی ١٥٩٠ی زایینی مۆر کراوە و ناسراوە بە پەیماننامەی فەرهادشا. سەرئەنجام پاش ١٢٥ ساڵ

شەڕ و هێرش و پەلامار و ئاشتی و بەڵێننامە، لە ساڵی ١٦٣٩ی زایینی ڕێککەوتننامەی زەهاو هاتۆتە ئاراوە، کە شوێنەواری زۆر نیگەتیڤی لەسەر چارەنووسی خەڵکی کوردستان داناوە. بەو شێوەیە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بارودۆخی ئاشتی دەستی کێشا بەسەر پەیوەندیی نێوان دوو دەوڵەتی گەورە هەتا بیستەکانی سەدەی هەژدەیەم.

پاش هاتنە سەرتەختی "نادرشای ئەفشار" و شکانی عوسمانییەکان، بەپێی پەیماننامەیەک عوسمانییەکان لە ساڵی ١٧٣٢ی زایینیدا سەرجەم ناوچەکانی ڕۆژئاوای مەمالکی مەحرووسەی ئێرانیان لەدەست داوەتەوە. پاش نیزیک حەوت ساڵ شەڕ و ململانێ لەنێوان لەشکری نادرشای ئەفشار و عوسمانییەکان، سەرئەنجام لە پەیماننامەی قووستەنتەنییە (ئیستانبووڵ) لە ١٧ - ١٠ - ١٧٣٩ دانیان بە سنووری دوو ئیمپراتۆریی عوسمانی و ئێراندا ناوە. بەپێی ڕێککەوتننامەی "زەهاو"ی ساڵی ١٦٣٩ی زایینی و پاش پەیماننامەی ١٧٣٢ جارێکی دیکە شەڕ و ململانێ لە نێوان ئەو دوو وڵاتە هاتۆتە ئاراوە، هەر بۆیە لە ساڵی ١٧٤٦ی زایینی ڕێککەوتننامەیەکی دیکەیان بە یەکەوە مۆر کردووە و بۆ جارێکی دیکە سنووری دیاریکراوی پێشوویان بە فەرمی ناسیوە. ئەو سنوورە بۆ جارێکی دیکەش لە ڕێککەوتننامەی "ئەرزەروومی‌یەکەم" لە ساڵی ١٨٢٣ و "ئەرزەروومی دووهەم" لە ساڵی ١٨٤٧ بەفەرمی دانیان پێدا ناونەوە. بەپێی ئەو ڕێککەوتنە نێوەڕاستی خاکی کوردستان بە درێژایی زیاتر لە هەزار کیلۆمیتر بۆتە سنووری ڕەسمیی نێوان ئێران و عوسمانی و دابەشکردنی کوردستان بە ڕەسمی چەسپاوە.

هەموو ئەو ڕێککەوتننامە و پەیماننامانە لە بەڵێننامەی "زەهاو"ەوە هەتا ڕێککەوتنی "ئەرزەروومی دوو" کاریگەریی گەورەیان لە پێوەندی و تێکەڵاویی ئەو دوو ئیمپراتوورییەدا هەبووە. ئەو پەیماننامانە شوێنەواری زۆر نێگەتیڤیان لەسەر کوردستان داناوە کە ئاماژە بە چەند خاڵێکیان دەکەین:

## کاریگەریی نێگەتیڤی ڕێکەوتننامەکان

ا: ئەو بەڵێننامانە لە ئەنجامی ئەو شەڕانەدا بوون کە بە زۆری لەسەر خاکی کوردستان لە نێوان ئەو ئیمپڕاتۆرەدا ڕوویان داوە.

ب: لەو ناکۆکییانەدا کوردیان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە شەڕەکانەوە گلاندووە. شەڕکەری کورد شەڕی بۆ هەر دوو لایەن بەدژی یەکتر کردوە و بەوەش کێشە و پرسی کورد زۆر ئاڵۆز و پێچەڵاوپێچ بووە. تەنانەت لە زۆر شەڕیشدا شەڕکەری کورد بۆ بەرژەوەندیی فەرمانڕەواکانی عوسمانی و ئێرانی، لەگەڵ یەکتر و خۆبەخۆ بەشەڕ هاتوون.

پ: ئەو شەڕانە کە بە زۆری لەسەر خاکی کوردستاندا ڕوویان داوە، بوونەتە هۆی وێرانی و خەسارێکی زۆری گیانی و ماڵیی قەرەبوونەکراو کە لە کوردستان و خەڵکی کوردستان کەوتووە. ئەو ڕێککەوتنانە لەسەر پێوەندیی ئەو دوو وڵاتە کاریگەریی خۆیان بووە و بۆ نیزیک بە سەد ساڵ تا کۆتایی سەردەمی سەفەوییە ئارامییەک لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا هەبووە.

ت: ئەوەی لێرەدا مەبەستە ڕوون بکرێتەوە ئەوەیە کە لە دوای شەڕی چاڵدێران لە ساڵی ١٥١٤ وە بە کێشانی سنوور لە نێوان ئەو دوو ئیمپراتووریەدا خاکی کوردستان بۆ یەکەم جار لە پەیماننامەی زەهاو لە ساڵی ١٦٣٩ دا بەڕەسمی لەت کراوە و سنووری دوو وڵات دیاری کراوە کە لە هەموو ئاست و بوارەکاندا وەک پێوەندی نەتەوەیی، چارەنووسی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، کولتووری و تەنانەت کار و کەسایەتی و خزمایەتییەوە، شوێنەوار و کاریگەریی زۆر نێگەتیڤی لەسەر چارەنووسی خەڵکی کوردستان هەبووە.

ئەگەر بە وردی شیکاری بۆ ئەو بابەتە بکەین، دەتوانین بڵێین نادیاریی چارەنووسی خەڵکی کوردستان لە کێشانی ئەو سنوورەوە سەرچاوە دەگرێ کە کوردی بەو ڕۆژە گەیاندووە. لەو کاتەوە تا ئێستا زۆر دەرفەت بۆ کورد ڕەخساوە هەتا چارەنووسی سیاسیی خۆی ڕۆشن بکاتەوە، بەڵام ئەو سنوورە یەکێک لەو هۆکارانە بووە کە دەرفەتی لە کورد بڕیوە. من باوەڕم وایە ئەگەر دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، کوردستان هەمووی بۆ نموونە بەسەر ئیمپراتووری عوسمانییەوە بایە دەوڵەتی کوردی دروست دەبوو و لە ئێستادا مێژووی ئەو دەوڵەتە زیاتر لە سەد ساڵ بوو. بەپێی هەلومەرجی جوغرافیایی، سازگاریی ئاو و هەوای ناوچەکە، کانگەی ژێرزەویی زۆر و توانایی خەڵکی مرۆیی کوردستان لە ناوچەکەدا، یەکێک لە وڵاتە دەوڵەمەند و کاریگەرەکان دەبوو؛ بەڵام چارەنووسی خەڵکی کوردستان وا ئاڵۆز کراوە کە بە زەبر و زۆر ئیرادە لە خەڵکی کوردستان زەوت کراوە. لێرەدا سیناریۆیەکی سەیر و دەگمەن دێتە ئاراوە، لەشکری عوسمانی هێرش دەکا بۆ بەغدا و وڵات و شارێکی عەرەبی داگیر دەکات. لەشکری فارسی ئێرانی تێکدەشکێندرێ و وتووێژ بۆ سوڵح و ئاشتی لەسەر خاکی کوردستان (قەسری شیرین) پەیماننامەی زەهاوی لێ دەکەوێتەوە و بێ لەبەرچاوگرتنی ئیرادە و خواستی خەڵکەکەی، کوردستان لە نێوان دوو ئیمپراتووریدا دابەش دەکرێ.

## پەیماننامەی ئەرزەڕوومی(١)

پەیماننامەی ئەرزەڕوومی١ (١٨٢٣ی زایینی)پێداگریی کردۆتەوە لەسەر بەڵێننامەی (زەهاو) و جارێکی دیکەش سنووری ئەو دوو ئیمپراتووریەی بەڕەسمی ناسیوە. لێرەدا ئاماژە بەو بەشانە لە پەیماننامەکە دەکەم کە ئەوە پێوەندی بە پرسی کوردستان و کوردەوە هەیە:



سەرچاوە
Serchawe

لە یەکەم فەسلی ئەو پەیماننامەیەدا باس لە کوردستان و عەشایری کوردستان دەکات و دەڵێ هیچ لایەک لەو دەوڵەتانە نابێ دەست لە کاروباری یەکتر وەربدەن. لەوە بەدوا ئەو کوردستانەی کە کەوتۆتە لای بەغدا یان ئەوانەی لەسەر سنوورن و شارەکانی ناوچەکانی کوردستان نابێ لە لایەن ئێرانەوە دەستێوەردان لە کاروباری ئەو ناوچانەدا بکرێ و هێرش بکرێتە سەر ئەو ناوچانە. پێویستە کێشەکان لەنێوان شازادە عەباس میرزا وەلیعەهدی ئێران و والی بەغدا بە وتووێژ چارەسەر بکرێن.

لێرەش دەردەکەوێ پاش ماوەیەکی زۆر لە پەیماننامەی زەهاو کێشەی سەر سنوور لە کوردستان چارە نەکراوە، لەبەر ئەوەی لە سەرەتاوە کێشەکە بە شێوەیەکی تەندروست چارە نەکراوە یان باشترە بڵێین بە دیاریکردنی سنوور و لەتکردنی کوردستان لە نێوان ئێران و عوسمانی کێشەیەکی قووڵتر هاتۆتە ئاراوە کە تا ئێستاش چارەسەری گونجاو و ڕیشەیی بۆ نەدۆزراوەتەوە، هەر بۆیە هەر جارە بە شێوەیەک کێشەکان سەر هەڵدەدەنەوە. کێشەیەک کاتێک بەتەواوی چارەسەر دەبێ کە لەسەر پایە و ئەساسی دروست بێ و ئیرادە و مەیل و خواستی خەڵکی دەڤەرەکە لەبەر چاو بگیردرێ. بەڵام لێرەدا هەموو شتێک پێچەوانەیە و لە بەرژەوەندیی دوو ئیمپراتوور و دەسەڵاتداری زاڵم مافی نەتەوەیەکی ڕەسەن و خاوەن مێژوو پێشێل کراوە.

لە پەیماننامەی ئەرزەرووەدا پرسی کورد ئەوەندە بۆ ئەو فەرمانڕەوایانە گرینگە کە کەوتونەتە نێو وردەکاری زۆر و بابەتی زۆر بچووک بۆ نموونە وەک چارەسەرکردنی هاتوچۆی گەرمێن و کوێستانی ڕەوەندەکان، لەوەڕگەی مەڕ و ماڵات یان کێشەی عەشیرەیەک وەک عەشیرەتی (حیدر انلووسیبکی) کە سەر بە کام وڵات دەبێ. چۆن هاتوچۆکانی سنووردار بکرێن و لەو نێوەدا بە چ شێوەیەک باجی لێ وەربگیرێ.

## پەیماننامەی ئەرزەرووەی(٢) ساڵی ١٨٤٧

لە پەیماننامەی ئەزرەرووەی(٢)دا پێداگری لەسەر پەیماننامەی ئەرزەرووەی(١) لە ساڵی ١٨٢٣ی دەکرێتەوە. لەو پەیماننامەیەدا لە فەسڵی دوودا باس لە پێدانی هێندێک زەوی و زار بە یەکتر دەکەن کە لە وردکردنەوەی ڕێککەوتنەکەدا بە ڕوونی دەڵێن دەوڵەتی ئێران هێندێک لە نوفتە و عەرزی پێوەندیدار بە ناوچەی "سلێمانی" و ناوچەی "مەحمرە" دەدات بە عوسمانی، یانی ئێران بەڵێن دەدا هیچ مافی بەسەر شار و ناوچەی سلێمانییەوە نییە و ئەوانە دەکەونە ژێر دەسەڵات و خاوەنداریەتی عوسمانی. لە بەرانبەردا دەوڵەتی عوسمانی لای ڕۆژهەڵاتی زەهاو یانی هەموو شاخەکانی لەگەڵ "کرێند" دەدا بە ئێران. یانی دیسان سات و سەودا بە کوردستان و خاکی کوردستان دەکرێ. سروشتییە لەگەڵ ئەرز و

جۆزەردانی ٢٧٢٣

وڵاتەکە خەڵکەکەش هەر سەر بەو دەوڵەتانە دەبن. ئەوە چارەنووسی خەڵکی کوردستان بووە لە دەست دەوڵەتانی فەرمانڕەوای زاڵم و داگیرکەری کوردستاندا.

لێرەدا بۆ چەندەمین جار پرسیارێک دیسان سەر هەڵدەداتەوە، ئایا ڕێککەوتن و پەیماننامەیەک مافی گەلێک پێشێل بکات، دەوڵەتان بۆ بێ مافی گەلێک بەرتیل بدەن بە یەکتر بێ ئەوەی حیساب بۆ حقوق و ماف و ئیرادەی گەلێک بکەن ئەگەر لە نێوان چەند دەوڵەتیشدا بێ یاسایی و ڕەوایە؟

٥ی جۆزەردانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# هاندانی تێرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران و خەیانەت بە مافەکانی مرۆڤ



**عەلی بداغی**

لە ماوەی کەمتر لە ٢٠ ڕۆژدا دوو بڕیاری گرینگی کۆمەڵگەی جیهانی و وڵاتی بێلژیک پێوەندیدار بە چارەنووسی خەڵکی ئێران لەلایەک هەم پەرەی بە نیگەرانی و بێمتمانەیی کۆمەڵانی خەڵکی ئەو وڵاتە بە دنیای ڕۆژئاوا دا و هەم ئایدیا بەناو دێموکراتیک و سیاسەتە مرۆییەکانی ڕۆژئاوای بەرەوڕووی ڕەخنە و پرسیاری زۆر جیدی کردەوە.

**یەکەم ڕووداو**، هەڵبژاردنی ئێران بۆ بەرپرسیارەتیی نۆرەیی "کۆڕبەندیی کۆمەڵایەتیی شورای مافەکانی مرۆڤ" لە ٢١ی مانگی بانەمەڕ بوو. لەکاتێکدا ئامانج و پلانە پێناسەبۆکراوەکانی ئەم خولەی کۆڕبەندەکە "بەشداری زانستی، لێزانی و داهێنەری بۆ پێشکەوتنی مافەکانی مرۆڤ"ە، کەچی بۆ بەرپرسایەتیی ئەو کۆڕبەندە ڕێژیمێک هەڵدەبژێردرێ کە لەسۆنگەی سەرکوتی خوێناویی بزووتنەوە سیاسی و مەدەنییەکان لە نێوخۆی وڵات و ئێعدامی نیزیک بە ٣٠٠ کەس لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵی زایینیدا پاککراوترین و بێڕووتووشترین ڕوخساری خۆی پێشانی کۆمەڵگەی جیهانی داوە.

**جۆزەردانی ٢٧٢٣**

**دووهەم ڕووداو**. بڕیاری دەوڵەتی بێلژیک بۆ ئازادکردنی ئەسەدوڵڵا ئەسەدی، دیپلۆمات تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی لە بری ئازادکردنی هاووڵاتییەکی بەبارمتەگیراوی ئەو وڵاتە لەلایەن سپای پاسدارانی ڕێژیمەوە بوو. گۆڕینەوەی هاووڵاتییەکی بێتاوانی مەدەنی لەگەڵ تێرۆریستێک کە بەڵگەی کردەوە تێرۆریستییەکانی لە دادگایەکی ڕەسمیی وڵاتێکی ئورووپاییدا سەلماوە، جیا لە گاڵتەکردن بە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ کە ڕۆژئاوا بانگەشەی بۆ دەکا و، جیا لە هەڵکردنی گڵۆپی سەوز بۆ ڕێژیم بۆ بەردەوامبوونی لە کردەوە تێرۆریستییەکانی ناکرێ هیچ مانایەکی دیکەی هەبێت.

مەسەلەکە ڕوونە: کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتاوە بە داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران بناغەی دەسەڵاتەکەی لەسەر بارمتەگیری دانا و، بارمتەگیری و باجئەستێنیی ڕێژیم لە وڵاتانی ڕۆژاوا بە درێژایی چل و چوار ساڵی ڕابردوودا نەک هەر سیاسەتی نەگۆڕ، بەڵکوو بەرۆژی ئەم ڕێژیمە بووە.

جێی داخە کە مەبەستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بارمتەگیری وەک ئامرازێکی سیاسی چ بۆ وەرگرتنی دراوە بلۆکەکراوەکانی و ئیمتیازی سیاسی لە دانوستانەکاندا، چ بۆ بەردانی مۆرە سیخوڕ و تێرۆریستە بەندکراوەکانی لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی، یان بۆ ترساندنی کۆمەڵگەی جیهانی و دابراندنی ئێران لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بوویێت؛ بەهۆی لاوازیی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئاسایی‌بوونی باجدان بە ڕێژیم وەدی هاتوون. تەنانەت ئەگەر ڕیسوایی و ئابڕووچوونی وەک "ئێران-کۆنترا" لە دەیەی ٦٠ی هەتاوی و دەیان حەیاچوونی دیکەی وەک ئەوەی ئێستای بێلژیکی بەدوودا هاتبێ، یان تەنانەت لەو سۆنگەیەوە کۆماری ئیسلامی هێندەی شوو لێ هەڵکێشێ، کە بۆ لەداوخستنی بارمتە سیاسییەکانی عەمەلیاتی ڕفاندن لە وڵاتانی دیکە و لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی بەڕێوە ببات؛ چونکی پێیان وایە بارمتەگیریی سیاسی لە ڕاگرتنی هاوسەنگیی سیاسی و دانوستان و مامەڵەکاندا بەباشی بەکار هاتوون و وەڵامیان داوەتەوە.

ئەوە کە ئێران هیچ ڕێزێک بۆ بەها و بایەخە جیهانداگر و یاسا نێونەتەوەییەکان دانانێ هەمووان دەیزانن و ڕێژیمێکی تێرۆریست، دیکتاتۆری و دژی‌گەلی هەر ئەوەی لێ دەوەشێتەوە، بەڵام سەیر ئەوەیە چەند مانگ لەوەپێش هەر لەو بێلژیکە کە پرسی بەتێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران بۆ پەسندکران هاتە کۆبوونەوەی یەکیەتیی ئورووپا، جۆزێف بۆرێل، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی ئورووپا بەو بیانووە کە ئەمە چونکی حوکمی هیچ دادگایەکی لەپشت نییە، ناکرێ بخرێتە دەستووری کارەوە و بەوە بابەتەکەی دیزەبەدەرخۆنە کرد. کەچی ئێستا وڵاتێکی هەر ئەو یەکیەتییە ڕێک حوکمی دادگایەکی ڕەسمیی خۆی کە ئەسەدوڵڵا ئەسەدیی سەبارەت بە دەستتێداهەبوون لە کردەوەی تێرۆریستیی بە ٢٠ ساڵ زیندان سزا داوە، دەشکێنێ و وەک دیارییەک پێشکێش بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانی دەکات.

**جۆزەردانی ٢٧٢٣**

ڕوون و ئاشکراشە هەتا ئەوکاتەی سیاسەتی بێدەنگی و هەڵکردن و باجدان بە کۆماری ئیسلامی لەلایەن ڕۆژئاواوە درێژەی هەبێت، ڕێژیمیش لە بارمتەگیرییەکانی بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی ئابووری و سیاسی لە کۆمەڵگەی جیهانی بەردەوام دەبێت. بەتایبەت کە یەکێکی دیکە لە ئامانجەکان و باشتر وایە بڵێین دەسکەوتەکانی کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتی بارمتەگیری، خۆی لە خۆیدا بەهێزکردنی قەیرانی وەلامدەربوون (مصونیت) و بۆڵدکردنی پارێزراوبوونی ڕێژیمە لەهەر کردەوەیەکی تێرۆریستی و تێکدەرانە و ڕاکردنیەتی لە بەرپرسایەتی.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا لانیکەم ٣٠٠ کەسی بە بەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەدار داوە و دوای گەڕانەوەی ئەسەدوڵڵا ئەسەدییش هەر بە بەرچاوی کۆمەڵگەی جیهانییەوە، کامێراکان دیمەنەکانی پێشوازی لەو تێرۆریستە و لەئامێزگرتنی لەلایەن جەهرومی، وتەبێژی دەوڵەتەوە و غەریبئابادی، بریکاری نێونەتەوەیی و دەبیری ستادی مافی مرۆڤی دەزگای قەزایی ڕێژیمیان بۆ چوارقوژبنی دنیا گواستەوە، ئاخۆ ئەمە جیا لە پشتیوانی لە تێرۆریزمی دەوڵەتی و دەستەبەری پارێزراوی بۆ پڕکێشی و تەڕاتێنەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەرکوتی ماف و ئازادییەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و خیانەت لە مافی مرۆڤ دەکرێ چ ناوێکی دیکەی لەسەر دابندرێت؟

بێگومان هەتا ئەوکاتەش کە پرسی مافی مرۆڤ و چاوپۆشین لە تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی قوربانیی ساتوسەوداکانی ڕۆژئاوا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکرێ، ئەم ڕێژیمە بە دەستئاوەڵایی زیاترەوە لە جینایەتەکانی بەردەوام دەبێت و بەشێکی گرینگی بەرپرسایەتیی ئەو تاوان و جینایەتانەش دەکەوێتە ئەستۆی ڕۆژئاوا و کۆمەڵگەی جیهانی.

**٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٣**

---

# لەسێدارەدان وەک تۆڵەیەکی دڕندانە



**باوان کرماشانی**

**وەرگێڕان لە فارسییەوە: کاروان مێراوی**

**لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا سزای لەسێدارەدان هەردەم بابەتی نارەزایەتیی چالاکانی سیاسی و مەدەنی بووە. بەردەوامیی جێبەجێکردنی سزای ئێعدام لە ئێران لە حاڵێکدایە کە لە کۆی ١٩٥ وڵات، ١١١ وڵات بەفەرمی یاسای سزای لە سێدارەدانیان هەڵوەشاندووەتەوە. ٨ وڵاتی دیکەش بە شێوەیەک هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدانیان داوە و ئەو سزایەیان سنووردار کردووە بۆ هەندێک بارودۆخی تایبەت وەکوو بارودۆخی شەڕ. ٢٤ وڵاتی تریش سزای لەسێدارەدانیان لە یاسای وڵاتەکانیاندا هەیە، بەڵام بە کردەوە جێبەجێ ناکەن. تەنیا ٣٥ وڵات لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا بەفەرمی سزای سێدارەیان جێبەجێ کردووە و خەڵکیان لەسێدارە داوە.**

**لەنێو هەموو وڵاتانی جیهاندا چین زۆرترین ئاماری لەسێدارەدانی هەیە و ئێران لە پلەی دووهەم و وڵاتانی عەرەبستانی سعوودی و سوومالی لە پلەکانی سێهەم و چوارەمدان و ئێران بەپێی بەراورد لەگەڵ حەشیمەت و ڕێژەی دانیشتووانی چین،**

زۆرترین ئاماری لەسێدارەدانی لە دنیادا هەیە.

**هەنووکە پرسیار ئەوەیە؛ چ هۆکار و بەستێنێک بووەتە هۆی ئەوەی ئەزموونی مرۆڤایەتی داوای ڕاگرتنی سزای سێدارە بکات؟**

ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی پێی وایە سزای سێدارە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە، بەتایبەتی مافی ژیان و مافی دوورکەوتنەوە لە ئەشکەنجە و سزای دڕندانە و کردەوە نامرۆڤانەکانی تر، کە بەشێکن لە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ کە ساڵی ١٩٨٤ی زایینی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەند کراوە. مافی ژیان جیایە لە کردەوەی مرۆڤە و تەنانەت ئەگەر مرۆڤ گەورەترین تاوانیش بکات، دیسان پێویستە هەر مافی ژیانی هەبێت. بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکانی ئێستا، پێویستە سزای لەسێدارەدان سنووردار بکرێت بۆ تاوانە گەورە و قورسەکان (وەک کوشتنی بەئەنقەست)، بەڵام ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی پێی وایە کە سزای سێدارە وەڵامێکی گونجاو نییە بۆ هیچ تاوانێک و ڕێگری لە هیچ پەرەگرتنی تاوانێک ناکات، ئەم سزایە نەک تەنیا چارەسەرێک نییە بۆ بنەبڕکردنی تاوانەکان، بەڵکوو کولتوورێکی دڕندانەیە کە فەرهەنگی توندوتیژی زیاتر پەرە پێ دەدات.

یەکێک لە بەڵگە و ئارگیومێنتەکانی بەرگریکارانی سزای سێدارە، هێزی ئەم سزایەیە لە ڕێگریکردندا، بەڵام لێکۆڵینەوەکان پێچەوانەی ئەم وابێژییەیان سەلماندووە و هیچ پەیوەندییەکی بەرچاو لە نێوان سزای سێدارە و کەمکردنەوەی تاوانە گەورەکاندا نەدۆزراوەتەوە. بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم بەڵگەهێنانەوە و ئارگیومێنتە نالۆژیکییەش، ئەگەر سەیری زۆربوونی ئاماری تووشبووانی ماددە هۆشبەرەکان و بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان لە ئێراندا بکەین، لەو ڕاستییە تێ دەگەین کە ئەم سزایە هیچ بایەخ و کاریگەرییەکی لەسەر ڕێگریکردن لە پەرەگرتنی کێشەی ماددە هۆشبەرەکان لە کۆمەڵگەدا نەبووە و هەنووکەش ڕێگەچارە بۆ ئەو کێشەیە نییە.

هەندێک کەس لەو بڕاوەیەدان کە دەبێت قورسیی سزاکان یەکسان بێت لەگەڵ قورسیی تاوانەکان؛ بۆ نموونەی ئەم تاوانانەش، کوشتنی بەئەنقەست کە بە دڵنیاییەوە یەکێکە لە تاوانە قێزەکان. بەڵام بەڕاستی دروستە ئەگەر تاوانکارێک کەسێکی کوشت ئێمەش داوای کوشتنی تاوانکارەکە بکەین و تۆڵەی کوژراوێک بە کوشتنی کەسێکی تر بکرێتەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین ئێمە لە بنەڕەتدا دژی ئەو تاوانەین؟ ئەم کاردانەوەیە پڕە لە دژوازی و پارادۆکس، مرۆڤ ناتوانێت بە کوشتن، کوشتن ئیدانە و مەحکووم بکات.

ویکتۆر هوگۆ پێی وایە: ئایا پێتان وایە لەسێدارەدان دەبێت بە وانە و پەندێک بۆ لێ‌فێربوون؟ بۆچی؟ ئەم پەندە چیمان فێر دەکات؟ ئەوەی کە نابێت خەڵک بکوژین؟ مەگەر دەکرێت بە مرۆڤکوژی بوترێت نابێت خەڵک بکوژین!؟

ناڕازییان و ئەو کەسانەی کە دژی هەبوونی سزای سێدارەن پێیان وایە؛ چونکە میکانیزم و سیستەمی دادوەری پرۆسەیەکی مرۆییە، ڕەنگە هەموو مرۆڤێک هەڵە بکات. بەڵام ئەگەر دەزگای دادوەری هەڵەیەک لە دادوەریکردن یان هەر کارێکی تری پرۆسەی دادوەریدا بکات و کەسێکی بێتاوان سزا بدات؛ بێگومان هیچ کاتێک دەرفەتی قەرەبووکردنەوەی ئەو هەڵەیە نامێنێت و دواتریش لەسێدارەدانەکەش بڕیارێکە دراوە و ناگەڕێتەوە. لەم پێوەندییەدا نموونەی زۆر هەیە کە دەتوانین ئاماژەیان پێ بکەین بە هەڵە لەسێدارە دراون و هیچ ڕێگەیەکیش نییە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو هەڵانە و گەڕاندنەوە کەسە لەسێدارەدراوەکان.

ناڕازییان و دژبەرانی سزای سێدارە بەردەوام ئاماژە بە ئاکامی لێکۆڵینەوەکان دەکەن و پێیان وایە کە چینە پەراوێزخراوەکان و کەسانی بێکەس بەهۆی ئەگەری دەست‌پێڕانەگەیشتنیان بە ئاسانکاریی بەرگریکردن لە خۆیان، وەکوو هەبوونی پارێزەر و... ئەگەری سەپاندنی سزای قورسی وەک سێدارە بەسەریاندا زۆرترە.

هەروەها لە حکوومەتی ڕێژیمە پاوانخواز و سەرەڕۆکاندا وەکوو ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، هەبوونی سزای سێدارە دەستی حکوومەت ئاواڵا دەکات بۆ ئەوەی کە بە بیانووی دادگاییکردنێکی فۆرماڵیتە لە چوارچێوەی یاسای دواکەوتووی خۆیاندا سزای سێدراە وەکوو ئامرازێک بۆ هەڕەشەکردن و ترساندنی جەماوەر و بەتایبەتی خەڵکی ناڕازیی وڵات بە مەبەستی کپکردنی دەنگی دژبەرانیان بۆ پاراستن و مانەوەی خۆیان و حکوومەتە دیکتاتۆرەکەیان بەکار بهێنن و لەم یاسا کۆنەپەرەستییە وەک دەرفەتێک بۆ خۆیان کەڵکاژۆ وەرگرن.

بەردەوامیی دەستبەسەرکردنی چالاکانی سیاسی و سەپاندنی سزای قورسی بەندکردن و لەسێدارەدان، لە ڕاستای هەوڵەکانی ئەم دەسەڵاتە ملهوڕ و دیکتاتۆرەیە بۆ هەڕەشەکردن و ترساندنی جەماوەری سەرانسەری ئێران و دابەزاندنی وورەی شۆڕشگێڕانەی ئەو خەڵکەیە. بە چاوخشاندنێک بە ئامارەکانی کوژران و لەسێدارەدرانی خەڵکی کوردستان و بەلووچستان، سەرەڕای ئەوەش کە هێشتا نەتەوەکانی کورد و بەلووچ کۆڵیان نەداوە و شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" لە بەلوچستان و کوردستاندا هەر بڵێسەی دێت و بەردەامە، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێت و دەکرێت تێ بگەین کە کۆماری سێدارە تەنیا بە دوای بیانوودا دەگەڕێت بۆ ئەوەی بە تۆمەتگەلێکی وەک کۆڵبەری و سووختبەری و... دەنگی ناڕەزایەتیی ئەو دوو نەتەوەیە لە نیشتمانی خۆیاندا بەتەواوەتی کپ بکات و ئەو دوو نەتەوەیە بێدەنگ بکات.

حکوومەتێک کە بە پاساوهێنانەوە و تۆمەتی بێبنەمای شەڕکردن و ئاژاوەگێڕی و هەروەها تێکدانی ئاسایش و ئارامیی گشتی (محاربە)، هەوڵی لەناوبردن و تیرۆرکردنی نەیاران و دژبەرەکانی خۆی داوە و هەر بەم بیانوو و پاساوە نالۆژیکییەش هەمیشە هەوڵی داوە کەمینەکان و بەندکراوە بێکەسەکان لەسێدارە بدات، چونکە لەسێدارەدانی ئەو کەسانە دژکردەوە و ناڕەزایەتیی کەمتری لێ دەکەوێتەوە... بۆ نموونەش دەکرێت ئاماژە بە لەسێدارەدانی محەممەد مەهدی کەرەمی، لاوێکی کرێکاری خەڵکی شاری بیجاڕ بکەین کە هەم بەهۆی نەتەوەیی (کوردبوون) دەچەوسایەوە و هەمیش بەهۆی چینایەتییەوە (کرێکاربوون) دەچەوسایەوە و. ...

ئاکامگیرییەک لەو باسانە پێمان دەڵێ لەسێدارەدانی هەموو هاوولاتییان لە کوردستان و تەنانەت لە ناوچەکانی دیکەی ئێراندا بەتەواوەتی مەبەستی سیاسیی لە پشتە بۆ ئەوەی ڕێژیمی سەرەڕۆی ئاخوندی لەسەر بنەمای سزای لەسێدارەدان کە لە یاساکانی ئەو ڕێژیمەدا گونجێندراوە، بەم شێوەیە تۆڵەی تێکشکان و دۆڕانی خۆی لەلایەن شۆڕشگێڕانی شەقامەکانی کوردستان و ئێراندا بکاتەوە.

ئەگەر بنواڕین بۆ ئاماری ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی کە لە ماوەی سەرهەڵدانی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"دا بڵاو کراونەتەوە، نیوەی زۆرتری لەسێدارەدراوانی ئێران لە نەتەوەکانی کورد و بەلووچ بوون. لەم پێوەندییەدا وەک نموونە ئاماژە بە ئامارێکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو دەکەین: "لە ماوەی ١٣٥ ڕۆژی سەرەتای ساڵی ٢٠٢٣ی زایینی، لانی کەم ٢٤٠ بەندکراو لە بەندیخانەکانی ئێراندا لەسێدارە دراون کە ٥٣ بەندکراویان کورد بووە و ٥٠ بەندکراوی دیکەیان بەلووچ." نەمر نەوید ئەفکاری دەیگوت؛ دژبەری شۆڕشەکەمان برینداره و بە دوای مل بۆ پەتی سێدارەکانی دەگەڕێت و بە هەر بیانوویەک بێت، یەک لە دوای یەک خەڵک لەسێدارە دەدات. بەمجۆرە ڕێژیم جیا لە تۆڵەی سەرشۆڕی و تێکشکان و دۆڕانی خۆیان، لە هەوڵی ئەوەدایە کە بە لەسێدارەدانی بەردەوامی خەڵک، ترس و دڵەڕاوکی بخاتە نێو کۆمەڵگە و ئەمەش بە مەبەستی ئەوەیە کە درێژە بە تەمەنی نەگریس و ماوەی دەسەلاتی خۆسەپێنی خۆی بدات. بەڵام ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو دەریخستووە کە دڕندەیی و لەسێدارەدان ڕێگەچارەی بێدەنگکردنی خەڵکی شۆڕشگێڕ لە ئێرانی فرەنەتەوەدا نییە، چونکە ئەو پاڵنەر و هۆکارانەی کە خەڵک دەجووڵێنن زۆر بەهێزترن لەوەی کە دڕندەیی ڕێژیم بتوانێت ڕێگرییان لێ بکات.

لەسێدارەدان دڕندەترین بڕیاری سزای دادوەرییە کە پەیوەندی بە جیهانی سەرەتاییەوە هەیە. هەنووکە کاتی ئەوە هاتووە بۆ کۆمەڵگەیەکی بەبێ سێدارە و کورسیی ئەلەکترۆنیکی، بەگوڕتر و ڕاساوتر بەردەوام درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆمان بدەین.

**جۆزەردانی ٢٧٢٣**

**ئایسخلووس لە شانۆنامەی "خواوەندەکانی تۆڵە"دا نووسیویەتی: جیهان تا ڕادەیەکی زۆر لە دەوری تووڕەیی و تۆڵەسەندنەوەدا دەسوڕێتەوە، بەڵام با شتێکی باشتر دروست بکەین، چ لە خۆمان و چ لە کولتوری سیاسیی خۆماندا. با ڕێبازی ئێستەی جیهان پێڕەوی نەکەین.**

**٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٣**

# ناوەندی هاوکاریی هێزەکان و یەکیەتیی سیاسی و نەتەوەیی



**محەممەد سلێمانی**

ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران کە پێکهاتەی فەلسەفەی فیکرییەکەی لەسەر بنەمای سیاسەتی دژبوون لەگەڵ ئازادی و مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی وڵات دامەزراوە، بەدرێژای تەمەنی خۆی ئینکاری فرەنەتەوەیی بوونی وڵات و بنەما دێموکراتیکەکان دەکات و بە ڕەقترین شێوە بەرەورووی جووڵانەوەی سیاسی لە کوردستان و ئێران بۆتەوە و بەخۆشییەوە جگە لە شکست و داماوی نەیتوانیوە پێگەی لاوازی خۆی بپارێزێت.

دەسەڵاتی تاران هەوڵی زۆری داوە و دەیدات کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە پێ بخا و ئاوسەوارێک لە ڕاپەڕین و هەستی ڕزگاریخوازیی کورد نەهێڵی و پێگە و نفووزی لەدەستچووی لە کوردستاندا، لەسەر حیسابی خەباتی دەیان ساڵەی کورد بەهێز بکاتەوە. خەڵکی کوردستان دەمێکە بڕیاری داوە و لەسەنگەری ڕزگاریی نیشتمان و بە هاوخەباتی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی وڵاتدا خۆیان بۆ قۆناخێکی تازەی ڕزگاریی سیاسی ڕێکخستووە و خەباتی خۆیان هەتا بەدیهاتنی مافەکانیان درێژەی دەبێت.

لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا، بەهۆی خروشان و هاتنەمەیدانی گەلانی ئێران بە دژی دەسەڵاتی تاران، دۆخی ئەو ڕێژیمەی بەرەو لێکترازان و لێکهەڵوەشانەوە برد و دەسەڵاتی لە زۆر شار و ناوچەدا بەتەواوی لەدەست دابوو. بەڵام بەداخەوە بەهۆی هێندێک هەڵوێستی نامۆ بەرامبەر بە ڕووداوە سیاسییەکانی وڵات و ڕەفتاری نابەرپرسانەی ڕەزا پەهلەوی، شۆڕشی ئەوجارەی بەرەو دامرکاندنەوە برد و دەرفەتی هاتنەوە بەرەوەی بە حکوومەتی ئاخوندی دایەوە بۆ ئەوەی تا ڕادەیەک بەسەر بێزاری و ڕاپەڕینی جەماوەریدا زاڵ بێتەوە و ئەوجارەش خۆی لە دارمان بپارێزێت. دیارە ئەوە بەومانایە نییە کە بڵێسەی ئەو شۆڕشە کە بە شۆڕشی ژینا ناسراوە، بەتەواوی لە کوردستان و بەشەکانی دیکەی وڵات دامرکاوەتەوە و زەمینە و دەرفەتی پەرەگرتنەوەی نەبێت.

بێگومان گەلانی ئێران چاوەڕوانی بڕیاری گرینگ و سیاسی و نەتەوەیی ئەو هێزانەن کە باوەڕیان بە فرەنەتەوەیی و دێموکراسی و دابینکردنی ژیانێکی شایستە و سەردەمیانە هەبێت بۆ داهاتووی ئێران و ئەو هەنگاوەش بە بێ ڕەچاوکردنی واتای تەواوی ژینگەی سیاسی و نەتەوەیی وڵات ئیمکانی سەرکەوتنی نابێت و هەرکاتێک ئەو یەکگرتووییە پێک بێت، گەلانی ئێران بە گوڕوتینتر لە جاران دێنەوە سەرشەقام بەمەبەستی ڕووخاندنی ڕێژیم.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە قۆناخێکی هەستیاری سیاسی و مێژوویدا تێپەڕ ئەبێت و ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران بۆ لەبارابردن و لاوازکردنی خەباتی شار و شاخ بە شێوەی بەربڵاو و جۆربەجۆر کەوتۆتە خۆی بۆ ئەوەی بە ڕێگای نادروست و دوور لە ڕێسا و پرەنسیپە نێونەتەوەییەکان بزووتنەوەی هەقخوازیی کورد لەسەر ڕێگای خۆی لابەرێت و بەقەولی خۆیان ئاسەوارێک لە شۆڕشی ئەو بەشەی کوردستان نەهێڵێت. گەلی کورد زیاتر لە دە دەیە دەبێت لە پێناوی دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی تێدەکۆشی و قوربانیی زۆر و بەنرخی لەو پێناوە داوە؛ ڕێژیم بەهیچ پیلانگێڕییەک بە دژی گەلی کورد سەرکەوتوو نابێ و ئەو ئیرادە سیاسی و شۆڕشگێڕییەی پێ لەنێو نایەت و ئاگری خەبات لەو بەشەی کوردستان ڕۆژ بەڕۆژ پڕشنگدارتر دەبێ تا بەدیهاتنی سەرجەمی ئامانجەکانی.

بۆ ئەو مەبەستە گرینگ و نەتەوەییە و داماوترکردنی حکوومەتی تاران لە ئاستی ئیرادەی بەرزی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد، پێویستە هێزە تێکۆشەرەکانی کوردستان کە خۆیان بە هێزی سیاسی و نەتەوەیی وێنا دەکەن، پێکەوە و لە سەنگەرێکی بەهێزدا، سەکۆیەکی هاوبەشی سیاسی و هاوخەباتی کە هەمووڵایەک هەست بەبوون و پێگەیان بکەن لە کوردستان پێکەوە بنێن و دوور بکەونەوە لە پەرتەوازەیی و ئەو ڕێگایە هەڵبژێرن کە خەڵک لە نێوخۆدا بە بێ ڕەچاوکردنی فیکر و ڕەهەندی سیاسی یان، بەدژی دەسەڵاتی کۆنەپەرستی ئێران هەڵیان بژاردەوە؛ وەک تەنیا مێکانیزمێک کە بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی ئاخوندی تەماشای دەکەین کە ئەویش یەکگرتنە.

کەوابوو چالاکترکردنی ناوەندی هاوکاریی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەرکێکی سیاسی و ئەخلاقیی زۆر دەخاتە سەرشانی کۆی هێزەکان و هۆکارێک نابێت کە لایەنێک خۆی لە بەرپرسایەتی و داکۆکیکردن لە خەباتی ڕەوای گەلەکەی بدزێتەوە لەژێر شوعار و بەهانەی دیکەدا. بەربڵاوکردنی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێگومان بژاردەیەکی بەتەواوی ژیرانەیە و لەو ڕێگایەوە یەکیەتیی سیاسی و نەتەوەیی بەدی دێ و دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە لاوازیی بڕیاری سیاسی بەرامبەر بە نەیارانی پرسی سیاسیی کورد لە ئێراندا.

هێزە تێکۆشەرەکانی کوردستان بەدڵنیاییەوە ئێستا ئەو بەرچاوڕوونییەیان لە لا دروست بووە کە " تێکوشان بە تەمای دواسێی سەقیل" ناکرێ و ئەگەر سەیری ڕووداوەکانی ئەو چەند مانگەی ڕابردوو بکرێت، ئەوکات بەگشتی دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین، هێزە سەرانسەریەکانیش سەبارەت بە فرەنەتەوەیی بوونی وڵات هێندە ڕەوان و ڕوک نین و کاتێک کورد هەنگاوێک دێتە پێش، ئەوان زیاتر پاشەکشێ دەکەن و دەیانهەوێت پاشان قسە لەسەر پرسی نەتەوەیی بکەن.

سەرلەنوێ ڕێکخستنەوە و بەربڵاوترکردنی ناوەندی هاوکاریی هێزە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵاتی نیشتمان، جگە لەوەی بەتەواوی زەرووریيە، بەڵکوو ئەرکێکی ئەخلاقی و سیاسیشە  و کورد ئەگەر یەک نەگرێت و  بە پرشوبڵاوی خۆی بەو لاو ئەملادا ئاوێزان بکات، لە کرۆکیی خەباتی نەتەوەیی خۆی دوور دەکەوێتەوە و دەرفەتی زیاتر بۆ نەیارانی  ئەمڕۆی کورد دەڕەخسێنێت و بێگومان زیان بە  پێگە و نفووزی سیاسی دەگات.

کەس دژی دیالۆگ و ئیتلافی سیاسی لەگەڵ هێزە دێموکراتەکانی سەرانسەری لە ئێراندا نییە، بەڵام بەو مەرجەی باوەڕیان بە کرۆکیی فرەنەتەوەییبوون و حکوومەتێکی فیدراڵی دێموکرات هەبێ و لەسەر ئەساسی سازانی سیاسی و نیشتمانی بڕیار لەسەر داهاتووی وڵات بدرێت و ئەگەر بەتەواوی ڕەچاوی ژینگەی سیاسی و نەتەوەیی و سروشتی پێکهاتەی ئێران هەر لە ئەمڕۆوە نەکرێت و ڕەشنووسێک وەک متمانەی پێکەوە کارکردن لە نێواندا ئیمزا نەکرێ، کورد لە  پاش ڕووخاندنی دەسەڵاتی تاران دیسان بەرەوڕووی ئەزموونێکی ناخۆش و تاڵ ئەبێتەوە.

بۆ ڕیگریکردن لەو ڕۆژە، هێزەکانی کوردستان پێویستە هەر لە ئێستاوە مشووری ئەوە بخۆن چۆن بتوانن ئەو ڕێگا دژوارەی خەبات پێکەوە و بە یەکگرتوویی ببڕن. کورد بۆتە بڕبڕەی خەباتی سەرانسەری لە ئێراندا و هەر بەو جۆرەش هێزەکانی، پێگە و نفووزیان بەسەر ڕووداوەکاندا هەیە و شەقامی سیاسیی کوردستان شوێن بڕیار و هەڵوێستەکانی هێزەکانی ئەکەوێت.

دەسەڵاتی کۆنەپەرستی ئێران جگە لەوەی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیی گەلانی پێکهێنەری ئێرانی بەتەواوی تێک

داوە، نەبوونی ئازادیی سیاسی و نەتەوەیی و گرانی و بێکاری و دابەزینی بەهای دراوی ئێران، مەترسیی گەورەی لەسەر ئاسایشی ئابووری و کۆمەڵایەتیی خەڵک دروست کردووە و پەستانێکی زۆری کەوتۆتە سەرخەڵک و هەروەها ئارایشی ژیان بەتەواوی شێواوە و ئاسوودەیی و بەختیاریی کۆمەڵایەتی بەرەو نەمان چووە. کۆی ئەو نەهامەتی و دژوارییانە بوونەتە هەوێنی ئەو شۆڕشەی کە مەترسیی لەسەر ناوەندی بڕیاری سیاسی و سەربازیی ئێران دروست کردووە و بەخۆشییەوە لە هەموو لایەکەوە دەسەلاتی تاران کەوتۆتە ژێر گوشار و گەمارۆی چڕترەوە.

بێگومان کۆی ئاڵۆزی و کێشە سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان دەسەڵاتی ئاخوندی لێی بەرپرسیارە و هیچ کاتێک ڕێژیم هەوڵی نەداوە لە بەرژەوەندیی ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵایەتیی گەلانی ئێراندا بڕیارێک بدات کە خەڵک هەست بە پێگە و گرینگییان لەنێو قەرارە سیاسی و ئیدارییەکانی وڵاتدا بکەن.

حکوومەتی تاران لە ماوەی حوکمڕانی زاڵمانەیدا، تەنیا ئەوەی بۆ گرینگ بووە کە چۆن ببتوانن خۆیان و نیزامە بێزراوەکەی ئێران یاتر پێ بپارێزن و بۆ ئەو مەبەستەش سەروەت و سامانی گشتی بەهەدەر دەدەن و خێر و بەرەکەتی وڵات لەسەر دەستی سپای پاسدارانی ڕێژیم، پێشکەشی ئەو گرووپانە دەکرێت کە بە ویست و بڕیاری تاران دەجووڵێن لە سەر ئاستی ناوچەییدا.

گرینگە ڕێبەرانی سیاسیی کورد بەر لە هەر شتێک نێو ماڵی خۆیان بەتەواوی ڕێک بخەن و ئەوجار جەوهەریانە سەبارەت بە دوارۆژی خەباتی هاوبەش لەگەڵ باقی نەتەوەکانی ئێران لەسەر بنەمای سازانی سیاسی و نیشتمانی لەسەر ئاستی دیالۆگدا کار بکەن و وەک میحوەری چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی دەر بکەون، چونکە بەتەنیا دەسکەوتی کەم دەست دەکەوێت ئەویش بۆ ماوەیەکی کورتمەودای خەبات.

ئەگەر بێت و هەریەک لە هێزەکان بەتەنیا بەشداری پێکهێنانی ئێعتلافی سیاسیی تایبەت بە دوارۆژی وڵات بکەن و ئامانجی فرەنەتەوەیی و فرەچەشنی لە ئێستاوە نەچەسپێنن، پاش ڕووخاندنی ڕێژیم گەلێک دژوارتر ئەبێ و ئەوکات بە هۆی گۆڕانی هاوسەنگیی سیاسی و سەربازی کێشەکان بەو جۆرە چارەسەرناکرێن کە کورد دەیهەوێت. کورد دەبێت سوود لە لاوازیی نەیارەکانی بۆ وەرگرتن و دەستەبەرکردنی مافەکانی وەرگرێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گەڕێکی نوێی بەمەبەستی لێک کۆکردنەوە و بەربڵاوترکردنی ناوەندی هاوکاریی هێزە کوردستانییەکانی ئێران دەست پێ کردووە و یەکگرتوویی سیاسی و نەتەوەیی بە تەنیا ڕێگای ڕزگاری و گەیشتن بە ئاماجە

**جۆزەردانی ٢٧٢٣**

نەتەوەییەکان دەزانێ. چارەسەرکردنی کێشە نێوخۆییەکان بە هەوێنی هاوکاری و تێکۆشانی شیاو دەزانێ و گرینگە سەردەمیانە و نەتەوەییانە لە دەوری مێزی دیالۆگ بەمەبەستی لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتن لەسەر ئەو خاڵانەی کە ئەساسین و پەیوەندییان بە دواڕۆژی خەباتەوە هەیە سازش بەیەکەوە بکەن. چارەنووسی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زۆر شیاو نابێت ئەگەر بێتو فیدای بەرژەوەندیی حیزبێک و ڕێککەوتن بە شێوەی کرچوکاڵ بکرێت و ئامانجە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان بە هێند وەرنەگیرێن.

جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کوردستان لەو چەند دەیەی ئەخیردا شاهیدی گەلێک گۆڕانکاری گەورەی سیاسیی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی بووە کە شوێنەواری بەربڵاوی لەسەر ئاستی وشیاریی سیاسی و نەتەوایەتیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەبووە و ئەمڕۆ چین و توێژە جۆر بە جۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵانی پێشوو باشتر هەست بە شوناسی نەتەوەیی دەکەن و زۆر بیرمەندانە و بەرچاوروونانە پشتیووانی خۆیان لە خەبات دەکەن بۆ ئەوەیی گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر ستراتێژیی سیاسی و نێوەرۆکی داواکارییە سیاسی و مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە چوار چێوەی حکوومەتێکی یەکگرتوو و فێدراڵ لەسەر ئاستی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێک بێت.

**٧ی جۆزەردانی ٢٧٢٣**

---

# لە پەیمانی لۆزانەوە بۆ شۆڕشی ژینا



سمایل شەرەفی

لە نێوەڕاستی ساڵەکانی شەڕی جیهانی یەکەمدا واتە ساڵی ١٩١٦ی زایینی، دوو وڵاتی بەهێز و خاوەن بڕیاری؛ بریتانیا و فەڕانسە وێڕای ڕازیکردنی ڕووسیە لەسەر دابەشکردنی سەرزەمینەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری هەڵوەشاوەی عوسمانی لەسەر ئەساسی پەیماننامەی سایکس - پیکۆ ڕێکەوتن. چوار ساڵ دواتر و لە ساڵی١٩٢٠ بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی ئەو وڵات و نەتەوانەی لە ئاکامی هەڵوەشانەوەی عوسمانیدا درووست ببوون و داوای بەشە مافی خۆیانیان دەکرد، پەیماننامەی سیڤەر بەستراکە لە ٤٢٢ مادده پێک کە بە ئەگەر و شیمانەی زۆرەوە و لە چەند خالێکدا قەرار لەسەر لاکردنەوە لە بەشە مافی نەتەوەی کوردیش درابوو. دوای تێپەڕینی دوو ساڵ بەسەر پەیماننامەی سیڤەردا بە هۆکاری جۆراوجۆر و یەک لەوان پرش‌وبڵاوی لە بزووتنەوەی کورد و نەبوونی ڕێبەرایەتییەکی لێوەشاوە، ساڵی ١٩٢٣ی زایینی بەرانبەر بە ١٣٠٢ی هەتاوی بە بێ‌بەشداریی کورد، پەیماننامەی لۆزان لە "شاتۆ دووڕوومین"ی شاری "لۆزان"ی وڵاتی سویس واژوو کرا و کورد وێڕای بێبەشکردنی لە سەرەتاییترین مافەکانی، خاکەکەی بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کرا.

***

لە سەدساڵەی پەیماننامەی لۆزاندا ڕۆژی ٦ی جۆزەردانی ١٤٠٢ هەتاوی کۆنفڕانسێک لە شوێنی مۆرکردنی ئەم پەیماننامەیە، واتە شاری لۆزان لە وڵاتی سویس بە بەشداریی دەیان کەس لە نوینەرانی لایەنە سیاسییەکانی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان بەڕێوەچوو کە بەڕێز کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە نوینەرایەتی لە حیزبەکەی وتاری پێشکەش کرد.

خاڵی سەرنجی ئەم کۆنفڕانسە گوتارێک بوو کە زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی کورد قسەیان پێکرد. ئەویش گوتاری ڕەخنەگرانە و بەخۆداچوونەوە بوو؛ ڕەخنەکانیان تەنیا لەو دەوڵەت و وڵاتانە نەبوو کە ببوونە هۆکاری مۆرکردنی پەیماننامەی لۆزان و بێبەشکردنی کورد لە وڵات و مافەکانی، بەڵکوو ڕەخنەگرتن لە خودی کورد و ڕەوتی بزووتنەوەی کوردستان لە ئێستا و ڕابردوودا بوو کە بۆچی نەیتوانیوە وناتوانێ لە دەرفەتە مێژووییەکان کەڵک وەربگرێ. لەم پێوەندییەدا بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕاشکاوانە و لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە باسی لەو کەمایەسییانە کرد کە لە نێو ماڵی خودی کورد دا بوونەتە هۆکاری ئەوەی کورد لە گەیشتن بە مافەکانی نزیک نەبێتەوە. کاک مستەفا هیجری ئەو حەقیقەتەی دەرکاند کە "ئەگەر چەند جار بەهۆی پەیماننامە نێونەتەوەییەکانەوە وڵاتی کوردان دابەش کراوە، کورد خۆی چەند قات لەوە زیاتر بە دەستی خۆی کوردی دابەش کردووە. کورد ئەزموونی لە پەیماننامەی لۆزان وەرنەگرتووە و ئێستاش لەنێو کورددا هێڵی سووری نەتەوەیی نییە و ئێستاش ئێمە خەریکی دابەشکارییین و یەکگرتوو نین."

زۆربەی نزیک بە تەواوی پانێلگێڕانی دیکەی کۆنفڕانسەکە بە ڕوانگە و خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەوە باسیان لە کەمایەسییەکانی نێو بزووتنەوەی کوردستان کرد کە چۆن بە هۆکارگەلی؛ نایەکگرتوویی، پەرەپێدان بە ناکۆکی، یەکتر نەخوێندنەوە، لاوازیی دیپلۆماسی، نەخوێندنەوەی دەرفەتەکان، تێنەگەیشتن لە بەرژەوەندییەکان و لاوازبوون لە دەرککردن بە هاوکێشە سیاسییەکانی دوور و نزیک لە کورد و کوردستان، لە دەستەبەرکردنی ماف و ویستە نەتەوەییەکان دوور کەوتوونەتەوە.

ئەم جۆرە لە ڕوانین و خوێندنەوە بۆ ڕابردووی ڕووداوەکان و خۆ دورخستنەوە لە دوگماتیسم و بەخۆدا هەڵگوتن و دوورکەوتنەوە لە هەڵشاخان بە نەیاران و، لە ئەستۆی دوژمن قایمکردنی کەموکوڕیی و کەمایەسییەکانی خۆمان وەک کورد، دەتوانێ دەرفەتێکی باش بێت بۆ بەخۆداچوونەوە و وێناکردنی نەخشەڕێگایەی درووست و واقعی. هەرچەند لە حیزبی دێموکراتدا ئەم جۆرە لە ڕوانین بۆ مێژوو و لێکدانەوەی ڕابردووی ڕووداوەکان، دیاردەیەکی تازە و نامۆ نیە و ڕوویکەردی ڕەخنەگرانە بەشێک بووە لە گوتاری سیاسیی حیزب، بەڵام گشتگیربوونی لە سەر ئاستی هێزە کوردستانییەکان و لەوەها

مەجالێکدا کەم وێنەیە.

هیچ گومانی تێدا نیە کە لە ڕەوتی شەڕی جیهانی یەکەم دا (١٩١٨ - ١٩١٤) زلهێزەکانی وەک بریتانیا و فەڕانسە و لەسەر ئاستی ناوچەکەش لایەنە شۆڤینییەکان، ڕۆڵیان هەبوو لەوەیکە کورد سەری بێکڵاو بمێنێتەوە، بەڵام ئەوە بەتەنیا لایەکی کێشەکە بوو. نەبوونی ڕێبەرانی لێوەشاوە و کارامە لە نێو کۆمەڵگەی کوردستان و بزووتنەوەی کورد کە توانای تێگەیشتن لە ئامانج و ستراتێژیی لایەنە سەرەکییەکانی شەڕ و گۆڕانکارییەکان، زاڵبوونی هەستی مەزهەبی و عەشیرەگەری و لاوازیی هەستی نەتەوەیی کە ئافەتی تێگەیشتن لە بەرژەوەندی نەتەوەیین، گرفتی جیدی و جەوهەریی هۆڤییەتی لە نێو ڕوناکبیرانی ئەوسای کورد و زۆر هۆکاری دیکەی نێوخۆیی، ڕوویەکی دیکەی مەسەلەکە بوون.

بینینی ئەم کامایەسییانە و ئێعتراف پێکردنیان و قسەکردن لە ڕاستییە تاڵەکانی ڕابردوو کە بەشێک لە ڕەسالەت و ئەرکی پێداچوونەوەی مێژوو و دەرسلێوەرگرتنەکانە، وەک ڕێبەری لێوەشاوە د. قاسملوو لە خوێندنەوەی بۆ ڕووداوەکانی کۆمارە مەزنەکەی کوردستاندا کە ئازایانە قامک لە سەر خاڵە بەهێز و لاوازەکانی دادەنێ، باس دەکات؛ "ڕەخنە لەخۆگرتن ئەرکێکی شۆڕشگێڕانەیە."

ئێستا دوای سەدساڵ تێپەڕین بەسەر پەیماننامەی لۆزان و دابەشبوونی کوردستان بەسەر چواربەشدا، ڕاستە کوردستان هەروا پارچەپارچە و بێبەش لە بوونی دەوڵەت و سەروەریی سیاسییە، بەڵام لە ڕووی زەیینی و تێپەڕکردنی ڕەوتی نەتەوەسازی وپێگەی ناوچەیی و نێودەوڵەتییەوە پرسێکی زیندوو و سەلمێنراوە و بێگومان بۆ ئەمەش مێژوویەک لە خەباتوخوێن، کەوتنوهەستانەوەی بەخۆوە بینیوە.

لەو بەشەی کە بە کوردستانی ئێران یان ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەناسرێ - کە پەیماننامەی لۆزان لە ڕووی یاساییەوە کاریگەریی ئەوتۆی بەسەرەوە نەبوو - لە ئێستادا خاوەنی بزووتنەوەیەکی فرەڕەهەند، ڕێکخرا و زیندووی نەتەوەیی‌یە کە شوناسخوازییەکی نەتەوەیی و دێموکراتیک پێناسەیەتی. لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئەوەیکە ٤٤ ساڵە تێکۆشانی یاساییان لێ قەدەغە کراوە و لە لایەن ڕێژیمی زاڵ و خۆسەپێن بەسەر ئێران و کوردستاندا هەموو جۆرە سەرکوت و هێرشێکیان لەسەر تاقی کراوەتەوە، لە خەبات بەردەوامن و پێوەندییەکی زیندووی ئۆرگانیکیان لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەیە. هەروەها سەرەڕای کۆمەڵێک جیاوازی لە ڕوانین و خوێندنەوە، هەمگەرایی و یەکگرتوویەکی ڕێژەیی لە نێو هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا هەیە.

**جۆزەردانی ٢٧٢٣**

چەند مانگ پێش لە ساڵوەگەڕی پەیماننامەی لۆزان، لە کوردستانی ئێران شۆڕشێک هاتە ئاراوە کە سنوورەکانی ئێرانی بەزاند و سەرنجی گشت جیهانی بۆلای خۆی ڕاکێشا. لە شۆڕشی ژینادا کوردستان بوو بە کانوون و مێحوەر و درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی" پێناسەیەکی دیکەی لە "کورد" و "کوردستان" لە زەینی کۆمەڵگە جیاوازەکان و ژوورەکانی بیرکردنەوە و بڕیار، بەدەستەوە دا. وەک بەڕێز کاک مستەفا هیجری لە کۆنفڕاسی سەد ساڵەی پەیماننامەی لۆزاندا لەسەر پێناسەی شۆڕشی ژینا باسی کرد؛"کاردانەوەی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە چەخماخەی لێدرا، بەخێرایی کوردستان، ئێران و تەنانەت جیهانیشی گرتەوە و دەسپێکی ئەو ڕاپەڕینە لەسەر داوای ناوەندی هاوکاری بۆ مانگرتن و خۆپێشاندان لە کوردستانەوە دەستی پێکرد."

بە پێچەوانەی سەد ساڵ لەوەپیش کە بە بێ حزوور و بەشداریی کورد، بڕیار لە سەر دابەشکردنی خاکی کوردان درا، ئێستا بە بێ ئیرادەی کورد و بەبێ قسەی کورد، هیچ پەیماننامە و مەنشوورێک ناگاتە ئاکام و ناتوانێ وڵامدەری داهاتووی ڕووداو و بڕیارەکان بێت.

لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کوردستان سەرەڕای خەسارێکی گەورە کە بە هۆی هێرشی مووشەکی و درۆنییەوە کە لە لایەن دوژمنەوە لێی درا، بە تێگەیشتن لە پیلانگێڕییەکان و لێکدانەوەی زیانە کاتی و سوودە درێژخایەنەکان، خاک و خەڵکی کوردستانی لە زیانپێگەیشتن پاراست و ئیزنی خەوشدارکردنی ماهییەتی پرسی کوردی بە دوژمن نەدا. کورد لە شۆڕشی ژینادا بۆ یەکەمجار لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا معادلەی "لە ناوەندەوە بۆ پەراوێز"ی گۆڕی و خۆی وەک یەکێک لە پەراوێزخراوەکان کرد بە چەق و ناوەندی شۆڕشێک کە نەتەنیا سەرتاسەری ئێرانی گرتەوە، بەڵکوو سەرنجی جیهانیشی بۆلای خۆی ڕاکێشا.


لە سەد ساڵەی بەستنی پەیماننامەی لۆزاندا کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە شۆڕشی ژینادا سەلماندی کە ئیرادەی بۆ زیندوومانەوە و بەردەوامبوون لە خەبات لەپێناو دەستەبەرکردنی مافە زەوتکراوەکانیدا بە هیچ پەیماننامە و پیلانگێڕییەک ناشکێ و بەڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە و خۆدوورخستنەوە لە هەرجۆرە دوگماتیسمێک، بەخۆداچوونەوە دەکاتە ئامرازێک بۆ بەرەپێشچوونێکی درووست.

**٨ی جۆزەردانی ٢٧٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

# کۆمێدیی براکان!



**کەریم پەرویزی**

لە بەشێک لە سەفەری شازادەی بچکۆلە، بۆ هەسارە جیاوازەکاندا، ڕێی دەکەوێتە سەر هەسارەیەک کە کەسێکی نەخۆشی لێیە؛ حاڵی خراپە و لەسەر خۆ نییە. لێی دەپرسێ کە چیتە، دەڵێ نەخۆش نیم بەڵکوو عارەقم خواردۆتەوە و سەرخۆشم! دەڵێ بۆچی دەڵێی سەرخۆشم لەکاتێکدا کە دیارە وەزعت خراپە، دەڵێ ئاخۆ عارەق خواردنەوە سەرخۆشت دەکا بەڵام وادیارە کە حاڵم خراپ بێ. دەڵێ دەی بۆچی عارەق دەخۆیتەوە؟ ئەویش دەڵێ بۆ ئەوەی ئازارەکانم فەرامۆش بکەم. دەڵێ بۆ چی، چ ئازارێکت هەیە؟ دەڵێ ئازاری بەردەوام مەستبوون و گیرۆدەبوون بە عارەق! بۆ ئەوەی دەردی گیرۆدەیی بە عارەق فەرامۆش بکا بەردەوام عارەق دەخواتەوە!

لە ڕۆژانی ڕابردوودا، لە سنووری نێوان ئێران و ئەفغانستان هەندێ کێشە هاتە ئاراوە و دەرگیری ڕوویان دا کە هەم لە هێزی ڕێژیمی ئێران و هەم لە هێزی تاڵیبان چەند کەس کوژران و بریندار بوون.

ئەم دەرگیرییە دوای ئاڵۆزییەک هاتە ئاراوە کە لە نێوان بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران و تاڵیبان لەسەر پرسی ئاو پێک هات. بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران کە لە دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ خەڵک داماون، بۆ ئەوەی کێشەکە لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە و خۆیان بە بێتاوان نیشان بدەن، گوشاریان بۆ ئەفغانستان هێناوە کە دەبێ ئاوی ڕووباری هیرمەند بەر بداتەوە تاکوو بگاتە ئەو ناوچانەی کەم ئاون!

ئەمە لە کاتێکدایە کە خودی ڕێژیمی کۆلۆنیالیستیی ئێران، ئاوی ناوچە پڕ ئاوەکانی گرتووەتەوە و بە توونێل و لوولەکێشی دەیانگوازێتەوە بۆ ئێسفەهان و کرمان و ناوەندی ئێران؛ هەر لەهەمان بواردا، بۆ گەیاندنی ئاو بە ناوچە وشکەکانی نێوەڕاستی ئێران، ئەو ناوچانەی کە فارسنشینن، پرۆژەی کاناڵکێشی و لوولەکێشی لە دەریای خەزەر و تەنانەت لە خەلیجیشەوە دادەنێ تاکوو ئاوی ئەو دەریایانە بگەیەنێتە ناوچەی فارسنشین! بەڵام کە ناوچەیەکی وەکوو بەلووچستان گرفتی کەمبوونی ئاوی هەیە، ئامادەی هیچ جۆرە بەرنامەدانانێک نییە بۆ ئەوێ و دەڵێ دەبێ ئەفغانستان ئاو بداتە بەلووچستان!

لە لایەکی دیکەوە ئاوی ڕووبارەکانی زاگرۆسی گرتۆتەوە و بەنداوی لەسەر دروست کردووە و ناهێڵێ بۆ ناوچەی کوردەکان و لوڕەکان و عەرەبەکان چ لە دیوی ئێران و چ لە دیوی عێراقدا ئاو بڕوا و ئەو ئاوە دەگوازێتەوە بۆ ناوەندی ئێران!

ئەمانە بڕگەیەکی سانا لە سیاسەتە دژەمرۆییەکانی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستیی تارانن کە لە بواری ئاودا دژی نەتەوەکانی ناوچەکە بەڕێوەی دەبا، بەڵام کە دەگاتە سەر پرسی ئاو بۆ بەلووچستان، ئیدی پرۆژە و بەرنامەڕێژی وشک دەبێ و تەنیا دەبێ چاو ببڕدرێتە ئەفغانستان تاکوو ئایا ئاوی ڕووبارەکە دەگاتێ یان نە؟

بابەتی ئاو لەنێو ئێراندا بابەتێکی قووڵتر و کارناسانەتر لەوەیە کە بە دوو دێڕ، ڕاستییەکانی دەر بکەوێ بەڵام ئەوەی لە پێوەندی لەگەڵ ئەفغانستان و تاڵیباندا هاتۆتە ئاراوە، نەک بابەتی ئاو نییە و ڕێژیم چەواشەکاریی تێدا دەکا بەڵکوو بابەتەکە گرێدراوی سیاسەتێکی نامرۆڤانەی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهییە.

یەکێک لە کۆڵەکەکانی سیاسەت لە ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهیدا، شەڕ و ئاڵۆزی یان بە واتایەکی دیکە قەیرانسازییە.

ئەم ڕێژیمە دەسەڵاتێکی نۆرماڵ نییە و لە ئاکامی دزینی دەسکەوتەکانی شۆڕشێکدا هاتۆتە سەر کار و هەر بۆیە لە یەکەم هەنگاوی ئاساییبوونی دۆخەکەدا پرسی ئەوەی بەرەوڕوو دەبێتەوە کە بۆچی شۆڕشی گەلانی ئێرانی بەلاڕێدا برد و دەسەڵاتی

خستە ژێر ڕکێفی خۆی. هەنگاوەکانی دیکەی ئاسایببوونی ژیان و دۆخی سیاسی لە ئێراند دەبنە پرسیارە قووڵەکان و داواکارییە ڕۆژانەکان کە دەسەڵاتی وەلیی فەقیهە توانای وەڵامدانەوەی نابێ و دەبێ لەبەردەم دادگای خەڵکدا وەڵامی تاوانکاری و گەندەڵکاری و دزینی سامانی وڵات بداتەوە و هەر بۆیە ئەم ڕێژیمە ناتوانێ لە دۆخی ئاساییدا دەسەڵاتەکەی بەردەوام بێ. بەم هۆکارانە، ئەم ڕێژیمە بەردەوام پێویستی بە قەیرانە تاکوو خۆی لە وەڵامەکان بدزێتەوە و هێشتا قەیرانێک کۆتایی نەهاتووە، پێویستی بە قەیرانی دیکەیە کە قەیرانە پێشووەکەی پێ داپۆشێ.

وەکوو کابرا مەستەکەی سەر هەسارە نادیارەکەی سەفەری شازادەی بچکۆلە وایە کە هەردەم بۆ ئەوەی قەیرانەکانی فەرامۆش بکا، دەبێ قەیرانی دیکە ساز بکا!

لە بەلووچستاندا، زیاتر لە هەشت مانگە کە هەموو ڕۆژانی هەینی، خەڵکی بەلووچستان دێنە سەر شەقام و داوا دەکەن کە تاوانبارانی سەرەکیی کوشتاری خەڵک لە هەینی ڕەشی زاهیداندا بە سزا بگەیەیندرێن و ڕێژیم هیچ وەڵامێکی نییە، تەنیا لە فکری ئەوەدایە بەجۆرێک قەیرانێک دروست بکا کە بیری خەڵک بەلارێدا ببا.

بۆیە دەستی دایە ئێعدامی بەرفراوانی خەڵک و بەتایبەت چالاکانی بەلووچ و تەنانەت جۆرێ لە تێکهەڵچوونی گوماناوی لە سەراوانیش دروست کرا. ڕێژیم لەم بوارەدا کەوتە ژێر گوشاری ڕای گشتی و بۆ هەڵهاتن لەوە کێشەی لەگەڵ تاڵیبان دروست کرد کە گوایە بەشە ئاوی ئێران نادا و لە سنووریش هەندێ ئاڵۆزیی ساز کرد.

ئاڵۆزیی سەر سنوور خەریک بوو گەورە دەبووەوە و دەبوو بە قەیرانێکی دیکە کە مەترسیی وێرانکردنی ڕێژیمی لێ بکەوێتەوە و تاڵیبان وەکوو سەردەمی سەفەوی ئیپراتۆریەکەی لەنێو ببەن، هەر بۆیە بۆ دامرکاندنەوەی ئەو قەیرانە کەوتنە پڕوپاگەندەی جۆربەجۆر!

ئاگرێک کە بەدەستی خۆیان هەڵ کرابوو، ئێستە بە پەلە پرووزکە کەوتنە دوای کوژاندنەوەی و لە هەڵوێستێکی بێوێنەدا "کەوسەری" نوێنەری پاسدار لە مەجلیسی ڕێژیم گوتی کە کێشەی نێوان ڕێژیمی ئێران و تاڵیبان کێشەی نێو بنەماڵەیەکە و لە نێوان براکان لە ماڵێکدا شتی وەها ڕوو دەدا!

ساڵانێکی زۆر و دوور و درێژە، ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی دژی تاڵیبان تەبلیغی دەکرد و هەرکەس بیگوتایە کە هەڵسوکەوتی خامنەیی لە تاڵیبان دەچێ، دەسبەسەریان دەکرد و لەژێر ئەشکەنجەدا دەیانکوشت!

جۆزەردانی ٢٧٢٣

بەڵام دوای ئەو ماوە دوور و درێژە، لە کاتی قەیراندا، خۆیان هاواریان کرد کە لەگەڵ تالیبان وەکوو برای هاوپشتن!

ئەم برایيەی نێوان ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی و ئیدئۆلۆژیی تالێبانی، زۆر دەمێکە کە خەڵک و خاوەن ڕایانی سیاسی هاواری دەکەن. هەمووان دەزانن کە ئیدئۆلۆژیی ویلایەتی فەقیهی و تالێبانی هەردووکیان دەمارگرژ و مێشک گرێدراو و دژەمرۆیین و ئازادی دەخنکێنن و ژیان دەکوژن. ئێستە خودی ڕێژیم شانازی بەو هاوپشتییە لەگەڵ تالێبان دەکا.

بەڵام ئەم برایەتییە دوو لایەنی کۆمێدی و تراژیکی هەیە:

لایەنە کۆمێدییەکەی ئەوەیە کە لە جیهاندا تەنیا وەلیی فەقیە بۆ تالێبان ماوەتەوە و لە هەمان کاتیشدا تەنیا تالێبان ماوەتەوە تاکوو وەلیی فەقیە پشتی پێ ببەستێ و بە برای خۆی بزانێ!


لایەنە تراژیکەکەشی ئەوەیە کە ئەم برایەتییە هەرچەند خوێنی و هاوپشتییەکی ئیدئۆلۆژیکە، بەڵام لە یەک بنەماڵەیشدا زۆرجار برا تەقەی لە برا کردووە تەنیا و تەنیا لەبەر ئەوەی بیسەلمێنن کە کامەیان توندترن لەسەر ئیدئۆلۆژییە دواکەوتووەکەیان!

کۆمێدیی ئەم برایەتییەی خامنەیی و تاڵیبان چ کاتێک دەبێتە تراژیدی!؟ کات دەری دەخا!

وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین

٩ی جۆزەردانی ٢٧٢٣

# ١٠ نادادپەروەریی کەشوهەوای ناوچەیی




و لە فارسییەوە: شاهۆ مەتین

گۆڕانی کەشوهەوا تەنها بابەتی پاراستنی ژینگە نییە، بەڵکوو بابەتی دادپەروەری و مافەکانی مرۆڤیشە.

وەک نەتەوە یەکگرتووەکان دەنووسێت: "بارگرانیی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا بە یەکسانی یان دادپەروەرانە لە نێوان دەوڵەمەند و هەژار، ژن و پیاو و نەوە بەتەمەن و گەنجەکاندا دابەش نابێت". تاکە مەسەلەکە پاراستنی ژینگە نییە، بەڵکوو پرسی دادپەروەری و مافی مرۆڤە.

**لەم بەشەی خوارەوەدا ١٠ حاڵەت دەخوێنینەوە کە نادادپەروەری کەشوهەوا گەشە دەکات.**

## ١- نادادپەروەریی جوگرافی

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی بزووتنەوەی دادپەروەریی کەشوهەوا ئەو ڕاستییە سەلمێنراوەیە کە زۆرێک لەو وڵاتانەی

کەمترین بەرپرسیارەتیان لە قەیرانی کەشوهەوای ئێستادا هەیە ئەو وڵاتانەن کە زۆرترین هەست بە کاریگەرییەکانی دەکەن، ئەمەش لە داتاکانی بانکی نێودەوڵەتی سەبارەت بەو وڵاتانەی کەمترین دەردانی کاربۆنیان هەیە، دەبینرێت.

وڵاتانی وەک سومالی، چاد، مالاوی و نیجیریە لەو وڵاتانەن کە سەرەڕای ئەوەی پشکێکی زۆر کەمیان لە دەردانی گازی گەرمخانەیی جیهانیدا هەیە، بەڵام زۆرترین کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوایان لەسەرە. ڕوونە کە هەندێک لەو وڵاتانەی کە زۆرترین شوێنپێی کاربۆنیان هەیە، هەروەها ڕووبەڕووی ئەم کاریگەرییانە دەبنەوە، بەڵام ئەم وڵاتانە دەتوانن تا ڕادەیەکی زۆر کاردانەوەیان هەبێت کاتێک ڕووداوەکان ڕوو دەدەن. بەڵام کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ، باشووری سودان و بوروندی ؛ کەم تا زۆر سەرچاوەیان هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکان.

## ٢- کۆلۆنیالیزەکردنی دانیشتووان و چەوساندنەوەی خەڵکی ڕەسەن

ڕاپۆرتی پانێڵی نێوان حکوومەتەکان بۆ گۆڕانی کەشوهەوا (IPCC) کە ئەمساڵ بڵاوکرایەوە، شتێکی لەخۆ گرتبوو کە لە ڕاپۆرتەکانی پێشوودا باس نەکرابوو؛ "ئەو لاوازییەی کە بەهۆی تەحەددیاتی ئێستای گەشەپێدانەوە هاتۆتە ئاراوە، لەژێر کاریگەریی شێوازە مێژوویی و بەردەوامەکانی نادادپەروەریدایە، وەک کۆلۆنیالیزم." بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ زۆرێک لە خەڵکی ڕەسەن و کۆمەڵگە نێوخۆییەکاندا". لێدوانێک کە بە متمانەیەکی زۆرەوە نووسراوە. ئەمە ساتێکی گەورەیە بۆ ڕاستییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا کە زۆر قسەیان لەسەر نەکراوە. داگیرکردن و فراوانکردنی دەرەکی بۆ چەندین سەدە لە مێژوودا ڕاستییەک بووە، بەڵام ئەوەی لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٨٠٠ ـ ز. بوو کە زۆرێک لە وڵاتانی ئورووپا بەهۆی پێویستیی شۆڕشی پیشەسازییەوە دەستیان بە "حەوڵ بۆ ئەفریقا" کرد و بە دامەزراندنی کۆلۆنییەکان، سەرچاوەی سروشتی نوێیان بەدەست هێنا تاکوو بەرهەمهێنانی خۆیان زیاد بکەن.

ئەم چەوساندنەوەیە لە سروشت و هەروەها مرۆڤ تا نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بەردەوام بوو و نەک هەر وڵاتەکانی زیاتر تووشی تەڵەی گەرما و ڕووداوە توندەکانی کەشوهەوا کرد، بەڵکوو بە ئەگەرێکی زۆرەوە بۆ خەڵکی ئەو وڵاتانە سەرچاوەی کەمتری بەجێ هێشت، بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان و خێزانەکانیان بپارێزن. هەروەها ئەم کاریگەریانە زۆرترین کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگا ڕەسەنەکان هەیە. ئەو کۆمەڵگایانەی کە بەپێی ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی نەتەوە یەکگرتووەکان(FAO) ، باشترین بەڕێوەبەری سامانە سروشتییەکانن.

به هەمان شێوە نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژە بەوە دەکات کە خەڵکی ڕەسەن لە بیابانی کالاهاری (کە بەسەر بۆتسوانا،

نامیبیا و باشووری ئەفریقادا درێژ دەبێتەوە) ناچارن لە دەوری بیرە ئاوەکانی حکوومەت بژین و پشت بە پشتیوانیی حکوومەت دەبەستن چونکە بژێوی شوانکارییە نەریتییەکانیان بەهۆی داڕزانی زەوی لە مەترسیدایە.

### ٣- نادادپەروەریی جێندەری

کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا دەتوانێت نایەکسانیی کۆمەڵایەتی لە پێشوو کە هەبوو، بەتایبەتی سەبارەت بە ڕەگەز، خراپتر بکات. وەک چالاکوانێکی تایلەندی ماچا فۆرن ئین دەڵێت: "ئەگەر لە ژیانی ڕۆژانەدا نەبینراو بیت، ئەوا لە قەیرانێکدا بیر لە پێداویستییەکانتان ناکرێتەوە، چ بگات بە چارەسەرکردنیان."

زۆرجار ژنان زیاتر کاریگەری ڕووداوەکانی کەشوهەوایان لەسەرە. ئەوان زیاتر پشت بە سامانە سروشتییەکان دەبەستن وەک ئاو و دارە سووتێنەرەکان، واتە ڕەنگە پێویستیان بە جووڵەی زیاتر بێت ئەگەر ئەم شتانە کەم ببنەوە، لە ئەنجامیشدا ئەو کاتەی کە بۆ ئەنجامدانی کاری بێ مووچەی ماڵەوە بەسەر دەچێت زیاد دەکات. هەروەها لە هەندێک بواردا مەترسییەکانی توندوتیژیی ڕەگەزی زیاترە. نایەکسانیی جێندەری لە کۆمەڵگایەکدا ڕەنگە ژنان زیاتر بەرەوڕووی دەرئەنجامە دەستبەجێیەکانی کارەساتێکی سروشتی ببنەوە. یان لە پرۆسەی بڕیاردان لە کاتی خستنەڕووی چارەسەرەکان بۆ کەمکردنەوەی زیانەکانی کارەسات و دیزاینکردن و جێبەجێکردنی وەڵامەکانی دیکە بۆ گۆڕانی کەشوهەوا دووریان بخەنەوە.

### ٤- ناعەدالەتیی کەشوهەوای نێوان نەوەکان

لە کاتێکدا نەوە گەنجەکان دەستیان کردووە بە تێکۆشان بۆ کردەوەی کەشوهەوا، بەشێک لەم بابەتە لە پێویستییەکی زۆرەوە سەرچاوە دەگرێت: کاربۆن بریف، مەزەندە دەکات کە ئەو منداڵانەی ئەمڕۆ لەدایک دەبن پێویستیان بە دەردانی هەشت هێندە کەمتر دیئۆکسیدی کاربۆن دەبێت لەچاو باپیرەکانیان بۆ ئەوەی هەسارەکە زیاتر لە ١,٥ پلای گەرمی بەرز نەبێتەوە.

سەرەڕای کەمبوونەوەی کاتی دەردانی گازی گەرمخانەیی جیهانی لە ساڵانی ١٩٣٠ و لە ساڵانی ١٩٤٠ تا ئەمڕۆ، ئەم بڕە بە شێوەیەکی بەردەوام زیادی کردووە. ئەمەش بەو مانایەیە کە زۆرێک لەو کەسانەی کە بەرپرسیارن لەم زیانە، بۆ بینینی کاریگەرییە تەواوەکانی ئەم پرسە ناژین. لەم نێوەندەدا، نەوە گەنجەکان زۆربەی ژیانیان، ئەگەر هەمووی نەبێت، بە مامەڵەکردن لەگەڵ لەدەستدان و لەناوچوونی زەوی، کەمی سەرچاوە و پرسە تەندروستییەکانی پەیوەست بە پلەی گەرمی



سەرچاوە
Serchawe

زۆر و کارەساتە سروشتییە کاریگەرەکان بەسەر دەبەن.

## ٥- نادادپەروەریی ئابووری

گۆڕانی کەشوهەوا و هەژاری، سووڕێکی خراپ پێکدەهێنن. بەپێی دوایین خەمڵاندنەکانی بانکی نێودەوڵەتی، گۆڕانی کەشوهەوای کۆنترۆڵنەکراو دەتوانێت لە ١٠ ساڵی داهاتوودا ١٣٠ ملیۆن کەسی دیکە پاڵ بنێتە ناو هەژارییەوە. ئەمەش کارەساتبار دەبێت بۆ دەستکەوتەکانی ئەم دواییە لە گەشەپێدانی نێودەوڵەتیدا، بە تایبەت بۆ ئەو ١٣٠ ملیۆن کەسەی کە لە مەترسیدان – و سەدان ملیۆن کەس کە ئەمڕۆ لە هەژاریدا دەژین.

ئەو کەسانەی لە هەژارییەکی زۆردا دەژین، پشت بە زەوی دەبەستن بۆ بژێوی ژیانیان، جا چ لە ڕێگەی کشتوکاڵەوە بێت یان ئاژەڵداری. ٧٠%ی ئەوانەی ئەمڕۆ لە هەژارییەکی زۆردا دەژین ژنن. سووڕی هەژاری بە ئاڵۆزکردنی ئەم جۆرە نادادپەروەرییانەی کەشوهەوا خۆی دووبارە دەبێتەوە و ئەو زیانانەی کە ئەم کەسانە تووشی دەبن، بەبێ پەراوێزی هەڵە و سەلامەتی، زیانەکانی کارەساتێکی پەیوەست بە کەشوهەوا هێندەی تر وێرانکەر دەکات.

## ٦- ڕەگەزپەرستی

وەک نووسەر و چالاکوان جێرمی ویلیامز لە ناونیشانی کتێبەکەیدا ساڵی ٢٠٢١ دەڵێت، گۆڕانی کەشوهەوا ڕەگەزپەرستانەیە و ئەمەش پەیوەستە بە میراتی کۆلۆنیالیزمی قەیرانی کەشوهەوا. ویلیامز لە وتارێکدا کە لەسەر هەمان بنەما دامەزراوە، ویلیامز کە لەدایکبووی شاری ماداگاسکارە، لە زاری ڤێرۆنیکا مولینگای چالاکوانی زامبیاوە دەڵێت: ئەو نادادپەروەرییانەی کە لە ڕابردوودا ڕوویان داوە و ئەمڕۆش بەردەوامن، ڕەشپێستەکان، ناوچەکان و خەڵکی ڕەنگاوڕەنگیان بەرەوڕووی مەترسیی تەندروستیی ژینگەیی زۆر گەورەتر کردووەتەوە لە چاو کۆمەڵگا سپیپێستەکان. ئەوانەی زۆرترین کاریگەریی گۆڕانی کەشوهەوایان لەسەرە، کۆمەڵگە ڕەشپێستەکان و هەژارەکانن. وەک کیشوەرێک ئێمە یەکێکین لەو وڵاتانەی کە کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا بە سەختی زیانیان بەرکەوتووە و لە پێشکەوتنی جیهان بەرەو ئابوورییەکی کەم کاربۆن بەجێهێڵراوین. چارەسەری کەشوهەوا بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوانەی زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە، دەبێتە هۆی دەرکردنی کەشوهەوا.

**ڤێرۆنیکا مولینگا – چالاکوانی کەشوهەوا – زامبیا**

کاریگەرییەکانی ڕەگەزپەرستی لەسەر گۆڕانی کەشوهەوا پەیوەندییان بە هەندێک جۆری دیکەی ڕەگەزپەرستییەوە هەیە لە کۆمەڵگە تایبەتەکان و لە سەرانسەری خاکەکاندا: چالاکوانی ژینگەپارێزی ئەلیزابێس ئیمپییێر ئاماژە بە زیانە ڕیزبەندییەکان دەکات کە بەهۆی زریانەکانی ماریا و کاترینا و وەڵامدانەوەی خاو کە بەدوایدا هات. هەروەها ڕاپۆرتێکی زانکۆی نیویۆرک لە ساڵی ٢٠١٧دا ڕەگەزپەرستی و جۆرەکانی تری پەراوێزخستنی بە نیشتەجێبوون لە ناوچە لاوازەکانی وەک دەشتە لافاوەکاندا گرێداوە. ئەم پەیوەندیانە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی نین.

## ٧- بەربەستەکانی زمان و خوێندەواری و دۆخی کۆچبەری

سەنتەری پیێل بۆ پەیوەندییە ژینگەییەکان بە باشترین شێوە دەڵێت: "بەربەستە زمانییەکان دەتوانێت زەحمەت بێت بۆ کۆمەڵگە کۆچبەرەکان بۆ وەرگرتنی زانیاریی پێشوەختە سەبارەت بە زریانەکان یان ڕووداوەکانی کەشوهەوا یان ئاگرکەوتنەوەی کێوییەکان، یان پەیوەندییەکی کاریگەر لەگەڵ وەڵامدەرەوەی یەکەم لە ناوەڕاستی چۆڵکردنێکدا".

ئەمە تەحەدایەکی باوی نێو کۆمەڵگە پەنابەرەکانە، کە زۆرجار لە کۆمەڵگەی خانەخوێدا لە لاوازترین کەسەکاندان و ڕەنگە زمانێکی هاوبەشیان نەبێت تەنانەت ئەگەر لە وڵاتێکی دراوسێش ئاوارە ببن. بۆ نموونە زۆرێک لە پەنابەرانی ڕۆهینگیا کە لە بەنگلادیش دەژین، بە هۆی وەرزی گەرما و لافاو و ئاگرکەوتنەوە، چەندین جار پەناگەیان لەدەست داوە. ئەمەش بەشێکی لەبەر ئەوەیە کە قەدەغە کراون لە دروستکردنی پەناگە بە شێوەیەکی هەمیشەیی و "ماڵەکانیان" لە کەمپەکانی پەنابەران دروست بکەن، کە زۆر بەرەورووی توخمەکان دەبنەوە. بۆ ئەو پەنابەرانەی کە بەنگالی نازانن، هەروەها دەکرێت وەرگرتنی زانیاریی فەرمی کاتێک پێشبینی گەردەلوول دەکرێت، کارێکی قورس بێت. بۆ ئەمەش نەخوێندەواری زیاد دەکەین: لەو کۆمەڵگایانەی کە پشتگیری لە پێکهاتە زیانبەخشەکانی پیاوسالاری دەکەن، ژنان زیاتر نەخوێندەوارن. ئەمەش وا دەکات نیوەی دانیشتووان بە تەواوی نەتوانن دەستیان بەو زانیاریانە بگات کە پێویستیانە پێش کارەساتەکە و لە کاتی کارەساتەکە و دوای کارەساتەکە.

موبوراکی تەمەن ٨ ساڵ لە کەمپی پەنابەرانی مۆیناودونا بۆ پەنابەرانی ڕۆهینگیا لە بازاڕی کۆکس لە بەنگلادیش ڕێنمایی داپیرەی نوور دەکات. کەمپەکە لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا هەستی بە کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا کردووە و پەناگە کاتییەکانی بە شێوەیەکی ڕۆتینی بەهۆی لافاو و ئاگرکەوتنەوەکانی وەرزی گەرماوە لەناو دەچن. (تۆمس ڕاستەقینە نییە).

## ٨- جیاکاری لە دژی کەمئەندامان و نەخۆشی درێژخایەن و بەساڵاچووان

ساڵی ڕابردوو ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان پانێلێکی سەبارەت بە کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر کەسانی بەساڵاچوو ئەنجامدا. میشێل باچێلێت، کۆمیساریای باڵای مافەکانی مرۆڤ ئاماژەی بەوەشکرد، تا ساڵی ٢٠٥٠ زەوی میوانداری یەک ملیارد و ٥٠٠ ملیۆن کەس دەکات کە تەمەنیان لە ٦٥ ساڵ و سەرووتردایە. ئەگەر تا ئەو کاتە ڕێژەی دەردانی گازی گەرمخانەیی جیهانی بۆ سفری پاک کەم نەکردبێتەوە، پێشبینی دەکرێت گەرمبوونی جیهان لە پلەی گەرمی ٥,١ پلەی سەدی تێپەڕێنێت.

لەم مێزگەردەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە تەمەنگەرایی لاوازی بەساڵاچووان لە بەرامبەر گۆڕانی کەشوهەوا زیاد دەکات. لە ڕوانگەی ئامارییەوە، ئەو کەسانەی تەمەنیان لە سەرووی ٦٥ ساڵەوەیە لە کاتی ڕووداوەکانی کەشوهەوادا ئەگەری مردنیان زیاترە یان ڕووبەڕووی کێشەی زیاتری وەک هەڵاواردن یان خراپ بەکارهێنان دەبنەوە بۆ ئەوەی بگەنە شوێنێکی سەلامەت وەک بەشێک لە وەڵامدانەوەی ڕووداوەکان.

هەروەها زیاتر بەرەوڕووی ڕووداوەکانی کەشوهەوا وەک پیسبوونی هەوا و شەپۆلی گەرما و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی دەبنەوە. ئەوانەی کە کەمئەندامن یان نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە، ڕووبەڕووی تەحەدای هاوشێوە دەبنەوە. لە سایەی ئەو نادادپەروەری و نایەکسانیانەی کە بەهۆی Covid-19 ەوە ئاشکرای دەکات، کە بەساڵاچووان و کەمئەندامان و نەخۆشە درێژخایەنەکان دەخاتە گرووپە مەترسیدارەکانەوە، ڕەنگە ئێستا کەمێک زیاتر ئاشنای ئەم خاڵانە بین. گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر ئاستێکی هاوشێوەی نادادپەروەری کار دەکات و کاریگەرییەکانی لەلایەن ئەم کۆمەڵگایانەوە بەتوندی هەستیان پێ دەکرێت.

## ٩- فۆرمەکانی تری نایەکسانیی کۆمەڵایەتی

ڕەگەز، تەمەن، تەندروستی و توانا تەنها هەندێک لەو نایەکسانییە کۆمەڵایەتییانەی پێشوەختەن کە دەتوانرێت بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا توندتر ببنەوە. بەڵام ئەمە تەواوی چیرۆکەکە نییە. کاتێک سەرچاوەکان سنووردار دەبن، ئەو پێشوەختە زانینانەی کە سێبەریان لەسەر کۆمەڵگایەک داناوە، زیاتر دەردەکەون و ئەم پێشوەختە زانینانە بۆ گرووپە پەراوێزخراوەکان بەکار دەهێنرێن، لەوانە کۆمەڵگەی ئێڵ جی بی تی کیو +، هۆز و نەتەوەکان، کەمینە ئایینییەکان و چین و پێگەی کۆمەڵایەتی. هەر جۆرە نادادپەروەرییەک دەتوانێت لە هەلومەرجێکی گونجاودا ببێتە نادادپەروەرییەکی

کەشوهەوا.

### ١٠- نایەکسانیی سەرچاوەکان سەرەڕای هەوڵەکان بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی کەشوهەوا

زۆرێک لەو نایەکسانییانەی کە لە سەرەوە باسمان کرد، نادادپەروەرییەکی دیکەی کەشوهەوایان لێ دەکەوێتەوە کە کێشەیەکی گەورەترە. هەموو ئەم پرسانە دەبنە هۆی ئەوەی کە هەموو جارێک لە کاتی گفتوگۆکردن و بڕیاردان سەبارەت بە ئامادەکاری و وەڵامدانەوەی کارەساتی کەشوهەوا ناسنامە سەرەکییەکان لەبیر بکرێن.

لەگەڵ هەموو ئەم قسانەدا دەبێت ئاگادار بین کە کەش و هەوا دەبێتە هۆی نایەکسانی و نادادپەروەری تر: بۆ نموونە گۆڕانی کەشوهەوا و برسێتی چونکە خۆراک کەم بووە بەهۆی گەرمبوونی جیهانەوە شانبەشانی یەکتر دەڕۆن. کارەساتێکی کەشوهەوا یان تەنانەت شکستی ڕۆژانە لە بەرامبەر قەیرانەکاندا مەترسی لەسەر پەروەردەی ملیۆنان منداڵ لە جیهاندا دروست دەکات. ئەمە دەتوانێت کاتی بێت (وەک کاتێک قوتابخانەیەک وێران دەکرێت یان وەکو پەناگە بەکاردەهێنرێت لە کاتی قەیرانێکدا) یان درێژخایەن بێت (ئەگەر دایک و باوک منداڵان لە قوتابخانە دەربهێنن بۆ ئەوەی لە ماڵەوە یارمەتی بدەن.) هەر لەبەر ئەمەشە سەیرکردنی گۆڕانی کەشوهەوا و هەڕەشەکانی قەیرانی کەشوهەوا لەسەر هەندێک کۆمەڵگا دەبێ لە چاویلکەیەکی فرەلایەنەوە سەیر بکرێت.

٩ی جۆزەردانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# خاوەنداریێتی کردن لە شۆڕش و ترسی ڕێژیم



شەماڵ تەرغیبی

لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا بەداخەوە بە دەیان لاوی خۆپیشاندەر و نارازی، تەنیا بەهۆی مافویستییان و سەر نەوی نەکردن بۆ زوڵم بەدەستی کۆماری ئیسلامی شەهید کران؛ یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی ئەم شۆڕشە کە ڕەنگە بتوانین وەک خاڵی جیاکەرەوەی شۆڕشی ژینا لەگەڵ باقی بزووتنەوە و شۆڕشەکانی پێش لە خۆی سەیری بکەین چەشنێک لە خاوەنداریێتی کردن لە شۆڕشەکە لەلایەن بنەماڵەی شەهیدانی ئەم قۆناغەوەیە؛ پرسێک کە لە چەند ڕەهەندەوە گرینگی هەیە: یەکەم ڕێگریکردن لە بەتاڵانبردنی دەسکەوتەکانی شۆڕش لە داهاتوودا، دووهەم هۆکارێک بۆ بەردەوامبوون لە شۆڕش و سێهەم چێکردنی جۆرێک لە ترس و فۆبیا لە دڵی دوژمن کە پێی دەڵێ ئەم شۆڕشە تووشی نسکۆ و ڕووخان نابێت و کۆتاجار بە ئاکام دەگات.

لەسەر ئەم بنەمایەیە کە دەبینین کۆماری ئیسلامی هەم لە ڕەوتی شۆڕشەکەدا و هەم ئێستەش لەپاش کزبوونی بەردەوام لە هەوڵی بەلاڕێدابردنی شۆڕشەکە و ئامانجەکانیەتی. لێرەدا دوو نموونەی بەرهەست کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا ڕوویان داوە

دەخەینە بەر چاو. یەکەم گڵکۆی شەهید ژینا ئەمینی کە بووەتە مەکۆیەک بۆ کۆبوونەوە و نارەزایەتیدەربڕین دژی ڕێژیمی ئێران، لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکان و بەشی شارەوانیی شاری سەقز، پیلانی تێکدان و لابردنی لەئارادایە.

بە پێی دواهەواڵ و ڕاپۆرتەکان شارەوانیی سەقز بڕیاری داوە کە دەرکی سەرەکی و گەورەی گۆڕستانی ئایچیی سەقز کە تەرمی شەهید ژینا و چەند شەهیدی دیکەی سەقز لەوێدا نێژراوە دابخرێت و هیچ کەسێک مافی ئەوەی نەبێت ماشین بباتە نێو گۆڕستانەکەوە هەتا خەڵک بۆ سەر قەبران نەچن و سەردانی ئەو مەزارە و مەزاری باقیی شەهیدان نەکەن.

ئەوەی ڕوونە لە نێوان دەرکی سەرەکیی گۆڕستانەکە هەتا خودی ئەو گۆڕستانە مەودایەکی یەکجار زۆرە و بە داخستنی دەرکی ئەو گۆڕستانە و ڕێگریکردن لە چوونی ماشین بۆ نێو گۆڕستانەکە، دەیانهەوێت خەڵک لە چوون بۆ سەرقەبران پاشگەز بکەنەوە.

ئێستەش شارەوانیی شاری سەقز بە هاوکاریی فەرمانداریی ڕێژیم لەو شارە، لە پیلانێکدا دەیانهەوێت پیادەڕەوێک لەنێو گۆڕستانەکە دروست بکەن کە بە تەنیشت گڵکۆی شەهید ژینادا تێدەپەڕێت و ئامانجیشیان ئەوەیە کە لە کاتی سازکردنی پیادەڕەوەکەدا، بە هەر جۆرێک بێت، گڵکۆی ئەو شەهیدە تێک بدەن.

ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ ئەوەیکە لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوو لەلایەن دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە دوو جار شووشەی سەر گڵکۆی ژینا ئەمینی شکێندراوە.

لە دوای قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینی، هەتا ئێستا بە دەیان جار خەڵکی ئازادیخواز لەسەر گڵکۆی ناوبراو کۆ بوونەتەوە و خۆپیشاندانیان دژی ڕێژیمی ئێران وەڕێ خستووە، ئەمەش وای کردووە کە ڕێژیم بۆ تێکدانی گڵکۆی ژینا پیلان دابڕێژێت. هاوکات لەگەڵ ئەم هەوڵە نەزۆکە لە ئێستادا کۆماری ئیسلامی لەوپەڕی ڕووهەڵماڵراویدا پێوەندی بە بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژیناوە دەکات و دەیهەوێت خوێنی لاوانی شەهید بە بنەماڵەکانیان بفرۆشێتەوە.

ماڵپەڕی کوردستان میدیا لەمبارەوە ئاشکرای کردووە پاش ئەوەیکە دەیان لاوی نارازی کە لە شۆڕشی ژینادا لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە بە تەقەی ڕاستەوخۆ یان لە زیندانەکاندا لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید کران و ئەمە بووەتە پەڵەیەکی ڕەشی دیکە بە نێوچاوانی ڕێژیمەوە، ئێستە دەیهەوێت خوێنی ئەو شەهیدانە بە بنەماڵەکانیان بفرۆشێتەوە و بنەماڵەکانیان بێدەنگ بکات، بەڵام بنەماڵەی شەهیدان بەوە ڕازی نابن و داوای سزای بکوژانی ڕۆڵەکانیان

دەکەن.

لەو پێوەندەییەدا دایکی شەهید محەممەد ئەمینی کە ڕێکەوتی ١٦ی ڕەزبەری ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە لە شەقامی کارگەر لە سنە لە کۆڵانی خۆیاندا شەهید کرا، لە گرتە ڤیدیۆیەکدا باس لەوە دەکات: سەبارەت بە خوێنی بەناحەق ڕژاوی کوڕەکەمان سکاڵامان تۆمار کردووە و دۆسییەکەمان دراوە بە دادگای نیزامی کە هیچکەس وڵامدەر نین.

ناوبراو دەڵێت: "لە فەرمانداررییەوە پێوەندییان پێوە گرتووین کە وەرن پارەی خوێنی کوڕەکەتان وەربگرن، بەڵام قەبووڵم نەکردووە و بە هیچ شتێک ڕازی نابم، تەنیا دەبێ بکوژی کوڕەکەم بدۆزرێتەوە و سزا بدرێت".

ئەم دوو نموونە دەرخەری ئەو ڕاستی و کەتوارەن کە ئاماژەمان پێکرد؛ واتە پاش ئەوەیکە خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕش، ئیزنیان نەدا کۆماری ئیسلامی تەرمی ڕۆڵەکانیان برفێنێت و بە نهێنی بیانێژێ و بێدەنگی زاڵ بێ بەسەر ئەم جینایەتانەدا دەبینین کە ناوە بە ناوە و لە بۆنەی جۆراوجۆری وەک ساڵرۆژی لەدایکبوونی شەهیدەکان خەڵکی کوردستان لەسەر گڵکۆکەیان کۆ دەبنەوە و پەیمان و بەڵێن لەگەڵ ڕێ و ڕێبازی شەهیدان نوێ دەکەنەوە کە ئەمە بووەتە هۆکارێکی بەهێز بۆ زیندوومانەوەی شۆڕش و سازکردنی ئیرادەیەکی گشتی لە نێو کۆمەڵگا کە تێیدا ئەرک بۆ خەڵک دیاری دەکات؛ ئەرک لە پێناو بەردەوامبوون و کۆڵنەدان، ئەرک بۆ بەئامانجگەیاندنی شۆڕشێک کە هاوڕێ و هاوڕێباز و هاووڵاتییەکانیان ئامادە بوون خوێن و گیانی خۆیانی پێشکەش بکەن. هەر ئەم گیانی یەکبوون و یەکگوتارییەشە کە ترس و دڵەڕاوکێیەکی وەهای خستۆتە دڵی دوژمنەوە کە کرداری وەک تێکدانی گڵکۆی شەهیدەکان ئەنجام بدات یان ئامادە بێت دیسانەوە سنوورە ئەخلاقییەکان ببەزێنێت و پێشنیاری پارە بدات بۆ وازهێنانی بنەماڵەکان لە داواکانیان لەمەڕ بەسزاگەیاندنی بکوژان؛ کەواتە ئەوەیکە لێرەدا گرینگە جەختی لێ بکرێتەوە لەڕاستیدا بەتەنیا نەهێشتنەوەی بنەماڵەی شەهیدەکانمانە و وەک چۆن تا ئێستەش سەلماندوومانە نابێ بهێڵین ڕێژیم سەودا بە خوێنی بەناحەقڕژاوی ڕۆڵەکانمانەوە بکات.

١٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# بەرپرسێکی حیزبی و وتارێکی بانحیزبی



د. محەممەد حوسێنزادە

## بەرپرسێکی حیزبی و وتارێکی بانحیزبی

### گرێبەستی نەتەوەیی و بەرژوەندییە نیشتمانییەکان

مستەفا هێجری بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات لە میانەی کۆنفرانسێکی دووڕۆژەدا لەژێر ناوی "پەیماننامەی لۆزان دوای سەد ساڵ" کە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٦ی جۆزەردان لە شاری لۆزانی وڵاتی سویس دەستی پێکرد، وێڕای ئاماژەدان بەوەی کە بۆ باسکردن لە پەیمانی لۆزان پێویستە سەرەتا قسە لەسەر پەیمانی سیڤەر بکرێت کە تێیدا وەک زۆربەی ڕێککەوتن و پەیمانەکان جارێکی دیکە چارەنووسی نەتەوەی کورد کەوتە دەستی "غەیرە کورد"، وتی ئەو پەیمانە دەستپێکی دابەشکردنی تراژیک و خەمهێنەری کوردستان بەبێ لەبەرچاوگرتنی خواست و بەرژوەندییەکانی کورد و تەنیا بەپێی قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بوو. بە وتەی هێجری لە پەیمانی سیڤەردا نەک هەر کوردستان بە کردە دابەش کرا، تەنانەت بۆ ئەو بەشەی کوردستانیش کە بە ڕەواڵەت مافی دیاریکردنی چارەنووسی لەژێر ناوی ئۆتۆنۆمی



سەرچاوە
Serchawe

نێوخۆییدا پێدرابوو، هیچ میکانیزمێک دیاری نەکرا و دواجار هەر خۆیان حاشایان لە مافی کورد کرد. ئەوە لە کاتێکدایە کە لەو سەردەمەدا هەم وڵاتانی ئەورووپی و هەم ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک زلهێزی جیهان نەک هەر ئەرکی پشتیوانیکردن لە هەندێ لە نەتەوەکانیان - ئەرمنستان وەک نموونە- لەئەستۆ گرت و بۆ دامەزراندنی دەوڵەت یارمەتییان دان، بەڵکو دەوڵەتی تورکیەشیان ناچار کرد دان بەو سەربەخۆییەدا بنێت و تەنانەت بەڵێنیان دا دادگایەک بۆ لێپرسینەوە لەو کەسانە پێک بهێنن کە دەستیان لە کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکاندا هەبووە. بە خوێندنەوەی هێجری کۆنفرانسی لۆزان خاڵی کۆتایی ئەو پرۆسەیە و دوا وێستگەی چەسپاندنی نادادپەروەری بەرامبەر کورد بوو.

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەری حیزبی دێموکرات هەر لەو لێدوانەدا باس لەوە دەکات کە ئێمە نابێ تەنیا بە بەڕێوەبردنی کونفرانسەکان و باسکردن لە پەیماننامەکان و ئاماژەدان بە رۆڵی وڵاتانی زلهێز لە بێبەشکردنی کورد لە مافی خۆی و جەختکردنەوەی ماوە ماوە لە مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک مافێک کە لە بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکاندا دانی پێدا نراوە و بەگشتی تەنیا سەبارەت بەو ستەمەی بەرامبەر نەتەوەی کورد کراوە قسە بکەین، بەڵکو دەبێ هەم بە چاوێکی ڕەخنەگرانە سەیری خۆماشمان بکەین و وشیارانە بە خۆماندا و بە مێژووماندا بچینەوە و هەم باس لە هەڵەکانمان بکەین کە چۆن ئەو هەلەمان ڕەخساندووە کە دەوڵەتانی بڕیاربەدەست چارەنووسی ئێمە بەدەستەوە بگرن و لە چنگی خۆمانی دەربێنن. ئەوە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە و وەک خۆی دەڵێت هۆکارەکەی ئەوەیە کە چەندە ئەو دەوڵەتانە بە نیسبەت پرسی کورد خراپ مامەڵەیان کردووە، خودی کوردیش شتێکیان کەمتر لەوان نەبووە. هێجری دەڵێت پێویستە بە کردەش هەندێ هەنگاو هەڵبگرین؛ بۆ نموونە، پێویستە هەوڵ بۆ ئامادەکردنی "گرێبەستێکی نەتەوەیی" و "دیاریکردنی هێڵی سووری نەتەوەیی" بدەین. هەروەها واز لە دابەشکردنی کۆمەڵگە بێنین و خۆمان وەک هێزێکی شیاوی گفتوگۆ و مامەڵە و سیاسەتکردن لەگەڵ وڵاتان و باقی ئەکتەرە سیاسییەکان دەربخەین کە یەکڕیزی و یەکگرتوویی مەرج و فاکتەری یەکەمی ئەو بەهێزبوونەیە. ئەمە ڕێگایەکیشە بۆ ڕێگریکردن لە دەستێوەردانی باقی ئەکتەرەکان لە کاروباری نێوخۆیی نەتەوەی کورد.

هێجری لە وتارەکەیدا باس لە چەند خاڵی دیکەش دەکات کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە ئێستادا بەرپرسیاریەتی حیزبێکی خاوەن جێگە و پێگەی بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لەئەستۆیە، شایانی سەرنجپێدان و ئاوڕلێدانەوەن. بۆ نموونە، هێجری باس لە کاریگەری نەرێنی شەڕی نێوخۆیی ڕابردووی نێوان کۆمەڵە و دێموکرات لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان و بێهیوایی خەڵک دەکات. هەروەها لەکۆتایی باسەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئێمە ئەگەر ڕووڕاستین و بەڕاستی بۆ ڕزگاری خاک و گەل خەبات دەکەین. پێویستە بیر لە "بەرژەوندییە نیشتمانییەکان" بکەینەوە و خۆمان لە "قازانج و بەرژەوندی تەسکی حیزبایەتی و عەشیرەتی" ڕزگار بکەین.

مـن ئەو وتـارە وەک وتـارێکی بـانحیزبی سـەیر دەکەم و لەو بـڕوایەدام هەم دەرخەری هەنـدێ گۆڕانکـاری لە شـێوازی بیرکـردنەوەی هەنـدێ لە بەرپرسـانی حیـزبییە کە کـاریگەری وێژمـان و گوتـاری دەرەوەی حیزبەکانیـانی پیـوە دیـارە و هەم شیاوی لاکردنەوە و بایەخپێدانن، پێم وایە هەموو ئەو کەسانەش "ڕووناکبیری" بە بە پێوەری "ڕەتکردنەوەی سەرتاپای حیزبەکان" ناپێون، پێشوازی لەو گوتـارە دەکەن. من لەم کورتە نووسراوەدا و لەنێو ئەو خـاڵانەدا کە لەسـەرەوە ئامـاژەم پێکردن، هەوڵ دەدەم زۆر بە کورتی باسێک لەسەر "گرێبەستی نەتەوەیی" و "دیـاریکردنی هێڵە سوورەکان" و جەختکـردنەوە لە "بەرژوەندییە نیشتمانییەکان" و تێپەڕین لە بەرژوەنـدییە تەسکە حیزبـی و عەشیرەییەکان" بکەم کە بە سەرباسگەلێکی گرنگیان دەزانم و هاوکات پێموایە بابەتگەلێکی پێکەوەگرێدراون،

بە پـێچەوانەی هەنـدێک کە پێیـان وایە دەسـتەواژەی "بەرژوەنـدییە نیشـتمانییەکان" تەنیـا تـایبەتە بە بـواری سیاسـەتی نێونەتەوەیی و بۆ شیکاری سیاسەتی نێوان دەوڵەتان کەڵکی لێ وەردەگیرێت، بەبڕوای من ئەوە چەمکێکی گشتگیرە کە هەم نەتەوە خاوەندەوڵەتەکـان و هەم نەتەوە بێبەشـکراوەکان لە مـافی دیـاریکردنی چـارەنووس لە چوارچێـوەی دەوڵەتـدا دەگرێتەوە. لەم ڕوانگەوە، وەک چۆن وڵاتانی خاوەن دامەزراوەی دەوڵەت بەرژوەندی نیشتمانی تایبەت بە خۆیان هەیە و بۆ دابینکردنی ئەو بەرژوەندیانەش پێویستییان بە گرێبەستی کۆمەڵایەتی هەیە، نەتەوە بێ دەوڵەتەکـانیش بە هەمـان شێوە خـاوەن بەرژوەنـدی نیشـتمانین و پێویسـتییان بە گرێبەسـتێکی نەتەوەیـی هەیە. سـەرنج بـدەن لەمەیانـدا بەئەنقەسـت "گرێبەستی نەتەوەیی" بەکـار دەهێنم. هۆکـارەکەی بـۆ دۆخـی جیـاوازی نەتەوە بێدەوڵەتەکـان و نەتەوە خاوەندەوڵەتەکـان دەگەڕێتەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر پێویستە بڵێم کە لەبنەڕەتدا گرێبەستی کۆمەڵایەتی تیۆرییەکی فەلسەفییە کە لانیکەم بە خوێنـدنەوەی "هـابز"، "لاک" و "ڕۆسـۆ" بنەمـای دامەزرانـی دەوڵەت و ڕەواییـدان بە حکـومەتە. لێـرەدا مەبەسـت لە دامەزراندنی دەوڵەت هەوڵی مرۆڤەکانە بۆ چاوپۆشیکردن لە هەندێ بەرژوەنـدی تـاکەکەسی بەمەبستی دانـانی دەسەڵاتێکی سەروەر لەسەرەوەی خۆیانەوە کە دەبێتە هۆی مانەوە و ئاسایشی هەمووان. ئەگەر هەر ئەمە بـوایەت گرێبەستی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەو گرێبەستە نەتەوەییە کە ئێمە وەک کورد لە زەینماندایە و لێرەدا باسـی لێدەکەم هەر یەک واتـای دەبـوو. بەڵام کێشە ئەوەیە هەندێ جار کاتێک باس لە گرێبەستی کۆمەڵایەتی دەکرێت، ئامـاژەیە بـۆ چۆنیەتی مـامەڵەکردنی دانیشـتوانی وڵاتێک لەگەڵ حکومەت. ئەم پێناسـەیە لە گرێبەسـتی کـۆمەڵایەتی لەبەرئەوەی کە تەرکیـز لەسـەر چـۆنێتی مـامەڵەکردنی هاووڵاتییان و حکومەت دوای دامەزرانی دەوڵەت دەکاتەوە، ڕەنگە بۆ نەتەوەی کورد کە هێشـتا خـاوەن دەوڵەتـی تـایبەت بە خۆی نییە، گونجاو نەبێت؛ بۆیە دەستەواژەی "گرێبەستی نەتەوەیی" چەمکێکی گونجاوترە کە دەتوانێت لەگەڵ قۆنـاغی پـێش ڕزگاری و دامەزراندنی دەوڵەت/حکومەت بێتەوە.

بەڵام گرێبەستی نەتەوەیی ئەگەر بەمانای دیاریکردن و دەستنیشانکردنی هەندێ خاڵ و پرەنسیپ بێت کە لانیکەم زۆرینەی

(ئەگەر نەڵێین هەموو) ئەندامانی کۆمەڵگەی کوردی و هەروەها حیزب و لایەنە سیاسییەکان لەسەریان کۆک بن و وەک پرەنسیپگەلێکی پیرۆز لە دەوریان کۆ ببنەوە، سەرەتا پێویستی بە پێناسەکردن و دیاریکردنی بەرژوەندییە نیشتمانییەکان هەیە. دەتوانم بڵێم گرێبەستی نەتەوەیی هەمان ڕەنگدانەوەی بەرژوەندییە نیشتمانییەکانە. چونکە بڕیار وایە ئەو گرێبەستە پێناسەی بەرژوەندییە نیشتمانییەکان لەخۆ بگرێت و هێڵە سوورەکان دیاری بکات، ئەگینا مانایەکی نییە. هەر بۆیە پێشتر ئاماژەم کرد بەرژوەندییە نیشتمانییەکان و دیاریکردنی هێڵە سوورەکان و بەرژوەندییە نیشتمانییەکان بابەتگەلێکی پێکەوەگرێدراون. لەم ڕووەوە، جێگای خۆشحاڵییە ئەگەر بەرپرسانی حیزب و لایەنەکان زیاتر ئاوڕ لەم چەمکانە بدەنەوە و جەخت لەسەر گرنگی ئەم بابەتانە بکەنەوە. بەڵام گرنگتر لەوە کردە و هەوڵدانی پراکتیکییە بۆ پێناسەکردن و پاشان سیاسەتکردن لە چوارچێوەی ئەو بەرژوەندیانەدا. وەک خودی مستەفا هێجریش دەڵێت، نابێ هەموو شتێک بە کونفرانسێک کۆتایی بێت.

پێشتر (ساڵی ٢٠١٩) لە وتارێکدا کە لەژێر ناوی "تراژیدیای سیاسەتی کوردی: ونبوونی بەرژوەندی نەتەوەیی" لە ماڵپەڕی "وێژمان" بڵاو کراوەتەوە، بزربوونی بەرژوەندییە نیشتمانییەکانم وەک تراژیدیای سیاسەتی کوردی ناو بردووە. چونکە بەرژوەندی نیشتمانی گەوهەر و جەوهەری سیاسەتە. هەموو نەتەوەکان خاوەن بەرژوەندی تایبەت بە خۆیانن و لە جیهانی ئەمڕۆدا ناکرێت باس لە نەتەوە بکەیت بەڵام پرسیار لە بەرژوەندی و ئامانج و هەروەها ستراتیژی و تاکتیکی گەیشتن بەو ئامانجانە نەکەیت. تەنانەت، بۆ ئەوەی لە سیاسەتی نێوان نەتەوەکان تێ بگەین، پێویستە لە بەرژوەندییەکانیان تێبگەین. مەبەست لە داڕشتنی هەر جۆرە دەستپێشخەری، بەرنامە و ستراتیژییەک و هەر لەم چوارچێوەیەدا مەبەست لە گرێبەستی نەتەوەییش دەستەبەرکردنی بەرژوەندییە نیشتمانییەکانە. ئەمە ئاساییە، چونکە بەرژوەندییە نیشتمانییەکان ئەوەندە گرنگ و پڕبایەخن کە هەموو سیاسەتوانان و دەسەڵاتداران و بەرپرسانی باڵای وڵاتان یا حیزب و لایەنەکان ئیدیعای ئەوە دەکەن کە لە چوارچێوەی ئەو بەرژوەندیانەدا سیاسەت دەکەن؛ هەوڵیش دەدەن بە گەڕانەوە بۆ ئەو بەرژوەندیانەوە پاساو بۆ هەڵوێست و بڕیارەکانیان بێننەوە.

ڕاستە ئێمە نەتەوەین، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە هەتاکو ئێستاش نەمانتوانیوە بەرژوەندییە نیشتمانییەکانی کوردستان پێناسە و دەستنیشان بکەین. هەر ئەمەش وای کردووە کە سیاسەتی کوردی سیاسەتێکی لێڵ، ناڕوون، ئاڵۆز، سەرگەردان و بگرە بێئامانج دەرکەوێت. ئەمە دۆخێکی ئاساییە چونکە وەک دەڵێن بەرژوەندییە نیشتمانییەکان چرای ڕوونکەرەوە و ڕێنوێنی سیاسەتن و کاتێک بەرژوەندییەکان بەڕوونی دەستنیشان نەکرێن، دیاریکردنی ئامانج و مەبەستەکانیش زەحمەتە. هەر نەتەوەیەک ئەو ڕێنوێنەی نەبوو، سیاسەتی ڕوون نییە و هیچ سیاسەتوانێک نازانێت چ ڕێگایەک بپێوێت و چ سیاسەتێکی درێژخایەن بگرێتە بەر. هەڵبەت ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە بەرژەوەندی تایبەت بە خۆمان (بەرژوەندی

کوردستان) نییە، بەڵکو کێشە لە پێناسەکردن و دیاریکردنی یەکەمێتییەکانە. هەروەها حاشاش لەوە ناکرێت کە هەر لایەنێک بە دید و پێوەری خۆی بەرژەوندییەکانی پێناسە کردووە. بەڵام یەکێک لە سەرەکیترین کێشەکان ڕەنگە هەر پێناسەی زۆروزەبەند لەو بەرژەوندیانە بێت. بەرژەوندی کاتێک نیشتمانییە کە کۆدەنگی زۆرینەی ئەندامانی لەسەر بێت.

بەهەر حاڵ، ئەوەی کە ئێمە وەک گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت هێشتا نەمانتوانیوە لانیکەم بەرامبەر پرسی داگیرکاریی وڵاتمان و شێوازی کۆتاییهێنان بەو ڕەوتە لەسەر یەکێک لە فورمەکانی جێبەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس یەکلا بینەوە و هەر تاقم و لایەن و دەستە و گرووپ و حیزبێک دوورگەیەکی تایبەتمان لەژێر ناوی "دەوڵەتخوازی"، "فیدراڵخوازی"، "خودموختاریخوازی"، "برایەتی گەلان"، "خۆبەڕێوەبەری"، "شۆڕشی جیهانی"، "شۆڕشی مرۆیی" و "ئومەتی ئیسلامی" و "ڕێفورم لە دەوڵەتانی داگیرکەر" پێک هێناوە و هەر لایەنێک ڕێگەچارە و فۆرمەکەی خۆی بە پیرۆز و شاکلیلی چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەزانێت، مانای وایە کە شتێک بەناوی بەرژەوندی نیشتمانی کە بتوانێت لانیکەم هەمووان لە دەور یەک کۆ بکاتەوە و وەک گرێبەستێکی نەتەوەیی (نووسراوەیەکی پیرۆز و قورئانێکی کوردی) بتوانێت هەموو لایەنەکان پێکەوە گرێ بداتەوە لە ئارادا نییە.

وەک لە پێشەکیدا وتم، هێجری لە لێدوانەکەیدا ئاماژە بەو خاڵەش دەکات کە پێویستە ئێمە خۆمان بەهێز بکەین و یەکگرتوویی بە فاکتەری سەرەکی بەهێزبوون دەزانێت. ئەگەر هێز وەک بەرژەوندی نیشتمانی پێناسە بکەین، بەوجۆرەی هەندێ لە ڕیالیستەکان دەیکەن، ئەمە بەو واتایە دێت کە یەکەم هەنگاوی پێناسەکردنی بەرژەوندی نەتەوەییش هاوکاری و یەکانگیرییە؛ هەمان ئەو شتەی کە بە خوشحاڵییەوە لە کوردستان زۆر باسی لێ دەکرێت، بەڵام بەداخەوە وەک پێویست هەوڵی بۆ نادرێت. ئەوە لە حاڵێکدایە کە هاوکاری و یەکڕیزی و یەکانگیری هەم تێگەیشتنە لە بەرژەوندییە نیشتمانییەکان و هەم دەروازەی دارشتنی گرێبەستێکی نەتەوەیی. ئێمە وەک نەتەوەی کورد مادام هێشتا خاوەن دەوڵەتی تایبەت بە خۆمان نین کە وەک ڕیالیستەکان دەڵێن خاوەن بەرژەوندی بەرچاو و هەستپێکراوی تایبەت بە خۆمان بین، لانیکەم دەتوانین بە هاوکاری و یەکڕیزیی و بە کەڵکوەرگرتن لە ڕوانگە و تیۆرییە کلتوورتەوەرەکان وەک کانستراکتیڤیزم لە سیاسەتدا ناسنامەی نیشتمانی خۆمان بکەینە بناغەی پێناسەکردن و دیاریکردنی سەرەکیترین بەرژەوندییەکانمان. وەک پێشتر لە وتارێکدا لە ژێر ناوی" کوردستان بیناذهنی: هویت، نقش و کنش ضد اشغالگری" ئاماژەم پێداوە ناسنامە کە لەسەر بناغەی ئایدیاکان، کلتوور و شێوازی لێڕوانین و بیرکردنەوە لە جیهانی دەوروبەر دانراوە، سەرچاوەی پێناسەکردنی بەرژەوندییەکانە. بەکورتی و بەروونی بەرژەوندییەکان هەڵقوڵاوی ناسنامەن. ناسنامەی نیشتمانی بەرژەوندییە نیشتمانییەکانی هەر نەتەوەیەک دیاری دەکات. بەرژەوندییە نیشتمانییەکانیش وا دەکەن ئەو نەتەوە ڕۆڵێکی تایبەت لە جیهاندا بگێڕێت و ڕەفتاری گونجاو لەگەڵ ئەو ڕۆڵە بگرێتە بەر. فورمولەکە بەو جۆرەیە کە هەر نەتەوەیەک بزانێت کێیە (چێکردنی ناسنامەی نیشتمانی)، دەزانێت چیشی دەوێت (ناوەڕۆکی بەرژەوندییە نیشتمانییەکان) و ئەو بەرژەوندیانە پێگەی

دیاری دەکەن (ئەو ڕۆڵەی دەبێ لە جیهاندا بیگێڕیت) و ناچارە بەپێی ئەو پێگەیە لەگەڵ جیهانی دەرەوە مامەڵە بکات (ڕەفتاری سیاسی). بۆ نموونە نەتەوەیەکی ئیسلامی، نەتەوەیەکی کریستیانی لیبراڵ و نەتەوەیەکی سوسیالی سکولار یان لائیک، لەبەر ئەوەی کە ناسنامەکانیان پێکەوە جیاوازن، بەرژەوەندییەکانیشیان جیاوازن. ئەوە نەتەوە باڵادەست و ژێردەستەکانیش دەگرێتەوە. هەر بۆیە ئامانج، یەکەمێتی و هەروەها دۆست و دوژمنەکانیشیان بەپێی ئەو بەرژەوەندیانە جیاوازن.

نەتەوەی کوردیش بەدەر لەو یاسا و پرەنسیپە نییە. دەزانین کە زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگەی کوردستان لە پرۆسەی پێناسەکردنی خۆیاندا، بەردەوام خۆیان وەک نەتەوەیەکی قوربانیی سیاسەتی داگیرکەران پێناسە دەکەن کە ساڵانێکی زۆرە لە مافی خۆیان بێبەش کراون و وڵاتەکەیان بووەتە ئامانجی پەلامار و هێرش و خۆیان بوونەتە ژێردەستەی داگیرکەران. ئەم وێناکردنە، واتە پێناسەی کورد وەک "نەتەوەیەکی بێ کیان و دەسەڵات کە نیشتمانی داگیرکراوە" یەکێکە لە فاکتەرەکانی پێناسەی "خۆ" و جیاکردنەوەی لە "ئەوانی تر" و چێکردنی ناسنامە نیشتمانی. بەپێی ئەم پێناسەیە لە ناسنامە، بەرژەوەندی کورد لە "ڕزگاری لە ستەمی نەتەوەیی و کۆتاییهێنان بە داگیرکاری" خۆی دەبینێتەوە. هەر بەم پێیە نەتەوەی کورد ڕۆڵی دژەداگیرکەر لە جیهاندا دەگێڕێت. ڕۆڵی دژەداگیرکەریش هەندێ ڕەفتار و هەڵسوکەوتی بەدوادا دێت کە خۆی لە بەرخۆدان و خەباتی ڕزگاریخوازانەدا دەرنوێنێت. هەر بۆیە دەبینین نەتەوەی کورد و حیزبە سیاسییەکان دەیان ساڵە بە شێوازی جۆراوجۆر لە خەباتی ڕزگاریخوازانە بەردەوامن و بە هەزاران شەهید و قوربانییان لەوپێناوەدا داوە. بەڵام کێشە گەورەکە ئەوە بووە کە زۆر جار بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان تێکەڵ بە بەرژەوەندییە بەرتەسکە حیزبی و خێڵەکییەکان کراون. هەندێ جاریش ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان بوونەتە هۆی دابەشبوون و لێکترازان و تەنانەت پێکدادانی لایەنە کوردییەکان و ئەوەش -وەک هێجری دانی پێدا دەنێت- بێهیوایی خەڵکی لێ کەوتووەتەوە. ئەم جیاوازییە وای کردووە کە وەک پێشتر وتم تەنانەت لەسەر دەستنیشانکردنی فۆرمێک لە فورمەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک مودێلێکی ڕزگاری و ئامانجێکی خەبات بەرامبەر داگیرکەران کۆک و کۆدەنگ نەبن. هەر بۆیە هەرچەندە نەتەوەی کورد لە خەبات دژی داگیرکەران بەمەبەستی جێبەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بەردەوام بووە، بەڵام بەهۆی جیاوازی بیروبۆچوون سەبارەت بە ناوەرۆکی ئەو مافە و تەنانەت شێوازی خەبات لە دژی داگیرکەر، خەباتەکەی بەو شیوەیە کە چاوەڕوان دەکرێت دەستکەوتی نەبووە، سەرەڕای ئەوەی کە لانیکەم دووبەش لە کوردستان (باشوور و ڕۆژاوا) تا ڕادەیەکی زۆر لە ستەمی نەتەوەیی و هەیمەنەی داگیرکەر ڕزگاریان بووە.

مادام "نەتەوەی کورد خۆی و نیشتمانی بە داگیرکراو پێناسە دەکات و بەرژەوەندی خۆی لە ڕزگاری نیشتمان و ئازادی دانیشتوانی کوردستاندا دەبینێتەوە و بۆ ئەو مەبەستە ڕۆڵی دژەداگیرکەری لە جیهانی ڕاستەقینەدا وەئەستۆ گرتووە و لەو



سەرچاوە
Serchawe

جۆزەردانی ٢٧٢٣

پێناوەدا تێکۆشان و خەباتی ڕزگاریخوازانەی وەک ڕەفتارێکی سیاسی لەخۆی نواندووە، پێویستە لانیکەم لە نێو زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگە و هێز و لایەنە سیاسییەکان پێناسەیەکی ڕوون لەو چەمکانە هەبێت و کۆدەنگییەک هەبێت سەبارەت بەوەی کە کوردستان کوێیە و سنوورەکانی کامانەن؟ داگیرکار کێیە و سیاسەتەکانی چین و چۆن دەبێ بەرەنگاریان ببینەوە؟ هێزی دژە داگیرکەر کامەیە و تایبەتمەندی و پێوەرەکانی کامانەن؟ خەباتی ڕزگاریخوازانە چییە؟ مەبەست لە مافی دیاریکردنی چارەنووس چییە و گونجاوترین مودێلی جێبەجێکردنی ئەو مافە کامەیە؟ پەیهاتەکانی لادان لەو پێوەر و پێناسە هاوبەشانە کە کۆدەنگی نیشتمانییان لەسەرە چین؟ هەموو ئەمانە پێویستن چونکە ئەو نەتەوانەی کە توانای ئەوەیان هەبووە چارەنووسی خۆیان بەدەستەوە بگرن و سەرکەوتوو بن، ئەوانەن کە پێشتر توانیویانە بەرژەوەندییەکانیان، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و بەڕوونی پێناسە بکەن.

لەم سۆنگەوە، دەبێ پێشوازی لەو بەرپرسە حیزبییانە بکرێت کە باس لە تێپەڕین لە بەرژەوەندییە حیزبی و خێڵییەکان و گرنگیپێدانی زیاتر بە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان دەکەن و هەبوونی پەیمان یان گرێبەستێکی نەتەوەیی کە ئامانج و یەکەمێتی و هێڵە سوورە نەتەوەییەکان دیاری بکات، بە پێویست دەزانن. لانیکەمی قازانجی پێناسەکردن و دیاریکردنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان ئەوەیە کە ئەندامانی کۆمەڵگە پێوەرێکیان بەدەستەوەیە بۆ هەڵسەنگاندنی چالاکی و ڕەفتار و کردەوە و بە گشتی چاکی و خراپی سیاسەتوانان و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان. بەڵام لە نەبوونی ئەو پێناسەیەدا نە دەرفەت بۆ گرێبەستی کۆمەڵایەتی هەیە و نە بۆ هەڵسەنگاندنی کردە و سیاسەتەکان. هۆکارەکەی سادەیە: لە نەبوونی پێناسەیەکی ڕوون بۆ ئەو بەرژەوەندیانە نە دەزانین چین؟ نە دەزانین ڕۆڵ و ئەرکی ئەندامان، سیاسەتوانان و هێزە سیاسییەکان بەرامبەر "یەکتر" و بەرامبەر "کوردستان" و بەرامبەر "داگیرکەران" و "ئەوانی"تر" چییە و نە پیوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەفتارەکان بەدەستەوەیە. ئەنجامی ئەمەش "هەر کەس بۆ خۆی"یە کە دەتوانم بڵێم سیاسەتی ئێستای کورد جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەو دۆخە نییە. هەموو شتێک گرێدراوی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان و گرێبەستێکی نەتەوەیی بۆ چۆنیەتی دابینکردنی ئەو بەرژەوەندیانەیە. لە کۆتاییدا سیاسەت واتە بەرژەوەندی! بۆیە هەر کەس لە هەر پێگەیەکەوە گرنگی بەو چەمکانە بدات، دەبێ پێشوازی لێ بکرێت.

١٤ی جۆزەردانی ٢٧٢٣

# شەڕ وەک نیعمەتێک بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران



سمایل شەرەفی

لەشکرکێشییەکانی حکوومەتی تاڵبان لە ئەفغانستان بۆ سنورەکانی لە گەڵ ئێران و هاوکات جووڵەی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ شار و ناوچەکانی کوردستان، باس و خواسی جۆراوجۆری لێ کەوتۆتەوە. هی یەکەمیان بە ڕواڵەت پێوەندی بە کێشە و ناکۆکیی دوو وڵات لە سەر ئاوی ڕووباری هیرمەندەوە هەیە کە تاڵبان ئیدیعا دەکات بە هۆی ویشکەساڵی و بێبارانییەوە، ناتوانێ ئاودیوی سنوورەکانی ئێران بێت و کۆماری ئیسلامیش پێی وایە کە تاڵبان کەڵەوەکێشی دەکات و بە ئەنقەست هیرمەندی گرتۆتەوە. لەشکرکێشییەکانی سەر کوردستانیش لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە پێوەندیی دەدرێت بە بوونی حیزبە کوردییەکان و هەڕەشەیان بۆ سەر ئەمنیەت و ئاسایشی سەر سنوورەکان.!!

ئەوەندەی پێوەندی بە کێشەی ئاوی هێرمەند و ئاڵۆزییەکانی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران لەگەڵ ئەفغانستانەوە هەیە، هەر دوو وڵات بە پێی ئەو ڕێکەوت و پرۆتۆکۆڵانەی لە سەر چۆنیەتی کەڵک وەرگرتنی هەر دوو وڵات لە هیرمەند لە

نێوانیاندا هەیە، زۆر بە ئاسانی دەکرا و دەکرێ بەدواداچوونی بۆ بکرێ و چارەسەر بکرێ. بەڵام ئەوەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و لەسەروو هەمووانەوە ڕەئیسی، سەرکۆماری ڕێژیم بە هەڕەشە و گوڕەشە و زمانی زبرەوە هاتنە سەر خەت و تاڵبانەکانیش بە گاڵتە و هەڕەشەوە وڵامی لێدوانی ئێرانییەکانیان دایەوە، دەرکەوت کە لانیکەم کۆماری ئیسلامی نەتەنیا بە دوای چارەسەردا ناگەڕێ، بەڵکوو بە هێندێک مەرام و مەبەستی دیکە کە ئاماژەیان پێ دەکەین، لە شەڕ و ئالۆزی دەگەڕێ.

لە پێوەندی لەگەڵ لەشکرکێشییەکانی بۆ کوردستان کە بە کردەوە کوردستانی کردۆتە پادگان و میلیتاریزەی کردوە، ئیدیعای پاراستنی ئەمنیەتی سنوورەکانی لە گەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان و هەڕەشەکردنی لە حیزبەکانی کوردستان، جیا لە بیانوو و پاساو بۆ ئەم لەشکرکێشییە و ترسی لە بابەتێکی دیکە، شتێکی دیکە نیە. هەموو لایەک و خودی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش باش دەزانن و ئاگادارن کە لانیکەم لە جەریان شۆڕشی ژینادا، حیزبەکانی کوردستان نەتەنیا چووکەترین جووڵەی چەکدارییان نەبووە، بەڵکوو ڕاست لە پیناو پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی ڕێژیمدا داوایان لە خەڵک ئەوە بووە کە خۆ لە توندوتیژی بپارێزن و بە شێوازێکی هێمنانە و مەدەنی و جەماوەری، درێژە بە شۆڕش و نارەزایەتییەکانیان بدەن.
کەوابوو ئالۆزیی‌نانەوەی ڕێژیم لە سنوورەکان و لێدانی کەڕەنای شەڕ نە بۆ داکۆکیکردن لە مافی خەڵکی سیستان و بەلوچستانە کە بە هۆی نەهاتنی ئاوی هیرمەندەوە زەرەرمەندی سەرەکین و نە پاراستنی ئەمنیەتی سنوورەکانی ڕۆژئاوای وڵاتە، بەڵکوو مەسەلەکە شۆڕشێکی پێکهاتەشکێن و لێبڕاوە کە ئامانجە سەرەتاییەکەی، ڕوخان و تێکەوەپێچانی ئەم ڕێژیمەیە لە تەواویەتی خۆیدا.

کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی کە چەخماخەکەی لە کوردستان لێ دراو و تەواوی ئێرانی گرتەوە و بەلوچستان بوو بە نمادی بەردەوامیی ئەم شۆڕشە، پەنای بۆ هەموو پیلان و پاساوێک برد. لە بە تەجزییەتەڵەب ناوهێنانی حیزبەکانی کوردستان کە هێرشی مووشەکی کردنە سەر تا بەستنەوەی شۆڕشەکە بە پیلانگێڕیی دەرەکی. بەڵام وەک دەرکەوت هیچ کام لەم پیلانانە سەری نەگرت و پێوەندیی نێوان گەلانی ئێران لەم چەند مانگەدا پتر لە جاران پتەویی و یەکگرتویی بەخۆوە بینی.

بە پێی ئیدئۆلۆژییەک کە خودی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لەسەر دامەزراوە، تەنیا "نێعمەتی شەڕ" و قەیرانخوڵقێنی و ئاژاوە نانەوەیە کە بە مێشک و بیرکردنەوەی کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمەدا دێت بۆ دارشتنی نەخشە ڕێگایەک بۆ خۆ دەربازکردن لەو قەیران و کێشانەی کە تێی دەکەون. بۆیە لە شەرایەتی ئێستادا ئەوەی دەتوانێ ببێتە هۆکاری دەستئاوەڵەیی ئەم ڕێژیمە لە گرتنە پێشی بەرخودی سەخت لەگەڵ شۆڕشگێڕانی سەر شەقامەکان و شەڕ لە گەڵ شۆڕشی

ژینا، نانەوەی شەڕ و ئالۆزی و قەیرانێکی دیکەیە.

کاربەدەستانی ڕێژیم و بێشەرمتر لە هەمووان، عەبدوڵاهییان، وەزیری کاروباری دەرەوەی ڕێژیم، لە سەر کێشەی ئاوی هیرمەند ئیدیعا دەکات کە ئەوان ناتوانن لە مافی خەڵکی سیستان و بەلوچستان لە کەڵک وەرگرتن لە ئاوی ئەم ڕووبارە خۆش بن!!. ئەوە لە حاڵێک دایە کە لە ڕەوتی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیدا هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەکەی عەبدوڵاهیان بە سەدان کەسیان لە خەڵکی بەلوچستان تەنیا بە تاوانی نارەزایەتی دەربڕینیان و بەشداریی هێمنانەیان لەم نارەزایەتییانەدا خەڵتانی خوێن کرد و بە هەزارانیان بریندار و بە هەزارانی دیکەیان ڕەوانەی چاڵە ڕەشەکان کرد. کەوابوو ڕێژیم نەتەنیا چارەسەرکردنی کێشەی ئاوی بەلوچستانی – کە سیاسەتە غەڵەتەنانی خۆیان هۆکاری ویشکەساڵی و کەمئاویی لەم ناوچەیەیە – بە خەیاڵدا نایەت، بەڵکوو ڕاست دەیهەوێ کێشەی ئاوی هیرمەند لە گەڵ تاڵبان بکاتە ئامراز و بیانوویەک بۆ بەئەمنیەتیکردنی سنوورەکان و نانەوەی هێندێک وردە شەڕی لە گەڵ تاڵبان و لەم ڕێگەوە بە بیانووی وەمەترسی کەوتنی "ئەمنیەتی نەتەوەیی"!! دەستی بۆ سەرکوتی خەڵکی مافویستی بەلوچ زیاتر ئاوەڵا بێت.

لە کورستانیش چیرۆکەکە هەر ئەوەیە کە زیاتر لە چل ساڵە بەردەوام لە دووپاتبوونەوە دایە. لەشکرکێشییەکانی ئەم چەند ڕۆژەی دوایی ڕێژیم بۆ کوردستان و مۆڵدانی هێزێکی سەرکوتکەری پڕچەک لە نزیک شارەکانی جوانرۆ و مهاباد کە لە شۆڕشی ژینادا زۆرترین هێرشیان کرایە سەر و خەڵکەکەی کەوتنە بەر دەستدرێژی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕیژیم، لە لایەک نیشانەی ترسی ڕێژیم لە ئیرادەی لەبڕاننەهاتووی خەڵکی کوردستان بۆ خەبات لە پێناو مافویستی و گەیشتن بە ئازادی و کەرامەتی ئینسانییە و، لە لایەکی دیکەش هەوڵێکە بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران کە بەڵێ ئەمنیەتی میللی وڵات لە مەترسی دایە و کوردەکان هۆکاری ئەم مەترسییەن!!، بۆیە دەبێ سەرکوت بکرێن و ئێوەش؛ ئەی خەڵکی ئێران! بزانن کە "ئێران" لە مەترسی دایە و ئەوەی لە ئێستادا لە هەموو شتێک گرینگترە پاراستنی وڵاتە لە تەجزییە بوون!!. ئەمە ئەو درۆ گەورە و شاخدارەیە کە کۆماری ئیسلامی هەموو هەوڵێکی ئەوەیە کە خەڵکی ئێران باوەڕی پێ بێنن. خەڵکی ئێران لە شۆڕشی ژینادا بە درووستی و زۆر ڕاشکاوانە وڵامی ئەم درۆ و دەلەسانەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان دایەوە. کاتێک کە خەڵکی تاران پڕ بە شەقامەکان هاواریان دەکرد؛ "اگر تهران کوردستان شود، ایران گلستان شود"، دەرکەوت کە لە پایتەختی ئێرانەوە ئەوە تەنیا دەنگی تریبوونەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران نیە کە بە درۆ و چەواشەکارییەوە هەوڵی خەوشدارکردنی کورد و کورستان دەدات، بەڵکوو دەنگی دیکەش هەن و زۆرن کە کوردستان وەک نموونەی جوانی و کورد وەک کاراکتەرێکی ئەمرۆیی و مودێرن پێناسە دەکات.

هەوڵەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ نانەوەی کایەیەکی دیکەی ئەمنیەتی لە سنوورەکانی وڵات، هیچ هۆکارێکی

**جۆزەردانی ٢٧٢٣**

دەرەکی نیە و پاراستنی ئەمنیەتی میللی جیا لە ئیدیعایەکی گاڵتەجاڕانە ناتوانی هیچ شتێکی دیکە بێت. هەموو ئەم هەوڵ و پیلانانە بۆ ترسێک دەگەڕێتەوە کە ڕیشەی لە نێو خۆی وڵات و ئیرادەی گۆڕانخوازانەی گەلانی ئەم وڵاتەدا هەیە کە کۆماری ئیسلامی ئێران جیا لە زمانی هەڕەشە و بەرخودی سەرکوتکەرانە هیچ وڵامێکی پێ نیە. بۆ ئەم سیاسەت و نەخشە ڕێگایەشی، دەستی داوەتە قەیرانخوڵقێنی و لەشەڕ دەگەڕێ.

**١٥ی جۆزەردانی ٢٧٢٣**

# ڕۆژی جیهانیی ژینگە و ئاوڕدانەوەیەک لە دۆخی ژینگەی ئێران




**بێهزاد قادری**

سروشت میراتێکی بەنرخە کە پاش تێپەڕینی چەندین میلیۆن ساڵ بە ئێمە گەیشتووە. ڕەنگە دەیان و سەدان جار بیستبێتمان کە پاراستنی ژینگە، ئەرکی هەموومانە و ڕەنگە بۆخشمان هەوڵمان دابێت کە خەسار بە ژینگەکەمان نەگەیەنین، یان لە پێناو پاراستنیدا هەندێک کار و چالاکیمان کردبێت. بەڵام بۆ پاراستنی ژینگە، دەبێ زۆرتر لەگەڵ ئەودا ئاشنا بین و بیناسین. جیاوازیی نییە کە گیانلەبەران لە کوێ دەژین، لە شار، گوند یان قووڵایی ئاوەکاندا، هەر شوێنێک کە ژیانی تێدا بێت، ژینگەیە.

لە هەنووکەدا پرسی ژینگە بووە بە یەکێک لە گرینگترین کەڵکەڵەکانی وڵاتانی جیهان. کەڵکوەرگرتنی لەڕادەبەدەر لە دارستانەکان، کەمبوونەوەی سەرچاوە ئاوییەکان، لەنێوچوونی ئاژەڵان بەهۆی تێکچوونی ژینگەیان و هەروەها ڕاوی بێسەرەوبەرە و پیسیی هەوا و دەریاکان، لە سەرەکیترین چالێنجەکانی ژینگەن لە سەرتاسەری جیهاندا و چالاکانی ئەم بوارە، بۆ کۆنترۆڵکردن و چاککردنەوەی، هەوڵ دەدەن.



سەرچاوە
Serchawe

## ٥ی ژووەن، ڕۆژی جیهانیی ژینگە

بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٧٢ی زایینیدا، ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری دا کە بە ئامانجی وشیارکردنەوەی خەڵک لە بواری پاراستنی ژینگە، ڕۆژێک وەکوو ڕۆژی جیهانیی ژینگە دیاری بکات. لەو ساڵەدا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری ستۆکهۆڵمی سوید، کۆنفڕانسێکی لەژێر ناوی "مرۆڤ و ژینگە" بەڕێوە برد. لە کۆتایی ئەم کۆنفڕانسەدا و پەسەندکردنی بڕیارنامەیەک لەنێوان وڵاتانی بەشداربوو، UNEP، بەرنامەی ژینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێک هات و ٥ی ژووەن وەکوو ڕۆژی جیهانیی ژینگە دیاری کرا.

لەو ڕۆژە بەدواوە، هەموو ساڵێک UNEP بەرنامەگەلی تایبەت وەکوو: "ڕێپێوان، پاسکیل لێخوڕین، نیگارکێشی، نەمامچاندن و گوتارنووسی" بە ئامانجی ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک بۆ لای ژینگە و هاندانی بەرپرسان بۆ هەوڵدانی زۆرتر لە بواری پاراستنی ژینگە لە سەرتاسەری جیهاندا، بەڕێوە دەبات.

دروشمی ڕۆژی جیهانیی ژینگە، هەموو ساڵێک جیاوازە و بەرنامەکانی UNEP ، بەپێی دروشمی هەمان ساڵ بەرەوپێش دەچێت. بۆ نموونە "من لەگەڵ سروشتدام" دروشمی ساڵی ٢٠١٧، "سڕینەوەی پیسیی پلاستیک" دروشمی ساڵی ٢٠١٨، "شکستدانی پیسیی هەوا" دروشمی ساڵی ٢٠١٩، "جۆراوجۆریی ژینگەیی، بانگەوازی هەوڵدان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ لەنێوچوونی گیانلەبەران و سروشت" دروشمی ساڵی ٢٠٢٠، "ئافراندنەوە و نۆژەنکردنەوە" دروشمی ساڵی ٢٠٢١ و "تەنیا یەک زەوی" دروشمی ساڵی ٢٠٢٢ بوو.

یەکێکی تر لە ڕووداوە سەرنجڕاکێشەکان لە ڕۆژی جیهانیی ژینگەدا، میوانداریی کۆنفڕانسی ساڵانەیە کە هەر ساڵە لە یەکێک لە ١٠٠ وڵاتێک کە لە چالاکییەکانی پەیوەندیدار بە ژینگەوە بەشداری دەکات، بەڕێوە دەچێت.

ڕێکەوتی ١٥ی جۆزەردانی ئەمساڵ کە بەرابەرە لەگەڵ ٥ی ژووەن، کۆنفڕانسی ڕۆژی جیهانیی ژینگە بە میوانداریی وڵاتی "ساحلی عاج" و بە پاڵپشتیی وڵاتی هۆلەند بەڕێوە دەچێت کە دروشمەکەی ئەمەیە: "ڕێگاچارەکان بۆ پیسیی پلاستیک."

خەڵکیش ڕۆڵێکی کاریگەریان لە ڕۆژی جیهانیی ژینگەدا هەیە، چونکە ئەم ڕۆژە زۆرتر بۆ ڕاکێشانی بەشداریی خەڵکی لە پێناو پاراستن، گەشە، ئاوەدانی و بەرزکردنەوەی ئاستی کوالیێتیی ژینگەی دەوروبەری ئەوانە. بۆیە هەر تاکێک لەهەمبەر

ژینگەدا بەرپرسیارە و ئەرکیەتی بۆ پاراستنی ژینگە، هەوڵی ئەرێنی بدات.

لە هەر کۆمەڵگەیەکدا پەیوەندییەکی دوولایەنە و بەربڵاو لەنێوان گەشەی ئابووری و ژینگەدا بوونی هەیە. هەر بۆیە هەر جۆرە گەشەیەکی ئابووری پێویستی بە کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوەگەلی وەک هەوا، ئاو، زەوی، وزە و هێزی مرۆییە. تەنیا بەکارهێنانی گونجاو و زانستییانەی ئەم سەرچاوانەیە کە بەستێنی گەشەی بەردەوام کە لەگەڵ ژینگە بساچێت، دابین دەکات.

## دۆخی گشتیی ژینگەی ئێران

حاشاهەڵنەگرە کە ئێران لەگەڵ قەیرانی ژینگە بەرەوڕوویە و هۆکاری سەرەکیی ئەم بابەتەش سیاسەتە دژەژینگەییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. یەکێک لە هۆکارەکانی لەنێوبردنی ژینگە لە قەبارەیەکی گەورەدا، یاسای بێ گەرەنتیی جێبەجێکارییە لە ئێراندا. قەیرانی ژینگەیی بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت: خراپتربوونی دۆخ و لەنێوبردنی بەربڵاوی ژینگەیی بە شێوەگەلی دراماتیک، نەخوازراو و قەرەبوونەکراو کە دەبێتە هۆی دابەزینی واتاداری ئاسایش و خۆشبژێوی. لەلایەکی ترەوە دەستێوەردان و لەنێوبردنی ئێکۆسیستەمەکان لە ئێران وەکوو: "لەنێوبردنی دارستانەکان، لەوەڕگەکان، تالاوەکان، ڕووبارەکان و ناوچە پارێزراوەکان"، بە شێوەیەکی بەربڵاو و خێرا لە حاڵی جێبەجێکردنە.

بە پێی پێوەری کاردانەوەی ژینگە کە هەر دوو ساڵ جارێک لە کۆبوونەوەی جیهانیی ئابووری لە "داووس"ی سویس و لەلایەن زانکۆی "ییل و کۆلۆمبیا"وە بڵاو دەکرێتەوە، دۆخی ژینگەی ئێران خراپتر بووە و بەرەو گەورەقەیران هەنگاو هەڵدەگرێت. هەروەها بە پێی ڕاپۆرتی ناوەندی توێژینەوەکانی مەجلیسی ڕێژیمی ئێران، پێداگریکردن لەسەر خۆبەڕێوەبەری لە بەرهەمهێنانی "گەنم" کە بووەتە هۆی کەمبوونەوەی ئاوی ژێرزەوی و ڕۆچوونی دەشتەکان، هەروەها بەنداوسازی، لە هۆکارەکانی دابەزینی ئەم پێگەیە بووە.

بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە ساڵی ٢٠٠٢ی زایینی کراوە، ڕێژەی زیانی ئابووریی کاولکردنی ژینگە لە ئێران، ٤٣٠,٨ میلیۆن دۆلار بەراورد کراوە. هەروەها زیانێکی ژینگەیی کە ئێران لە جیهانی داوە، بە ٥٤٠,١ ملیۆن دۆلار مەزەندە کراوە. لە ئێستادا و دوای تێپەڕینی زیاتر لە ٢٠ ساڵ، لێکۆڵینەوەیەکی نوێ لەم بوارەدا نەکراوە.
بە وتەی ناوەندی نەتەوەیی کۆنوانسیۆنی جۆراوجۆریی گیانلەبەری، زۆرترین کاولکردنی ژینگەی ئێران بەرهەمی ٢٥ ساڵی

ڕابردووە. ملیۆنک و ٦٤٥ هەزار هێکتار لە دارستانە نیوەچڕەکانی ئێران لە ماوەی ١٦ ساڵی ڕابردوو لەنێو براوە. هەروەها بەشێکی بەرفراوان لە دارستانە چڕەکانی ئێرانیش مەترسیی زیان و لەنێوچوونی لەسەرە.

شایانی باسە کە لە ئێران دەیان قەیرانی گەورە و بچووکی ژینگەیی هاتوونەتە ئاراوە کە چەند نموونەیان بریتین لە: "زایەندەڕوودی بێ ئاو، مەرگی گۆلی ورمێ، کەمبوونی بێوێنەی ئاوی ڕووباری کاروون، وشکیی تاڵاوی هورولعەزیم و بەرزبوونەوەی ٦٠ بەرابەریی گردیلەکانی نێو هەوا و."...

## بەڵام لە ئێستادا ئەرکی ئێمە چییە؟

ئێمە وەکوو خەڵک، چالاکانی مەدەنی و ژینگەیی، نابێ قەت مەترسی و هەڕەشەکانی سەر ژینگەکەمان پشتگوێ بخەین. لەنێوچوونی ژینگەکەمان بە واتای لەنێوچوونی نیشتمانەکەمانە. ڕەنگە هەندێک لەم خاڵانەش کە ئێستا باسی دەکەین، ئاسایی بێنە بەرچاو، بەڵام هەنگاوە گەورەکان لە هەنگاوە بچووکەکانەوە دەست پێ دەکەن و نابێ لەبیرمان بچێت کە بچووکترین و ئاساییترین کارەکانیش، هەر کاریگەریی خۆیان هەیە.

١- ئێستا کە وەرزی گەرمایە و ئاگردانی دارستانەکان لەلایەن ڕێژیمی ئێران و دەستوپەیوەندییەکانیانەوە بەرەبەرە دەست پێ دەکاتەوە، بە هانای سروشتی وڵاتەکەمانەوە بچین.

٢- بەشداریمان لە ڕێکخراوە ژینگەپارێزییەکان زۆرتر بکەینەوە یان یارمەتیدەریان بین.

٣- کەڵکوەرگرتن لە قاپ و کەوچکی پلاستیکی بهێنینە کەمترین ئاستی خۆی.

٤- لە کاتی کڕین لە بازاڕدا، لە نایلۆن کەڵک وەرنەگرین و کیسەیەکی پارچەییمان با لەگەڵ بێت.

٥- هەڵسوکەوتی دروست لەگەڵ سروشت و ئاژەڵان فێری منداڵانمان بکەین.

٦- ئەو زبڵانەی کە دەکرێت وەبەرهێنانەوەیان بۆ بکرێت، لە زبڵەکانی دیکە جیا بکەینەوە.

٧- لە کاتی گەڕانمان لە سروشتدا، زبڵ لە دوای خۆماندا بەجێ نەهێڵین یان کارێک نەکەین کە خەسار بە ژینگە بگەیەنێت.

٨- بۆ بەرژەوەندیی کەسیی خۆمان، دار نەبڕین و لە بەرامبەردا، لە کاتی خۆیدا نەمام بچێنین.

٩- هەموو کات دژی سیاسەتە دژە ژینگەییەکانی کۆماری ئیسلامی هەڵوێستمان هەبێت و بێدەنگ نەبین.

## کۆتایی

بەگشتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەموو ئێران و کوردستانی لەگەڵ گەورەقەیرانێکی کارەساتبار بەرەوڕوو کردووەتەوە و تەنیا ڕێگای دەربازبوون لەم قەیرانە و قەیرانەکانی دیکەش، دەربازبوون لە کۆماری ئیسلامییە کە هەمیشە سیاسەتێکی دژەژینگەی پێڕەو کردووە.

١٥ی جۆزەردانی ٢٧٢٣

# دیاردەی بەرگری و پەلامار لە شۆڕشدا



د. کامران ئەمین‌ئاوە

یەکێک لەو پرسانەی بەردەوام لە لایەن بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییەوە سەبارەت بە شێوەی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران دێتە گۆڕێ، جەختکردنەوە لەسەر شێوازی مەدەنی و ناتوندوتیژی، یان بە واتایەکی تر تێپەڕبوونی ئاشتیانە لەم حکومەتە و ڕەتکردنەوەی هەر چەشنە کردەوەیەکی توندوتیژە.

بێگومان هێزێکی سیاسیی جەماوەریی پێی خۆشە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بەبێ توندوتیژی و خوێنڕشتن و تێچوویی گیانی ڕوو بدات، بەڵام ئەمە تەنیا ویستێکە و، ویست و هەڵوێستی لایەنێکی ململانێی تەنیا کاتێک وەدی دێ:

- هێز و لایەنی بەرانبەریشت بەرعۆدە و پابەند بێت بە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ؛
- بنەمایەکی یاسایی بۆ گۆڕانکاریی ئاشتیانە لەسەر ئاستی کۆمەڵگە هەبێت؛
- هێزی دەسەڵاتدار بۆ پاراستنی پێگەی خۆی لە کۆمەڵگە لە ئامرازی توندوتیژ بۆ سەرکوتکردنی هێزە پێشکەوتنخوازەکان

کەلک وەرنەگرێت؛

- یان هاوسەنگیی هێزی دژبەر لە کۆمەڵگەدا ئەوەندە بە قازانجی هێزە چاکسازیخوازەکان شکابێ کە هێزی دەسەڵاتدار ئامادەی سازان و پاشەکشە بکات!

مخابن پێکهاتەی ئێستای حکوومەتی ئیسلامیی ئێران، تێکەڵبوونی بەرژەوەندییە ماددی (ئابووری) و مەعنەوییەکان (ئایینیی)ی دەسەڵاتی ئێران (وەلیی فقیه و نوێنەرانی ئایینی دواکەوتووکانی شیعە) و هێزە چەکدارەکان (سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامیی ئێران، بەسیج و...هتد)، کردار و ئەزموونی زیاتر لە ٤ دەیە سەرکوتکردنی ئازادیخوازانی ئێرانی لەلایەن حکوومەتی ئایینیی تا ددان چەکداری ئێران، کە هەر بانگەوازێک بۆ ئازادی و دیموکراسیخوازی بە گوللەی قورقوشمی و زیندان و لەسێدارەدان وڵام دەداتەوە، هەروەها نەبوونی بەستێنێکی شیاو بۆ خەباتی مەدەنی و دیمۆکراتیک، ڕێگای گۆڕینی ئاشتییانەی سیستەمی دەسەڵاتدار دەبەستێ.

لە کاتێکدا:

- دەسەڵاتی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیه، شورای نیگابان و کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام نوێنەرایەتیی حکومەتێکی ئیلاهییان لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلامی شیعە وەئەستۆ گرتووە، و دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێران سازوکارە دێموکراتیکەکان بۆ هەر گۆڕانکارییەک لەم سیستەمەدا ڕەت دەکاتەوە، هەروەها هەر چەشنە بانگەوازێک بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بەپێی یاسا و ڕێسا ئیسلامیەکان دەخنکێنێ؛

- سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی ئێران، وەک هێز و ئامرازی ڕاستەقینەی مانەوەی حکومەتی ئیسلامی ئێران، نەک هەر میلیشیایەکی ئایدیۆلۆژیی هاوتەریب لەگەڵ سپا و ڕێکخراوی ئاسایشی ئێران بۆ سەرکوتکردنی ئازادیخوازانی ئێرانە، بەڵکوو لە هەمان کاتدا مافیایەکی بەهێزی سیاسی-ئابووریە لە ناوەوە و دەرەوەی سنوورەکانی ئێران؛

- هیچ بارودۆخێکی دێموکراتیک بۆ چالاکیی لایەن و هێزی بیرجیاواز لە کۆمەڵگەدا نییە و سەرکوتکردن و گرتنی هاووڵاتیان و خۆپیشاندەرانی مەدەنی بۆتە شتێکی ئاسایی. نوێنەری ئەو کۆمەڵە و دامودەزگایانەی کە تەنانەت بەپێی دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێران ڕێگەیان پێ دراوە چالاکیی سنووردار لە بواری مافی مرۆڤ و ژینگەپارێزی ئەنجام بدەن، هەروەها ئەو پارێزەرانەی کە بەهۆی جێبەجێکردنی ئەرکی پیشەیی و یاسایی خۆیان بۆ بەرگریکردن لە بریگرتەکانیان بەردەوام بانگهێشت و دەستبەسەر دەکرێن، ڕەوانەی زیندانە ترسناکەکانی ڕێژیمی ئیسلامی دەکرێن؛

زەحمەتە بەم باوەڕە بگەین حوکمڕانانی سیستەمی کۆنەپەرەستی ئایینی ئێران بە پێی ویستی جەماوەری میلیۆنی ئامادەی گۆڕینی سیستمی حوکمڕانی لە ڕێگەی گشتپرسییەکی دیموکراتیکەوە بن.
وێڕای ئەوەش، بڵێی لەم سات و کاتە تایبەتییەدا خەباتی چەکداری بە تاکەشێوەی تێکۆشان بۆ ڕووخاندنی نیزامی کۆماری ئیسلامی دابندرێت؟ وەڵامەکە بە یەک وشە نەخێرە!

لە هەلومەرجی ئەمڕۆی ئێران و جیهاندا، ڕاپەڕینی چەکداری دەکرێ تەنیا وەک بەشێک لە هەڵمەت و پاڵنەری کۆتایی بۆ ڕووخاندنی پێکهاتە و دەسەڵاتی سیستمێکی سیاسیی دەسەڵاتدار کە لە بەرانبەر ڕاپەڕین و ناڕەزایەتیی مەدەنی و ئاشتیخوازانەی جەماوەری خەڵکدا ئامادەی پاشەکشە نییە، لە بەرچاو بگیرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەمە بە مانای ڕەتکردنەوەی بەرخۆدان و پەلاماری جەماوەری ناڕازی لە دەسەڵات بۆ بەرگریکردن لە خۆیان و هێرشکردنە سەر هێزە سەرکوتکەرەکان نییە.

کاتێک ڕۆڵەکانی ئەم خاک و ئاوە لە کوچە و کۆڵانەکانی ئێران لە کاتی دژایەتی و ناڕەزایەتیی ئاشتییانەدا، لەلایەن هێزی سەرکوتگەرەوە تەقەیان لێ دەکرێت، دیلەکان و ئەوانەی گیراون دەستدرێژی جەستەیی و سێکسییان دەکرێتە سەر و لە سەربانی باڵەخانەکانەوە فڕێ دەدرێنێ خوارێ؛ ناتوانرێ چاوەڕوان بکرێت کە خەڵک دەست لەسەر دەست دانێن و هەر تاوان و سووکایەتییەک لەلایەن ئەم هێزانەوە قەبووڵ بکەن. لێرەدایە، شێوازی ئاشتیخوازانە و توندوتیژ دەتوانن وەک دوو شێوازی خەبات تەواوکەری یەکتر بن.

مخابن کەم نین ئەوانەی بە پێداگری لەسەر شێوەی خەباتی "ناتوندوتیژ"، هەر جۆرە خۆڕاگری و پەلامارێک وەک گوناحێکی گەورە لەقەڵەم دەدەن و هەندێک جاریش بەم بیانوویەی هێزە چەکدارەکانی ئێران "ڕۆڵەکان"ی! ئەم وڵاتەن، بەرگریی خەڵک لە خۆیان و هێرشکردنە سەر هێزی سەرکوتکەر لە پێناو پاراستنی گیانیان دەبەنە ژێر پرسیار و دەیدەنە بەر ڕەخنە. ویدەچێ ئەم ڕاستییە سادەیە لەبیر دەچێتەوە، ئەوانەی بە تفەنگ تەقە لە خەڵکی بێتاوان دەکەن و پەت دەخەنە ملی زیندانییەکان، بە ماتۆڕسکیلت و ئامێری سەرکوتکردن لەسەر شەقامەکان دەسوڕێنەوە و دەبنە هۆی ترس و خۆف و، خەڵک هەراسان دەکەن، لە ڕاستیدا جینایەتکار و ڕۆڵەی نارەسەنن کە چەک بەدەست لە ڕیزی دوژمنی گەل، خەڵک و لاوانی وڵات کە گەورەترین چەکیان بەشداریی ئاشتیانە لە ڕێپێوان و مانگرتن و دروشمدان بۆ گۆڕانکاریی دیموکراتیک لە کۆمەڵگادایە، لە خوێن دەگەوزێنن.

لە لایەکی ترەوە مەگین سەربازەکانی سپای هیتلەر لە ئاڵمان، مۆسۆلینی لە ئیتالیا، فرانکۆ لە ئیسپانیا، پینۆشێ لە

شیلی ڕۆڵە و هاووڵاتی ئەو وڵاتانە نەبوون کە دەستیان خوێنی هەزاران مرۆڤی شۆڕشگێڕ و بێتاوان سوور ببوو. ئایا ئەو پاسدارانەی لە خەرمانانی ١٣٥٨ لە گوندەکانی قارنا و قەڵاتان و ئینیدرقاش گەلی کوردیان کۆمەڵکوژ کرد، یان سپا و هێزە ئیتلاعاتییەکانی عێراق لە ڕووداوی ئەنفالدا لە ساڵی ١٣٦٦-٦٧دا نزیکەی ٢٠٠ هەزار کوردیان کۆمەڵکوژ کرد و زیاتر لە چوار هەزار گوندیان وێران کرد، منداڵ و هاووڵاتی ئەو وڵاتانە نەبوون؟!

ئایا سەرباز و پاسدار دەتوانن تەنیا لەبەر ئەوەی کوڕی ئەو خەڵکەن، لەبری ئەوەی لە ڕیزی خەڵکدا بوەستن و بەرگریی لێ بکەن، بە ڕاوەستان لە ڕیزەکانی هێزی وەدواکەوتووی کۆنەپەرەستدا، ڕێگە بە خۆیان بدەن، سیلە لە خەڵکی بێتاوان بگرن و سینگیان هەڵدڕن، یان لە سنوورەکانی کوردستان و بەلوچستان و هتد، لەژێر ناونیشانی پارێزەرانی سنووردا، نەک هەر کۆڵبەری کورد و کاسبکارانی بەلووچ و خەڵکی بێتاوان، بەڵکو ئاژەڵە ماڵییەکانیشیان وەبەر گوللە بدەن؟ هەمیشە و لە هەموو ساتێکدا، دەرفەتێکی گونجاو و مێژوویی بۆ هەمان سەرباز و پاسدار هەیە کە هاوشێوەی ئەو خەڵکەی لەسەر شەقامەکان بۆ ئازادی خەبات دەکەن، سنوور و هێڵی خۆی دیاری بکات و بڕیار بدات خەڵکی وەبەر گوللە بدات یاخود پەیوەست بێ بە بەرەی خەڵکی ناڕازی.

بێگومان ناکرێ چاوەڕوانیی ئەوە بکرێت هەموو سەربازێک ئازایەتیی یۆزف شولتز، ئەو سەربازە ئاڵمانییەی هەبێ کە لە ٢٠ی ژوئیەی ١٩٤١ لە باشووری بەلگراد خۆی پاراست لە تیربارانکردنی پارتیزانە بەدیلگیراوەکانی یوگۆسلاڤیا و بە ڕاوەستان لە ڕیزی پارتیزانەکاندا مردنی خۆبەخشانەی هەڵبژارد تا دەستەکانی بە خوێنی دیلەکان سوور نەبێت. بەڵام نابێ چاومان لەم ڕاستییە دابخەین، ئەو کەسەی تەقە لە منداڵانی شۆڕشگێڕی ئەم وڵاتە دەکات و بەشداره لە ڕەوتی سەرکوتکردنیان، ناکرێ بە ڕۆڵەی شیرپاکی ئەو وڵاتە دابندرێت. ئەوانەی چاویان لەم ڕاستییە ئاشکرایە دادەخەن، لە ڕاستیدا بە ناوی پابەندبوون بە شێوازی ئاشتییانەی خەبات، شەرعییەت بەو کارانە دەدەن و ئاو لە ئاشی دوژمن دەکەن و بە چاو نووقاندن و پشتگوێخستنی ئاکاری هێزەکانی سەرکوتکەری سپای پاسداران و بەسیج و ئەوانی تر، بەتەمای دامرکاندنی ئاگری تووڕەیی جەماوەری خەڵک و دروستکردنی هەستی گوناح لەوانداں. وا دیارە بە بڕوای ئەو جۆرە کەسانە، کردەوەی توندوتیژی هێزە سەرکوتگەرەکان تەنیا لەبەر ئەوەی سەربازن یان سەربازی پاسدارن، ڕەوایە و لە بەرانبەردا بەرگری و هێرشی خەڵکی سەرکوتکراو قەدەغەن و قبوڵنەکراوە!؟

**کۆبەند:**

١- هەڵبژاردنی شێوازی تێکۆشان لەدژی سیستەمێکی دیکتاتۆری ناتوانێ ڕەها بێت. لەسەر بنەمای بارودۆخی بابەتی و

زەینیی تایبەت، ڕەنگە یەکێک لە شێوازەکانی خەبات سەرتر لە شێوازەکانی دیکە یان تەواوکاری ئەوان جێ بگرێت. هێزێکی شۆڕشگێڕ دەبێ بزانێ کەی بە شێوەیەکی ئاشتییانە خەبات دەکات و کەی پەلاماردانی شۆڕشگێڕانەی دەسەڵات دەدات، و لە کاتی پێویستدا بە کردەوەی توندوتیژ بۆ ڕووخاندنی حکومەتی دیکتاتۆر هەنگاو هەڵێنێ.

٢- لە نەبوونی بارودۆخ و بەستێنی پێویست بۆ خەباتی دێموکراتیک لە کۆمەڵگەدا، کردەوەی توندوتیژی ئەو جەماوەرەی لەسەر شەقامەکاندا خەبات دەکەن بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی دەسەڵاتدار، تایبەتمەندییەکی تایبەت بەدەست دەهێنێ و لە کاتی پێویست و بارودۆخێکی لەباردا، بەرەو قۆناغی ڕاپەڕینی چەکداری بچێت، یان گەشە بکات.

٣- بەرگری و بەرەنگاربوونەوە لەلایەن کەسانێکەوە کە شێوازی ناتوندوتیژی بەکاردەهێنن و ڕووبەڕووی سەرکوتی ئاژرانە و خوێناوی دەبنەوە، مافێکی حاشاهەڵنەگر، ڕەوا و تەواو پێویستە.

ناکرێ لەگەڵ ئەم بیرۆکەیە بین کە تووڕەیی و هەڵچوونی خەڵک دەتوانێ ببێتە هۆی ئاڵۆزبوونی ڕووداوەکان و توندوتیژی زۆرتری هێزە سەرکوتکەرەکانی لێ بکەوێتەوە، چونکە هێزە سەرکوتگەرەکانی ئێران لە ماوەی زیاتر لە ٤ دەیەی ڕابردوودا لە بەکارهێنانی هیچ شێوازێکی نامرۆڤانە کۆتاییان نەکردوە:

- هەر لە کوشتنی خەڵکی بێتاوانی کوردستان، تورکەمەن سەحرا و خوزستان و سەرکوتکردنی لایەنگرانی خەڵکی موسڵمان لە پارێزگای تەورێز لە سەرەتای شۆڕشدا بگرە تا دەگاتە سەرکوتکردنی پارتە سیاسییەکان و گرتن و ئەشکەنجەدان و لەسێدارەدانی هەزاران ئەندام و لایەنگریان لە کۆتاییەکانی پەنجاکان و هەموو ساڵانی شەستەکاندا.

- تێرۆرکردنی سەدان کەسایەتی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران، سەرکوتکردن و کوشتنی خۆپیشاندەرانی مەدەنی لەسەر شەقامەکان، زیندانیکردن، ئەشکەنجەدان و دەستدرێژی جەستەیی و سێکسی بۆ سەر زیندانییەکان، تێرۆرکردن و کوشتنی خەڵک لە سەردەمی بزووتنەوەی سەوزدا (ڕێبەندانی ١٣٨٩)، ناڕەزایەتیدەربڕین بەرامبەر بە زیادبوونی نرخی بەنزین (خەزەڵوەری ١٣٩٨)، بزووتنەوەی ژینا (مێهسا) (خەرمانانی ١٤٠١ تا ئێستا).

- مووشەکبارانی کەمپی پەنابەرانی کوردی ئێران و بارەگای سەرکردایەتیی حیزبە سیاسییە کوردییەکان لە کوردستانی عێراق (خەرمانانی ١٣٩٧، ڕەزبەری ١٤٠١ و هتد(



سەرچاوە
Serchawe

جۆزەردانی ٢٧٢٣

- تەنانەت خستنەخوارەوەی بەئەنقەستی فڕۆکەی مسافریی ئۆکراینی بۆینگ ٧٣٧ لە ١٨ی بەفرانباری ١٣٩٨ لەلایەن مووشەکە دژە فڕۆکەکانی سوپای پاسداران لە تاران کە بووە هۆی قوربانیبوونی هەر ١٧٦ سەرنشینەکەی.

لە هەموو ماوەی سالانی دوای شۆڕشی ١٣٥٧، کۆماری ئیسلامیی ئێران لەپێناو پاراستنی دەسەلاتی دواکەوتووی سەدەی نێوەڕاستی خۆیدا، لە هەموو شێوازەکانی سەرکوتکردن بۆ لەنێوبردنی هێزە دژبەرەکانی کەلکی وەرگرتووە، و لە یەک کەلامدا چ ماوە هێزەکانی ڕێژیم لە حەق خەلکی ئێراندا نەیانکردبێ کە بەرگری و پەلاماری خەلک بۆ سەر سەرکوتکرانیان ببێتە هۆی خراپتربوونی زۆرتری بارودۆخی ئێستا؟

ئەگەرچی هیوا و ئارەزووی هێزە پێشکەوتنخواز و ئاشتیخوازەکان چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکانە لەڕێگەی ئاشتیخوازانە، بەلام لە کۆتاییدا هاوسەنگیی هێزە دژبەرەکان - شۆڕشگێڕ و دژە شۆڕش - لەکۆمەلگەدا و هەلسوکەوتی هێزە دەسەلاتدارەکان لەگەل جەماوەری میلیۆنیی نارازی لە سیستەمی دەسەلاتدار، ڕۆلێکی یەکلاکەرەوە دەگێڕن لە هەلبژاردنی شێوازی خەباتی هێزی ئۆپۆزیسیۆن.

بە شایەتیی مێژوو ئەگەر سیستەمە دیکتاتۆرییەکان لە ناوەوە نەڕووخێن، بە پەنابردن بۆ هەموو شێوازەکانی سەرکوتکردن تا دواسات بەرگری لە دەسەلاتی نادێموکراتیکی خۆیان دەکەن. لە هەمان کاتدا ڕاستییەکی حاشاهەلنەگرە کە ڕاپەڕین و شەڕەکان و کەلکوەرگرتن لە فۆرمەکانی خەباتی توندوتیژ هەمیشە ڕۆلی یەکلاکەرەوەی لە پێشهاتە کۆمەلایەتییەکاندا هەبووە و زۆربەی گۆڕانکارییە کۆمەلایەتییەکان و شۆڕشەکان دەرئەنجامی هەلچوون و ڕقی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری خەلک بووە.

١٥ی جۆزەردانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# سووڕی تاوان و هەڵە



**عومەر باڵەکی**

چلوهەشت ساڵ لەوە پێش کاتێک ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیر لە نێوان محەممەدڕەزا پەهلەوی، شای ئێران و سەدام حوسێن، جێگری سەرۆککۆماری ئەوکاتی عێراق لە ئەلجەزائیر ئیمزا کرا، هەر دوو دەسەڵاتدار کەیف ساز و ڕازی بوون لەوەی کە بە ئیمزاکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە هەر کامیان بەو ئامانجانە گەیشتوون کە خوازیاری بوون. سەدام حوسین و حکوومەتەکەی کە بە دەست هێزوتوانای شۆڕشی کورد لەو پارچەیەی کوردستان پێوە ببوو و بڕستی لێ برا بوو، دەیهەویست لەو دۆخە ڕزگاری بێ و ئەو شۆڕشە بەتەواوی سەرکوت بکات. لەو لاوە شای ئێران بێجگە لەوەی چاوی تەماحی لە نیوەی ئاوی (شط‌العرب) بڕیبوو، ماوەیەکی زۆر نەبوو کە بە هێزی نیزامی و پشتیوانیی دەرەکی و خەیانەتی نێوخۆیی جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتوندی سەرکوت کردبوو، و ڕێبەرانی جووڵانەوەکەی ئێعدام کردبوو. بەڵام بەو حاڵەش جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد بە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەری هەڵدابۆوە و شای ئێران لە پەرەگرتنی ئەو جووڵانەوەیە دەترسا. بۆیە کاتێک دەست کرا بە نووسینی بەند و برگەکانی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیر، بە هەموو پرۆتۆکۆلەکانیەوە وا داڕێژرا کە ئەو ڕێککەوتننامەیە هەم سیاسیی و هەم ئەمنییەتی و، هەم

چارەسەری کێشەی سنوورەکانی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە بێت.

بەپێی نێوەرۆکی ڕێککەوتننامەی جەزائیر ئێران پابەند دەبوو ئیزن نەدا لە دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکە، هیچ هێزێکی کورد لەسەر سنوورەکان کێشە و گرفت بۆ حکوومەتی عێراق دروست بکا و لە بەرانبەردا عێراقیش پابەند دەبوو کە چیدی یارمەتیی ئۆپۆزیسیونی کوردی دژبەری نیزامی پاشایەتیی ئێران نەدا و تەنانەت باس لەو بابەتەش کرابوو کە هەر دوو دەوڵەت ئەو دژبەرە کوردانە تەحویلی یەکتر بدەنەوە. بەڵام دیتمان ڕەوتی ڕوداوەکان بە سەر ویست و ئارەزوی دەسەڵاتدارانی تاران و بەغدادا زاڵ بوو، و هیچ کات جێبەجێکردنی ئەو بەشە لە ڕێککەوتننامەکە لەلایەن هیچ کام لەو دوو دەوڵەتەوە وەدی نەهات. ئەوکات هەر دوو دەسەڵاتدار سەرمەستی ئەو سەرکەوتنە گەورەیە بوون، بەڵام خافڵ لە دوو بابەت بوون. یەکەم: ڕەوتی ڕووداوەکان کە بۆ هیچ کام لەو دوو ڕێژیمە چاوەڕوانکراو نەبوو. دووهەم: دەسەڵاتدارانی زاڵ بەسەر کوردستان خۆیان لە ئاست ئەو ڕاستییە مێژووییە گێل کردبوو کە پرسی کورد پرسی نەتەوەیەکە، نەک پرسی حیزب یا ڕێکخراوێکی سیاسی. بۆ نموونە محەممەدڕەزاشای قەت پێی وانەبوو ڕۆژێک لە ڕۆژان لەسەر کورسیی دەسەڵاتداریەتی دەیهێننە خوارێ و سەدام حوسێنیش هەر بەو چەشنە بیری دەکردەوە. بەڵام بەپێچەوانەی بیرکردنەوەی شا و سەدام گەردەلولی ڕووداوەکان وای تێکەوە پێچان کە تەنیا لە لاپەرەکانی مێژوودا، ئەویش لەسۆنگەی کارنامەی جینایەت و دژەئینسانییەکانیان دەتوانرێ سوراغیان بکرێت.

ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیر تەنیا تەمەنی چوار ساڵ بوو کە نیزامی پاشایەتی لە ئێران ڕووخا و بەدوای ئەودا شەڕ لە نێوان ڕێژیمی سەدام و کۆماری ئیسلامی هەڵگیرسا و دەرکەوت ڕێککەوتننامەی ئەلجزائیر کە جووڵانەوەکانی کوردی هەر دوو پارچەی کوردستانی (ڕۆژهەڵات و باشوور) تێدا بەبارمتە گیرابوو، نەیتوانی چارەسەری ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە بکا. بەپێچەوانەوەی ئامانجی محەممەدڕەزاشا و سەدام، هەر ساڵێک دوای ئیمزاکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە جووڵانەوەی کورد لە هەر دوو بەشی کوردستان بە گوڕوتینێکی بەهێزتر لە گۆڕەپانی خەبات بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی کورد دەرکەوتەوە.

لە ئێستاشدا جارێکی دیکە خەریکە لەسەر دەستی دەسەڵاتدارانی زاڵ بە سەر کوردستاندا بە تایبەتی لەلای دەسەڵاتدارانی تاران مێژوو خۆی دەنووسێتەوە. دوای شۆڕشی ژینا و پاش ئەوەی کۆماری ئیسلامی حیزبی دێموکرات و هێزە سیاسییەکانی دیکەی بە هۆکاری خرۆشانی شەقامەکان تۆمەتبار و هێرشی مووشەکیی کردنە سەر، لە ٩ مانگی ڕابردوودا بەردەوام لە هەڕەشەکانیان بەردەوام بوون کە بێتوو هێزە کوردییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە خاکی عێراق دەرنەکرێن خۆمان دەستبەکار دەبین! ئەوە هەمان ئاڵقە لەو فیلمەیە کە ٤٨ ساڵ لەوە پێش لەنێوان شای ئێران و سەدام حوسین بۆ

**جۆزەردانی ۲۷۲۳**

بەچۆکداهینانی جووڵانەوەی کورد لە دوو پارچەی کوردستان پێشانی جیهانیان دا. بەڵام هەروەک گوترا هەم ئەوکات و هەم ئێستا نیزامە دەسەڵاتدارانی زاڵ بەسەر کوردستاندا نایانەوی سوورەتی مەسەلەکە چۆنە ئاوا ببینن کە پرسی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان تەنیاوتەنیا پرسی حیزب و ڕێکخراوەیەک نییە، بەڵکوو پرسی زیاتر لە چل میلیون کوردە کە ماف و ئازادییەکانی خۆی دەوێ.

وەک بینیمان ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیر نەیتوانی ئەو ئەرکە ناپیرۆزە بە سەرئەنجام بگەیەنێ و جووڵانەوەی کورد دوای ماوەیەکی کورت بە گوڕوتینێکی زیاترەوە هاتەوە مەیدان و لە ئاکامدا لە باشووری کوردستان دامەزرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لێ کەوتەوە و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەبینین کە لە ٤٤ ساڵی ڕابردوودا هەست و شعووری نەتەوەیی ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە گەشەکردنە و پێگەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان لەو کۆمەڵگەیەدا پتەوتر و سەقامگیرتر بووە کە ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕاپەرینی ژینا ئەوەیان بەئاشکرا سەلماند. جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکرات تەواکەری یەکترن و مێژووی نزیک لە هەشتا ساڵی پڕ لە قوربانی و فیداکاری و لە هەمان کاتدا پڕ لە هەورازونشێو و سەرکەوتن و شکانی ئەو حیزبە لە مەیدانی خەبات و بەربەرەکانی بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد ئەو هاوپێوەندییەی نێوان خەڵک و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە بەردەوامی سەلماندووە. ئەگەر حیزبی دێموکرات لە قووڵایی ئامانج و ئاواتەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەری هەڵنەدابایە زۆر لەمێژ بوو گەردەلولی ڕووداوەکان ئەو حیزبەی تێکەوە دەپێچا، بەڵام دەبینین حیزبی دێموکرات لەو ماوە دووردرێژەی تەمەنیدا سەرەڕای لەبەرڕۆیشتنی خوێنێکی زۆر بە پاڵپشتیی گەلی کورد لە پێ نەکەوتووە و هەروا بە گوڕوتین ئاڵاهەڵگری جووڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستانە. بۆیە هیچ بەربەستێک ناتوانی ئەو هاوپێوەندییەی نێوان گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تێک بدا.

**١٥ی جۆزەردانی ۲۷۲۳**

# پڕشکۆ، بە بەرزاییەکانی ژیانەوە (شەهید سەدیق ئەدیمی)




**برایم چووکەڵی**

تۆ بڵێی ڕۆژێک لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئازاد بە کوێرایی چاوی نەیاران و دوژمنانی گەلی کورد، هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە هەموو چین و توێژەکانیەوە لە شار و لادێ، گەورە و چکۆڵە و، گشت تامەزرۆیانی ڕێگای ئازادی، پۆڵ‌پۆل دەست بدەنە دەستی پێشمەرگەکان و وێڕای بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدەکان ڕوو بکەنە سەر گڵکۆی بە تارا و گوڵاڵەسوورە نەخشاوی شەهیدان، کڕنوشیان بۆ بەرن و بە دەنگی دڵێرانە و پڕ لە خۆشی و شادی بۆ سەرکەوتنی نەتەوە و، وەدیهێنانی ئامانجی ئەو شەهیدە هەمیشە زیندوانە هاوار بکەین و یەکدەنگ بڵێن:

"ئەی شەهیدان، ئەی شەهیدان
نامرێ ناو و نیشانتان
ئێوە بوونە ڕێبەری مە
بوونە پشت و سەنگەری مە...

جۆزەردانی ۲۷۲۳

پاشان بنەماڵەی شەهیدان بە شانازییەوە لە کاتێکدا دڵۆپدڵۆپ فرمێسکی چاویان دەڕژێتە سەر ئەو گڵکۆیەی خۆشەویستی ئەوان و خەڵکی کوردستان بەئارامی چووەتە خەوێکی ئەبەدییەوە، دڵنەوایی خەڵک و هاوسەنگەرە شەهیدەکانیان بدەنەوە. سەرئەنجام ڕۆژێکی وا لە گەلی کورد دادێ، ڕۆژێک دادێ نەتەوەکەمان بووکی ئازادی لە باوەش بگرێ و بانگی ئازادی لێ بدا و هاواری ڕزگاری و سەربەستی بە گوێی گەلانی دنیا بگەیەنێ. ئەو نەمرەی لە "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەمجارەدا یادی دەکەینەوە، شەهید سەدیق ئەدیمی لە ناوچەی هەوشارە کە بۆ ئەو ئامانجە بەرزە گیانی دانا.

شەهید سەدیق ئەدیمی ساڵی ١٣٤٢ لە ئاوایی "هەمزە قاسم" لە ناوچەی هەوشار لەدایک بوو. سەدیق لەبەر هەلومەرج و هەڵکەوتەیی گوندەکەیان نەیتوانی بچێتە قوتابخانە، بۆیە بەناچار لەگەڵ گەورەبوونی شانبەشانی باوکی و باقی ئەندامانی خێزانەکەی ڕووی لە کاری وەرزێری و ئاژەڵداری کرد. لە ڕووداوەکانی شۆڕشی گەلانی ئێراندا سەدیق کە تازەلاوێکی بەجۆش بوو، هەستی کوردایەتی لە هزر و مێشکیدا چەکەرەی کرد. دوای ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزب و هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستانیش پتر پرسە سیاسییەکانی ڕۆژی بۆ ڕوون بۆوە و داهاتووی ڕزگاریی نەتەوەکەی لە بەرنامەی حیزبی دیموکراتدا دیتەوە. هێرشی ڕێژیم لە زستانی ساڵی ١٣٥٨ بۆ سەر ناوچەی هەوشار و کوشتنی خەلکی بێدیفاعی کوردستان سەدیقی پتر بەرەو خەبات و خۆڕاگری هان دا. بۆیە بڕیاری دا ببێتە پێشمەرگە و لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتدا دەست بە تێکۆشان بکا. سەدیقی تەمەن ١٦ ساڵی تازەلاو بە هەستی نەتەوەیی زۆر بەهێزەوە پەیوەندی کرد بە بنکەی "قسقۆپی"ی حیزبی دێموکرات و داوای کرد ببێتە پێشمەرگە، بەلام بەهۆی کەمی تەمەنیەوە هەر لەو بنکەیەدا مایەوە و کاری بنکەکەیان پێ سپارد.

سەدیق کوڕێکی چاونەترس و خوێنشیرین بوو. لەنێو دڵی پێشمەرگەکاندا جێی خۆی کردبۆوە و هەمووان خۆشیان دەویست. ئەو ڕۆژ نەبوو داوای چەکهەڵگرتن نەکات و خوازیاری ئەرکی زیاتر نەبێ. بۆیە پاش ماوەیەک کارکردن لە بنکە و شارەزابوونی لە چەکوچۆڵ چەکی پێ درا و لە یەکێک لە لکەکانی هێزی شەهیدانی هەوشاردا سازمان درا. سەدیق لە ماوەی پێشمەرگایەتییدا کوڕێکی لەسەرەخۆ، بەئیمان و ڕەوشتپاک و لەگەڵ هاوسەنگەرانی مەتین بوو. ئەو لە چەندین عەمەلیاتی ناوچەی هەوشاردا ئازایانە بەشداریی چالاکانەی کرد. لە ڕووبەڕووبوونەوە بەرانبەر دوژمندا زۆر هەڵمەتبەر و بەوەج بوو. بۆیە زۆری نەخایاند بەهۆی زیرەکی و چاونەترسی کرا بە سەرپەلی پەلێک لە پێشمەرگەکان لە بنکەی قسقۆپی لەو بەرپرسایەتییەشدا زۆر ئەرکی پێ دەسپێردرا کە سەرکەوتووانەوە ڕایپەڕاندن.

شەهید سەدیق کوڕی ڕۆژی تەنگانە بوو. لە زۆربەی شەڕەکاندا بەشداریی ئازایانە و ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو. ئەو پلەکانی تەشکیلاتیی یەک لە دوای یەک بە سەرکەوتوویی بڕی و سەرەنجام بە فەرماندەری لکی ٢ لە هێزی هەوشار دیاری کرا و



سەرچاوە
Serchawe

جۆزەردانی ٢٧٢٣

لەو بەرپرسایەتییەشدا و لە زۆربەی زۆری چالاکییەکانی ناوچەی هەوشاردا حەماسەی خوڵقاند و بە دەیان عەمەلیاتی سەرکەوتوانەی ئەنجام دا.

گرتنی پایەگای قشڵاغ، شەری لەبیرنەکراوی "دارتوو" و "کوچەتەڵا" کە دوو شەووڕۆژی خایاند و ئەنجامەکەشی کوژرانی زیاتر لە ٥٠٠ جاش و پاسدار بوو، بەشێکن لەو مێژووە پڕ سەروەرییە و لە سێهەمین چالاکی ئەو عەمەلیاتەش لە ڕێگای ساحێب بۆ سەقز کە لە کەمینێکدا زیاتر لە ٢٦ ماشین پڕ لە جاش و پاسدار کوژران و کەلوپەلەکانیان بە دەستکەوت گیرا، سەدیق بەشداریی چالاکانەی هەبوو. لە شەڕی کانیسپیی سەروو کە لە کاتژمێر پێنجی بەیانی تا چواری ئێوارە بەردەوام بوو، دوژمن بە هەموو جۆرە چەکێکی قورس ئاوایی دەکوتا، سەدیق یەکێک لەو کوڕانە بوو کە خۆبەخشانە هەڵمەتی بردە سەر تۆپخانەی دوژمن بەرەوڕووی ئاوایی کانیسپی و بەتەواوی تێکی شکاندن. هەروەها شەڕەکانی ناو شاری ساینقەڵا هەموو بەڵگەیەکی زیندوون بۆ ئازایەتی ئەو تێکۆشەرە نەمرە.

مخابن و هەزار حەیف سەدیق ڕۆژی ٣١ی بانەمەری ساڵی ١٣٦٤، لە شەڕی نێوخۆیی لەگەڵ کۆمەڵە لە پشتئاوایی دەرەویانیشێخ لە ناوچەی سەقز شەهید بوو، و سەنگەری خەباتی بە هەوسەنگەرانی سپارد.

١٥ی جۆزەردانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## هەر کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا لە مانای قووڵی تەحریم تێ دەگەن



دارسمە

هیچ گومانی تێدا نییە پاراستنی زمانی دایک یان زمانی ڕەسەنی نەتەوەی خۆت لە هەبوونی نانی شەو پێویستترە، بەڵام وەک تورک دەڵێن "ئێنیم، چارەم یۆک یان چارەم یۆخ."

بەم "یۆک" و "یۆخ"ەی تورکی بیرم کەوتەوە جیفرێک لە خۆم بدەم و تەقڵەیەکی بەدوادا لێ بدەم و بڵێم ئۆخەی تورکانیش وەک ئێمە خاوەنی چەند زمانی لە یەکتر جودان! ئەی ئەوە نییە ئەوانەی ئازەربایجانی ئێران و وڵاتی ئازەربایجان بە "نان" دەڵێن "چوێرەگ" و ئەوانەی ئەستەنبوول و ئانکاراش پێی دەڵێن "ئەکمەک"؟ وا دیارە تەنانەت لە سەر ناوی بژێوی سەرەکیی ژیانیش نایەکگرتوون.

پێم خۆش نییە پێم بڵێن لە خۆی دەفشێت و دەڵێت من زمانی تورکی و ئازەری دەزانم. هیچ مەبەستەم ئەمە نەبوو. وەک هەموو خوێنەرانی ئەم دێڕانە چەندین زمانم وەک چێشتی مجێور تێکەڵ کردوون و ڕۆژانە خەریکی جووتن و کاوێژ

کردنەوەیانم. هەموومان بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە واین. هەمووومان تێکەڵەیەک لە کۆی زمانان کاوێژ دەکەینەوە.

هەر ئێمەی کوردیش وا نین. هەرچی ئاخێوەرانی زمانانی زیندووی دونیان هەموویان وان. هەر زمانێک وا نەبێت، بێ سی و دوو لێکردن مردار دەبێتەوە. زمانی وا دەناسم وشە و دەستەواژانی زمانانی دیکەی لێ بستێنیەوە، دەست لە هەرامە درێژتر دەمێنێتەوە و هەر لەجێوە بێئەوەی مەلا و قەشە و مەلای بگەنە سەر و یاسینی بۆ بخوێنن و داوای لێبووردنی بۆ لە ڕوحولقودووس بکەن، مردار دەبێتەوە.

هەر دوور نەچین، ئێمەی کوردی دۆدیتووی خۆ بە خاوەنی زمانی ڕەسەن زان ڕۆژانە دەیان وشەی زمانانی دیکە لەنێو زمانی خۆماندا هەڵدەشێلینەوە و تەنانەت پێشیانەوە فاخیر و سەربەرزین. وادەزانین وشەی "کازیوە" لە بنەڕەتەوە هی خۆمانە و نازانین لە "صبحکاذب"مان وەرگرتووە. لێکدا لێکدا لە جیات وشەی "هەموو" دەڵێین "سەرجەم" و بیر لەوە ناکەینەوە وشەی "جمع"ی زمانێکی دیکەمان وەرگرتووە و "سەر"ێکی خۆمانەمان لێ کردووەتە براگەورە و وەپێشیمان داوە و "ع"ی "جمع"ـەکشمان قوت داوە و کردوومانە بە "سەرجەم". وشەی وامان زۆرن هەر دوور نەڕۆین ئاورێکی کورت لە "مەشیان" یان "مەشین"ی کرمانجی بدەینەوە. ئەو گۆرانیبێژەی دەڵێت "کیژ مەشیانە دیلانێ" و ئەو سیاسەتمەدارەی دەڵێت " ئەم ئیرۆ مەشەک ل دار خست"، ڕەنگە هیچکامیان نەزانن "مەشیان"، یان "مەش" لە "مەشاء"ی عەرەبییەوە وەرگیراوە.

ئەمەی لە سەرەوە باسم کرد هیچی بۆ ئەوە نەبوو بڵێم زمانی کوردی زۆر چاولەدەستی زمانانی دیکەیە. بەڵکوو پێچەوانە، ئەوانی دیکە ئەوەندەیان لە کوردان وەرگرتووە، بە درێژایی ساڵانی ساڵ قەرزی ئێمەیان پێ نادرێتەوە. هەر لە بنەوپاڵی خۆمان تاوڵی زمانی فارسان چەڵەکە و ئەستووندەگی لە زمانی کوردییە و ئەگەر ئەوانی لێ بستێنیەوە بەسەر یەکدا دادەپێت. بەڵام بەندەی موخلیستان ئەم هەموو شێرورێوییەی بۆیە هینایەوە، بەکورتی باس لە وشەی "تەحریم" بکات. ئەگەر خوێنەری بەڕێز گەورەیی بنوێنێت و ئەم چەند دێڕەی سەرەوەم وەک پێشەکی لێ قبووڵ بکات، لەمەودوا باس لە وشەی "تحریم" دەکەم.

ئەم وشەیە لەم ساڵانەی دواییدا بەردەوام لەسەر کتێب و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و تۆڕگەلی کۆمەڵایەتیدا ئەوەندە زۆر دەبینرێت و دەبیسرێت، هەر مەپرسە. لەم دواییانەدا بەتایبەت لەنێوان ئێران و ئەمریکادا ڕۆژانە لانی کەم دەیان جار وشەی تەحریم دەبیستین یان چاومان پێی دەکەوێت. بەتایبەت ئەمریکا ڕۆژ نییە چەندین دامەزراوە و کەسایەتیی ئێرانی و نزیک لە ئێران و کەسوکاری کەسانی نزیک لە ئێرانیش تەحریم نەکات. لەم چەند ساڵەی دواییدا ئەمریکا ئەوەندەی لە ئێران تەحریم کردووە ئێستا هیچ دامەزراوە و کەسایەتییەک نەماوە تەحریم نەکرابێت. جا لەبەر ئەمە پێویستە کۆماری



سەرچاوە
Serchawe

جۆزەردانی ٢٧٢٣

ئیسلامیی ئێران دامەزراوە و کەسایەتیی دیکە بەرهەم بهێنێت بۆ ئەوەی کەشێکی وا نەخوڵقێت ئەمریکا لە تەحریمکردن بوەستێت و کەس یان دامەزراوەیەک شک نەبات تەحریمی بکات.

دوور لە ڕووی تۆی خوێنەر و پەرژینێکی بەگوڵ بێت، ئەمریکا و خەڵکی دیکەش ئەوەندەی حیساب بۆ سەرچاوەگەلی فتوا (مەراجع تەقلید) دەکەن نیو ئەوەندەش هەرزن و مەرزن بە کڵاوی منی نووسەر و تۆی خوێنەر ناپێون. جا لەبەر ئەمە وا باشە بگەڕێینەوە سەر بۆچوونی سەرچاوەیلی فتوا و بزانین ئەوان چ دەفەرموون. زۆربەی ئەم سەرچاوانە لەسەر ئەمە کۆکن: حەرام بریتییە لەو شتەی مەنعی لێ کراوە و نەهیی لێ کراوە کەڵکی لێ وەربگیرێت، بەڵام دەکرێت کەڵکی خۆتی لێ وەربگری و کەفارەی بۆ بدەی. بۆ وێنە دەتوانی کەفارەی نوێژ و ڕۆژووی نەکراو و خوراو بدەی. لە هێندێک ئایینیدا هەرچی کردووتە لای قەشە دانی پێدا بنێ و بە جیفرکلەخۆدان لە پردی سیرات بپەڕەوە. لەبەرانبەر وشەی حەرامدا وشەی "حەڵاڵ"مان هەیە. حەڵاڵیش بریتییە لەو شتەی دەکرێت کەڵکی لێ وەربگرین. بەخۆشییەوە هەموو خوێنەرانی زۆرزانی ئێستا لەوە تێ دەگەن تحریم بە مانای حەرامکراوە، هەر ئەو حەرامانەی بە دانی کەفارە و شتی تر پووچەڵ دەبنەوە.

جا وەرن بە هەمومان کلک و گوێی ئەم کەرە بگرین و لەم قوڕە دەریبهێنینەوە: ئەمریکا لەلایەک باس لە حەرام و تەحریمی ئێران دەکات و لەلایەکی دیکەوە سوڵتانی عومان دەنێرێتە خوازبێنیی ڕەحم و بەزەیی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی. شاعیری گەورەی کوردیش چەندین ساڵ لەمەوبەر حەرامی بە حەرامێکی دیکە حەڵاڵ کردووە:

"شەرابی لەعلی ڕوممانی لە نالی
حەرامە بێ مەززەی ماچێکی لێوان"

١٥ی جۆزەردانی ٢٧٢٣

# دوکتور ئیدریس ئەحمەدی: کورد دەبێ سەبری ستراتیژیکی هەبێ، هەڵەی سیاسی دووپات نەکاتەوە و پراگماتیستانە سیاسەت بکا




**وتووێژ: دیاکۆ دانا**

**بەرایی:**

به کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی و هەڵوەشانەوەی چەند ئیمپراتۆریی گەورە زۆر نەتەوەی بندەستە سەربەخۆییان وەرگرت و بوونە وڵات و دەیان وڵاتی نوێ هاتنەسەر نەخشەی جیهان. دوای شکستی ئیمپراتۆریی عوسمانی و دابەشکاریی سەرزەمینەکانی عوسمانی بەپێی ڕێککەوتننامەی سایکس - پیکۆ (١٩١٦) تەنیا نەتەوەی غەدرلێکراو کورد بوو کە نەیتوانی وڵاتی سەربەخۆی خۆی هەبێت. ئەگەرچی لە پەیماننامەی سێڤەر (١٩٢٠) و لە ماددەکانی ٦٢، ٦٣، ٦٤دا ڕێوشوێن بۆ ڕاگەیاندنی ناوچەیەکی سەرەتا خودموختار و دواتر سەربەخۆ بۆ بەشێکی بچووک لە خاکی کوردستان داندرا؛ بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان بە مەیلی کوردەکان نەچووە پێش و لە پەیماننامەی لۆزاندا (١٩٢٣) بە بەڕەسمی ناسینی سنووره نوێیەکانی تورکیەی نوێ لەلایەن وڵاتانی بڕیاربەدەستەوە دواهیواکانی کورد بە با چوو.

١٠٠ ساڵ لە پەیمانی لۆزان تێپەڕی و لە یەک سەدەی ڕابردوودا پێبەپێی سیاسەتی داگیرکاری و ئاسمیلەکردنی کورد لە نێو چوار دەوڵەتدا کە کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە، خەباتی شوناسخوازیی کورد و تێکۆشان بۆ دەستەبەری سەروەریی سیاسی لەلایەن کوردەکانەوە لە هەموو بەشەکانی کوردستان بەردەوام بووە. هەروەها زۆر گۆڕانکاریی نوێش لە هاوکێشە نێونەتەوەییەکاندا هاتوونەتە پێش کە بەشێکیان لە بەرژەوەندیی کورد و زۆریشیان لەدژی بوون. "کوردستان" بۆ باس و شرۆڤەی زیاتری ئەو بابەتە دیمانەیەکی لەگەڵ دوکتور ئیدریس ئەحمەدی، کارناسی سیاسی و مامۆستای زانکۆ پێک هێناوە.

**دیاکۆ دانا**: بە سەرنجدان بە گۆڕانکارییەکانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی کۆلۆنیالیزم لە سەدەی بیستەمدا غەدرێکی مێژوویی لە کورد کردووە. ئایا ئەوە جەبرێکی مێژوویی بوو؟ یان بەرهەمی ناپێگەیشتوویی نەتەوەیی کورد؟

**د. ئیدریس ئەحمەدی**: بارودۆخی ژێئۆسیاسیی کورد، هەر لەو کاتەوە کە کوردستان بەسەر ئیمپراتووریی سەفەوی و عوسمانیدا دابەش بوو، بە چەشنێک بووە کە ئەگەر کورد تەنانەت لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی لە ئاستێکی بەرزی "پێگەیشتوودا" بوایە، ئەستەم دەبوو بەبێ پشتیوانیی زلهێزەکان، بتوانێ دەوڵەتی سەربەخۆ دابمەزرێنێ. نە لە ڕووی سیاسی و ئابوورییە و نە لە ڕووی نیزامییەوە، کۆمەڵگەی کوردی ئەو سەردەمە توانایی ئەوەی نەبوو ئەو دەرفەتەی کە پاش شەڕی یەکەمی جیهانیی بۆی پێک هات، بقۆزێتەوە. هەڵبەت وڵاتانی کۆلۆنیالیستیی ئورووپا کۆمەڵێک دەوڵەتیان دروست کرد، لەوانە عێراق و سووریە، کە ساختەن و ئەمڕۆشی لەگەڵ بێ، نەبوون بە "نەتەوە-دەوڵەت". ئەمە جار لە دوای جار لە کەیسی عێراقدا بەرجەستە دەبێتەوە. بەپێچەوانە، بەدەر لە پەیمانی سێڤەر، هیچکات زلهێزەکان پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردییان لە بەرژەوەندی خۆیاندا نەبینیوە و تەنانەت دژبە بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد جووڵاونەتەوە.

بەو پێیە، هەم بەربەستی نێوخۆیی و هەم سیاسەتی زلهێزەکان بەیەکەوە دەوریان هەبووە لە ڕێگریی لە پێکهاتنی دەوڵەتی کوردی. بەربەستە نێوخۆییەکان بە نۆری خۆیان، هۆکاری دەرەکیشیان هەبووە. هەڵبەت بارودۆخی ژێئۆسیاسیی کوردستان بە چەشنێکە کە فاکتەری دەرەکی، جا هەرێمی بێ یان جیهانی، زۆرتر شوێندانەر بووە لە سەر چارەنووسی سیاسی نەتەوەی کورد تاکوو فاکتەری نێوخۆیی. سەرەڕای زیاتر لە سەد ساڵ خەباتی ڕێکخراو و بەهێزبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی و پرۆسەی مۆدێرنیسازیۆن لە کۆمەڵگەی کوردیدا، دەوڵەتی کوردی نەک تەنیا پێک نەهاتووە، بەڵکوو ئاسۆیەکی ڕوونیشی نییە. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانییەوە لە ڕووی ژێئۆسیاسییەوە بەزیندوویی لە گۆڕ نراوە و زلهێزەکان داکۆکیکاری "یەکپارچەیی خاکی" ئەو دەوڵەتانە بوون کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە.

**دیاکۆ دانا**: پێوشوێنی پرسیاری پێشووم لەوە ڕا دەگرم کە ئاخۆ بریتانیا و هێزەکانی هاوپەیمان دژی کورد بوون؟ دیارە نەبوون. ئەوان هاتبوون ئیمپراتووریی عوسمانی بڕووخێنن و بەرژەوەندییەکانی خۆیان دابین بکەن و کوردستانیش بەهۆی بوونی نەوت و سەرچاوە سروشتییە دەوڵەمەندەکانەوە پێگەیەکی گرینگی ئەو بەرژەوەندییە بوو. ئەدی بۆچی لەو نێوەدا کورد خرایە نێو دوو بەرداشی پانتورکیزمی کەمالیزم و پانعەرەبیزمەوە؟

**د. ئیدریس ئەحمەدی**: سەرکەوتنی نیزامی کەمالێستەکان لە نێوان ساڵانی ١٩١٩ و ١٩٢٣ لەو شەڕانەی کە خۆیان بە "شەڕی سەربەخۆیی" ناوزەدی دەکەن، یەکێک لەو فاکتەرانە بوو کە وای کرد لەنێوان پەیماننامەی سێڤەر و لۆزاندا، دەوڵەتی کوردی لە ئاجێندای زلهێزەکان و بە تایبەت بریتانیادا وەلا بنرێ؛ فاکتەرێکی دیکە ئەوە بوو کە بریتانیا پێویستی بە تورکییە بوو بۆ ڕێگریی لە نفووزی یەکیەتیی سۆڤییەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوین. لەو پرۆسەیەدا، بریتانیا مەسەلەی دەوڵەتی کوردیی کردە قوربانی بۆ ڕازیکردنی تورکیە. دواتر ئەمریکا درێژەی بە هەمان سیاسەت دا و تورکیە بوو بە کۆڵەکەیەکی ئەساسیی سیاسەتی مەهارکردنی سۆڤییەت لە پاش شەڕی دوویەمی جیهانییەوە.

لە لایەکی دیکەوە، بریتانیا ساڵی ١٩١٩ پەیماننامەیەکی لە گەڵ ئێران واژۆ کردبوو و بەگوێرەی ئەو پەیماننامەیە، بریتانیا پابەند بوو بە پاراستنی "یەکپارچەیی خاکی" پێرشیا (کە دواتر بوو بە ئێران). بەو پێیە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەدەبوو بە بەشێک لەو دەوڵەتەی کە بەگوێرەی پەیماننامەی سێڤەر، دەکرا پێک بێ. دیسان دەبێ دووپاتی بکەینەوە کە سیاسەتی زلهێزەکان بڕیاردەر بووە لە پێوەندی لەگەڵ چارەنووسی سیاسیی کورددا.

**دیاکۆ دانا**: هۆکارەکان چی بوون کە هەموو وڵاتانی کۆلۆنیالیستی ئەوکات (وەک فەڕانسە، بریتانیا و ئەمریکا) پتر لەوەی بیانەوێ زەرفییەتی بەنەتەوەبوون و بەدەوڵەتبوونی کورد ببینن، هەموو هەوڵیان دەدا لەگەڵ تورکیەی نوێی پاشماوەی عوسمانی هاوپەیمانیی ستراتیژییان هەبێت؟

**د. ئیدریس ئەحمەدی**: وەک لە وەڵامی پێشوودا عەرزم کردی، دوو هۆی سەرەکیی هەبوو؛ سەرکەوتنی نیزامیی تورکیە لەلایەک، هەوڵدان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی لەگەڵ تورکیە لەپێناو مەهارکردنی یەکیەتیی سۆڤییەت لە لایەکی دیکەوە.

**دیاکۆ دانا**: ئەسڵەن لە بنەڕەتڕا وەدیهاتنی ئەو چەند بەندەی پەیماننامەی سێڤەر چارەسەری پرسی کورد و بەدەوڵەتبوونی کورد بوو؟

**جۆزەردانی ٢٧٢٣**

**د. ئیدریس ئەحمەدی**: ئەگەر ئەو دەوڵەتەی کە بەگوێرەی پەیماننامەی سیڤەر قەرار بوو پێک بێ، پێکهاتبوایە، ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لەخۆ نەدەگرت، تەنانەت هەموو جوغرافیای سیاسیی کوردستانی باشوور، باکوور و ڕۆژئاوای ئێستاشی نەدەگرتەوە. بەو پێیە، جێبەجێکردنی ئەو بەندانە مەسەلەی کوردی بە گشتی چارەسەر نەدەکرد.

**دیاکۆ دانا**: لە دوای ئەو مێژووە کورد چەندە خۆی ڕۆڵی هەبووە داگیرکەران بڕیار لەسەر چارەنووسی بدەن و خۆی چەندە بەرپرسیارە لە کەرتبوون و لەتبوونی زیاتری وەک نەتەوەیەک؟

**د. ئیدریس ئەحمەدی**: ئەگەر ئەوەمان قبووڵ بێ کە کورد لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانییەوە لە ڕووی ژێئۆسیاسییەوە بەزیندوویی لە گۆڕ نراوە، ئەوجا دەتوانین باشتر لە لەتوپەتبوونی کورد لە ڕووی جوغرافیایی و سیاسییەوە تێ بگەین. کورد بۆ خۆشی ئەو لەتوپەتبوونەی بەرهەم هێناوەتەوە، بەڵام تەنانەت ئەگەر لە بەشێک لە کوردستاندا یەک هێزی زاڵ بێ یان هێژمۆنی هەبێ، کورد بە گشتی ناتوانێ لەو لەتوپەتییە ڕزگاری بێ. مەگەر ئەوەی دەوڵەتی کوردی پێک بێ کە هەر چوار بەشی کوردستان لەخۆ بگرێ. هەڵبەت فاکتەرگەلێک وەک ئیدئۆلۆژی (لەوانە سۆسیالیزم و ئیسلامی سیاسیی) یان یارمەتی وەرگرتن لە یەکێک لەو دەوڵەتانەی بەسەر کوردستاندا حاکمن دژ بە دەوڵەتێکی دیکە، ئەمانەش هۆکاری لەتوپەتی و شەڕی نێوخۆیی بوون. ئەمانە وێڕای جیاوازیی مەزهەبی، زاراوە و دیاردەی "ناوچەگەرایی" یارمەتیدەری لەتوپەتی بوون لە کوردستاندا، بەڵام ئەو لەتوپەتبوونە و شەڕی نێوخۆیی تایبەت بە کورد نین. نەتەوەی دیکەش بەدەست ئەمانەوە گیرۆدە بووە. ئەوەی کە وای کردووە کورد لە نەهامەتی لەتووپەتی سیاسیی ڕزگاری نەبێ، بارودۆخی ژێئۆسیاسیی کوردستان وێڕای نەبوونی پشتیوانی ستراتیژیکە لەلایەن زلهێزانەوە.

**دیاکۆ دانا**: ڕابردوو ڕابرد. بۆ داهاتوو چیمان لە پێشە و وەک کورد دەبێ چی بکەین؟ ئەو ئەزموونانەی کە دەبێ لە مێژووی خەباتی نەتەوەکەمان و کارتێکەریی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان بۆ داهاتووی خەباتی نەتەوەکەمان وەریان بگرین و دەکاریان بکەین چین؟

**د. ئیدریس ئەحمەدی**: کورد دەبێ سەبری ستراتیژیکی هەبێ و بە وردبوونەوە لە ڕابردووی خۆی و ئەزموونی گەلانی دیکە، هەڵەی سیاسی دووپات نەکاتەوە و پراگماتیستانە سیاسەت بکا. ئەزموون دەبێ ببێ بە بنەمای سیاسەتکردن، نەک ئیدئۆلۆژی یان فکری باوی تاقینەکراو. کورد زیاتر لە سەد ساڵ ئەزموونی خەبات و سیاسەتکردنی هەیە. ئاسۆی دەوڵەتی کوردی ڕوون نییە، بەڵام لە دوو بەشی کوردستان کورد بەشێک لە خاکی خۆی بەدەستەوەیە و حکومەت دەکا. لەلایەکی دیکەوە، سیاسەتی تواندنەوەی کورد شکستی هێناوە، هاوکات لە هێندێک بەشی کوردستان ناسیۆنالیزمی کورد لە

پەرەئەستاندن دایە. گرینگ ئەوەیە كە كورد بتوانێ بمێنێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ لە دەرفەتی دیكەی مێژوویی كەڵك وەرگرێ. ئەو دەرفەتانە كەم هەڵ دەكەون. بەڵام بە بەراورد لەگەڵ بارودۆخی پاش شەڕی یەكەمی جیهانی، كورد ئامادەتر و بەتواناترە بۆ قۆستەنەوەی ئەو دەرفەتانە.

**دیاكۆ دانا**: سپاس بۆ ئەوەی كاتتان بۆ ئەو دیمانەیە دانا

**د. ئیدریس ئەحمەدی**: ئێوەش سەركەوتوو بن

١٧ی جۆزەردانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# زندانیی سیاسی لە کۆماری ئیسلامیدا



حەسەن حاتەمی

## بەرایی:

لە ساڵی ١٣٠٠ زیندان بە مانای "مودێرن"کەی لە ئێران دامەزرا و لەوکاتەوە زیندانیی سیاسییش هەیە. بەڵام دەسەڵاتی سیاسی لەجیاتی قبووڵکردنی زیندانیی سیاسی، یاسای ٣١٠١یان پەسند کرد، کە بە یاسای ڕەش دەناسرێ و دواتر کۆماری ئیسلامییش بە جۆرێک لە مادەی ٤٩٨ی سزادادندا، کەڵکی لێ وەرگرت.

لە پاییزی ١٣٢٠دا، سێ پێکهاتە زۆر چالاک دەبن، نەتەوەخوازان، چەپ و ئیسلامییەکان، کە چەند حیزب و ڕێکخراوی جۆراوجۆریان دامەزراند. ڕێکخراوی فیدائیانی ئیسلام، بە ڕێبەری مجتبا میرلەوحی (نەواب سەفەوی) یەک لەوان بوو. ئەو ڕێکخراوە، دژبەرانی خۆی و دەسەڵاتدارەکانی دەکوشتن و بەئاشکرا تیرۆری دەکردن. ئەو ڕێکخراوەیە کە کۆمیتەیەکی تایبەتیی بۆ لەنێوبردنی دژبەرانی بە ناوی "مجازات" دانابوو، ئەحمەدی کەسرەوی و مونشییەکەی (حەدادپوور) کە جیابیر

بـوون و؛ عەبدولحوسێن هەژیـر، وەزیـری دەربـار و ڕەزم ئـارا، سـەرۆکوەزیرانی محەمـمەدڕەزا شـایان کوشت و دوو وەزیـری دەرەوەشیان تێرۆڕ کرد و بریندارکیان کردن، کە دکتور حوسێن فاتمی و حوسێنی عەلا بوون. فیدائیانی ئیسلام دوای ١٠ سـاڵ چالاکییان نەما. لە سالی ١٣٤٢ ڕێکخراوەیەکی دیکە بە ناوی کۆمەڵی مۆئتەلەیفەی ئیسلامی دامەزرا، کە ڕێگەی فیـدائیییانی ئیسلامی درێژە دا و حوسێنعەلی مەنسوور، سەرۆک وەزیرێکی دیکەیان تێرۆر کرد.

دەسەڵاتی نـوێی ئیسلامی سیاسی کە نـاوی "کۆمـاری ئیسلامیی ئێـران" ی لەسـەر خـۆی دانـا، لەسـەر بنەمـایەکی ئیدئۆلۆژیی ئیسلامی بناژۆ، کە پتر دەچووە سەربیری فیدائیانی ئیسلام، بەڵام بە ڕێبەریی ویلایەتی فەقیهـ هەنگاو بە هەنگاو داسەپا. ئەو دەسەڵاتە نوێیە گەلانی ئێران و ئیسلامییەکانی پێ "ئوممەت" بـوو. ئوممەتیش لەسـەری فەرزە دەستوورەکانی ڕێبەر -کە لە ئێراندا وەلیی موتڵەقەی فەقیهە- جێبەجێ بکـا و ئەسڵی ١١٠ی یاسـای بنەڕەتییش ئەو دەسەڵاتەی داوەتـێ. بێتوو ئەو کارەش نەکەن وەک دژبەر و نەیار چاویان لێ دەکرێ و "مجازات" دەکرێن.

## زیندانیی سیاسی لە ئێراندا

دەسەڵاتدارانی نوێی بیری ئیسلامی سیاسی بە بیروباوەڕی ئەو دوو ڕێکخراوەی نـاویـان بـرا، دواتـر لەگەڵ کۆمەڵێکی دیکە، حیزبی جمهووریی ئیسلامییان دروست کرد و، بەدژی نەیـاران ڕێژیمەکەیـان کەوتنەخۆ. لە قامووسی ئەواندا، دژبەر و نەیـار مـافی نەبـوو، بـۆیە دەبـوو هەڵویستیان لەسـەر بگرن. یەکێک لە هەڵوێستەکان گیـران و بەنـدکران بـوو. دەسـەڵاتدارانی ئیسلامی لە دەیەی یەکەمی ڕێژیمەکەیاندا بۆ سەقامگرتوویی خۆیان زۆریـان پێویستی بە شەڕ هەبـوو. لەو نێـوەدا کوردستان جیاواز بوو. لە ڕیفراندۆم بۆ کۆماری ئیسلامیدا بەشداریی نەکردبـوو. دوو حیزبـی سیاسیی دێموکرات و کـۆمەڵەی هەبـوو کە سێکۆلار بوون. جگەلەوە ئیسلامییەکانیشی نەتەوەیی بوون. بـۆیە سیاسـەتی سـەرکوت، زەبروزەنـگ، شـەڕ و کوشتـار، گـرتن و زیندانیکردنی بەسەر کوردستان پێش هەموو نـاوچەکانی دیکەی ئێراندا سەپێندرا.

لە ماوەی پێنج ساڵدا، سێ شەڕ بەهـۆی ئـاکـاری دژێـوی ڕیـژیم لە ئـارادا بـوون. ڕۆژهەڵاتی کوردستان، عێراق و ڕێکخراوە ناوەندبیرەکان بوون. کوردستان لە سالی ١٣٥٨ (١٩٧٩) کەوتە بەر هێرشی گەورە و لە ٢٨ ی گەلاوێژ بە حوکمی ڕوحووڵڵا خومەینی هێرشی سەرانسەری بـۆ ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان کـرا و "گشت ئـاراللە"ی "آتـش بە اختیـار" کەوتـنە گیـانی خەڵک لە کوردستان. ئەو گەشتە و سپا بـوون بە قـاتڵی سەری لاوەکـان، نـاڕازییەکـان و ئەنـدامان، لایەنگران و دۆستانی ڕێکخراوە سیاسی و تا ڕادەیەک مەدەنییەکانیش.

چریکەکانی کەمینە (اقلیت)، و هاوشێوەکانی لە هاوینی ١٣٥٩ (١٩٨٠) وە، ڕێکخراوی موجاهیدین خەڵق، لە جۆزەردانی ١٣٦٠وە، حیزبی توودە و فیدائیانی ئەکسەرییەت، لە زستانی ١٣٦١ (١٩٨٣) وە بە کۆمەڵ دەگیران. پێکهاتەی گیراو و زیندانەکان، لە شار گەورە و مامناوەندی و بچووکەکاندا، پێکهاتەیەکی سیاسی، تەشکیلاتی و چەکداریی بەرگریی کارانەیان هەبوو. بۆیە تاوانی ئەوکاتی گیراوەکان و زیندانییەکان ناوی "دژی شۆڕش"، "زیندانیی تاقمۆکی" (زندانی گروهکی) و "خراپە لەسەر عەرزی" (مفسد فی‌الارض) یان لێ دەندرا. لە کوردستان، زیندانی شێوەی دیل و ڕەشبگیری بوو، چ تاوانێکیش پێیان خۆش با بەسەریاندا دەسەپاندن، بە لێدان، جەزەربە و ئەشکنجە کردن. بۆیە شتێک بە ناوی زیندانی سیاسی بوونی نەبوو و نییە.

لە کوردستان، کوشتنی بەکۆمەڵ لە پاوە، سنە، سەقز، مەهاباد، ورمێ و زۆر شار و شارۆچکە و گوندی دیکەی کوردستان کران، کە یەکێک لە کارەساتە پتر دڵهەژێنەکە، کوشتاری بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهابادی لە ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ (١٩٨٣) بوو.

## تۆبەپێکردن بە زیندانییە سیاسییەکان

زۆربەی ئەو کەسانەی دەگیرێن و زیندانی دەکرێن، کەم وا هەیە ئەشکەنجەی جەستەیی بەتایبەتی، کابڵ لێدان لە بەرە پێیەکان و بەشێکی لەشیان، بێخەوی پێکێشان، هەڵاواسینی قەپانی و قەسابی، شەپ، زللە، مست، ئاوی سارد پێداکردن و لەبەر سەرما ڕاگرتن نەدرێن و ناخۆشترین قسەی قێزون و هەڕەشەی لاقە کردنیان لێ نەکرێ. ئەو بەشە لە زیندانیانی سیاسی، ژن و کچ، هەم بە هەڕەشە و هەم بە کردەوە پتر دەیانگرێتەوە. بەتایبەتی ئەو کچانەی کە بە سزای کوشتن مەحکووم دەکران و فتوا دەدرا ئیزن نەدەرێ بە کچێنی گیانیان لێ بستێندرێ.

ئەوەی بەناو "تۆبەی پێ کرا" لەژێر زەخت و گوشاردا، پێویستە وەک قوربانی و دیلی دەستی ڕێژیم و ناچارکران و کەم تاقەتی لەبەرانبەر جەلادەکان و ئەشکەنجەکان سەیر بکرێن. کاتێک لە زیندان ئازاد کران هەڵی خۆباوەڕی و ئاساییکردنەوەی کەسایەتییان پێ بدرێ. ئەوان کە "ئەشکەنجە سپی" (ژووری تاکە کەسی) زۆر و بەردەوام بڕستیان لێ بڕیبوون یا خەم بۆ ژیانی هاوژین و منداڵەکانیان، ئەوانەی سەڵت نەبوون، تووشی هەڵوێستی نەخوازراو بوون. دیارە زۆر کەسیش تۆبەیان پێ کردن و گیانشیان لێ ئەستاندن.

لە بەرانبەر تۆبەکاریدا، بەربەرەکانیی توند، "مانەوە لەسەر بیروڕا" لە زیندانەکاندا زۆر بوون. ئەوان لەلایەن زیندانوانە

سەرکوتکارەکان بە "دژە شۆڕشی نێو زیندان" (ضد انقلاب زندان) و "نەبوون بە مرۆڤ" (آدم نشدن) - بیخوێنەوە تەسلیم نەبوون و تۆبە نەکردن- ئەزیەت دەکران. ئەو بەشە لە ساڵی ١٣٦٧ (١٩٨٨) زۆرترین تێچووی ژیان و ژینیان دا، و بە هەزاران کەسیان بەکۆمەڵ و تاک لە ٨٠ زیندانی سەرانسەری ئێران لێ کوژرا. لەو بەشەدا، زیندانەکانی ئێڤین و گەوهەردەشت، زۆرترین ڕێژی کوشتارە بەکۆمەڵەکەیان تێدا کرا، کە یەکێک لە جینایەتکارەکان حەمید نووری (عەبباسی) بوو، کە لە سۆئێد لە دادگایەکی عادڵانە و دیمۆکڕاتیکدا کە ٩ مانگی و ٩٢ جەلەسەی خایاند، ئەوەندەی بەڵگە لەسەر هەبوو، کە زۆرترین سزای سۆئێد، واتە ٢٠ ساڵی -کە بەرانبەر بە "ئەبەدە"- پێ درا.

لە دیاردەی کۆمەڵکوژی و "تۆبەسازی"دا، زۆربەی زیندانییەکان، بە هەڵویستی خوڵەمێشیی (خاکستری) گرتن لە مەرگ ڕزگار بوون. بەو مانایە کە نە لەگەڵ گرووپەکەی خۆیان بوون و نە دەسەڵاتیان قبووڵ بوو، و حوکمی داسەپاویان دەکێشا. زۆربەیان کەسانی زۆر بە بیروڕا و سالم بوون، ئەو هەڵویستە ڕێگەیەکی دەربازبوون لە گیان لێئەستاندن بوو. هەروەها، سەید حوسێن مورتەزەویی زەنجانی، سەرۆکی زندانی ئیڤین و گەوهەردەشت، لە کڵاوهاوس پەردە لە سەر گۆشەیەکی بچووکی جینایەتەکانی زندانی ئیڤین لا دەدا. ئەو گوتی:" ژمارەیەکیان بۆ ئیعدام دەبرد، چەند کوردێکیشیان لەگەڵ بوو. یەکیان پێشی پێ گرتم و گوتی: ئێوە تەنیا بە تاوانی کوردبوون دەمکوژن. مورتەزەوی، کارەساتی کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانییە سیاسییەکان قبووڵ دەکا، و خۆی بە شەرمەزار دەزانێ و دەڵێ:"بە ئاوی زەمزەمیش بمشۆن پاک نابمەوە". ئەوەش یەکێک لە دەستکەوتە مەزنەکانی بزووتنەوە و شۆڕشی ژینایە کە فیداکاری و مردن بۆ "ژن، ژیان، ئازادی"، ویژدانە نوستووەکانی وەخەبار هێناوە، بەهەر هۆیەک بێ.

## "تاوانی سیاسی" لە ئێراندا

دوای ٣٧ ساڵ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی لە زستانی ١٣٩٤دا، گەلاڵەی "تاوانی سیاسی" لەلایەن مەجلیسی شوڕای ئیسلامی پەسند و لە بانەمەڕی ١٣٩٥دا لەلایەن شوڕای نیگابانەوە پەسند کرایەوە. بەڵام هەتا ئێستاش کاری پێ نەکراوە. چونکە ئەوان تۆمەتی ئەمنییەتی دەدەنە پاڵ گیراوەکان و ئەو "تاوانی سیاسی"یەی بۆخۆشیان پەسندیان کردوە، کاری پێ ناکەن، چوونکە باوەڕیان پێی نییە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە سیاسیبوون نەتەنیا تاوان نییە، بەڵکوو مافێکی ڕەوایە و نەک کەس نابێ بەو تاوانە زیندانی کرێ، بەڵکوو دەبێ بەئاشکرا و ئازادانە چالاکیی هەبێ.

هەڵبەت پێویستە ئاماژە بکرێ کە لە سەردەمی پەهلەوییەکانیشدا، "تاوانی سیاسی" پێناسەیەکی ئەوتۆی نەبوو. لە ماوەی پتر لە نیوسەدە دەسەڵاتی پەهلەوییەکاندا دژبەرانیان بە "خرابکار" یا "تێرۆریست" ناو دەبرد، و لە دادگا نیزامییەکاندا،

محاکەمەیان دەکردن.

## شۆڕشی ژینا و زیندانیی سیاسی

له ڕاپەڕین و شۆڕشی ژینادا، هەم قەبارەی زیندانییەکان بە ژمارە دەیان هەزار، هەم کەمتەمەن و لاو، لە نێویاندا ژنان و کچان لە سەروەی هەمووان، پێکهاتەیەکی دیکە و فەزایەکی نوێی ئازادیخوازیی مافویستی و ڕێژیمنەویستیی بەرهەم هێناوە. دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بە سەرانسەری و جیهانی کرا، و وەک ئاشکرا بووە بازجووەکان گوتوویانە سەرسامن بە هەڵسوکەوتی نەوەی نوێ -پتر لەدایکبووەکانی دەیەی ٨٠- کە چۆن مەرگ بەئاسایی دەگرن و ناترسن. بۆیە دەکرێ ناوی "وەزی نەترسان" (فصل جسارت)ی لەسەر دابندرێ.

تاوانە نەکردوەکانی زیندانیانی شۆڕشی ژینا "بغی"، "سبالنبی،" "سووکایەتی بە پیرۆزییەکان"، "محارەبە"، "ئیرتداد"ن کە هەموویان دەکرێ بە پێی فتوای ئاخوندێک یا قسەکانی ئەم دواییە ئاخوندی توندئاژوی جینایەتکار موحسینی ئێژیی ببێتە هۆی گیان لێن ئەستاندنیان.

ئەو بزووتنەوە و شۆڕشە نوێیە، بە خوێن و فیداکاریی شەهیدان، نەمران، گیانلێئەستێندراو و زیندانییە سیاسییەکان بە ئاکام دەگا، بەو مەرجەی لە هەموو بەشەکانی خەباتی مەیدانی، ڕێکخراوەیی، سازماندان و دیپلۆماسیدا، یەکگرتوو بیین.

❊❊❊

سەرچاوەکان:

"گووگل"، "ڕادیۆ فەردا"، "یوتیووب"، "بی بی سیی فارسی، سێشەممە، ٩ی جۆزەردان، بەرنامەی ٦٠ دەقیقە"

١٧ی جۆزەردانی ٢٧٢٣

# هێزی شەقام و لێکەوتەکانی



ناسر سالحی‌ئەسڵ

ئەگەر لە سەردەمی جیهانی دوو جەمسەری و شەڕی سارددا، خەبات و بەرگریی پڕ لە شانازیی چەکداریی تەنیا ڕێگایەک بوو کە دەنگی خەباتی ڕزگاریخوازیی و مافویستی نەتەوەی کوردی بە گشتی و بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک ڕەمزی خۆڕاگری و مانەوەی شوناسی نەتەوەیی و دەستەبەر کردنی مافە ڕەواکانی بە گوێی جیهان دەگەیاند. بەڵام لە هەمان کاتدا حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە گوتار و ئەدەبیاتی سیاسیی خۆیاندا، خەباتی چەکدارییان وەک تاکتیکێکی خەبات چاو لێ دەکرد.

مەبەستی حیزبی دێموکرات لەو تاکتیکە گوشارخستنە سەر دەسەڵاتدارانی بڕیاردەری تاران، بە مەبەستی ناچارکردنیان بە هەڵبژاردنی ڕێگای دیالۆگ و وتووێژ، بۆ چارەسەری مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران وەک خاڵێکی گرینگی ستراتێژیکی خەباتی ڕەوا بوو. بۆیە حیزب و ڕێکخراوە خەباتگێڕ و شۆڕشگێرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ماوەی دەسەڵاتدارێتیی ڕێژیمەکانی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا سەلماندوویانە کە هەر کات دەرفەتیان بۆ ڕەخساوە، بۆ

**جۆزەردانی ٢٧٢٣**

چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی نەتەوایەتی لە هەموو میتۆدەکانی خەبات کەڵکیان وەرگرتووە. دامەزراندنی کۆماری کوردستان، بەشداریکردن لە خولی چواردەهەمی مەجلیسی شورای میللی لە سەردەمی دەوڵەتی دوکتور محەممەد موسەدیق، پێکهێنانی هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد لە سەرەتایی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، بەشداریکردن لە یەکەمین خولی هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورای میللی و مەجلیسی خوبرەگانی یاسای بنەڕەتی، بەشداریی واتادار و ئاراستەدان بە ئاکامی چەند هەڵبژاردنێکی سەرۆککۆماری، مەجلیس و شورای شار؛ هاندانی خەڵکی شار و گوندەکانی کوردستان بۆ مانگرتنی گشتی لە ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵرۆژی تێرۆری شەهید دوکتور قاسملوو؛ مانگرتنە گشتییەکان لە ئاستی شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت مانگرتنی سەرانسەری ٢٣ی بانەمەڕی ١٣٨٩ی هەتاوی و سەرئەنجام دەسپێکی ڕاپەڕین و شۆڕشی ژینا لە شاری سەقزەوە، نموونە بەرچاوەکانی خەباتی شار و شەقامی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە.

کاتێک باس لە لێکەوتەکانی وزە و هێزی خەباتی شەقام دەکەین، واتا باس لە هەموو مێتودەکانی خەباتی ڕەوا و بەتایبەت هەموو مێتودەکانی خەباتی بە جەماوەریکردن لە پێناوگەیشتن بە ئامانجە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین. کەوابوو سووربوون و بەردەوامبوون لە گەشانەوە و بە جەماوەریکردنی خەباتی ڕەوای نەتەوەکەمان بە هەموو مێتودەکانی خەباتەوە لە ئێستای وڵاتی فرەنەتەوەی ئێراندا لە لایەن خەڵکی مافویستی کورد لە شۆڕشی ژینادا بۆ مافەکانی، بۆ جارێکی دیکەش پارسەنگی هێز و وزەی لە قازانج و بەرەژەوەندی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی ئێرانی گۆڕی و کوردستانی کرد بە چاو و چرای خەباتی گەلانی ئێران.

ڕێبەرایەتیی بەرپرسیار و خەباتگێڕان و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەگشتی بزووتنەوەی سیاسیی کورد هەموو کات، لەلایەک بۆ پەرەسەندنی خەبات بۆ مافە ڕەواکان لە ئاستی ناوچە و جیهان هەوڵی داوە لە دەرفەت و هەلومەرجەکان کەڵکی پێویست وەرگرێ و خۆی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی جیهان و ناوچەدا ڕێک بخات و بگونجێنێ؛ لەلایەکی دیکەوە لە سەردەمی بەجیهانیبوون و شۆڕشی زانیاری و ئینفورماتیکدا جێگەوپێگەی دەسەڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی لەق کردووە و ڕێژیم ناتوانن وەک جاران بە سەرکوت و توندوتیژی، بیر و ئەندێشەی ئازادیخوازیی و مافویستی، دێموکراسی و ئازادیخوازیی خەڵک کپ بکەن.

بەردەوامبوونی شۆڕش و ڕاپەڕینی جەماوەریی گەلانی ئێران لە یەک دەیەی ڕابردوودا پارسەنگی هێز و وزەی خەباتی شاری لە قازانج و بەرژەوەندیی نەتەوەکانی ئێراندا گۆڕیوە. ئەوەش هاندەرێک بووە بۆ گەل و نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران بۆ ڕزگاری لە سەرەڕۆیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و گەیشتن بە سیستمێکی دێموکراتیک کە لەودا پرەنسیپەکانی دێموکراسی و



سەرچاوە
Serchawe

ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی پێڕەو بکرێت. بۆیەشە لە شۆڕشی ژینا لە ئاستی ئێراندا، شێوازی خەباتی شار بە شێوەی هاتنەسەر شەقام، مانگرتن و نارەزایەتیی گشتیی، پەرەسەندنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و خۆپیشاندان و مانگرتنی شار و شەقام، هێز و وزە خەباتی شۆڕشگێڕانەی شاری هەموو نەتەوە و ئیتنیک و ئایینزاکانی ئێرانی بەرز کردووەتەوە. هەربۆیە لە ڕاپەرین و شۆڕشی ژینادا شار و شەقام چەق و ناوەندی خەباتە لە زۆربەی شارەکانی ئێراندا.

ئەوەی لێرەدا جێی باس و تێڕامانە، لەلایەک لە ئێستادا مێتۆدی خەباتی شارە کە لەلایەن کۆڕ و کۆمەڵەی نێونەتەوەیی و وڵاتانی پێشکەوتوو و دێموکراتەوە زیاتر پشتیوانیی لێ دەکرێ. ئەگەر لە ڕابردوودا وڵاتانی ڕۆژئاوا لە بەرانبەر ڕاپەڕینی خەڵکی سڤیل، دژبە دیکتاتۆرەکان بێدەنگییان هەڵدەبژارد، یان خەباتی مەدەنی و جەماوەریی خەڵکیان بە مەسەلەیەکی نێوخۆیی وڵاتان دادەنا، ئێستا بە هۆی گۆڕانکاری لە سیستەمی نوێی جیهانیدا و گرینگیدان بە فاکتەرەکانی وەک مافەکانی مرۆڤ و دێموکراسی، ئازادیی سیاسی و چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەکان و کەمایەتییە ئایینییەکان، ماف و ئازادیی تاکەکان و زۆر فاکتەری دیکە، وڵاتانی دێموکراتیک و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان، ڕۆڵی پشتیوانی لە خەباتی مەدەنیی خەڵک، لە وڵاتانی خاوەن دەسەڵاتی سەرەڕۆ و دیکتاتوریدا دەگێڕن. تەنانەت بۆ پشتیوانی لە خەباتی مەدەنی گەلانی ئێراندا، ئێستا ئیدارەی نوێی ئامریکا و وڵاتانی ئوورووپایی و کانادا و زۆر وڵاتی دیکە (سەرەڕای بوونی کێشەی چەکی ناوکی) بەشێکی زۆری بەرپرسانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانی بە هۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و سەرکوتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و نەتەوەکانی ئێران، خستووەتە لیستی نوێی گەمارۆکانیانەوە. هەروەها لەلایەکی دیکەوە مێتۆدی خەباتی شار ئەمڕۆ بە هۆی ڕاگەیەنە گشتییەکانەوە، وەک تۆڕی ئینتێرنێت و سەتەلایت و موبایل، توانیویەتی ڕای گشتیی جیهان بجووڵێنی. ئەگەر جاران مەسەلەی خەباتی شار و شەقام و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتە دیکتاتۆرلێدراوەکاندا هەروەک گوترا بە پرسێکی نێوخۆیی لەقەڵەم دەدرا، ئێستا پرسی خەباتی شار و مافەکانی مرۆڤ، پرسێکی هەستیاری نێودەوڵەتییە و وڵاتانی دێموکرات خۆیان لە بەرانبەر سەرکوت و زەبروزەنگ و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا بە بەرپرس دەزانن. شورای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی ئورووپا و ڕێکخراوەکانی بواری مافەکانی مرۆڤ، ئێستا زیاتر پشتیوانی لە شێوەی خەباتی شەقام و جووڵانەوە مەدەنییەکان دەکەن و ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان و یەک لەوان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران مەحکووم و ڕیسوا دەکەن.

هەر چەند گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی دەسەڵاتداری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا خاوەن هیچ چەشنە مافێکی سیاسی نەبوو و نییە، تەنانەت ئەگەر ڕۆڵەکانی زۆریش لێهاتوو بن، هیچ پلە و پایەیەکی کارگێری باڵا و سیاسییان دەرحەق ڕەوا نابینن و ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا بۆ شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نوێنەر لە پارلمانی کۆماری ئیسلامیدا دیاری کراوە، بەڵام ئەم بەرواڵەت نوێنەرانەش لە قۆناخی یەکەمدا لە چەندین دەزگای فیلتێرینگی وەک وەزارەتی

**جۆزەردانی ٢٧٢٣**

ئیتلاعات و شورای نیگابان دەبێ تێپەڕ بن، تا ئیزن دەدرێن وەک تاکێک خۆیان بەربژێر بکەن. بەڵام تەنانەت ئەگەر ئەو کەسانەی دەچن بۆ نێو پارڵمان کەسانێکی نیشتمانپەروەریش بن، بە هۆی ئەوەی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، لەلایەک بازنەی پێکهاتە و سیستەمی دەسەڵاتداری ڕێژیم نادێموکراتیک و داخراوە و لەلایەکی دیکەوە پێکهاتەیەکی دەسەڵاتداریی سەرتر لە یاسا، بە ناوی بەیتی ڕەهبەری بوونی هەیە، هەر یاسایەک کە دەردەچێت ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەبێ لە لایەن ئەو دەسەڵاتە نارەوا و نادێموکراتیکە کە ئەویش ڕێبەر و دەزگاکانی سەر بە بەیتی ڕێبەری ڕێژیمە پەسەند بکرێت. بەڵام بەگشتی لەگەڵ ئەوەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆی هەیە لە هەر هەلومەرجێکدا شێوەی خەباتی خۆی دیاری بکا، پێویستە سەرنج بداتە ئەو مەسەلە گرینگەش کە لە چ هەلومەرجێکدا چ شێوە خەباتێک شوێندانەرتر و بەرهەم و قازانجی زیاتری بۆ نەتەوەی کورد لێ دەکەوێتەوە هەڵبژێرێت.

ناسینی هەلومەرجەکان و هەڵسەنگاندنیان و لە پەنا ئەوەش دەستنیشانکردنی شێوەی خەباتی گونجاو لەگەڵ ئەو هەلومەرجانەدا دەتوانێ یارمەتیدەر بێ، بۆ چوونە پێشی ڕەوتی خەباتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. هەروەها لە قوناغ و هەلومەرجی ئێستای خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، کە بە لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخ ناسراوە، خەباتی شار گرینگی تایبەتیی هەیە. چونکە لە خەباتی شاردا شار ناوەند و چەقی خەباتە. لە خەباتی جەماوەریی شەقامدا ئەگەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پشتیان بە ڕێکخستن و نەخشە ڕێگای هاوبەش و هەماهەنگی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی گەرم بێت، کۆمەڵگەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زەرفییەت و توانای ئەوەی تێدایە لە هەر دەرفەتێک بۆ زەقکردنەوەی ویست و داخوازییە ڕەواکانی کەڵک وەرگرێت.

**١٧ی جۆزەردانی ٢٧٢٣**

# ئەم پارادۆکسە چییە؟



ئاسۆ مینبەری

پرسەکانی ژنان لە کوردستان، ئەگەر نەڵێین بۆ زۆرینەی خەڵک، بەڵام لانیکەم بۆ خودی ژنان گرینگن و وەکوو بابەتی هەستیاری کۆمەڵگە چاویان لێ کراوە، بۆیە بە بەردەوامی باس لە کێشە و گرفتەکانی ژنان لە کۆمەڵگەدا کراوە. ئەگەر هەندێ کەس شارەزایانە و بە سەرنجدانی فاکتەرە یەکلاکەرەوە و کاریگەرەکان هەوڵیان داوە شەنوکەوی پرسەکانی پێوەندیدار بە ژنان بکەن، لانیکەم بینیومانە کە زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگە بەبێ سەرنجدان بە ڕەگەزیان، لەسەر دۆخی ژنان قسەیان کردووە و هەوڵیان داوە لە ڕوانگەی خۆیانەوە شرۆڤەی دۆخەکە بکەن، چونکە پرسەکەیان بەلاوە گرینگ بووە.

پێش لە ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابردوو و دەسپێکی شۆڕشی ژینا، کاتێ کەسێک ویستبای فۆکوس بخاتە سەر کێشەکانی ژنان بەتایبەت لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، باسی لە دیاردە جیاوازەکانی منداڵهاوسەری، منداڵبوونی پێشوەختە، وازهێنانی زۆرەملێ لە خوێندن، خۆکوژی، قەتڵی نامووسی و کۆمەڵێک دیاردەی دیکە دەکرد، بەڵام بە هاتنەئارای شۆڕشی ژینا،

پرسەکە گۆڕانی بەسەردا هات و چاوەڕوانییەکە ئەوە بوو کە گۆڕانێکی بنەڕەتی لە دۆخەکەدا بێتە ئاراوە.

لە پاش کوژرانی ژینا ئەمینی بە دەستی هێزەکانی گەشتی ئێرشاد، زیاترین فۆکوس کەوتە سەر ئەو توندوتیژییانەی کە بە شێوەی سیستماتیک لەلایەن دەسەلاتەوە بەرانبەر بە ژنان و کچان ئەنجام کرا. بۆ نموونە توندوتیژییە گوتاری و ئاکارییەکانی هێزەکانی گەشتی ئێرشاد لەگەڵ ژنان، پرسی حیجابی زۆرەملێ و توندوتیژیی هێزەکانی ڕێژیم بەرانبەر بەو ژن و کچانەی کە ملکەچی بڕیاری دەسەلات نین و زۆر پرسی دیکە. بەلام ئەوەی کە لەم ماوەیەدا سەرنجڕاکێش بوو، هەڵوێست و دژکردەوەی گشتیی کۆمەڵگە بەنیسبەت پرسە سەرەکییەکە بوو، واتە کوژرانی کچێکی کورد بە دەستی هێزەکانی گەشتی ئێرشاد!

چەخماخەی شۆڕشەکە بە کوژرانی ژینا ئەمینی لە کوردستانەوە لێ درا، لە سەرتاسەری کوردستانەوە خەڵک هاتنە سەرشەقام تاکوو بەرانبەر بە کردەوەکەی ڕێژیم، هەڵوێست بگرن و داوای مافی زەوتکراوی کچە شەهیدەکەیان و هەروەها باقی ژنانی کوردستان بکەن، هەر بۆیە ژن و پیاو هاتنە سەر شەقام، دژ بە داگیرکەر ڕاوەستان و دژی ڕێژیم دروشمیان دا. ڕاستە کە لە شارەکانی دیکەی ئێرانیشدا خەڵک هاتنە سەر شەقام، بەلام لە ڕاستیدا دۆخی کوردستان ڕادیکاڵتر بوو، ئەو بەکگراوندە مێژووییەی کە ڕێژیم لە کوردستان و بزووتنەوەی کوردستان و کردەوەی خەڵکی کوردستانی هەبوو، وای کرد کە توندوتیژی بەرانبەر بە خەڵک زۆر زیاتر بێ، هەر لەم ڕاستایەشدا بوو کە سەرکوتی خەڵکی خۆپیشاندەر لە کوردستان زۆر زیاتر و بەرچاوتر و توندوتوڵتر لە باقی شارەکانی ئێران بوو، جا لەم قۆناغەدا بوو کە ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکیش شەهید و بریندار بوون.

ئەوەی ئامانجی ئەم نووسینەیە، پێوەندیدانەوەی تێکۆشانی خەڵک لە شۆڕشی ژینا لەگەڵ ڕووداوەکانی دوای دەسپێکی ئەم شۆڕشەیە! لە کاتێکدا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە کوڕانی ئەم نیشتمانە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بیری دواکەوتووی ڕێژیم و ڕوانینی بەنیسبەت ژنان گیانیان بەخت کرد، هەر چەند ماوە جارێک هەواڵێک لە کوشتنی ژنان، بووە سەردێری هەواڵەکان کە نموونەی ئاخریشی ڕۆژی دووشەممە، ٨ی جۆزەردان بوو. ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا لە هەواڵێکدا باسی لە کوژرانی ژنێکی لاو بە ناوی "پەرەستوو شابازی" کرد کە بە دەستی هاوسەرەکەی و بە لێدانی چەقۆ لە دێولان کوژرابوو، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە هەر لە شاری دێولان و لە ڕەوتی نارەزایەتییەکاندا، ٢ کەس بە ناوەکانی "ڕەزا لوتفی" و "موحسن نیازی" لە ڕەوتی خۆپیشاندانەکانی ئەم شارەدا بە دەستی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و تەنیا بە تاوانی داکۆکیکردن لە مافی ژنان و مافی مرۆیی خۆیان کوژران.

جۆزەردانی ٢٧٢٣

دۆخەکە جێی تێڕامانە! لەلایەکەوە پیاوان دێنە سەر شەقام و ئەگەرچی هەموو داخوازییەکانیان لە چوارچێوەی مافەکانی ژناندا نییە و کۆمەڵێک پرسی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی پاڵنەریان بووە و وای کردووە کە ڕاشکاوانە و بەبێ گرینگیدان بە سەرکوتکارییەکانی دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیم بێنە سەر شەقام و داوای مافەکانیان بکەن، لەلایەکی دیکەوە هەندێک بوونەوەر لە قاڵبی پیاودا، بە دڕندانەترین شێوە هێرش دەکەنە سەر هاوسەرەکانیان و لەتوپەتیان دەکەن! پرسیارەکە ئەمەیە، بەڕاستی ئەم هەموو پارادۆکسە چییە؟ مەگەر هەر لەو شارەی کە پەرەستوو دەژیا، ژنان و پیاوان هاوشانی یەکتر نەهاتنە سەر شەقام و پێکەوە داوای مافە زەوتکراوەکانی خۆیان نەکرد؟ ئەی چۆنە کە پاش بەردەوامبوونی زیاتر لە ٨ مانگ لەم یەکڕیزی و هاودەنگییە، پەرەستوو بە دەستی هاوسەرەکەی دەکوژرێت و منداڵە ساواکەی بۆ هەمیشە لە بوونی دایک و سۆزی دایکایەتیی بێبەری دەبێ؟

ئاوڕدانەوە لە دۆخەکە زۆریش ئەستەم نییە، گۆڕان کاتێ لە کۆمەڵگەدا درووست دەبێ کە تاک بە تاکی کۆمەڵگە لە بەرانبەر هەموو ڕووداو و پرسەکاندا خۆیان بە بەرپرسیار بزانن، گومان لەوەدا نییە کە هاوسەرەکەی پەرەستوو هەروا کە لە هەواڵەکاندا باس کراوە، خووگر بە مادده هۆشبەرەکان بووە و دۆخی ئابوورییشی زۆر خراپ بووە و هەر لەم سۆنگەیەوە دەبێ وەکوو قوربانییەک چاوی لێ بکرێ، بەڵام هەر لەو ژینگەیەدا بە دەیان کەس بوون کە دەیانتوانی پێش بەم ڕووداوە بگرن و ڕزگاریدەری ژیانی پەرەستوو و منداڵەکەی و بنەماڵەکەی بن.

پوختەی باسەکە ئەوەیە کە شۆڕشی ژینا نابێ تەنیا لە چوارچێوەی شەقامەکاندا قەتیس بکرێتەوە، لە زۆربەی ماڵەکانی کوردستاندا و لەژێر کاریگەریی پەروەردەی سیستماتیکی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا، شۆڕشێکی گەورە و بەرین پێویستە تاکوو هاوسەنگیی نێوان ژینگەی بنەماڵە و کۆمەڵگە ڕابگرێت و هەموو هەنگاوەکان لە پێناو دابینکردنی ژیانی ئاسوودە بۆ تاکەکان بە بێ جیاوازی بێت.

١٧ی جۆزەردانی ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe

# "تجزیەطلبی" کاڵای پڕ بە باڵای کۆماری ئیسلامی


سخنگو و رئیس شورای اطلاع رسانی دولت

جمهوری اسلامی ایران
ریاست جمهوری

شماره: ۳۳۲۷۰/م
تاریخ: ۱۴۰۱/۰۷/۱۱
ساعت: ۱۸:۲۸
طبقه بندی: محرمانه
فوریت: آنی

اعضای محترم هیات دولت

با سلام و احترام؛
با عنایت به بیانات رهبر معظم انقلاب اسلامی درباره حوادث اخیر و تلاش‌های دشمنان برای برهم زدن نظم و امنیت کشور و باتوجه به لزوم اتخاذ تدابیر رسانه‌ای واحد و موضع‌گیری یکپارچه در خصوص وقایع اخیر، ضروری است سیاست‌ها و ملاحظات ذیل در اعلام مواضع، سخنرانی‌ها، گفتگوهای رسانه‌ای و ... مورد توجه کلیه اعضای محترم هیئت دولت و مدیران تابعه دستگاهها قرار گیرد:

سیاست‌های ایجابی
۱- برگزاری نشست‌های داخلی با نخبگان، چهره‌ها و فعالان حوزه تخصصی و گفتگوهای تبیینی و روشنگرانه در خصوص ماهیت و اهداف ضد ملی آشوبها و اغتشاشات اخیر و پشتیبانی همه جانبه دشمن با عنایت به گزارش اخیر وزارت اطلاعات.
۲- تأکید بر کلید واژه «ایران یکپارچه» در برابر توطئه تجزیه ایران و نقش‌آفرینی ویژه گروهک‌های تجزیه‌طلب در کردستان، آذربایجان غربی، خوزستان و سیستان و بلوچستان در خلال وقایع اخیر.
۳- تاکید بر برنامه‌ریزی دشمن با طراحی آمریکا و رژیم صهیونیستی برای ایجاد ناامنی و آشوب در ایران و بهانه کردن فوت مرحومه امینی برای تحریک احساسات عمومی در آستانه مهرماه و بازگشایی مدارس و دانشگاهها.
۴- توجه به انگیزه اصلی دشمن در پشتیبانی و حمایت از اغتشاشات اخیر به دلیل مشاهده پیشرفت کشور در دوره اخیر و حرکت پرشتاب به سمت ایران قوی و مستقل با تحرک شبانه‌روزی دولت مردمی و سایر مسئولان در قوای مقننه و قضائیه و با حمایت ملت شریف ایران.
۵- تأکید و تبیین اینکه مسئله آشوبهای اخیر حجاب و بد حجاب یا از دنیا رفتن یک دختر جوان نیست بلکه تضعیف اصل استقلال و اقتدار ایران اسلامی و توقف پیشرفتها، هدف اصلی دشمن است.
۶- حمایت کامل و همه جانبه از نیروهای نظامی و انتظامی و محکومیت تضعیف امنیت کشور، تخریب و حمله به سپاه، بسیج، ارتش و نیروی انتظامی.
۷- تفکیک و مرزبندی میان معترضان و آشوبگران خیابانی و نحوه مواجهه با آنها: ۱- افرادی که در فساد و تخریبهای خیابانی نقشی نداشتند. ۲- جوانان و نوجوانانی که غافلانه و از روی احساسات و هیجانات در

**شەماڵ تەرغیبی**

لە ڕۆژانی ڕابردوودا هەک کردنی بەڵگەنامە "نهێنی" و "زۆر نهێنی"یەکانی سەر بە نیهادی سەرکۆماریی ڕێژیمی ئێران لەلایەن گرووپی "قیام تا سرنگونی" بووە مانشێت و سەردێڕی گرینگترین هەواڵەکانی پێوەندیدار بە ئێران کە تێیدا زۆر پرس و فایلی نهێنی و جێگەی تێڕامان بڵاو کرایەوە؛ هەر لە پرسی بارمتەگیریی دەوڵەتییەوە بگرە تا دەگاتە سەرکوتی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان، گەندەڵیی سیستماتیکی ئیداری و دەوڵەتی تەنانەت لە ئەمنیەتیترین دەزگا دەوڵەتییەکان، پچڕاندنی هێڵی ئینتێرنێت و دەیان خاڵی دیکە.

لە یەکێک لەم بەڵگەنامانەدا بە ڕێکەوتی ١١ی ڕەزبەری ساڵی ڕابردوو، عەلی بەهادۆری جەهرۆمی، وتەبێژ و بەرپرسی هەیئەتی دەوڵەتی ڕێژیم سەبارەت بە شێوازی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ شۆڕشی ژینا چەند ڕێکارێک دەدات بە دەوڵەت کە گرینگیی تایبەتییان هەیە.

لە بەشێک لەم بەڵگەنامەدا کە بەناوی "سیاسەتە ئیجابی"یەکان پۆلێن کراوە هاتووە: دەبێ پێداگری لەسەر چەمکی "ایران یکپارچە" لە بەرامبەر پیلانی دابەشکردن و لێکهەڵوەشانەوەی ئێران بکەین و ڕۆڵ و نەخشی گرووپە جیاییخوازەکانی کوردستان، خووزستان و بەلووچستان لە ڕووداوەکانی ئەم دواییانە بەرجەستە بکەینەوە.

لە بەشێکی تری ئەم بەڵگەنامەدا باس لە بەرجەستەکردنەوەی نەخش و پلانی ئامریکا و ئیسراییل دەکرێت کە وەرێخەر و دنەدەری ئەم ناڕەزایەتییانە بوون و هەوڵیان لاوازکردنی ئێرانی ئیسلامییە!

ئەوەی کە لەم نووسینەدا گرینگیی هەیە و دەبێ ورد لێی بڕوانین جیا لە دەرکەوتنی دووبارەی لاوازیی ئەمنییەتی سایبێریی ڕێژیم لە هەموو ئاستەکان، لەڕاستیدا ئەم دوو خاڵەیە کە ئاماژەیان پێ کرا؛ کۆماری ئیسلامی وەک لە ڕابردووشدا زۆر جاران باسی لێوە کراوە هەموو هەوڵی ئەوەیە کە هەر چەشنە ناڕەزایەتییەک لە نێوخۆ ببەستێتەوە بە لایەنی دەرەکی یان وەک خۆی دەڵێ بە دوژمنانی نیزام و ئیسلام و بەم شێوەیە هەم خۆی لە ئەسڵ و نێوەڕۆکی ناڕەزایەتییەکان بدزێتەوە و هەم دەرەتانێکی لەبار بڕەخسێنێ بۆ پەلاماردان، هێرش و سەرکوت.

بەستنەوە و گرێدانەوەی گرفت و کێشە و قەیرانە سیاسی - کۆمەڵایەتییەکان بە دوژمنە زەینییەکانی ڕێژیم و لەم کانتێکستەدا دیاریکردنی ستراتێژیی سەرکوت، تایبەتمەندییەکی هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی وەک ڕێژیمێکی سیاسیی تۆتالیتێرە.

لەم نێوانەدا ئەوەیکە زۆرتر گرینگیی خۆی دەنوێنێ جیا لە خوێندنەوەی ناڕاستی ڕێژیم کە ڕوونە ئامانجی تایبەتی خۆی لێی هەیە، هەڵوێستی هاوتەرازی بەناو ئۆپۆزسیۆنی ناوەندگەرای ئۆرووپانشینە کە هاوتەریب لەگەڵ کۆماری ئیسلامی سەرقاڵی تۆمەتلێدان لە هێزە سیاسییە ڕەسەنەکانی سەر بە نەتەوەکانی نیشتەجێ لە جوغرافیای ئێرانە. لەو شوێنەیدا کە ڕێژیم دەڵێ: "دەبێ پێداگری لەسەر چەمکی "ایران یکپارچە" لە بەرامبەر پیلانی دابەشکردن و لێکهەڵوەشانەوەی ئێران بکەین و ڕۆڵ و نەخشی گرووپە جیاییخوازەکانی کوردستان، خووزستان و بەلووچستان لە ڕووداوەکانی ئەم دواییانە بەرجەستە بکەینەوە" ڕێک دەگەینە ئەو خاڵە گرینگەی کە بەناو ئۆپۆزسیۆنی ڕێژیم لە دەرەوەی وڵات بەردی خەمخۆری بۆ خاکی ئێران لە سینگ دەدەن و وەها دەنوێنن کە گوایە ئەم خاکە پیرۆزە کەوتۆتە مەترسییەوە و ئەگەر بێت و فریا نەکەوین ئەوا ئێرانی ئازیزمان لێک هەڵدەوەشێتەوە؛ لەژێر ڕۆشنایی ئەم خوێندنەوە ناڕاست و چەوتەشە کە دەبینین بە هەموو ئامرازەکانی بەردەستیان و یەک لەوان میدیا فارس‌زمانەکانی دەرەوەی وڵات پەلاماری بزووتنەوە مافخوازانەکانی کوردستان، بەلووچستان و خووزستان دەدەن و تۆمەتگەلی بێبنەمای وەک "تجزیه‌طلبی" دەخەنە پاڵی.

جۆزەردانی ٢٧٢٣

ئەمە لە حاڵێکدایە کە وەک بەڕێز مستەفا هیجری بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەری حیزب لە دوالێدوانی بۆ تێلێڤیزیۆنی بیبیسی و لە وڵامی پرسیاری ئەوەیکە ئایا کورد "تجزیەطلب"ە؟ وتی: دووپاتکردنەوەی ئەم جۆرە پرسیارانە بە سووکایەتییەک بەرامبەر بە کورد و حیزبەکەم دەزانم! ساڵانێکی دوورودرێژە کە بە دروشمی "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" خەباتمان کردووە. "تجزیەطلب" ئەو کەسانەن کە تەواوی مافەکانی نەتەوەکانی ئێرانیان وەلا نا، جیاوازیی نێوان پەراوێز و ناوەندیان ساز کرد و لەو دەسەڵاتەی کە هەیانە تەنیا نەکبەتی و چەرمەسەرییەکانیان بووە پشکی ئەم نەتەوانە؛ هەر بۆیە ئەوان جوودایيخوازن نەک کورد و بەلووچ یان نەتەوەکانی دیکەی ئێران.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییانە دەتوانین وەک دواقسە ئەوە بڵێین کە "تجزیەطلبی"، "تمامیت ارضی" و "یکپارچگی سرزمینی" تەنیا چەند چەمکێکی داتاشراوی ڕێژیمن کە لەژێر کاریگەرییان بە هەڵخەڵەتاندنی خەڵکانێکی ساویلکە هەوڵی بەردەوامیی تەمەنیان دەدەن و دەیکەنە ئامرازێک بۆ سەرکوتی یاسایی، سیستماتیک و بێپاساو تاکوو دۆکتورینی کەڵکاژۆوەرگرتن لە سامانە سروشتی و ناسروشتییەکان کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا کاری پێکراوە بە ئامانج بگات.

١٧ی جۆزەردانی ٢٧٢٣

# بارمتەگیری و دیپلۆماسیی بارمتەگیریی کۆماری ئیسلامی



زانیار حوسێنی

## بارمتەگیری لە سەردەمی کۆندا:

بارمتەگیری مێژوویەکی دوورودرێژی لە بەکارهێنانی سیاسی و سەربازیدا هەبووە، کە بەرپرسانی سیاسی یان ژەنەڕاڵەکان بە شێوەیەکی یاسایی ڕێککەوتن لەسەر بەبارمتەگرتنی کەسێک یان چەند کەسێک لە لایەنی بەرانبەر وەک گەرەنتییەکی نیازپاکی لە جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان دەکەن. ئەم بەڵێنانە لە شێوەی واژۆکردنی پەیمانی ئاشتی بوو لە دەستی سەرکەوتوو یان تەنانەت ئاڵوگۆڕی بارمتە وەک گەرەنتییەکی هاوبەش لە حاڵەتەکانی وەک ئاگربەسدا.

بارمتەگیری وەک ئاسایش بۆ جێبەجێکردنی پەیماننامە لەنێوان گەلانی شارستانیدا ئێستا بەسەر چووە و دواهەمینیان لە پەیماننامەی ئایکس لا شاپێل (١٧٨٤) بوو، کە کۆتایی بە جەنگی جێنشینی ئیمپراتوریی نەمسا هێنا.

## بارمتەگیری لە سەردەمی ئەمڕۆدا:

بارمتەگرتن تاوانێکە کە لەمێژە سەرنجی تاوانبارانی ڕاکێشاوە بە ئامانجی ناچارکردنی لایەنی سێیەم بۆ ئەنجامدانی یان ئەنجامنەدانی ڕەفتارێک. پێویستیی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم تاوانە بە هۆی کاریگەری و دەرئەنجامە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانیەوە، وای کردووە سیستەمەکانی یاسای تاوان زیاتر گرنگی بە مامەڵەکردن لەگەڵیدا بدەن لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی. بەتاوانناساندنی ئەم بابەتە لە پەیڕەوی نێوخۆی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان (١٩٩٨)، وەک یەکێک لە نموونەکانی تاوانەکانی جەنگ تەعبیر لە نیگەرانیی قووڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرانبەر بەم تاوانە دەکات. ڕێککەوتننامەی دژی بارمتەگرتن (١٩٧٩)، وەک گرنگترین بەڵگەنامەی تایبەت کە سەبارەت بەم تاوانە کۆ کراوەتەوە، وڵاتانی ئەندامی پابەند کردووە بە دانانی گەرەنتیی لەسێدارەدانی تاوانکاری بۆ ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە.
ئازادی جەستە یەکێکە لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، کە لە هەموو سیستەمە یاساییەکان و ئایدۆلۆژیا سیاسییەکاندا قبوڵ کراوە و ڕێزی لێ دەگیرێت و بۆ پێشێلکردنیشی، گەرەنتیی لەسێدارەدانی توندی تاوانکاری هەیە. یەکێک لەو تاوانانەی کە جگە لە پێشێلکردنی ئازادیی جەستەیی تاکەکان، برینداری جەستەیی و دەروونی توندیان بۆ دروست دەکات، بارمتەگرتنە. ئەم تاوانە نەک تەنها لە ڕووی نێوخۆییەوە، بەڵکوو لەلایەنی بانەتەوەییشەوە دەتوانێت ئاسایشی وڵاتان و تەنانەت کۆمەڵگەی جیهانیش ڕووبەڕووی مەترسیی گەورە بکاتەوە.

هەرچەندە لە مێژە پەنابردن بۆ ئەم کارە بۆ گەیشتن بە هەندێک ئامانجی ناشەرعی سەرنجی ئەنجامدەرانی ئەم تاوانەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە؛ بەڵام لە سەردەمی ئەمڕۆدا و لەگەڵ فراوانبوونی باندە نێودەوڵەتییەکان و دروستبوونی گرووپە تیرۆریستییەکان بۆ ئەنجامدانی تاوان، ئەم کارە بۆتە ئامرازێکی کاریگەر و کارامە بۆ ئەو جۆرە گرووپانە. ئامارە نێودەوڵەتییەکان هەروەها زیادبوونی ئەنجامدانی ئەم تاوانە لە دوو دەیەی ڕابردوودا پشتڕاست دەکەنەوە. لەسەر بنەمای ئەمەش ئەم تاوانە بنەمایەکی باشتری هەیە بۆ ئەنجامدانی لە وڵاتانی دیموکراسی کە ماف و ئازادیی تاکەکەسی گرنگە؛ چونکە لێکۆڵینەوەکان بەڕوونی نیشان دەدەن کە بارمتەکان دەکوژرێن ئەگەر داوای بارمتەگرەکان جێبەجێ نەکرێت. هۆکاری ئەمەش دەتوانین بۆ ئەو بایەخە بگێڕینەوە کە وڵاتانی دیموکرات بۆ پاراستن و ئاسایشی هاووڵاتییانیان دایدەنێن لە بەرانبەر ئەو ڕەفتارانەی کە ئازادییەکانیان پێشێل دەکەن. لەسەر بنەمای ئەمەش ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە وڵاتان وەک ئامانجیان هەڵدەبژێرن، لەوێدا ڕێژەی سەرکەوتنیان لە گەیشتن بە ئامانجە ناشەرعیەکانیان لەو وڵاتانەدا زیاتر دەبینن. هەروەها ئەو وڵاتانەی کە ڕۆژنامەگەریی ئازادی زیاتری هەیە، لەبارترن بۆ ئەنجامدانی ئەم تاوانە؛ چونکە ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە دەتوانن بە بانگەوازکردن بۆ ڕۆژنامەنووسان دەرئەنجامە نائاساییەکانی ئەم تاوانە بڵاوبکەنەوە و بیروڕای

گشتی تێوەگلێنن.

ڕەنگە بارمتە لە دوو ئاستدا ئەنجام بدرێت، یەکەمیان لەسەر ئاستی نێوخۆ، وەک بارمتەگرتنی خەڵک بۆ وەرگرتنی پارە یان بارمتەگرتن دوای ئەنجامدانی دزی یان تاوان بەرامبەر خەڵک، کە ڕەنگە بە مەبەستی وەرگرتنی ئاسایش لە پۆلیس و ڕزگاربوون لە مەترسی بێت. دووەم: لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، وەک بارمتەگرتنی هاووڵاتیانی بیانی، کە بەزۆری بە مەبەستێکی سیاسی یان بۆ فشارخستنە سەر حکوومەتەکان بۆ ئازادکردنی دیلەکانیان و هتد. بۆ نموونە بارمتەگیریی بەرەی ڕزگاریخوازی فەلەستین لە کاتی یارییەکانی ئۆلۆمپیادی مونیخ لە ساڵی ١٩٧٢.

تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا ڕەنگە ئەم کارە بە مەبەستی فشارخستنە سەر حکومەتێکی دیاریکراو بۆ ڕادەستکردنەوەی هاووڵاتیانی حکومەتێکی دیکە ئەنجام بدرێت. بۆ نموونە یەکێک لە هۆکارەکانی دەستبەسەرداگرتنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ و بەبارمتەگرتنی خەڵکی ئەو شوێنە، فشار خستەسەر حکوومەتی ئەمریکا بۆ ڕادەستکردنەوەی پاشای لەکارلادراو بوو کە پەنای بۆ ئەو وڵاتە بردبوو. ئەم بابەتە هێندە گرنگ بوو کە بۆ چەندین ساڵ نەیارانی جیمی کارتەر (سەرۆکی ئەمریکا لەو کاتەدا) دەستەواژەی "ئەمریکا بەبارمتە گیرا"یان بەکار هێنا بۆ ڕەخنەگرتن لە ئەدای کارتەر.

دەرئەنجامە وێرانکەرەکانی ئەم کارە نامرۆڤانەیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وای کردووە لە سیستەمی تاوانکاری نێودەوڵەتیدا بە تاوان بناسرێت، لەم ڕوانگەیەوە بۆ یەکەمجار لە بڕگەی دووەمی مادەی شەشەمی پەیڕەوی ناوخۆی دادگای نورنبێرگدا، کوشتنی بارمتە وەک یەکێک لە نموونەکانی پێشێلکاری یاسا و داب و نەریتی جەنگ بە تاوانی جەنگ هەژمار دەکرا. دواتر لە بەشی دووەمی بڕگەی یەکەمی مادەی سێیەمی ڕێککەوتننامەکانی ژنێف (١٩٤٩)دا، جەخت لەسەر قەدەغەکردنی بارمتەگرتنی خەڵکی مەدەنی کرایەوە. لە ساڵانی دواتردا لە "کۆنفرانسی نێودەوڵەتی دژ بە بارمتەگرتن" کە لە ساڵی ١٩٧٩ پەسەند کرا، وەک گرنگترین بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم تاوانە، پێناسەی ئەم تاوانە و ئەرکی وڵاتانی ئەندام بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا کرد.

خەمی کۆمەڵگەی جیهانی لە ئاکامە زیانبارەکانی بەبارمتەگیری بووە هۆی ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیارنامەی ژمارە ٦٨٧ (٨ی ئاپریلی ١٩٩١) دا، لە هەمان کە تیرۆری نێودەوڵەتی مەحکووم دەکات، بارمتەگرتن بە یەکێک لە نموونەکانی تیرۆری نێودەوڵەتی بزانێت. لە درێژەی پرۆسەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم تاوانەدا، بڕگەی هەشتەمی مادەی دووەمی پەیڕەوی نێوخۆی دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی بۆ یوگۆسلاڤیای پێشوو (١٩٩٣) و بڕگەی سێیەمی مادەی چوارەمی



سەرچاوە
Serchawe

پەیڕەوی ناوخۆی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا (١٩٩٤). بارمتەگرتن بە تاوانێک لە دژی چوار ڕێککەوتننامەی ژنێڤ (١٩٤٩) دیاری کران و تاوانبارانی بە دادگاییکردنی لە دادگاکانی تاوانە نێودەوڵەتییەکانی یوگۆسلاڤیا و ڕواندا دادەنران. لە کۆتاییدا بەپێی مادەی هەشتەمی پەیڕەوی نێوخۆی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان، بارمتەگرتن (بە جێبەجێکردنی ئەو مەرجە تایبەتانەی لە پەیڕەوەکەدا هاتووە) وەک یەکێک لە نموونەکانی تاوانەکانی جەنگ بە تاوان ناسێندرا.

لە ئێستادا وەک گوتمان ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی دژی بارمتەگیری کە لە ساڵی ١٩٧٩ پەسەند کرا، گرنگترین بەڵگەنامەی نێودەوڵەتیی، بە تایبەتی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بارمتەگرتن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پەرەی پێ دراوە. بۆیە لە ئێستادا دەتوانین دوو ڕێباز و لە ئەنجامدا دوو پێناسە بۆ ئەم تاوانە لەبەرچاو بگرین: یەکەم: پێناسەکردنی ئەم تاوانە لە ڕوانگەی یاسای تاوانی نێودەوڵەتییەوە وەک تاوانی جەنگ، پێناسەی دووەمیش پێناسەکردنی بە نەبوونی حاڵەتی تاوانی جەنگە.

لە مادەی یەکەم (بڕگەی یەکەم)ی ڕێککەوتننامەی دژ بە بارمتەگرتن، تاوانی بارمتەگرتن بەم شێوەیە پێناسە دەکات: "هەر کەسێک هەوڵی دەستبەسەرکردن یان هەڕەشەی کوشتن، بریندارکردن یان بەردەوامبوونی لە دەستبەسەرکردنی کەسێکی دیکە بکات (لەمەودوا پێی دەگوترێت "بارمتە")، بە مەبەستی ناچارکردنی لایەنی سێیەمی وڵاتێک، ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی، کەسێکی ئاسایی یان یاسایی، کەسێک یان کۆمەڵێک کەس بە بارمتە دەگرن بۆ ئەوەی کارێک ئەنجام بدەن یان خۆیان لە ئەنجامدانی کارێک بەدوور بگرن وەک مەرجێکی ئاشکرا یان ناڕاستەوخۆ بۆ ئازادکردنیان، تاوانی بارمتەگرتنی لە چوارچێوەدا ئەنجام داوە لە چەمکی ئەم ڕێککەوتنە؛ بۆیە دەتوانرێت بارمتەگرتن بەم شێوەیە پێناسە بکرێت: گرتن یان دەستبەسەرکردن لەگەڵ هەڕەشەی کەسی دەستبەسەرکراو بۆ ئەوەی لایەنی سێیەم ناچار بکرێت کە ڕەفتارێک ئەنجام بدات یان ئەنجام نەدات.

سەرەڕای پەیوەستبوونی ئێران بە کۆنڤانسیۆنی نێودەوڵەتی دژبە بارمتەگرتن هیچ بڕگەیەک لە یاساکانی تاوانکاریی ئێراندا سەبارەت بە تاوانبارناسینی ئەم کردەوەیە نییە؛ بۆیە لە پراکتیکدا بۆچوونی جیاواز دەبینین کە لەلایەن دادگاکانی تاوانەوە دەردەچن. بەڵام لە هەندێک یاسادا بەبێ ئەوەی پێناسەیەک بۆ ئەم تاوانە بخاتەڕوو دوو زاراوەی بارمتە و بارمتەگرتن بەکارهێنراون.

بۆ نموونە لە بڕگەی (ب)ی مادەی ١٢٠ی یاسای دامەزراندنی سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی کە لە ١٣٧٠/٧/٢١ پەسەند

کراوە، "ئەو کارمەندانەی لەلایەن هێزە دژە شۆڕشەکانەوە بەبارمتە دەگیرێن، بە شەهید هەژمار دەکرێن". بەپێی بڕگەی هەشتەمی ماددەی ٣ی یاسای بەکارهێنانی چەک، بەمەبەستی پاراستنی شوێنە نهێنییەکان، لەو حاڵەتانەی هێرش دەکرێتە سەر ئەو شوێنانە بە مەبەستی "بارمتەگرتن"، ئەفسەرانی جێبەجێکردنی یاسا ڕێگەیان پێدەدرێت چەک بەکاربهێنن.

یان لە مادەی ٦٢١ی یاسای سزادانی ئیسلامی ئێراندا کە هاتووە: ڕفاندن و بارمتەگرتن وەک تاوان دەناسرێ و پێناسە و سزاکەی بەم شێوەیەیە: هەر کەسێک بە مەبەستی داوای پارە یان موڵک و ماڵی، یان بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە، یان بۆ هەر مەبەستێکی تر، بە توندوتیژی، هەڕەشە، فێڵکردن، یان بە هەر شێوەیەکی تر، کەسێک لەلایەن کەسێکی ترەوە بدزێت یان بیشارێتەوە، ئەوا سزا دەدرێت بە زیندانیکردن بۆ ماوەی پێنج تا پازدە ساڵ.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەروەک گوترا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەپێی یاسای پەسەندکراوی ١٣٨٥/٣/٣، بە دانانی مەرجێک بۆ خۆی، داوای ئەندامبوونی لەو کۆنڤانسیۆنە نێودەوڵەتییە کردووە و خۆی پابەند دەکات بە ستاندارد و بنەماکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە. ئەو پرسیارەی لێرەدا مێشکی مرۆڤ داگیر دەکات، لە ڕاستیدا پێشینەی زیاتر لە چوار دەیە لە هەڵگرتنی پایەکانی دەسەڵات و حوکمڕانی حوکمی ڕەهای فەقیە لە پێوەندی لەگەڵ پرسی بارمتەگرتن چییە؟ ئایا ئەم لێشاوە بەشێک بوو لە پرۆسەی کاریگەر کە پەیوەندی بە چارەسەرکردنی کێشەی نێودەوڵەتی و ناوچەیی "بارمتەگرتن"ەوە هەبوو یان بەشێک بوو لە مەتەڵە سەرەکییەکەی پێشخستنی و گەشەکردن و بەکارهێنانی ئەم میکانیزمە تیرۆریستییە مەترسیدارە؟

بە تێڕوانینێکی گشتی سادە، دەبینرێت کە سیاسەتی بە بارمتەگرتن لە کۆماری ئیسلامیدا لە مانگەکانی سەرەتای دەسەڵاتی ڕەهای ڕوحوڵڵا خومەینی بەسەر سیاسەتی گشتیی ئێراندا دەستی پێ کردووە، سیاسەتێک کە بەردەوام لەم دەیان ساڵەی دواییدا نەک هەر دەرفەتی باڵای بە دانوستانکارانی کۆماری ئیسلامی لە بواری مامەڵە و گرێبەستە نێودەوڵەتییەکان داوە، بەڵکو لە هەندێک کاتدا یارمەتی کەرتی دارایی و سەربازیی ڕێژیمیشی داوە. ئەم ستراتیژە نەرێنییەی کۆماری ئیسلامی لە دۆخی بارمتەگرتنی ئەندامانی باڵوێزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە تاران دەستی پێ کرد و بارمتەگرەکان ٥٢ ئەمریکییان بە دیل گرت. داواکاریی ئەوان ئاڵوگۆڕی بارمتە لەگەڵ محەممەد ڕەزا پەهلەوی بوو. دوای کۆتاییهاتنی ئەم ڕووداوە، هاشمی ڕەفسەنجانی کە ڕۆژێک دوای ئاڵوگۆڕی پارە و بارمتەکان لە پەرلەمان قسەی دەکرد، ستایشی ئەدای "زۆر لێزانانە و وریا"ی حکوومەتی محەممەد عەلی ڕەجایی کرد کە نەیهێشت ئەمریکییەکان تووشی هەڵە ببن لەو مامەڵەیەدا، و ئەمەش خاڵی وەرچەرخانی تاوانی بارمتەگرتن بوو کە لەژێر کۆمەڵەی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی کرا بە عەقیدەی سیاسیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و ئەمەش سەرەتای زنجیرەیەک بارمتەگرتنی کۆماری ئیسلامی بوو. بۆ نموونە لەو ڕووداوەی کە



سەرچاوە
Serchawe

دواتر بە فەزیحەی ئێران - کۆنترا ناسرا، بەرپرسانی ئیدارەی ڕیگان بە نهێنی، بە فرۆشتنی چەک بە ئێران، کە ئەوان بەهۆی شەڕ لەگەڵ عێراقی دراوسێیان لەو کاتەدا ڕازی بوون بە گەمارۆی چەک. ئەوان بە نیازی ئازادکردنی بارمتە ئەمریکییەکان لە لوبنان بوون و پارەی کۆنتراستەکان لە نیکاراگوا دابین بکەن. هەروەها بڕیار بوو ئەو حەوت بارمتە ئەمریکییەی کە لەلایەن عیماد موغنیە لە لوبنان دەستبەسەرکرابوون، لەبەرامبەر وەرگرتنی کەرەستەی سەربازی ئازاد بکرێن. ئەم چیرۆکە دواجار بە ئاشکراکردنی ڕۆژنامەی ئەلشۆرای لوبنانی ئاشکرا بوو. بەڵام سیاسەتی بارمتەگرتنی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، بە دەستبەسەرداگرتنی بەشێک لە نێردە تایبەتەکانی تیرۆر لە ئورووپا لە هەندێک حاڵەتدا، چووە قۆناغێکی نوێوە. کۆماری ئیسلامی بۆ ئازادکردنی تیرۆریستانی خۆی لە سیاسەتی ئاڵوگۆڕی زیندانییەکان کەڵکی وەرگرت و سەرکەوتوو بوو لە ئازاد کردنی بەشێک لەو کەسایەتیانە.

لە ڕاستیدا ڕێژیم بە بارمتەگرتن لە پێناو بەرەوپێشبردنی ئامانجە جۆراوجۆرەکانی وەک پاکێجێکی فرە ئەرک لە قەڵەم دراوە و بە هەمان شێوە هەوڵی فراوانکردنی و کردەیی زیاتری داوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە، ئێمە چەندین جار گۆڕانی قۆناغی ئەم تاکتیکە تیرۆریستییەمان بینیوە و گۆڕانی قۆناغی سەرەکی ئەم بارمتەگرتنانەش ئەو وشە سەرەکییە بوو کە سەید عەلی خامنەیی بۆ یەکەمجار لە ساڵی ٢٠١٣ لە کاتی دیدار لەگەڵ کارمەندانی وەزارەتی ئیتلاعات، وشەی "نفووز"ی بەکار هێناوە کە بەکارهاتووە؛ ئەم وشە سەرەکییە بووە هۆی ئەوەی کە زۆرێک لە ئێرانیە دوو نەتەوەکان یان بەشێک لە بیانییەکان لە کاتی سەفەرکردن بۆ ئێران تووشی کێشەی گەورە ببن و بەشێکیان بە تۆمەتی گەورە لەلایەن دەسەڵاتی ئیتلاعات و قەزایی کۆماری ئیسلامیەوە ڕەوانەی زیندانەکان کران. لە ماوەی چەند ساڵێکدا دوای ئەم وتارە، زیاتر لە ٦٠ کەسی خاوەن دوو ڕەگەزنامە و بیانی لە دەستگیرکردنی ئارەزوومەندانەدا بە بارمتە گیران.

سیاسەتی بارمتەگرتنی ڕێژیمی ئێران لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا پێشکەوتنی تەکنیکی و ڕێکخراوەیی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و ئەوەی شرۆڤەکارانی ستراتیژی پێی دەڵێن "بارمتەگرتن" یەکێکە لەو سیاسەتانەی کە هەبووە لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا بە بەردەوامی و بەبێ پچڕان لە هاتنە سەرکاری حکومەتە جیاوازەکان پەیڕەو دەکرێت. لە ڕاستیدا ئەم ستراتیژە ڕەهەندی دیپلۆماسی وەرگرتووە و بە دیپلۆماسی بارمتە ناو دەبرێت، بۆ نموونە:

لە یەکێک لەو حاڵەتانەدا هەوڵی دانوستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەسەر بارمتەکان گەیشتە پەرلەمانی بلژیک. بڕیارنامەی مشتومڕاوی پەرلەمانی بلژیک سەبارەت بە ئاڵوگۆڕی دیلەکان لە نێوان ئێران و بلژیک بۆ دروستکردنی ڕێگایەک بوو بۆ ئازادکردنی ئەسەدوڵڵا ئەسەدی دیپلۆماتکاری ئێرانی کە لەم وڵاتەدا بە تاوانی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی تیرۆریستی سزا درابوو کە سەرکەوت. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین دیپلۆماسی بارمتەگرتنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە یەکێک

لە واژۆکارانی کۆنوانسیۆنی نێودەوڵەتی دژ بە بارمتەگرتنە، دەکرێتە دوو بەشەوە؛ بەشی یەکەم ئازادکردنی بارمتەکان بوو لە لوبنان لە دوو دەیەی یەکەم و بەشی دووەمیش دەستبەسەرکردنی هاولاتیانی هەڵگری دوو ڕەگەزنامە، لە دوو دەیەی ڕابردوو بوو.

دیارە بۆچی و چۆن ئەم دەسەلاتە کەڵک لە بارمتەگرتن وەردەگرێت و بەو پێیەی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ڕەفتارێکی تیرۆریستییە، بەلام خۆی لێی بەدوور ناگرێت، پێویستە لە کاردانەوەی ولاتانی ڕۆژئاوایی و ئەمریکا سەبارەت بەو جۆرە کارانە ببینرێت لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە.

ستراتیژی و سیاسەتی دیزاین و جێبەجێکردن پێش هەموو شتێک بەشێکی سادە پەیڕەو دەکات؛ کاتێک ئەنجامەکە لە بەشی جێبەجێکردندا بە ئەرێنی هەڵدەسەنگێندرێت و ئەنجامدار دەبێت، باشترە لە سنوورێکی فراوانتر و قووڵتردا بەدوایدا بگەڕێین و پەیڕەوی لێ بکەین و بە پێچەوانەشەوە بەشی سادەی ئەم قۆناغەشە، بۆ نموونە گروپە تێرۆریستییەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی، دوای ئەوەی جارێک دیپلۆماتکارانی سۆڤیەتیان بە بارمتە گرت، جارێکی تر هەرگیز ئەو کارەیان نەکردەوە. لە گەرمەی شەڕی نیوخۆیی لوبناندا، بە بارمتەگرتنی هاوولاتیانی بیانی و زەوتکردن لە حکومەتەکانیان بووەتە شتێکی باو. تاقمە تێرۆریستییەکان ڕۆژئاواییەکانیان بەبارمتە گرت و زۆرجاریش، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەو بارمتەیان بۆ وەرگرتنی باج بەکارهێنا. هەندێک جار بۆ دەستخستنی چەک (وەک فەزیحەی ئێران-کۆنترا) و هەندێکجاریش بۆ ئازادکردنی ئەو تیرۆریستانە کە ڕەوانەی دەرەوەی ولات کرابوون و دەستگیرکرابوون. وەک ئازادکردنی بارمتە فەرەنسییەکان لە بەرامبەر ئازادکردنی ئەنیس نەقاش!

لە مانگی سێپتامبری ساڵی ١٩٨٥ گروپێکی تیرۆریستی چوار دیپلۆماتکاری سۆڤیەتیان ڕفاند و داوای ئازادکردنیان کرد. لەو نێوەندەدا وەک هۆشدارییەک دیپلۆماتکارێکی سۆڤیەتیان بە ناوی ئارکادی کاتکۆڤ کوشت و سێ کەسی دیکەیان دەستبەسەر کرد. بەلام کاردانەوەی سۆڤیەت لە جۆری ڕۆژئاوایی نەبوو. ئەوان ئەندامانی بنەماڵەی نزیکی ئەو بارمتەگرانەیان دۆزییەوە، سەرەتا کەسێکی نزیک لە فەرماندەیەکی حیزبوڵلایان کوشت و هەواڵی مردنەکەیان لەگەڵ دیارییەک بۆ ئەو بەرپرسەی گروپی بارمتەگرتنەکە نارد و هەمان ڕووداویش بۆ ئەندامانی دیکەی گروپەکە ڕووی دا. لە هەمان کاتدا، سەرهەنگ یوری پێرفیلییێڤ، فەرماندەی کەی جی بی لە بارەگای ئەم هێزە لە بەیروت، پەیامێکی بۆ شێخ محەمەد حوسێن فەزڵوڵلا، کەسایەتیی کاریگەری ئەم گرووپە نارد کە ڕەنگە مۆسکۆ "بەهەڵکەوت" مووشەکێک ڕەوانەی ماڵی ڕوحوڵلا خومەینی یان شاری قوم بکات. دەستبەجێ ئەو سێ بارمتە "بەهەلکەوت" ئازاد کران. حیزبوڵلا ئەو بەرپرسیارێتییەی ڕەت کردەوە و گوترا گروپێک بەناوی ڕێکخراوی ڕزگاری ئیسلامی ئەم کارەیان کردووە و بە هیچ شێوەیەک شیعە نەبوون بەڵکو

جۆزەردانی ٢٧٢٣

سوونىه بوون. سەرهەنگ یوری پێرفیلیف دوای چەند ساڵێک پشتڕاستی کردەوە کە بە مووشەکی ئەتۆمی هەڕەشەی لە ماڵی خومەینی و قوم کردووە. بەڵام لە بەرەی ڕۆژئاوادا سیاسەتەکە پێچەوانە بوو، بۆیەشە بە بارمتە گرتنی هاوڵاتیانی ڕۆژئاوای زیاتر لە چواردەیە هەر بەردەوامە.

١٩ی جۆزەردانی ٢٧٢٣

# ڕۆژئاوا و دیپلۆماسیی بارمتەگیریی کۆماری ئیسلامی




**عەلی بداغی**

بڕیاری دەوڵەتی بێلژیک بۆ ئازادکردنی ئەسەدوڵڵا ئەسەدی، دیپلۆمات تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی لە بری ئازادکردنی هاووڵاتییەکی بەبارمتەگیراوی ئەو وڵاتە لەلایەن سپای پاسدارانی ڕێژیمەوە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوای بەرەوڕووی زۆر پرسیاری جدی لەهەمبەر شێوەی مامەڵەیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا کردەوە. هەروەها ئەو ئاکامگیرییە لە بیروڕای گشتیدا کە گۆڕینەوەی هاووڵاتییەکی بێتاوانی مەدەنی لەگەڵ تێرۆریستێک کە بەڵگەی کردەوە تێرۆریستییەکانی لە دادگایەکی ڕەسمیی وڵاتێکی ئورووپاییدا سەلماوە، جیا لە گاڵتەکردن بە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ کە ڕۆژئاوا بانگەشەی بۆ دەکا و، جیا لە هەڵکردنی گڵۆپی سەوز بۆ ڕێژیم بۆ بەردەوامبوونی لە کردەوە تێرۆریستییەکانی ناکرێ هیچ مانایەکی دیکەی هەبێت.

مەسەلەکە ڕوونە: کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتاوە بە داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران بناغەی دەسەڵاتەکەی لەسەر بارمتەگیری دانا و، بارمتەگیری و باجئەستێنیی ڕێژیم لە وڵاتانی ڕۆژاوا بە درێژایی چل و چوار ساڵی ڕابردوودا نەک هەر سیاسەتی نەگۆڕ، بەڵکوو بەڕۆژی ئەم ڕێژیمە بووە.



سەرچاوە
Serchawe

جێـی داخە کە مەبەسـتەکانی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران لە بـارمتەگیری وەک ئـامرازێکی سیاسـی چ بـۆ وەرگرتنـی دراوە بلۆکەکراوەکانی و ئیمتیازی سیاسی لە دانوستانەکاندا، چ بۆ بەردانی مۆرە سیخوڕ و تیرۆریستە بەندکراوەکانی لە وڵاتـانی ڕۆژئاوایی، یان بۆ ترسـاندنی کـۆمەڵگەی جیهـانی و دابرانـدنی ئێران لە کـۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بوویێت؛ بەهـۆی لاوازیـی وڵاتـانی ڕۆژئـاوا و ئاسایی‌بوونی باجدان بە ڕێـژیم وەدی هـاتوون. تەنـانەت ئەگەر ڕیسوایی و ئـابرووچوونی وەک "ئێـران-کۆنترا" لە دەیەی ٦٠ی هەتاوی و دەیان حەیاچوونی دیکەی وەک ئەوەی ئێستای بێلژیکی بەدوودا هاتبێ، یـان تەنـانەت لەو سۆنگەیەوە کۆماری ئیسلامی هینـدەی شوو لـێ هەڵکێشێ، کە بـۆ لەداوخسـتنی بـارمتە سیاسییەکانی عەمەلیـاتی ڕفانـدن لە وڵاتـانی دیکە و لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی بەڕێوە ببات؛ چونکی پێیان وایە بارمتەگیریی سیاسی لە ڕاگرتنی هاوسەنگیی سیاسی و دانوستان و مامەڵەکاندا بەباشی بەکار هاتوون و وەڵامیان داوەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە ستراتیژیستەکانی کۆماری ئیسلامی پێداگری لەسەر ئەو سیاسەتە، واتە بـارمتەگیری و باجئەستێنی وەک فاکتەرێک بۆ چارەسەری قەیرانە ئابوورییەکانی وڵات دەبینن، وەک چۆن لەوەپێش موحسین ڕەزایـی، جێگـری سـەرۆککۆماری ئێـران بـۆ کاروبـاری ئـابووری، و دەبیـری پێشـووی کـۆڕی دیـاریکردنی بەرژەوەنـدییەکانی نیـزام لە کـاتی دانوسـتانە ئەتومییەکاندا هەڕەشەی ئەوەی لە ئەمریکا کردبوو کە لانیکەم هەزار هاووڵاتییان لێ بە دیل دەگرن و لەبـری بەردانیـان بە هەزاران میلیـارد دۆلار قەرەبـوو لە ئەمریکـا وەردەگـرن و قەیرانـی ئـابووریی وڵاتەکەیـانی پـێ چارەسـەر دەکەن! کۆمـاری ئیسلامیی ئێران لە چەند ساڵی ڕابردوودا دوای ئەوەی توانییـان لەبـری ئـازادکردنی جەیسوون ڕەزاییـان ٤٠٠ میلیـۆن دۆلاری نەخت لە ئەمریکـا بسـتێنن، بەردانـی نـازەنین زاغـری، هـاووڵاتیی ئێرانـی-بریتانیاییشیـان بە پێـدانی ٤٨٨ میلیـۆن دۆلار لەلایەن وڵاتی بریتانیاوە بەستبۆوە. بەڵام چۆنە کۆماری ئیسلامی ئاوای بۆ دەچێتە سەر؟ ڕوونە کە وەڵامەکەی بـۆ سیاسـەتی ڕۆژاوا و نەرمی‌نوانـدنەکانیان بـۆ کـۆمـاری ئیسـلامی دەگەڕێتەوە. وەک چـۆن کـۆمـاری ئیسـلامی پێشـتر ئـازادکردنی دارایـیە بلۆکەکراوەکـانی کە زیـاتر لە ١٥٠ میلیـارد دۆلار بـوو، وەک پێش‌مەرجـی ئیمزاکردنـی بەرجـام بەسـەر لایەنەکـانی ڕۆژاوادا سەپاند و ئەمریکا خۆی چەند مانگ دوای ڕاگەیانـدنی بەرجـام یەک میلیـارد و ٧٠٠ میلیـۆن دۆلاری نەختـی ڕادەستی کۆمـاری ئیسلامی کرد! جیا لەوەش لەگەڵ هەڵگیرانی گەمارۆکـان و ئـازادبوونی فرۆشی نەوت بە میلیـارد دۆلاری دیکەش کەوتە سـەر داهاتی ڕێژیم.

ئەوە کە ئێران هیچ ڕێزێک بۆ بەهـا و بـایەخە جیهـانداگر و یاسا نێونەتەوەییەکـان دانـانێ هەمووان دەیـزانن و ڕێژیمێکـی تیرۆریست، دیکتاتۆری و دژیگەلی هەر ئەوەی لێ دەوەشێتەوە، بەڵام سەیر ئەوەیە چەنـد مانگ لەوەپێش هەر لەو بێلژیکە کە پرسی بەتیرۆریست ناساندنی سپای پاسداران بۆ پەسندکران هـاتە کۆبـوونەوەی یەکیەتیـی ئوورووپـا، جۆزێـف بۆرێـل، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی ئوورووپـا بەو بیـانووە کە ئەمە چونکی حوکمی هیچ دادگـایەکی لەپشت نییە، نـاکرێ بخرێتە

دەستووری کارەوە و بەوە بابەتەکەی دیزەبەدەرخۆنە کرد. کەچی ئێستا وڵاتێکی هەر ئەو یەکیەتییە ڕێک حوکمی دادگایەکی ڕەسمیی خۆی کە ئەسەدوڵڵا ئەسەدیی سەبارەت بە دەستتێداهەبوون لە کردەوەی تێرۆریستیی بە ٢٠ ساڵ زیندان سزا داوە، دەشکێنێ و وەک دیارییەک پێشکێش بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانی دەکات.

بارمتەگیرییەکانی کۆماری ئیسلامی هەر لە چوارچێوەی بەندکردنی هاووڵاتییەکی بیانیدا و کردنی بە گارتی گوشار لە سەر دانوستانەکان و بۆ ئیمتیازوەرگرتندا قەتیس نابنەوە، بەڵکوو وەک لەو ماوەیە چەند جارێک بینیومانە هێزی دەریایی سپای پاسداران لە ئاوە ئازادەکانی کەنداو و دەریای عوماندا بەردەوام دەستیان بە سەر نەوتهەڵگر و پاپۆڕەکانی بازرگانیی وڵاتاندا داگرتوە. واش نییە کە ئەمە تەنیا سەرەڕۆیی هێزێکی سەربازیی کۆماری ئیسلامی بێت، بەڵکوو کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتیی خۆیدا دیپلۆماسیی بارمتەگیری وەک سیاسەتێکی بەبڕشت بۆ ئازادکردنی دارایییە دەستبەسەرداگیراوەکانی، وەرگرتنی ئیمتیاز لە وڵاتان و بەردانی ئەو مۆرە و کاراکتەرانەی لەسۆنگەی کاری تێکدەرانە، ئەرکی پێسپێردراوی ناوەندە ئەمنیەتییەکان و دەورلێدانی گەمارۆکان لە دەرەوەی سنوورەکانیان گیراون؛ ڕەچاو دەکا. لەو پرۆژەیەشدا وەزارەتی دەرەوە، دەزگای قەزایی، هێزە چەکدارەکان و ناوەندە ئەمنییەتییەکان وەک تیمێکی کاری بە دابەشکردن و جیاکاریی ئەرکەکانیان هاوئاهەنگ لەگەڵ یەکتری دەجووڵێنەوە. دەزگای پڕوپاگەندەی ڕێژیمیش بەردەوام هەوڵی داوە دیپلۆماسیی بارمتەگیریی ڕێژیم بەوە پاساو بداتەوە کە مادام لە نەبوونی ڕێوشوێنە ستاندارده حقووقییەکاندا کۆماری ئیسلامی لە دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە ماڵییەکانی فرۆشی نەوت و هەناردەکانی دیکەی بێبەش کراوە، ڕێگایەکی دیکە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو مافە لە بەردەم ڕێژیمدا نامێنێتەوە. هەڵبەت لێرەشدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە بۆچی ڕێوشوێنە قانوونییە نێودەوڵەتییەکان دەفریای ئێران نایەن؟ ئاخۆ جگە لەوەیە کە ئەم دۆخە بەرهەمی سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیمە لە چوار دەیەی ڕابردوودا؟

کۆماری ئیسلامی مەبەستێکی دیکەش لە سیاسەت بارمتەگیریی خۆی دەپێکێ، ئەویش بڵاوکردنەوەی سیاسەتی ترس و تۆقاندنە. ڕێژیم کە نایهەوێ کۆمەڵگەی ئێران کۆمەڵگەیەکی کراوە بێت و خەڵکی وڵات پێوەندیی زانستی، هونەری، کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئابوورییان لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی و وڵاتانی دیکە هەبێ، لەلایەک کەشی ئێران بۆ مانەوەی خەڵکانی بیانی و هاووڵاتییانی دوو تابعییەتی نائەمن و پڕتێچوو دەکا؛ لەلایەکی دیکەش بەردەوام بەدووی ئەوەدایە ئامرازی گوشار بۆ سەر ڕۆژاوای پتر لە بەردەستدا بێت. ڕێژیم کە باش دەزانێ پێوەندیی کراوەی نێوان چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی ئاکادیمی، بازرگانی و هونەری و... لە نێوان ئێلیتەکانی دەرەوە و ناوەوەی ئێران و، کارتێکەریی ئەو پێوەندییانە لەسەر یەکتری درزی گەورە دەخاتە نێو ئەو دیوارەی بۆ دابڕاندنی کۆمەڵگەی ئێران لەکۆمەڵگەی جیهانیدا هەڵیانچنیوە؛ ئامادەیە بە هەموو شێوەیەک و بە هەموو تێچوویەک تەنانەت ئەگەر بە نرخی ناودەرکردنی بە ڕێژیمێکی

بارمتەگیر و باجئەستێنیش بێت بەگژی ئەو مەترسییەدا! بچێتەوە.

ڕاستە بەتاوان ناسینی بارمتەگیری هەروەک لە پێڕەوی نێوخۆی دیوانی نیونەتەوەیی سزادان (١٩٩٨)دا کە بە یەکێک لە چەشنەکانی جینایەتی جەنگی دادەنرێ، تەعبیر لە هەستیاری و نیگەرانیی قووڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەنیسبەت ئەو تاوانە دەکەن. هەروەها کۆنڤانسیۆنی بەربەرەکانی لەگەڵ بارمتەگیری (١٩٧٩)ش یەکێک لە گرینگترین بەڵگەنامەکانی پێوەندیدار بەو باسەیە کە وڵاتانی ئەندام ئەرکدار بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست و گونجاو بۆ سزادانی بکەرانی ئەو تاوانە دەکا. بەڵام ئەوانە لە سۆنگەی نەرمینواندنەکانی وڵاتانی زلهێزەوە هیچ ڕێگر نەبوون لەوەی کۆماری ئیسلامی بەبارمتەگرتنی هاووڵاتیانی بیانی بوەستێنێ. هەروەها ئەگەرچی سەرەڕای بوونی چەند کۆنڤانسیۆنێکی نێونەتەوەیی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەدژی بارمتەگیری کۆمەڵ یاسایەکی دیکەشی پەسند کردوە کە تازەترینی ئەوانە "جاڕنامەی دژی گرتنی سەرەڕۆیانە لە پێوەندیی نێوان وڵاتاندا"یە؛ بەڵام ڕێژیمی ئێران بە درێژایی مێژووی خۆی دەروەست بە هیچ ڕێککەوتن و کۆنڤانسیۆنێکی نێونەتەوەیی نەزانیوە. بۆیەشە کۆماری ئیسلامی کە بە چاوی کاڵا سەیری هاووڵاتیانی بیانی لە خاکی خۆیدا دەکا، هەتا ئەوکاتەی هەست بکا بایی ئەوە هەیە بە دەسبەسەرکردن و ڕاگرتنیان دراوی دەست کەوێ یان مامەڵەیان پێوە بکات، لەسەر ئەو سیاسەتەی بەردەوام دەبێت. وەک دەشبینین هەتا پرسی دانوستانەکان دێتە ئاراوە، یان لە شوێنێکی دی و لە هاوکێشەیەکی دیکەدا -کەیسی حەمید نووری بۆ نموونە- کە کۆماری ئیسلامی بەرگژەیەکی بۆ دروست دەبێ، دەمودەست ناوەندە ئەمنییەتییەکان و دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی کەیسێکی دەسبەسەرکراوە بیانییەکان دەجووڵێنن و بەوجۆرە خودی کەیسی هاوکێشە گۆڕینەکە بەبارمتە دەگرنەوە.

ڕوون و ئاشکراشە هەتا ئەوکاتەی سیاسەتی بێدەنگی و هەڵکردن و باجدان بە کۆماری ئیسلامی لەلایەن ڕۆژئاواوە درێژەی هەبێت، ڕێژیمیش لە بارمتەگیرییەکانی بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی ئابووری و سیاسی لە کۆمەڵگەی جیهانی بەردەوام دەبێت. بەتایبەت کە یەکێکی دیکە لە ئامانجەکان و باشتر وایە بڵێین دەسکەوتەکانی کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتی بارمتەگیری، خۆی لە خۆیدا بەهێزکردنی قەیرانی وەلامەدەربوون (مصونیت) و بۆڵدکردنی پارێزراوبوونی ڕێژیمە لەهەر کردەوەیەکی تیرۆریستی و تێکدەرانە و ڕاکردنیەتی لە بەرپرسایەتی.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا لانیکەم ٣٠٠ کەسی بە بەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەدار داوە و دوای گەڕانەوەی ئەسەدوڵڵا ئەسەدییش هەر بە بەرچاوی کۆمەڵگەی جیهانییەوە، کامێراکان دیمەنەکانی پێشوازی لەو تیرۆریستە و لەئامێزگرتنی لەلایەن جەهرومی، وتەبێژی دەوڵەتەوە و غەریبئابادی، بریکاری نێونەتەوەیی و دەبیری ستادی مافی مرۆڤی دەزگای قەزایی ڕێژیمیان بۆ چوارقوژبنی دنیا گواستەوە، ئاخۆ ئەمە جیا لە پشتیوانی لە تیرۆریزمی

جۆزەردانی ٢٧٢٣

دەوڵەتی و دەستەبەری پارێزراوی بۆ پڕکێشی و تەڕاتێنەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەرکوتی ماف و ئازادییەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و خیانەت لە مافی مرۆڤ دەکرێ چ ناوێکی دیکەی لەسەر دابندرێت؟

بێگومان هەتا ئەوکاتەش کە پرسی مافی مرۆڤ و چاوپۆشین لە تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی قوربانیی ساتوسەوداکانی ڕۆژئاوا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکرێ، ئەم ڕێژیمە بە دەستئاوەڵایی زیاترەوە لە جینایەتەکانی بەردەوام دەبێت و بەشێکی گرینگی بەرپرسایەتیی ئەو تاوان و جینایەتانەش دەکەوێتە ئەستۆی ڕۆژئاوا و کۆمەڵگەی جیهانی.

١٩ی جۆزەردانی ٢٧٢٣

# لە سەربەخۆییخوازانی بازنەی ئیستانبووڵ هەتا شۆڕشی "ژینا"



**شاڕوخ حەسەنزادە**

بزووتنەوەی گۆڕانخوازیی ژینا بە درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، هەرجارێ بە شێوەیەک و بە فۆڕمێک خۆی نوێ دەکاتەوە و لە خەبات و دژایەتی دەگەڵ دەستەڵاتیی ئۆلیی ئێران بەردەوامە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەو بزووتنەوە جەماوەرییەی وەک "شەڕێکی تێوەر" (جنگ ترکیبی) ناساندووە کە بە هەموو شێوازێک هەوڵی نەمانیان دەدات. کۆمەڵگەی ئێران بە هەموو پێکهاتەکانییەوە شێوازی ڕوانین و بیرکردنەوەیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە بەجۆرێک ڕەوتە ناسراوەکانی نێو حکوومەتیش خەریکە لەم دەستەڵاتە بێهیوا دەبن و بە شێوازی خۆیان ڕای دژ دەردەبڕن.

حکوومەتی تێئۆکراسی - دیکتاتۆریی ئێران کە لە دوای سەدەکانی نێوەڕاستەوە گەردوون دەستەڵاتی وای بەخۆوە نەدیوە، لە بوارگەلی جۆراوجۆری وەک کولتووری، ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و... هەروەها بێمتمانەیی خەڵک وەک گرنگترین فاکتەری مانەوەی دەستەڵاتەکان تووشی تەنگژە و قەیرانی جددی مەشرووعییەت بۆتەوە. لێبەلێ لە بەختە هەرە بەهێزەکانی هەتا ئێستا، مانەوەی خۆی لە پەرتەوازەیی دژبەرانی و لاوازیی ئۆپۆزسیۆندا دەبینێتەوە. هەرکام لەو دەنگە



سەرچاوە
Serchawe

جیاوازانە بەتایبەت شەبەنگی پاشاخوازەکان هەر لە ئێستاوە سنووری دەستەڵات بۆخۆیان دەستنیشان دەکەن و هەموو هەوڵێکی دیموکراتیکی دەستەڵاتدارییان بۆ دوای ڕووخانی ئەو ڕێژیمە هێشتووتەوە هەتا وەک سەردەمی ٥٧ یان وەک سپای میسر (بزووتنەوەکانیی بەهاری عەرەبی) بە دژەشۆڕشێک هەموو خەباتی خەڵکی شۆڕشگێڕ ڕەوگیر بکەن و جارێکی دیکەش سەری نەتەوە زوڵملێکراوەکان لە ئێران بێکڵاو بمێنیتەوە. هەموو ئەو ئاڵۆزی و ئالنگاری و ئاژاوانە دەکرێ بە جۆرێک دەگەڵ سەردەمی کۆتایی دەستەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانلییەکان پێک بگرین بەتایبەت جۆری سیاسەت و ڕوانینی هێزە جۆربەجۆرەکان جێیسەرنجە.

کۆمەڵێک هۆکاری دەرەکی و نێوخۆیی بۆ ڕووخانی حکومەتی عوسمانلی هەبوون؛ دۆڕان لە شەڕی کریمە، کەوتنە بن قەرزی دەرەکی، بەجێگای وەبەرهێنان درووستکردنی شەڕ و ئاژاوە و هێرش و گەندەڵیی سیستماتیک هەروەها دوای داگیرکردنی قوستەنتەنییە لەلایەن وڵاتانی بریتانیا، فەڕانسە و ئیتالیا لە ئاکامی شەڕی جیهانیی یەکەم (١٩١٤ - ١٩١٨) و خۆدەباوەش هاویژتنی عوسمانلییەکان بۆ ئامێزی ئاڵمان لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە بەپێچەوانەی جیهانی ڕۆژئاوا عوسمانلییەکان هیچ بایەخێکیان بۆ زانستە مرۆییەکان و سرووشتییەکان نەبوو. ئەوان بەڕواڵەت بەردەوام پێبەند و گیرۆدەی نەریتی ئۆلی و پەروەردەی دینی بوون، سیستەمی پەروەردە و بارهێنانی عوسمانلی بەجێگای دابینکردنی ڕەوشێکی لەبار بۆ منداڵان و لاوان کە بتوانن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی دواڕۆژی مەملەکەت قازانج و دەوریان هەبێ، بەگشتی لەسەر خوانی پەروەردەی ئۆلی ڕادەهێنران و بە مەبەستی خۆیان کەڵکیان لێ وەردەگرتن. ئەو دۆخە گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی وەپاش دابوو و خەڵک لێی وەزاڵە هاتبوون. هەروەها جیهانی ڕۆژئاوا کە لە سەردەمێکدا تەنانەت بەهۆی لەشکرکێشییەکانییەوە هاوکەوشەنی عوسمانلییەکان بووە بە ڕێنسانس و مرۆڤتەوەری، تاک و داهێنان وەک هەوڵە گرنگەکانی خۆیان لەو بازنە تەسکە دەرهاویشت کە دواتر بە شۆڕشی زانستی و ڕووناکبیری گۆڕانکارییەکی مەزن لە ئاوەز و هزر و فەرهەنگیان هێنایە ئاراوە و دواتریش بە ژیاری کەرەسەگەلی ئابووری پیشەیی خۆی لە ئاوەزی ئایینی بەیەکجاری ڕزگار کرد، هەمیسان هەموو بەرهەمی خۆشیان بۆ ئەو وڵاتە بەرخۆرانە هەناردە دەکرد کە لەم گۆڕانکارییە مەزنە وەپاش کەوتبوون.

لەم دۆخە دواکەوتوویەدا بوو کە عوسمانلییەکان بەرەو ڕووخانی هەنگاو بە هەنگاو دەچوون. جا چوونکە وڵاتێکی پان و بەرین و بەپیت و پڕ بەهرە بوو کێشە و ناخۆشی لەسەر چۆنیەتیی دابەشکردنی ئەم گوێچە مەزنە هاتبوو ئاراوە بە جۆرێک چەندین جار کۆبوونەوەی مەزنیی جیهانیی لەسەر گیرا (کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس، سایکس و پیکۆ، سێڤەر، لۆزان و ...) و چەندین وڵاتی لێ لەدایک بواند!

لە ئاکام گرفتە مەزنەکانی دەرەکی و خوڵقانی کەشێکیی سیاسیی نێوخۆ، هاتنە ئارای چەمکی ناسیۆنالیزم و پەرەگرتنی هەستی نەتەوایەتیی گەلانی ژێردەست و چەوساوەی حکوومەتی عوسمانلی و ناوچەکەش کە لەئاکام نزیکایەتیی و پیشڤەچوونی ڕۆژئاوا شەقڵی گرتبوو؛ وردەوردە بە هێرش و گزیی میرنشینە کوردەکان کە سەدان ساڵ بوو بە شێوەیەکی نیوەسەربەخۆ و خوموختار بەڕێوەدەچوون لەنێو بردبوو، بەڵام ئەوە کۆتایی بە خەبات و ڕۆڵی کوردان نەهێنا و دوای ئەمە ناوەندی سیاسیی کوردان لە میرنشینە کوردەکانەوە بۆ تەکیە و خانەقاکان (تەریقەتەکانی قادری و نەقشبەندی) گوازرایەوە و هەتا ساڵانێکی زۆر بەشی هەرە زۆری سەرکردایەتیی بزووتنەوە سیاسییەکانی کورد کەوتە دەست شێخەکان.

یەکەم بزووتنەوەی سیاسی_نیزامی بە سەرۆکایەتیی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری (١٨٨٠) لەژێر دەستەڵاتی تورکە ئیماندارەکان دەستی پێ کرد! دوای ئەمە و لە گەرمەی ئاڵۆزییەکانی نێوخۆی ئیمپراتۆریی عوسمانی، کوردە ڕووناکبیرەکان کە بەشی هەرەزۆریان لە ئیستانبول خوێندبوویان و یەکەم کەسیش دەتوانین ئاماژە بە شاعیری نەتەوەیی "حاجی قادر کۆیی" بکەین، کە دەکرێ وەک بازنەی ئیستانبول ناویان بێ. وەک "ژێنراڵ شەریف پاشای خەندان، دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت، ئیسحاق سکوتی، عەبدولرەحمان بەدرخان، ئەمین عالی بەدرخان، تۆفیق وەهبی" و ... وێڕای دامەزراندنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی و دواتر بڵاو کردنەوەی بیری کوردایەتی لە ڕۆژنامەگەلی تر لە ناوەندەکانی داگیرکاریی سەردەم (پاریس، لەندەن و ژنێڤ) خزمەتێکی زۆریان بە ناساندنی دۆزی کورد کردبوو. ئەم کەسایەتییە کوردانە زۆربەیان سەر بە یەکەم ڕێکخراوی هاوبەشی کورد و تورکەکان (ئیتحاد و تەرەقی) و تەنانەت لە دامەزرێنەرانیان بوون. ئەگەرچی هەموو ئەو کەسایەتییانە لە جێی خۆیدا ناسیۆنالیست نەبوون، بەڵام لە ئاکامدا بەسەر باڵی نەتەوەییدا شکانەوە و دەکرێ وەک یەکەم ڕوناکبیرانی ناسیۆنالیستیی کوردی بناسرێن کە یەکەم ڕۆژنامە، حیزب و ڕێکخراوی کوردییان دامەزراند و لەپێناو مافەکانی گەلی کورد دیپلۆماسیی نێونەتەوەییشیان چالاک کردبوو.

## د.فەرهاد پیرباڵ لە کتێبی "ژەنەڕاڵ شەریف پاشا"دا دەڵێ: بەشێوەیەکی گشتی لە بواری بزووتنەوەی سیاسیی ئەو ڕووناکبیرە گەنجە کوردانەدا پێنج ڕەوتی سیاسیی جیاواز لەو سەردەمەدا بەدی دەکرێن:

١- ڕەوتی عەلمانی و فیدراڵی کە لە ژێر کاریگەریی ئەزموونی ڕۆژئاوا و بیری ئورووپیدا باوەڕی وا بوو کە نەتەوەی کورد وەک ئەرمەن و عەرەب و تورک و چەرکەس پێکەوە لە چوارچێوەیەکی فێدراڵی عوسمانیدا بەئاسانی دەتوانێ بە ئامانجەکانی خۆی بگا. ئەمەش پرۆگرامی گشتی "ئیتحاد و تەرەقی" بوو. د.عەبدوڵڵا جەودەت کە دامەزرێنەر و سەرگەڤازی ئەو ڕەوتە بوو، تەنیا لە کۆتایی ژیانیدا لێی پەشیمان بۆوە. ئەم ڕەوتە بە هیچ شێوەیەک لە ژیان و بەرژەوەندییەکانی کوردەوە نزیک نەبوو، و خزمەتی کوردیشی نەکرد.



سەرچاوە Serchawe

٢- ڕەوتی یان ئیسلامی کە باوەڕی وا بوو دین (شەریعەت و یاساکانی ئیسلام) دەتوانێ هەموو ئازادی و مافە نەتەوەییەکانی کورد لە چوارچێوەی هەمان ئیمپراتۆریەتی کۆنی عوسمانیدا دابین بکات. سەعید نەورەسی و عەبدولڕەحیم ڕەحمیی هەکاری نموونەی دیاری ئەم ڕەوتە بوون. دیسان ئەمانیش نەیاندەتوانی لە ژیان و ڕۆحییات و بەرژەوەندییەکانی کورد تێ بگەن.

٣- ڕەوتی ڕیفۆرمیستەکان، کە لەوانەیە ژمارەیان لەچاو ڕەوتەکانی دیکە زۆر کەمتر بوو بێت باوەڕیان وابوو کە دەکرێ بە ئامۆژگاری و پاڕانەوە و ڕیفۆرم هەندێ لە ئازادی و مافە نەتەوەییەکانی کورد لە سولتان عەبدولحەمید وەربگرێت. نمونە و سەرگەڤازی ئەم ڕەوتە، میقدادمەدحەت بەدرخان بوو کە لە یەکەمین پێنج ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان (قاهیرە ١٨٩٨) ئەم ڕەوتەی گرتبووە بەر، کە بێگومان سەرنەکەوت تەنانەت بە زیانیشی شکایەوە.

٤- ڕەوتی شۆڕشگێڕە چەکدارەکان کە باوەڕیان وابوو بە ڕاپەڕینی چەکداری و هێزی پەلاماردەر هەموو ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکان وەدەست دەهێنرێن. شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و کوڕەکانی نموونەی ئەم ڕەوتەن، دیارترین کەمایەسی و هەڵەی ئەم ڕەوتە ئەوە بوو کە نەیاندەتوانی لە چوارچێوەی جوغرافیی خۆیان بچنە دەرەوە، سرووشتێکی دینی و هۆزگەرییان هەبوو نەک کوردستانی، جگە لەمانەش پەیوەندییەکی توند و نەخشەسازییان لەگەڵ ڕووناکبیرە ناسیونالیستەکان نەبوو.

٥- ڕەوتی ڕووناکبیرە ناسیۆنالیستە جوداخوازەکان کە باوەڕیان وا بوو پێویستە نەتەوەی کورد سەربەخۆ بێت و لەژێر ئاڵای نەتەوەیی خۆیدا بژیت. حاجی قادر کۆیی وەک شاعیرێک دەمێک بوو بە شێعر ئەم ئاڵایەی بەرز کردبوّوە، لەنێو ڕووناکبیرەکانیشدا هەندێ لەوانە کە لە سەرەوەدا ئاماژەمان بۆ کردن، وەک سورەییا و عەبدولڕەحمان بەدرخان، پاشانیش ژەنەڕاڵ شەریف پاشا لە ١٩١٩ نمونەی ئەم ڕەوتە بوون.

پرشوبڵاوبوونی ئەم ڕەوتەی دوایی و پێکەوە نەحاوانەوەیان خەسارێکی مەزنی لەم ڕەوتە دابوو و هیچکات نەیانتوانی پێکەوە حیزبێکی مۆدێرن و چالاکی نەتەوەیی دابمەزرێنن بەجۆرێک هەرکام لەو کەسایەتییانە بە شێوەی جیاواز خەباتی خۆیان بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی کورد بەڕێوە دەبرد کە ئاکامی نەبوو.

پشتیی ئەم بویەرانە مستەفا کەماڵ کە دواتر نازناوی باوکی تورک (ئاتاتورک)ی پێ بەخشرا لە ماتەوزەی کوردەکان هەم لە ڕەوتی ئۆلی و هەمژی دژە نەتەوەکان کەڵکاژۆی وەرگرت، مستەفا کەماڵ دوای قڕانی ئەرمەنییەکان و شەڕە نێوخۆییەکان

بە دژی یونانییەکان، ئاشوور و کورد، وێڕای جینـایەتی مەزن و ژینۆسـاید، بە دامەزرانـدنی ڕەوتـی ناسیۆنالیزم_فاشیزم ـی تورکی توانی دەستەڵاتی تەواو بگرێتە دەست.

لەم نێوەدا ئەوەی بەرچاو بوو ئەوەبوو کە، سـەرجەم جـووڵە و بزووتنەوەکـانی کـوردی لە شێخ عوبەیـدوڵڵاوە هەتـا سمکۆ و شێخ مەحموودی حەفید، هەروەها دیپلۆماسی دەرەوە، چـالاکی مەدەنـی و سیاسییش نەیتـوانی داخـوازییە ڕەواکـانی کـورد وەک ئاوات و ئامانجی نەتەوەیەکی ژێر دەست مسۆگەر بکات و بە دامەزراندنی چەندین وڵاتی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین (عێـراق، تـورکیە، ئـوردۆن، سـوریە، ئێـران و...) گەلـی کـورد هەر ژێـر دەسـتە مـایەوە و تەنـانەت بەسـەر چـوار دەوڵـەت_نەتەوەی فاشیست دابەش کـرا. جیـا لە هۆکـارە نێوخۆییەکـانی وەک ناتەبـا بـوون و پـێکەوە نەحـاوانەوە و نەبـوونی یەک گوتـاری و یەکەتی نەتەوەیی، ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی هزریی هۆکاری سەرەکی لەو سەردەمدا ئەوە بوو کە، کورد لە ئاوابەندیی جیهـانی بە سـەرکردایەتی وڵاتـانی ئینگلیس و فەرانسـەدا هیچ پێناسـەیەکی بـۆ نەکرابـوو، واتە سیاسـەتی ئەو داگیرکـارانە شتێکی بەنـاوی دەوڵـەتیـی کـوردی نەک هەر تێـدا نەبـوو بەڵـکوو بەتونـدترین شێوە بەگژ بزووتنەوەکـانی ناسیۆنالیسـتی کوردیـدا دەهـاتن، بـۆ مینـاک لە شۆڕشـیی شێخ مەحمـوودی حەفیـددا، دەوڵـەتـی بریتـانیـا تەنـانەت بە فـڕۆکەی شـەڕکەر پەلامەری سلێمانیی دا و بە زەوی و حاسـمان شـەڕی دەگەڵ ئەو کـوردانە کـرد کە وەک ئەو گەلانەی هاوسـێیان خوازیـاری حکـومەتی سەربەستی خۆیان بوون، ئەمە لەجۆری خۆیدا بێ وێنە و ناوازە بووە.

بە خوێندنەوەی ئێستا و ڕوانینیی دەرەوەی بابەتەکانی ئەو سەردەم، ئەوان سەربەرز بوون و مێژووی هـاوچەرخی کوردیی بە مەزنیی یادیـان دەکـاتەوە کە نەتەوەیـی بـوون و هەوڵـی دامەزرانـدنی نیشـتمانێکی سـەربەخۆیان بـۆ کـورد دەدا، خـۆ ڕاستە سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام لە ویژدانی گەلی کورددا بە گەورەیی مانەوە.

١٩ی جۆزەردانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# ڕاستییەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان




**ئەلبورز ڕوویین‌تەن**

بەگوێرەی تیئۆریی ڕیئالیزمی سیاسی کەس بە سەر دونیا حوکم ناکات و دونیا پێک هاتووە لە یەکەی دەوڵەتەکان کە لە ئاستی نێونەتەوەیی یەکسانن، نەبوونی حکومەتی جیهانی بە مانای هەبوونی ئانارشیستی لەنێو جیهانیش دێت، هەر بۆیەش وڵاتان لە و ئاناریشیستیە سەرەتا هەوڵ دەدەن پارێزگاری لە خۆیان بکەن و لە ڕێگەی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و فاکتەری دیکە هەوڵی مانەوەی خۆیان بدەن.

هەر لەو ڕاستایەدا زۆر جار سیاسەتی دەروەی هەر وڵاتێک لە چوارچێوەی پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی ئەو وڵاتە پێناسە دەکرێت، بێگومان هەبوونی پەیوەندی دۆستانە و هاوکاری و هاوپەیمانی یا شەڕەکان بۆ پاراستنی ئەو بەرژەوەندیە یا ویستانەی ئەو وڵاتە شی دەکرێنەوە.

هەر چەند بە گوێرەی هەندێ بووچون لە پەیوەندی نێونەتەوەییدا بە تایبەتی بۆ وڵاتانی دێموکرات مافی و مرۆڤ و

دێموکراسی وەک ئەولەویەت باس دەکرێن، بەڵام لە ڕاستی گۆڕەپانی سیاسەتدا ئەو بابەتە لە دێڕی سەر لاپەڕەکانن زیادتر شوێنێکی دیکەی لە پراکتیکدا نییە. کەواتە وڵاتەکان بە دوای بەرژەوەندییەکانیان نەک بابەتی دیکە، وەکو ئەمریکا کە لە تێزەکاندا ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پشتیوانی بە دێموکراتی کردن دەنووسرێ، لە ڕاگەیاندن بە هەموو دونیا دەڵێ لە شەڕی تیرۆردا یا لە گەڵ ئێمەن یا تیرۆریستان، دوای شەڕێکی قورس و گران کە ملیاردها دۆلار و گیانی هەزاران مرۆڤی تێچووی هەبوو، بەرپرسانی ئەو ڕێکخراوە تێرۆریستییە دەخاتە زیندانێک لە دەرەوەی خاکی ئەمریکا بۆ ئەوەی بتوانێ هەر جورە کارێکیان لەگەڵ بکات، تەنیا دوای بیست ساڵدا دیسان هەر لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە ڕێککەوتن ئیمزا دەکات و وڵاتی پان و گەورەی ئەفغانستانی بۆ بەجێ دێڵێ و زۆربەی وەزیرەکانی تالیبانی بە دەسهەڵات گەیشتووش لەو زیندانییانەی گوانتانامۆ پێک دێ کە تەنیا چەند ساڵ پێشتر لە لایەن ئەمریکاوە بە بیانووی ئەوەی ئەوانە زۆر مەترسیدارن بەو شێوەیە لە زیندانی کردبوون.

واتە ئەو وتەی بە ناوبانگ کە دەڵێ بەرژەوەندیی تا سەر، نەک دۆستایەتی یا دوژمنایەتی تا سەر لە سیاسەتی دەرەوەدا ڕەچاو دەکرێ، ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگری پەیوەندی نێونەتەوەییەکانە.

لە حەوتووی ڕابردوو وڵاتی بلژیک لە پێناو ئازادکردنی گیانی هاووڵاتییەکی کە لە لەلایەن ئێرانەوە گیرا بوو، تێرۆریستێکی ئێرانی ئازاد کرد و وەک هەمیشە هاواری دژە تیرۆریستی ئێمەی کورد بەر لە هەموو کەسێک هەڵستا کە چۆن وا دەبێ ئێوە تیرۆریست ئازاد دەکەن.

سەرەتا با ئەوە بڵێین بۆ بلژیکیەکان کە لە پێناو ئازادی هاوڵاتیەکەیان ئەو کارەیان کرد بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیان گرینگ بوو نەک تیرۆریستێک ئازاد دەبێ یانە. ئەو هەوڵە تەنانەت ئەگەر لە پێناو پاراستنی هاونیشتمانی خۆشیان بێ هەڵەیە چونکە لە ڕابردووش دیتوومانەو بە بەڵگە سەلمێنراوەبە هۆی ئەو نەرمی نواندنە لە بەرانبەر ئێران ئەوان گیانی هاونیشتمانیی خۆیان خستۆتە مەترسی، چونکە ئێران هەر کات ویستی ئیمتیازێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا وەرگیرێ بە کردەوەیەکی تیرۆریستی یا ڕفاندن هەوڵ دەدات دانوستاندن بکات و ئمتیازی خۆی وەربگرێ و دواتر دوبارە درێژە بە کارە تیرۆریستیەکانی بۆ وەرگرتنی ئمتیازی زیادتر بدات.

بەڵام بمانهەوێ یا نە وڵاتانی ڕۆژئاوایی ئاوا بیر ناکەنەوە کە واتە زیادتر لە هاواری ڕەخنە پێویستە ئێمەی کوردیش بە گوێرەی یاساکانی یاریەکە یاری بکەین.لە دونیای پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان ئێمەی پاک و بێگەرد زۆر بە لەرزۆکی دەمێنینەوە، هەر بۆیەش پێویستە ئێمەش بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆمان لە سەروی قسەی ئەم وڵات ئەو وڵاتە

جۆزەردانی ٢٧٢٣

دێموکراتیکانە دابنێین لە پێناو بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆمان ئەوەی پێویست بێ بیکەین.

بە باوەڕەوە دەڵێم هەر چۆن تا ئێستا بەرگی شانازی ئێمە ئەوەبووە کە دەست بۆ تێرۆر نەبەین، نابێ لە داهاتووشدا ببەین، نابی بە هیچ شێوەیەک لە پرەنسیپە مرۆییەکانی خۆمان دور بکەینەوە. بەڵام بمانهەوێ یا نە لە دونیای درەندەی نێونەتەوەییدا ناکرێ تەنیا بە گوتاری مافخوازی بە مافەکانمان بگەین، بەڵکوو سەروتر لەوەشی گەرەکە.

ئەوە ویستی ئێمە نیە ڕاستیەکانی دونیایی سیاسەت بە تایبەتی لە ئاستی نێونەتەوەیی وا دەڵێ ناکرێ جیل بە دوای جیل لە ژێر پۆتینی داگیرکەر و دیکتاتوردا بمانسرنەوەو ئێمەش نیگەران بین کە پێمان نەڵێن بۆ چی توندوتیژن.

١٩ی جۆزەردانی ٢٧٢٣

جۆزەردانی ٢٧٢٣

# کوشتن وەک تاکەچارەسەر!



عەلی بداغی

لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵی زایینیدا کۆمای ئیسلامیی ئێران لانیکەم ٣٢٠ کەسی لە زیندانەکاندا ئێعدام کردووە.

شەپۆلی نوێی ئێعدامەکان سەرفی نەزەر لە ئامانجە بنگەییەکانی ڕێژیم دەکرێ چەند مەبەستی لە پشت بێت کە گرینگترینیان بریتییە لە: ترسی ڕێژیم لە سەرهەڵدان و دەستپێکردنەوەی نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی خەڵک لەسەر شەقامەکان و پێشگرتن بەو دۆخە لە ڕێگەی پێشاندانی زۆرترین زەبروزەنگەوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتاوە فرچکی بە خوێن و کوشتن و کوشتوبڕ گرت. ئێعدام، بە تایبەت ئێعدامی سیاسی هەر لەگەڵ یەکەم ڕۆژەکانی دەسپێکی تەمەنی ئەم ڕێژیمە و حەوشەی قوتابخانەی «ڕیفاه» لە تاران و بە حەزفی فیزیکیی کاربەدەستانی ڕێژیمی پێشوو دەستی پێکرد. لەگەڵ لەشکرکێشیی ڕێژیم بۆ کوردستان، کورد زۆر زوو بووە قوربانیی سیاسەتی تەناف و سێدارەی ڕێژیم و لە چوار دەیەی ڕابردوودا پشکی شێری لە ئێعدامەکاندا بەرکەوتووە. ڕێژیمی کۆماری

جۆزەردانی ٢٧٢٣

ئیسلامی دوای سەقامگیرییش بە پاساوی ئایینی ئێعدامی کردە چەکێک بۆ ڕاگرتنی نەزمی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی لەو کۆمەڵگە ئیسلامییەدا! بە ڕەچاوکرانی ڕێوشوێنە ئایینییەکان ڕەگ و ڕیشەی تاوان و لادانەکان ویشک بکا. ڕەچاوکردنی ئەو سیاسەتە وای کردوە ئێران لە ڕووی ئاماری ئێعدامەکان دوای چین لە ڕیزی دووهەمدا جێ بگرێ و بە پێی ڕێژەی حەشیمەت و ژمارەی ئێعدامکراوەکانیش یەکەم وڵات بێ لە دنیادا.

بە پێی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ ڕا هەتا ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی پتر لە ٦١ هەزار کەسی لەو وڵاتەدا لەدار داوە و تەنیا لە کوردستان بە پێی ئاماری ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە زیاتر لە ٢٣٠٠ ئەندام، پێشمەرگە و چالاکی سیاسیی کورد بە بڕیاری دەزگای قەزایی و تیمەکانی تێرۆری ئەم ڕێژیمە ئێعدام کراون.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لای وابووە لە کوردستان بە تێرۆر و ئێعدام و کوشتن دەتوانێ جووڵانەوەی کورد لە پێ بخا، بەڵام هەروەک دەبینین ئەم سیاسەتەی ڕێژیم نەک پێشی بە گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی و ئازادیخوازی و خەباتی مافخوازانەی کورد نەگرتووە، بەڵکوو ئەم بەرگری و شوناسخوازییە لە هەموو ڕەهەند و بوارەکاندا پەرەی سەندووە و لە ئێستادا ڕێژیمی بەرەورووی گەورەترین قەیران و تەنگ ئاستەنگ و چالنج کردووە.

لە ئێستاشدا کە ڕێژیم چ لە ڕووی ئابووری و چ لە ڕووی سیاسی خەریکە دادەڕمێ و مەترسیی هەڵچوون و ڕاپەڕینی خەڵک پتر لە هەموو کاتێک هەست پێ دەکا، بە لێبڕاویی زیاترەوە هەموو ئامرازەکانی سەرکوت و یەک لەوان ئێعدام لە دژی خەڵک ئەویش بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە دەکار دەکا.

بابەتی ئێعدامکردن وەک سزایەک لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا پتر لەوەی بنەمای حقووقی هەبێ، بڕیارێکی سیاسییە و دەسەڵات بۆ زاڵکردنی کەشی ترس و سەرکوت بەکاری دێنێ، بێ ئەوەی وڵامی پێویستی لێ وەرگرتبێتەوە. هەر لەبارەی ئێعدامی چالاکانی سیاسیی کورد کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا بەبەردەوامی درێژەی بووە، ئەو پرسیارە هەیە کە ئاخۆ ئێعدامە سیاسییەکان چۆکیان بە بزووتنەوەی سیاسیی کورد داداوە؟ بێ گومان نا. چونکی ئەگەر ئیعدام و لە سێدارەدان و زیندان و سەرکوت کاریگەریی لە سەر ڕاوەستانی خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری هەبوایە، هەر لە دوای لە سێدارەدانی پێشەوا و ڕووخانی کۆماری کوردستان دەبوایە ڕەوڕەوی خەبات و تێکۆشان لە جووڵە کەوتبا و هیچ تاکێکی کورد باسی لە ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد نەکردبایە، کە دەبینین وانییە.



سەرچاوە
Serchawe

جۆزەردانی ۲۷۲۳

لەلایەکی ترەوە بەشی هەرە زۆری ئێعدامە ناسیاسییەکانیش لە ئێران لە چەند دەیەی ڕابردوودا سەبارەت بە تاوانەکانی پێوەندیدار بە مادەی هۆشبەر و کوشتنی بەئانقەست بووە، بەڵام زۆر لە کاربەدەستانی ڕێژیم نایشارنەوە کە سەرەڕای ٤٤ ساڵ بەردەوامی لە جێبەجێکردنی سزای ئێعدام، بازرگانیی مادەی هۆشبەر لەو وڵاتە ساڵ بە ساڵ زیادی کردووە. هەروەها تاوانە کۆمەڵایەتییەکانیش لە سۆنگەی ئێعدامەوە نەک بنەبڕ نەبوون، بەڵکوو بە لەبەرچاوگرتنی ئامارەکان پتریش بوون. وەک چۆن ئەزموونی هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و ئەزموونی خودی ئێران و ئامار و داتاکان پێمان دەڵێن کە لە هیچ کۆمەڵگایەکدا سزای ئێعدام و قەتڵی سیستماتیکی دەوڵەتی، ناتوانێ ڕێژەی تاوان و جەنایەت کەم بکاتەوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، ئێعدام، هەستی تۆڵەکردنەوە و توندوتیژیی بەهێزتر دەکات. کاتێک قەتڵ لە بەرامبەر قەتڵ، لە ڕێگەی دەوڵەتەوە، ڕێگەپێدراو بێ، ئاساییە ئەگەر کەسانێکیش هان بدرێن کە بەدەستی خۆیان ئەم بەناو عەدالەتە بەڕێوەبەرن. ئەزموونی چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی پێمان دەڵێ کە ئەو ڕێژیمە بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتی زۆرەملێی خۆی بە سەر گەلانی ئێراندا دەستبەرداری سزای ئێعدام نابێ. بەڵکوو ئەوە خەڵکن کە دەبێ بە لێبڕاوی و شێلگیرییەوە کۆتایی بە تەمەنی ئەو ڕێژیمە و لەو ڕێگەیەشەوە کۆتایی بە کوشتن و دەسەڵاتی ڕەشی سەرکوت بهێنن.

٢٠ی جۆزەردانی ۲۷۲۳

# دیموکراسی و گەشەی ئابووری




د. محەممەد حوسێنزادە

چۆنیەتی و ڕێژەی گەشەی ئابووری هەر وڵاتێک یەکێکە لە سەرەکیترین فاکتەرەکان کە دەری دەخات دەسەڵات و سیستەمی حوکمڕانیی ئەو وڵاتە تا چەندە توانیویەتی لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیدا سەرکەوتوو یان بەئاواتنەگەیشتو بێت. گەشە یان گەشەکردن چەمکێکی گرینگە لە زانستە مرۆییەکاندا؛ هەرچەندە پێناسەی جۆراوجۆر لەو چەمکە کراوە(١) و پێناسەکردنی لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و لە ئێستادا ئەو چەمکە بە مەبەستی جۆراوجۆر بەکار دەبرێت، بەڵام دەکرێت بڵێین بە گشتی ئاماژەیە بۆ گۆڕانی کۆمەڵگە مرۆییەکان. دەکرێت گەشەکردن بە پرۆسەی بەشداریکردنی گشتی لە ئاراستەی پەرەپێدان بە کارامەیی سیستەم بە مەبەستی وەڵامدانەوە بە داواکارییەکان و دابینکردنی پێداویستییە جەستەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی هاووڵاتییان پێناسە بکرێت؛ ئەمە نیشان دەدات کە گەشەکردن پرۆسەیەکە کە پێویستی بە کات و پەیوەندیی بە ژیانی مرۆڤەکانەوە هەیە. دەستپێڕاگەیشتنی یەکسان بە دەرفەتەکان لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و جێگیرکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە کەلکوەرگرتن لە پێداویستییەکانی ژیان و سەرچاوەکان و هەروەها دابینکردنی ئازادی و خۆشبژێوی و ڕزگاربوون لە دۆخی نەخوازراوی ژیان و کۆتاییهێنان بە

هەڵاواردن و جیاکاریی لە سەرەکیترین ئامانجەکانی گەشەکردنن. گەشە بۆ هاووڵاتییان دەبێت، واتە دڵنیابوونەوە لەوەی ئەنجام و بەرهەمەکانی باڵاکردنی ئابووری بۆ خەڵک دەبێت، بەجۆرێک کە دەستکەوتە ئابوورییەکان دەبێ بە شێوەی یەکسان و دادپەروەرانە دابەش بکرێن. بەکورتی گەشەکردن واتە زیادکردنی سەرمایە و هاوکات دەستپێڕاگەیشتنی زیاتر و ئاسانتر بە پێداویستییەکانی ژیان، کاڵا و خزمەتگوزارییەکان.

ڕوونە کە گەشەکردنی ئابووری بە شێوەی ڕەمەکی و بەهەڵکەوت ڕوو نادات، بەڵکوو گۆڕانێکە کە پێشوەختە بیری لێ کراوەتەوە و پلانی بۆ دارێژراوە و لە خاڵێکەوە دەست پێ دەکات، ڕێگایەک دەپێوێت و "ڕەنگە" بگاتە خاڵی مەبەست. گەشەکردن پێویستی بە هەندێک پێشمەرج و پێشویستە. یەکێک لە گرنگترین پێشمەرجەکانی گەشەی ئابووری هەبوونی دێموکراسییە. واتە بەبێ جێگیربوونی دێموکراسی وەک شێوازێکی کارامەی حوکمڕانی گەشەی ئابووری پاوەجێ و بەردەوام سەخت و دژوارە. بەدەگمەن وڵاتێک بتوانێت بەبێ ڕێزگرتن لە مافەکانی تاک و دانپێدانان و جێبەجێکردنی ئەو مافانە گەشە بکات یان ئابوورییەکی پێشکەوتووی هەبێت. ئەوانەش کە هەن پێشبینیکردنی داهاتوویان کارێکی ئەستەمە. لانیکەم لەبەرئەوەی کە ئەگەری هەموو جۆرە گۆڕانکارییەک لە سیستەمی سیاسییاندا و سەرهەڵدانی ناسەقامگیری لە داهاتوودا هەیە. لەم ڕوانگەوە چۆنیەتیی دۆخی ئابووری وابەستەی نێوەڕۆک و چۆنیەتیی پێکهاتەی سیاسی وڵاتانە و گەشەی ئابووری لە بەستێنی ئەو دامەزراوە سیاسیانەدا ڕوو دەدات کە پێداویستییەکانی گەشەی ئابووری دیاری دەکەن. بەکردەوەش، گەشەی ئابووری پاوەجێ زیاتر لەو وڵاتانەدا ڕووی داوە کە سیستەمە سیاسییەکەیان لەسەر بنەمای دێموکراسی دانراوە.

وەک لە ناونیشانی ئەم نووسراوە و لەو پێشەکیەدا دەردەکەوێت، من لێرەدا جەخت لە گەشەی ئابووری دەکەمەوە، ئەرنا حاشاهەڵنەگرە کە دێموکراسی ، پێشمەرجی گەشەکردن لە هەموو بوارەکانی تردایە.(٢) پێویستە هەر لێرەدا ڕوونی بکەمەوە کە کاتێکیش دەڵێم گەشەی ئابووری پێویستیی بە دێموکراسییە، بەکورتی مەبەستم ئەوەیە کە حوکمڕانی باش بەو پێناسە جیهانییە کە لێی کراوە و بە تایبەت هەبوونی ئازادییە سیاسییەکان بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی ئابووری پێویستە. پێشکەوتنی ئابووریش خۆی لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە: هەوڵێکی ئامانجدار بۆ ئاسەواربڕینی هەژاری، نەهێشتنی بەدخوراکی و نەخۆشی و نەخوێندەواری و بێکاری و سڕینەوەی هەڵاواردن و نایەکسانی؛ بە واتایەک دەستپێڕاگەیشتن بە هەموو ئەو شتانەی گەشەی مرۆیی جەختیان لەسەر دەکاتەوە. پێویستە ئاماژە بەو خاڵەش بدەم کە بەتایبەت لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە بوو کە گەشەکردن زیاتر لە چوارچێوەی گەشەی ئابووری و بەمودێرنکردندا پێناسە کرا. هەرچەندە لە دوای سەربەخۆیی زۆرێک لە کۆلونییەکان لە دەیەی ١٩٦٠ تا نێوەڕاستەکانی دەیەی ١٩٧٠ کۆمەڵێک تیۆری بەمەبەستی ڕزگارکردنی یەکجاری کۆلۆنییەکان و دیاریکردنی ئاراستەی باڵاکردن و گەشەی کۆمەڵگە ڕزگاربووەکان لە هەیمەنەی کۆلۆنیالیزمی سەرمایەداری سەریان هەڵدا، بەڵام نێوەڕۆکی هەموویان لەسەر چەمکە ئابوورییەکان دانرابوو. بۆیە هێشتاکەش گەشەکردن

زیاتر وەک دیاردیەکی ئابووری سەیر دەکرێت.

دێموکراسی بە واتای سەروەری خەڵک و بە مانای سیستەمێک کە ئازادی و یەکسانی تێیدا بەدی هاتووە و حکومەت بەرهەمی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییە و مرۆڤ تێیدا خاوەن کۆمەڵێک مافی بنەڕەتییە کە نابێ بە هیچ بیانوویەک پێشێل بکرێن لە بەراورد لەگەڵ باقی سیستەمەکان کە تا ئێستا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تاقی کراونەتەوە زیاترین یارمەتی بە ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگە دەدات. هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندییەکانی سیستەمی دێموکراسی کە هەندێکیان بریتین لەمانە: بەشداریکردنی هاووڵاتیان لە دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە، جیایی دەسەڵاتەکانی یاسادانان، ڕاپەڕاندن و دەزگای داد، سەربەخۆیی دەزگای داد، چاودێریکردنی کۆمەڵگە بەسەر حکوومەتەوە لە ڕێگەی چاپەمەنی و میدیای ئازاد و سەربەخۆ، هەبوونی یاسای بنەڕەتی و لایەنگری لە دەسەڵاتی یاسا، دابینکردنی مافی دامەزراندنی حیزب و ئەنجومەنەکان و وەڵامدانەوەی داواکارییە پیشەییەکان، گرنگیدان بە کۆمەڵگەی مەدەنی، سەربەخۆیی تاک و پاراستنی ژیانی تایبەتیی هاووڵاتییان، ئازادی ڕادەربڕین، تولێرانس و نەرمینواندن و قەبووڵکردنی یەکتر، هەبوونی حکوومەتی بەرپرس و وەڵامدەر، دابەشکردنی دادپەروەرانەی داهات و سەرچاوەکان، ئازادیی ئایین و ڕێباز، یەکسانیی بەرانبەر یاسا و هەبوونی دەرفەتی یەکسان، مافی دەستپێڕاگەیشتنی ئازادانە بە زانیارییەکان.

لە دێموکراسییەکاندا تاک و ڕێکخراوەکان سەرەڕای بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکانیان، ناکۆکییەکانیان لەڕێگەی ئاشتیانە و گەڕانەوە بۆ ئەو دامەزراوانەی کە بۆ ئەو مەبەستە دەستنیشان کراون چارەسەر دەکەن، لەو سیستەمەدا هیچ لایەنێک نادۆڕێت، بەڵکوو هاوکاری و کێبڕکێ لە بوارە جیاجیاکاندا بەردەوام دەبن و وەک گوتم، کێشەکان بە شێوەی ئاشتییانە چارەسەر دەکرێن. سیستەمی دێموکراسی دان بە هەموو گرووپ و شوناسەکاندا دەنێت نەک هەر قەدەغەیان ناکات و هەوڵی تواندنەوەیان نادات، بەڵکو بە ڕەوایان دەزانێت و هەوڵی پاراستن و پەرەپێدانیان دەدات و ڕێز لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەگرێت و مافی ڕادەربڕین و دامەزراندنی ڕێکخراوەیان پێ دەبەخشێت. سیستەمی دێموکراسی توندوتیژی ڕەت دەکاتەوە و خوازیاری گۆڕانکارییە ئاشتیخوازانەکانە. هەموو ئەمانەش بەستێنی گەشەی بەردەوام فەراهەم دەکەن.

مادام حکوومەتەکان ڕەوایی و شەرعییەتی خۆیان لە خەڵکەوە وەردەگرن، سەقامگیریی سیاسی جێگیر دەبێت؛ سەقامگیریی سیاسییش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی مەترسییەکانی بەردەم وەبەرهێنان و ڕاکێشانی سەرمایەی دەرەکی و نێوخۆیی کە لە پێویستییەکانی باڵاکردنی ئابوورین. هەروەها لە سیستەمی دێموکراسیدا کێبڕکێی ئابووریی تەندرووست مسۆگەر دەبێت؛ ئەو سیستەمە حوکمڕانییە ڕێگری دەکات لەوەی دەسەڵاتداران یان گرووپێکی تایبەت دەست بەسەر ئابووریدا بگرن کە دەبێتە هۆی پاوانخوازی، بەلاشخۆری، هەڵاواردن و تەرخانکردنی نایەکسان و نادادپەروەرانەی سەرچاوەکان، سەرهەڵدانی قەیرانە



سەرچاوە Serchawe

ئابوورییەکان و ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و ناسەقامگیری سیاسی. ئەمانەش نەک هەر ڕێگری لە گەشەی ئابووری دەکەن، بەڵکوو ئەگەری ئەوە هەیە سیستەمە سیاسییەکان بەرەو داڕووخان ببەن.

یەکێک لە کێشەکانی کۆمەڵگە نادیموکراتەکان ئەوەیە کە داهات و دەستکەوتە ئابوورییەکان بە شێوەیەکی نایەکسان دابەش دەکرێن و چین و توێژە کەمداهاتەکان تووڕە و بێهیوا دەبن و خێراتر بەرەو چالاکی یان بزووتنەوە ڕادیکاڵەکان ڕادەکێشرێن؛ ئەمەش دەبێتە هۆی ناسەقامگیری و کەمبوونەوەی ڕەوتی بالاکردنی ئابووری. دیارە دەوڵەتە نادیموکراتەکانیش بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ناڕەزایەتییەکان و سەرکوتکردنی خەڵکی بێبەش ناچار دەبن بودجەیەکی زیاتر بۆ بەشی سەربازی و چەکداری تەرخان بکەن و ئەوەش دیسان دەبێتە هۆی لاوازیی ئابووریی ئەو وڵاتانە. دیموکراسییەکان بە ڕێزگرتن لە مافە سیاسی و مەدەنییەکان و خزمەتێکی زیاتر بە هەژاران دەکەن. لە دیموکراسییەکاندا بەهۆی هەبوونی هەڵبژاردنی ئازاد، بەرپرسان و دەسەڵاتداران بە ناچار خۆیان بەرامبەر خواست و داواکارییەکانی هاووڵاتییان بە بەرپرسیار دەزانن و هەوڵی خزمەتگوزاری زیاتر بدەن؛ چونکە هاووڵاتییان دەرفەتی گۆڕانی دەسەڵاتدارانیان هەیە؛ هەروەها دەتوانن کۆتایی بە دەسەڵاتی ئەو کەسانە بهێنن کە سەرمایە و سەرچاوەکان بە شێوەیەکی نازانستیانە بەکار دەهێنن و بە پێچەوانەوە دەنگ بەو لایەنانە بدەن کە دەتوان بە شێوەیەکی کەمتێچوو گەشەی ئابووری دەستەبەر بکەن.

توێژینەوەکان پشتڕاستیان کردووەتەوە کە وڵاتانی دیموکرات سەرمایەی زیاتر بۆ پەروەردە، تەندرووستی و خزمەتگوزارییە گشتییەکان تەرخان دەکەن. دەزانین کە پێشکەوتنی پەروەردە و گەشەکردنی سەرمایەی مرۆییش دەبنە هۆی خێراتربوونی گەشەی ئابووری. هەروەها بەپێی توێژینەوەکان لە سیستەمە دیموکراتەکاندا ڕێژەی داهات، خوێندەواری و هیوا بە ژیان لەچاو وڵاتانی نادیموکرات بەرزترە. هەروەها گەشەی ئابووری پێویستی بە ئاڵوگۆڕی بیروڕا، گفتوگۆ، دیالۆگ، مشتومڕی فکریی ئازادانە و داهێنان هەیە کە هەموو ئەمانە لە سیستەمە دیموکراتەکاندا دەلوێن. لەو سیستەمە سیاسیانەدا بڕیارە سیاسییەکان بەرهەمی گفتوگۆ و ڕەخنە و هەڵسەنگاندن و لە کۆتاییدا بەرهەمی کۆدەنگیی گرووپ و لایەنە جیاوازەکانن. ئەمەش وا دەکات هەڵەکان کەم ببنەوە. جگە لەوەش، دیموکراسی هەموو هاووڵاتییان هان دەدات لە پرۆسەی گەشەپێدانی وڵاتدا بەشدار بن. ئاساییە کاتێک هاووڵاتیان بتوانن لە ڕەوتی گەشەکردندا بەشداری بکەن، دەکرێت گەشە وەک پێشکەوتنی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای بڕیاری ئەندامانی کۆمەڵگە پێناسە بکرێت. ئەمەش ڕێگە بۆ پەرەپێدان بە پەیوەندی هاووڵاتیان و دەوڵەت خۆش دەکات. پەرەسەندنی ئەو پەیوەندییانەش هاووڵاتییان دڵنیا دەکاتەوە کە سیاسەتەکانی دەوڵەت وەڵامدەری پێداویستی و ئەولەوییەتەکانی ئەوانن. لەلایەکی ترەوە، دیموکراسییەکان بە ڕێزگرتن لە مافی خاوەندارێتی تاکەکەسی، بەتایبەت مافی داهێنەران، هەم دەبێتە هۆی متمانەی نێوان سەرمایەگوزاران و حکومەت و هەم

تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ بەرھەمھێنان ھان دەدات کە ئەمەش بۆ گەشەی ئابووری پێویستە. بێھۆ نییە کە وڵاتانی دیموکرات لەچاو وڵاتانی نادیموکرات دەوڵەمەندترن، لە ڕووی پیشەسازییەوە لە ئاستێکی بەرزتردان، لە ڕووی خوێندنی باڵاوە دەستی باڵاتریان ھەیە و خۆشبژێوترن.

کەوابوو ژێرخانی کۆمەڵایەتی کە بریتییە لە سیاسەتەکانی حکومەت و ئەو دامەزراوە و ڕێکخراوانە کە تاکەکان و کۆمپانیاکان بۆ چالاکی زیاتر ھان دەدەن، چارەنووسی ئابووری یەکلا دەکەنەوە. دیموکراسی ھەم بە ھۆی ئەو تایبەتمەندیانەوە کە پێشتر ئاماژەم پێ دان و ھەم لە ڕێگەی دامەزراندنی ڕێکخراوە و ناوەندی تایبەت، پەرەپێدان بە چالاکییە مەدەنییەکان، پەرەپێدان بە ھاوکاری نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە، دابینکردنی ئاسایشی بازرگانی و ئاڵوگۆڕی پیشەیی و کار، ڕێگریکردن لە گەندەڵی و بە تایبەت بەھۆی بەدیھێنانی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ چارەسەرکردنی ناشتییانەی کێبڕکێ و پێشبڕکێی ئابووری و سیاسی دەبێتە ھۆی سەقامگیریی زیاتری وڵات و پەرەسەندنی کێبڕکێ سازکەر و داھێنەرانەکان و خوڵقاندنی دەرفەت بۆ گەشەکردنی ئابووری بە شێوەیەکی بەردەوام و پاوەجێ. واتە دیموکراسی وەک پێشمەرجی گەشەکردنی ئابووری لە ڕێگەی دابینکردنی شێوازە خوازراوەکانی حوکمڕانی، تێچووی ئابووری و کۆمەڵایەتی پێداچوونەوە بە سیاسەتە ھەڵەکاندا کەم دەکاتەوە، دەبێتە ھۆی بەرزبوونەوەی توانای درێژخایەنی ئابووری. لەڕاستیدا دیموکراسی سیستەمێکی کاریگەر و کارامە و کەمتێچووە بۆ ھەموارکردنەوە و پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی سیستمیانەی سیاسەتەکانی حکومەت لە بواری ئابووریدا بۆ ئەوەی ئەو سیاسەتانە لەگەڵ پێداویستی و خواست و داواکارییەکانی ھاووڵاتییاندا ھەماھەنگ بکات و بەستێنی باڵاکردن و گەشەی بەردەوام فەراھەم بکات. بەھەڵکەوت نییە نزیک لە ھەموو وڵاتە دیموکراتیکەکان، خاوەن باڵاترین ئابووریی کارامەن.

بەم وەسفە، لە وڵاتێکی نادیموکراتی وەک ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا کە ڕێکخراوی سوپای پاسداران دەستی بەسەر ھەموو ئابووریی ئەو وڵاتەدا گرتووە، باسکردن لە گەشەی ئابووری خەیاڵات و وەھمە. لەو سیستەمەدا کە ھیچ مەجالێک بۆ دیموکراسی نییە، تەنانەت ڕیفۆرمی ئابووریش ڕێی تێ ناچێت، بەشی ھەرە زۆری ئابووری ئەو وڵاتە لەژێر دەستی دەسەڵاتداران و ھێزە چەکدارەکاندایە و ھەتاکو چارەنووسی ئەو ھێزانە و خودی کۆماری ئیسلامی یەکلا نەبێتە مەحاڵە بیر لە گەشەی ئابووری لە ئێران بکرێتەوە. من لێرەدا تەنانەت باس لەوە ناکەم کە وڵاتێکی ئایدۆلۆژیکی وەک کۆماری ئیسلامی زیاترین گرنگی بە پەرەپێدانی ئایدۆلۆژی و ھەناردەکردنی بنەماکانی شۆڕشەکەی دەدات نەک گەشەکردن و پەرەسەندنی ئابووری. ئەمە دەتوانێت سەردێڕی بابەتێکی جیاواز بێت. لێرەدا تەنھا دەمەوێت بە ھێنانەوەی نموونەی ئێران، ئاماژە بەو خاڵە بکەم کە لە وڵاتێکی دیکتاتوردا کە ھیچ گرنگی بە ڕا و دەنگی خەڵکەکەی نادات و ڕەوایی و شەرعییەتی لە خەڵک و لە ڕێگەی ھەڵبژاردنی ئازادەوە وەرناگرێت و ھەموو ئابووری و خۆشبژێوی ھاووڵاتییان لە پێناو

حەزەکانی ڕابەری ئەو سیستەمە دەکاتە قوربانیی چالاکییە ئەتۆمییەکان، گەشەی ئابووری هەرگیز ڕوو نادات، وەک گوتم، گەشەی ئابووری لانیکەم پێویستی بە ئاسایش و سەقامگیری سیاسی هەیە کە ئەویش لە ئێراندا بەدی ناکرێت. وڵاتێک کە تووشی ناسەقامگیری بێت بەناچار زیاترین توانا و بودجە بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری بەتایبەت لە ڕێگای سەرکوت و بەکارهێنانی زۆرەوە تەرخان دەکات؛ ڕوونە کە لەو وڵاتەدا ناکرێت باس لە دارشتنی پلان و بەرنامە بۆ گەشەی ئابووری بکرێت. هەموو هەوڵی بەرپرسان ئەوەیە کە چۆن سەروەت و سەرمایە بە باشترین شێواز بۆ سەرکوتی خەڵک و نەیاران و لە پێناو چەند ڕۆژ درێژکردنەوەی تەمەنی سیستەمەکەیان بەکاربهێنن.

بەکورتی، حکومەتی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی بەربەست و لەمپەڕی سەرەکی گەشەی ئابووری ئێرانە. تەنانەت ئەو ناوەندگەرانەی بیر لە گەشەی ئابووری ئەو وڵاتە دەکەنەوە، هیچ چارەیەکیان نییە جگە لەوەی سەرەتا بیر لە ڕووخاندنی ئەو سیستەمە نادیموکراتە بکەنەوە. گەشەی ئابووری لە سیستەمە دیکتاتۆرەکاندا نزیک لە مەحاڵە.

**یادداشتەکان:**

١- پسپۆڕانی بواری گەشە، پێناسەی جۆراوجۆریان لەو چەمکە پێشکەش کردووە: تێپەڕین لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر، بالاکردنی ئابووری، پێشکەوتنی تاک و کۆمەڵگە، گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، بەڕێوەبەری باشتری سەرچاوەکان، بەرزبوونەوەی ئاستی ئاگایی مرۆڤ و پەرەسەندنی تواناکانی، هەر جۆرە گۆڕانکارییەک لە وڵاتانی دواکەوتوو، بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەشداریکردنی وشیارانەی هاووڵاتییان و هتد تەنیا چەند نموونەن لەو پێناسانەی لە گەشەکردن کراون.


٢- هەڵبەت ڕوانگەکان لەم بارەوە جیاوازن: هەندێک لە بیرمەندان پێیان وایە کۆمەڵگە بەبێ گەشەی ئابووری ناتوانێت بەرەو گەشەی سیاسی و دیموکراسی هەنگاو بنێت. هەندێک لەو بڕوایەدان کە گەشەکردنی ئابووری و سیاسی هاوکاتن بەبێ هەبوونی یەکیان، ئەوی تر مانای نییە. ڕوانگەیەش دەڵێت گەشەی ئابووری پێویستی بە هەبوونی دیموکراسییە. من لەگەڵ ئەم ڕوانگەیەدام و پێم وایە گەشەی ئابووری و دیموکراسی بەردی بناغەی گەشەکردنی بناغەکانی تری کۆمەڵگەیە.

٢٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# کاریگەریی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لەسەر پرسی کورد (ڕێککەوتننامەکان: سایکس-پیکۆ، سێڤەر)



مستەفا مەولوودی

## پەیماننامەی سایکس – پیکۆ

لە ١٨ی مارسی ١٩١٥ی زایینی لە ئەستەنبول ڕێککەوتننامەیەک لەنێوان وڵاتە هاوپەیمانەکان واژۆ کرا. بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیە قوستەنتەنییە و لەنگەرگەکان (بەندەرەکان) دراون بە ڕووسیە، لە بەرانبەردا بریتانیا قەرەبوو کراوەتەوە بە ناوچە بێلایەنەکان کە بەشێک لە باشووری کوردستانی دەگرتەوە. لە پاڵ ئەو دەستەڵاتەی کە لەنێو ئێراندا هەیبوو.

هەر بەدوای ئەوەدا لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩١٥ بریتانیا و فەڕانسە چەند گەڕ دانوستانیان لەسەر دابەشکردنی بەشی ئاسیای تورکیە هەبوو. لەو دانوستانەدا حیزبی ئەرمەنیی "تاشناق" (داشناک) پێشنیارێکی کرد بۆ دامەرزانەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانی و بەخشینی دەسەڵاتی کارگێڕیی خۆجێیی بە هەموو ئەو هەرێمانەی تورک نین بە هەرێمی کوردستانیشەوە. ڕووسیە پشتگیریی ئەو پێشنیارەی کرد، بەڵام بریتانیا و فەڕانسە زۆر بەتوندی ئەم پێشنیارەیان ڕەت کردەوە، لەبەر ئەوەی بریتانیا و فەڕانسە بەتەمابوون دەست بەسەر ئیمپراتووری عوسمانی و هەموو خاکی بەشی ئاسیای



سەرچاوە
Serchawe

تورکیەدا بگرن بە کوردستانیشەوە. لە کۆتاییدا ڕووسیەش لە ئەیلوولی ١٩١٦ی زایینیدا ئەو دابەشکردنەوی قبووڵ کرد.

بەو جۆرە ئەم پەیماننامەیە بە ڕێککەوتننامەی سایکس- پیکۆ ناو نرا، چونکە بە ناوی نوێنەری بریتانیا "مارک سایکس" و نوێنەری فەڕانسە "جۆرج پیکۆ" واژۆ کرا. ئەو پەیماننامەیە چارەنووسی ڕۆژئاوا و باشووری کوردستانی خستە پاڵ ناوچە عەرەبەکانی سەر بە ئیمپراتووریی عوسمانی و دابەشبوون لە نێوان بریتانیا و فەڕانسەدا.

فەڕانسە لە کوردستان، بەشێکی گرینگی لە ڕۆژئاوای کوردستانی ئێستا و ڕۆژاوای کوردستان بە گشتی و بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی لە کوردستانی تورکیە بەرکەوت. پشکی بریتانیا کوردستانی عێراقی لەخۆ دەگرت تا باشووری کەرکووک و بەشی باشووری ڕۆژئاوای ڕۆژهەڵاتی کوردستان. پشکی ڕووسیەش بریتی بوو لەو بەشەی لە باکووری کوردستان و ئەرمێنیای ڕۆژئاوا کە ژمارەیەکی بەرچاو کوردی لێ دەژیا.

لە کۆتاییدا ڕێککەوتننامەی سایکس - پیکۆ بەو جۆرە جێبەجێ نەکرا کە ڕێککەوتنی لەسەر کرابوو، بەڵکوو پرۆسەی دابەشکردنی کوردستان بە پێی سیناریۆیەکی تر ئەنجام درا، واتە بە شێوەیەک کە لەگەڵ تەرازووی هێزی نوێ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بگونجێ.

لە ڕاستیدا لە ڕێککەوتنی سایکس پیکۆدا وڵاتە هاوپەیمانەکان نەخشە و پیلانێکی قێزەون و خراپیان دارشتووە بۆ دابەشکردنێکی داگیرکەرانەی کوردستان. پەیماننامەی سایکس - پیکۆ بۆ خەڵکی کوردستان کە چەند سەدە بوو بۆ یەکگرتنی خاکی کوردان و دروستکردنی کیانێکی کوردی تێدەکۆشا، بووە هۆی کولانەوەی برینەکانی و پارچەپارچەکردنی کوردستان بۆ جارێکی دیکە. یانی ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی خاڵێکی نوێ و قەرەبوونەکراوی خستۆتە سەر لاپەڕەکانی مێژووی کوردستان، ئەویش ئەو مەترسییە زۆرانەن کە لە دواییدا داوێنی کورد و کوردستانیان گرتۆتەوە.

بە پێی یادداشتی لێکتێگەیشتینی سایکس - پیکۆ لە ١٩١٦ بڕیار وابوو سەرزەوییەکی گەورەی نیشتمانی بۆ عەرەب دابمەزرێنن. بۆ کوردیش هەر شتێکی لەو بابەتە هاتە بەرباس، بەڵام بەهۆی سیاسەتی چەوتی بریتانیا جێبەجێ نەکرا. هەر بۆیە ڕۆژنامەی گاردیەن لە ٢٦ی نۆڤامبری ١٩١٧دا لەو بارەوە نووسی: "بریتانیاییەکان شەرمەزار بوون، عەرەبەکان نائومێد بوون و تورکەکان خۆشحاڵ". منیش دەڵێم کوردەکانیش بێبەش و زەرەرمەندی ئەسڵی بوون.
پاش شۆڕشی بلشویکی لە ڕووسیە، ئەو وڵاتە لە پەیماننامەی سایکس-پیکۆ کشایەوە و بەڵگەنامەکانی سایکس - پیکۆ و



سەرچاوە
Serchawe

هەموو بەڵگەنامەکانی هاوپێچی بڵاو کردەوە. هەموو بەڵگەنامەکان لە ٢٣ی نۆڤامبری ١٩١٧ لە ڕۆژنامەی "یزوستیا و پراودا" دا چاپ و بڵاو کرانەوە و پاشان ڕۆژنامەی "گاردیەن" لە ٢٦ی نۆڤامبری ١٩١٧ پەیماننامەکەی چاپ و بڵاو کردەوە. ئەو بابەتە بووە هۆی شەرمەزاریی هاوپەیمانان (متفقین) و بێ باوەڕیی عەرەبەکان. ئیسرائیلییەکان پێشتر لە ڕێگای بریتانیاوە هەر لە مانگی ئاوریلی ئەو ساڵە لە نێوەڕۆکی پەیماننامەکە ئاگادار کرابوونەوە. سەرکۆماری ئەمریکا "وودرو ویلسۆن" هەموو ڕێککەوتنێکی نهێنیی لەنێو هاوپەیمانان ڕەت کردەوە و بیرۆکەی دیپلۆماسیی کراوە و مافی چارەی خۆنووسینی گەلانی هێنایە بەرباس. لە ٢٢ی نۆڤامبری ١٩١٧ "لئون تروتسکی" نامەیەکی بۆ باڵوێزەکانی دەرەوە لە "پترۆگارد" نارد و لەسەر ئەساسی سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنووسینی گەلان، داوای ئاشتیی کرد.

دوای سەد ساڵ لە پەیماننامەی سایکس پیکۆ توێژینەوە ئاکادیمییەکان، وای لێک دەدەنەوە کە ئەو ڕێککەوتنە بەزۆری هۆکارێکە بۆ دروستکردنی سنووری دەستکرد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. ئەوان باس لەوە دەکەن کە هیچ گرینگییەک بە تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیی، قەومی و پێکهاتەی جیاواز نەدراوە و هەر ئەوە بۆتە هۆی شەڕ و گرژی و تێکهەڵچوونی بەردەوام لە ناوچەکەدا.

"ئانگی" مامۆستای ماف لە سەمپۆزیۆمی سایکس -پیکۆ لە ساڵی ٢٠١٦دا دەڵێ: بەشێکی گەورەی پەیماننامەی سایکس-پیکۆ بە ئامانجی بازرگانی و ئابووری و دەستڕاگەیشتن بە لەنگەرگاکان (بندر) و دروستکردنی ڕێگەی ئاسن تەنزیم کراوە." لەو پێوەندییەدا یەکێک لە نووسەرانی بریتانیا پاش جێبەجێکردنی پەیماننامەی سایکس-پیکۆ و کاریگەرییەکانی ئەو ڕێککەوتنە لەسەر ناوچە و بە تایبەت کوردستان و خەڵکی کورستان دەڵێ: "ڕیشەی هەموو ئاڵۆزییەکانی ناوچە لەو ڕێککەوتنەدایە کە خواستی گەلانی ناوچەی وەک پێویست و بە دروستی لەبەرچاو نەگرتووە. هەر بۆیە تا ئێستاش ئەو ناوچەیە ئارامیی بەخۆیەوە نەدیتوە".

لە ئێستادا زۆر کەس لەسەر ئەو باوەڕەن کە ڕیشەی زۆربەی کێشە و ناکۆکییەکانی ئەوڕۆ لە ناوچە هۆکارەکەی بۆ پەیماننامەی سایکس- پیکۆی دەگەڕێتەوە. هەر بۆیە کاتی خۆی یەکێک لە داواکارییەکانی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق و شام (داعش) ئەوە بوو کە پەیماننامەی سایکس- پیکۆ هەڵوەشێتەوە. لە ڤیدیۆیەکدا یەکێک لە جیهادییەکانی داعش هەڕەشە دەکات و دەڵێ: "بۆ کۆتاییهێنان بە پەیماننامەی سایکس- پیکۆ ئەوە ئەوەڵین سنوور نییە کە تێکی دەدەین، بەڵکوو سنووری دیکەش لەنێو دەبەین". هەروەها ئەبووبەکر بەغدادی خەلیفەی داعش لە کاتی قسەکردن لە ژوئیەی ٢٠١٤ لە مزگەوتی گەورەی "النور" لە موسڵ سوێندی خوارد کە "لەو سەرکەوتنە موبارەک و پیرۆزانە ڕاناوەستین هەتا ئاخرین بزمار لە تابووتی پیلانی (توطئە) سایکس - پیکۆ نەدەین".



سەرچاوە
Serchawe

جۆزەردانی ٢٧٢٣

لە پەیماننامەی "سانڕیمۆ" کە دەبێتە بناغەی پەیماننامەی سێڤەر جیا لەوەی کە کۆمەڵێک ئیمتیاز دەدرێ بە ئیتالیا و یونان، چارەنووسی چەند نەتەوەیەکیش دێنە بەرباس و بڕیاریان لەسەر دەرێ کە بریتین لە: کورد، جوولەکە، عەرەب و ئەرمەنی.

### پەیماننامەی سێڤەر و دەرکەوتەکانی لەسەر پێکهاتەکانی ناوچە

## ١- ئەرمەنستان

ئەو بەند و ماددانەی لە پەیماننامەی سێڤەردا پێوەندییان بە ئەرمنستانەوە هەبوو، مادەی ٨٨ هەتا ٩٢ بوون. نێوەرۆکی مادەی ٨٨ و ٨٩ ئاماژەیەکە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی ئەرمنستان، لەسەر بناغەی پەیماننامەی "سان ڕیمۆ" (دوایین ڕاگەیەندراوی پەیماننامەی ئاشتی) لەگەڵ عوسمانی لە ١٠ی ئووتی ١٩٢٠ی زایینی و هاوپەیمانان لە شاری سێڤەر ئیمزا کراوە. هەموو ڕووبەری وڵاتی ئەرمەنستان ٣٧٠،١٦١ کیلۆمیتری چوارگۆشەیە، ئەوە لە حاڵێکدایە ڕووبەری کوردستان بە گشتی پێنجسەد هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشەیە واتە هەر ئەو بەشەی کە لەژێر فەرمانڕەوایی خەلافەتی عوسمانی دابووە لانیکەم ٣٢٠ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشە بووە. لە ٢٥ و ٢٦ی ئاوریلی ١٩٢٠ شوڕای بەرزی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانان کە نوێنەرانی وڵاتانی بریتانیای مەزن، فەرانسە، ئیتالیا و ژاپۆن تێیدا بەشدار دەبن، داوا لە سەرکۆماری ئەمریکا دەکەن بە لەبەرچاو گرتنی ڕاگەیاندراوە چواردە خاڵییەکەی ویلسۆن پشتیوانیی ئەرمەنستان بە ئەمریکا بسپێردرێ. ئەمریکا لە ٢٧ی ئاوریلی ١٩٢٠ سەربەخۆیی ئەرمەنستانی بەڕەسمی ناسی و پشتیوانیی لێ کرد. تەنانەت دەوڵەتی عوسمانی بەپێی مادەکانی ٢٣٠،٢٢٨،٢٢٦ هەموو مافێکی حقوقی و سیاسیی ئەرمەنستانی بە ڕەسمی ناسی و بەڵێنی دا کە هەموو بەرپرسایەتییەکی حقوقی و کەیفەریی گرتە ئەستۆی خۆی و هاوکاریی دادگاکانی کرد بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی شەڕی دژ بە ئەرمەنییەکان. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی ١٩١٥ی زایینیدا دەستی بە نەسڵکوژی و ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان کردبوو.

## ٢- گەلی عەرەب

لە ١٨ی فێبریوەری ١٩١٦ی زایینیدا حوسێن بن عەلی لەسەر پێشنیاری ئینگلیزییەکان گوتی: "ئەو ئامادەیە ١٠ هەزار چەکدار بۆ دەستپێکردنی شۆڕشی عەرەبەکان بەدژی ئیمپراتۆریی عوسمانی ئامادە بکا، بە مەرجێک کە بریتانیا بایی ٥٠ هەزار پۆند زێڕ لەگەڵ چەک و تەقەمەنی و کەلوپەل و پێداویستییەکانی شەڕیان بۆ دابین بکات". "مک ماهون" نێردراوی



سەرچاوە
Serchawe

بریتانیا لە ١٠ی مارسی ١٩١٦ ڕەزامەندی لەگەڵ داوای حوسێن بن عەلی دەردەبڕێ، هەر چەندە لە ئاخری ئاوریلی ١٩١٦ "مک ماهون" ئاگادار کرا کە بە هیچ شێوەیەک نابێ عەرەبەکان لە نێوەرۆکی پەیماننامەی سایکس-پیکۆ ئاگادار بن. چارەنووسی خاکی داگیرکراو (ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست) لە کۆنفرانسی "سان ڕیمۆ" لە ١٩ هەتا ٢٦ی ئاوریلی ١٩٢٠ بەو جۆرە یەکلا کرایەوە: بریتانیا (تا ساڵی ١٩٤٨) قەییوومییەت فەلەستینی دەبێت و هەروەها سەرپەرەستیی عێراق و قەییومییەتی هەتا ساڵی ١٩٦٦ بە بریتانیا دەبێ. هاوکات سەرپەرستی و قەییومییەتی سووریە، عێراق و لوبنان هەتا ساڵی ١٩٦٦ بە فەڕانسە سپێردرا.

مادەی ١٦ی پەیماننامەی لۆزان دەڵێ: تورکیە لە حەق و حقووقی خۆی لە تەواوی ئەو سەرزەوی و دورگانە (جزایر) لە سنووری دیاریکراوی پەیماننامە و لە دەرەوەی پەیماننامەکە چاوپۆشی دەکات، بێجگە لەو ناوچانەی بە پێی پەیماننامەکە ئۆتۆنۆمییان دەبێت. هەروەک باس کراوە، لە پەیماننامەی سایکس- پیکۆ تا ٨ی مارسی ١٩٢٠ بە چڕی و بە شێوەی جۆراوجۆر باسی ناوچەکانی عەرەبی ژێر فەرمانڕەوای ئیمپراتۆریی عوسمانی کراوە کە لە کۆتاییدا، ٨ی مارسی ١٩٢٠ دەوڵەتی سووریە پێک هاتبووە. لە سووریەی ئێستا، فەلەستین و باشوور (بین النهرین) بوونی خۆی ڕاگەیاند و هەر لە مانگی ئاوریلی ئەو ساڵە (١٩٢٠) لە کۆنفرانسی "سەن ڕیمۆ" وڵاتی ئێستای عێراق وەک وڵاتێکی تازە دامەزراو لە ژێر سەرپەرەستی (قەیومییەت) بریتانیا دامەزراوە و ساڵی ١٩٢١ "مەلیک فەیسەڵیان" کردە حاکمی عێراقی تازە.

## ٣- جوولەکە و ئیسرائیل

"

دیوید لوید جورج"، سەرۆکوەزیرانی بریتانیا کاتی خۆی لە ساڵی ١٩١٦ بڕیار دەدات کە ئیمپراتۆریی عوسمانی لەبەریەک هەڵوەشێنێ، هەربۆیە دوو ڕۆژ دوای دەسبەکاربوونی وەک سەرۆکوەزیران بە "روبرتسون"ی گوتووە کە بۆ سەرکەوتنی گەورە دەمهەوێ وردە وردە "ئورشەلیم" داگیر بکەم. هەر بە پێی ئەو سیاسەتە بووە کە لە ٢ی نۆڤامبری ١٩١٧ڕاگەیاندراوێکی خێرا دەردەکرێ. "ئارتور جیمز بالفور" وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی بریتانیا، لە نامەیەکدا بۆ سیاسەتمەداری یەهوودی (والتر ڕوتشلید) کە ئەندامی "مجلس عوام"ی بریتانیایە دەنووسێ" هەڵوێستی پۆزەتیڤی دەوڵەتی بریتانیا دروستکردنیماڵێکی نیشتمانییە بۆ جوولەکەکان لەسەر خاکی فەلەستین. بەیاننامەی بالفوور لەو کاتەدا لە ئاستی نێونەتەوەییدا دەبێتە سەرەتای تێکۆشان بۆ دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل و بریتانیا لە ٩ی دێسامبری ١٩١٧ دەچێتە نێو ئورشەلیم. ئەوەش لە کۆتاییدا بۆ جوولەکەکان دەبێت بە بەستێنی دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل.

### ٤- کورد

کورد مێژوویەکی کۆن و کارەساتباری لە نێو ئیپراتۆری عوسمانیدا بووە، جیا لەوەش لە کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس لە ساڵی ١٩١٩دا شەریف پاشا نوێنەری کورد داوای سەربەخۆیی بۆ کوردستان کردووە. دوای کۆنفرانسی سان ڕیمۆ تا ساڵێک مەسەلەی ڕێفراندۆم بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان لە ناوچەکانی کوردستان لەنێو باسەکاندا بووە. بەڵام دوای شەڕی نێوخۆیی تورکیە و کۆنگرەی لۆزان مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان فەرامۆش کراوە و لە پەیماننامەی سان ڕیمۆ و سێڤەردا چارەنووسی هەموو گەلانی ناوچەکە بێجگە لە گەلی کورد یەکلا بۆتەوە. چارەنووسی کوردستان لە تورکیە لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٩ - ١٩٢٣ بە دروستکردنی دەوڵەتی تورکیە و بێبەشکردنی کورد کۆتایی هاتووە و یەکلا بۆتەوە.

لە ئاگۆستی ١٩٢٠دا، بەگوێرەی پەیماننامەی سێڤەر، کورد وەک یەکەیەکی ئەتنیکی-سیاسی لە ڕوانگەی ویلسۆنەوە دانی پێدا نراوە بەڵام شکستی پێ هێندراوە. ئەوە لە حاڵێکدا بووە کە بەپێچەوانەی دیاریکردنی سنوورەکانی دەوڵەتان لە ئورووپا کە زۆربەیان بە لەبەر چاوگرتنی هێڵە نەتەوەییەکان جێبەجێ کراون، ئەوە دەسەلمێنێ کە بەدەوڵەتبوونی هێندێک نەتەوە لە ئەوانی دیکە کەمتر ڕەوایی پێدراوە، بۆ نموونە وەک دەوڵەتی کوردستان.

لێرەدا لە داڕشتنەوەی یاسای نێودەوڵەتی بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووس وەک یەکێک لە ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ساڵی ١٩٤٥وە چەسپاندوونی، وەک مافێکی یاسایی لە ١٩٦٦دا جێبەجێکرانی بۆ کورد لەبەر چاو نەگیراوە.

دیاریکردنی چارەنووسی گەلان بۆتە هۆی ئاڵوگۆڕی هەرێمی جیاواز و دابەشکردنی جیهان. بیری ژیان لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێکی هەڵبژێردراو لەلایەن خەڵکەوە دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی دووهەم و سێهەمی سەدەی بیستەم. دوای شەڕی یەکەمی جیهانی کە گەلان بە ئەتنیکی جیاواز، زمان، کولتوور و ئایینی هاوبەشەوە بەستێنیان بۆ ڕەخسا بڕیار لەسەر سەربەخۆیی سیاسیی خۆیان بدەن، بەڵام بۆ کورد بەستێن خۆش نەکرا، بەڵکوو کۆسپی گەورەش خرایە سەر ڕێگەی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی.

تیۆریسیەنە دێموکراتەکانی ئەمریکا و خۆرئاوای ئورووپا دەڵێن چەمکی مافی ویلسۆن ١٩١٨ و دادپەروەریی بۆ سەرجەم گەل و نەتەوەکان وەک دەسپێک و پرۆسەی دێموکراتیک پەسند کراوە و پێویستە خولیای نەتەوەیەک ڕێزی لێ بگیردرێت.

جۆزەردانی ٢٧٢٣

ویلسۆن مافی چارەی خۆنووسینی لە ئورووپا و بەشە ناتورکەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانی جێبەجێ و پەسند کرد.


لە سەد ساڵەی پەیماننامەی سێڤەردا، بە ئاشکرابوونی بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی بریتانیا و بەڵگەنامە تورکیەکان، فاکتەرە سیاسی-قانوونیەکان کە بوونەتە هۆی دابەشکرانی کوردستان، ئاشکرا دەکەن. بەڵگەنامەکە مافی چارەنووسی کوردستان لە ڕێگەی یاسای ماف لەمەڕ هەڵسوکەوت لەگەڵ کوردان لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی تا ئەمڕۆ باس دەکات. مێژوونووسان و زانایانی یاسای نێودەوڵەتی باسی ئەوەیان کردووە کە هۆیەکانی نسکۆی چارەی خۆنووسینی کوردان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئەرکداریی پێویست لە لایەن هاوپەیمانان بەرانبەر بە کوردان؛ پەرتەوازەیی خودی کوردان و ناڕوونیی سنوورەکانی کوردستان بە هۆی گۆڕانە دێموگرافیکەکانەوە. لێرەدا ئەوە ڕاستە کە هاوپەیمانان سەبارەت بە مافی کورد و کوردستان خۆیان ئەرکدار نەکردووە، بەو جۆرە غەدرێکی مێژوویی و قەرەبوونەکراویان لە کورد داوە، بەڵام کورد بەو ڕادەیەش پەرتەوازە نەبوون، کورد مێژووی هەبووە، خەبات و تێکۆشانی کردووە، میر و ئەماراتی هەبووە و لانیکەم لە عەرەب یەکگرتووتر بوون. لەبەر یەکنەگرتوویی عەرەب ئەوکات دروستکردنی دوو دەوڵەت بۆ عەرەب لەبەر چاو گیراوە کە لە دواییدا ٤ دەوڵەتی بۆ دروست کراوە و تا ئێستاش کێشەکەیان بە تەواوی چارەسەر نەکراوە بەڵام هاوپەیمانان کە مەبەستیان بوو، بە نامەیەکی "بالفۆر" بۆ سەناتۆری بریتانیایی بەڕەگەز جوولەکە بەڵێن دەدەن لە داهاتوودا ماڵێکی ئەمن بۆ جوولەکە دروست بکەن و بەو جۆرە داهاتووی جوولەکە و دەوڵەتی ئیسرائیل دیاری دەکرێ. بەڵام لە پێوەندیی لەگەڵ جوگرافیای کوردستان ڕاستییەکی ئەوەیە، سنووری جوگرافیای کوردستان ڕوون و دیارە و بە ئاسانی یەکلایی دەکرێتەوە.

٢٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# ملکەچیی دەروونی!




## کەریم پەرویزی

زانای بەناوبانگی ڕووسی، پائۆلۆف کاری زۆری لەسەر هەڵسوکەوتی ئاژەڵەکان دەکرد و بۆ یەکەم جار لە مێژووی زانستدا باسی مەرجدارکردنەوەی هەڵسوکەوتی هێنایە ئارا و لەو تیۆرییەیدا نیشانی دا و سەلماندی کە هەندێ خووی سروشتی دەکرێ بە شێوەیەک کاریان لەسەر بکرێ کە بەرامبەر بە هاندەرە ناپێوەندیدارەکان وەجووڵە بکەون و بەو شێوەیە خووی سرووشتی مەرجدار بکرێتەوە بەرامبەر بە هاندەرێکی دیکە. بۆ وێنە لە کاتی برسیەتیی سەگەکەیدا فیکەیەکی لێ دەدا و دوایە خواردنی بۆ دادەنا، وای لێ هات کە سەگەکەی بەرامبەر بەو جۆرە فیکەیە مەرجدار بوو و هەرکات ئەو فیکەی بۆ لێ دەدرا ئاوی دەمی دەهات و چاوەڕێی خواردنی دەکرد!

لەم زانستە لە سیرکە نومایشیەکانیشدا کەڵک وەردەگیردرێ و ئاژەڵان فێر دەکرێن کە بەرامبەر بە قامچیی شانۆگەرە خاوەنەکەیان وەجووڵە و سەما بکەون! ئەو ئاژەڵانە وەها مەرجدار دەبنەوە کە بە دیتنی قامچی خووی سرووشتییان لەبیر دەکەن و کردەوەی ناسرووشتیی وەها نیشان دەدەن کە تواشاچییەکان چەپڵەیان بۆ لێ بدەن!



سەرچاوە
Serchawe

ڕەنگە پرسی مەرجداركردنەوەی هاندەرەكان، تەنیا بۆ ئاژەڵان کاریگەریی نەبێ و بەڵکوو لەنێو مرۆڤەكانیشدا دەوری خۆی بگێڕێ، دەنا بەو تیۆرییە نەبێ بە هیچ تیۆرییەک پاساو نادرێتەوە كە مرۆڤەکان بە تاک یان بە گرووپ، بەرامبەر بە قامچیی دەسەڵاتدار كردەوەیەك لە خۆیان نیشان بدەن کە بە دەیان ڕۆژ و حەوتوو و ساڵ، نەتوانی بە دیالۆگ و لۆژیک تێیان بگەیەنی کە شتێکی وەها ڕاستە یان ناڕاست. بەڵام كە دەسەڵات و حکوومەت كردەوەیەك دەكا، ڕێک ملكەچی دەبن و پێیان لە هەموو هەقیقەتێک ڕاستترە!

لە دوای نەمانی دەسەڵاتی قاجاری و دامەزراندنی سیستمی مەشرووتە، تیۆریسییەنەکانی ئێرانشەهری پێویستیان بە دووبارە داڕشتنەوەی دابەشكاریی نێو ئێران بوو.

تاکوو پێش لەوەی ناوی وڵاتە تازەكە بنێن ئێران، بە ناوی مەمالکی مەحرووسە ناوی دەبرا و هەر بۆیەش چونکە مەمالک یان چەندین مەملەکەت بوو، ئیدی هەر مەملەکەتێک حاکمی خۆی هەبوو و باج و خەراجی ساڵیانەیان بە شای قاجار دەدا.
هەر بەشێکیش پێی دەوترا وەلایەت، بۆ وێنە وەلایەتی ئیسفەهان یان وەلایەتی خوراسان و یان وەلایەتی ئەردەڵان!
بەڵام بەپێی یاسای مەشرووتە سەرەتا دابەشیان کرد بە ٤ ئەیالەت و ١١ وەلایەت و دواتر گۆڕییان و كردیان بە چەند ئەیالەت و چەندین وەلایەتی جیاواز.

بە هاتنی ڕەزای میرپەنج، كە دەسەڵاتی ئیجرایی ڕاستەوخۆ كەوتە دەست فاشیزمی نوێ لە ئێراندا، ئیدی دابەشکردنی ئیدارییان گۆڕی و کردیان بە ئوستان و شارستان و بەخش و دێهستان!

**بەپێی یاسای تایبەتی دابەشکردنی ئیداریی ئێران لە ساڵی ١٣١٦، ئیرانیان كرد بە ٦ ئوستان و ٥٠ شارستان. ئوستانەکانیش بریتی بوون لە:**

**١– ئوستانی باکووری ڕۆژاوا**

**٢– ئوستانی باکوور**

**٣– ئوستانی ڕۆژاوا**

**٤– ئوستانی باشوور**

**٥– ئوستانی باکووری ڕۆژهەڵات**



سەرچاوە
Serchawe

**٦- ئوستانی موکران**

**لەم دابەشکارییەدا کوردستان دابەش کرابوو بەسەر دوو ئوستانی ڕۆژاوا و بەشێکیشی وەکوو مەهاباد و سەلماس و ... بەر باکووری ڕۆژاوا کەوتبوو!**

**دوای چەند مانگ سەرلەنوێ دەسکاریی ئوستانەکانیان کردەوە و ئەمجارە بەپێی یاسای مانگی بەفرانباری ١٣١٦، کردیان بە دە ئوستان و ناویان لە یەکەوە تا دە بۆ ئوستانەکان دانا!**

**دواتر و وردەوردە لە سەردەمی پاڵەوی دووهەمدا، هەندێ لە ئوستانەکانیان گۆڕی و بەشێک لەمیان خستە سەر بەشی ئەوی تر و شارستانیان زیاد کرد و کەمیان کرد و تا سەردەمی ڕووخانی دەسەڵاتی حەمەڕەزا هەر چەند ساڵێک و ئاڵۆگۆڕێکیان پێک دەهێنا.**

**دواتر لە سەردەمی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستیی ویلایەتی فەقیهیشدا، ئاڵوگۆڕی ئوستان و ناوەکانیان و شارستانەکان و ناوەکانیان و دەسکاریی ناسنامەیان و ... بەردەوام بووە.**

**تا ئێستە کە زۆر ئاڵۆگۆڕیان لە دابەشکردنی ئیدارییدا پێک هێناوە، گوایە ٣١ ئوستان و ٤٧١ شارستان و ١١٦٢ بەخش لە ئێران هەیە!**

**ئەوەی لە مێژووی یەک سەدەی پێکهێنانی ئاڵۆگۆڕی ئیداریدا بەرچاوە دوو سیاسەتی سەرەکیی حکوومەتی چ پاڵەوی و چ ویلایەتی فەقیهی دیار و بەرچاوە و هەردووکیان لە یەک ئیدئۆلۆژی، واتە سیاسەتی کۆلۆنیالیستیەوە سەرچاوەیان گرتووە. سیاسەتی یەکەمیان بریتی بووە لەوەی کە بەردەوام هەوڵی گۆڕینی دێمۆگرافی و ناسنامەی ناوچەکانیان داوە تاکوو شوناس و مێژووی شوێنەکانی سەر بە نەتەوە بندەستەکان بشێوێنن و بیسڕنەوە.**

**هەر لە ناونانی ئوستان و شارستانەکانەوە دەستیان لە ناوی شوێنەکان داوە و ناوی پارێزگا و شارستان و بەخش و تەنانەت گوندەکانیشیان گۆڕیوە و کردوویانە بە فارسی. هەروەها سنووری پارێزگا و شارستانەکانیان وەها دەسکاری کردووە کە وردەوردە لە کوردستان و بەلووچستان و لوڕستان و ... دابڕن و بیخەنە سەر پارێزگا فارسنشینەکان.**

هەروەها بەجۆرێک سنووری پارێزگا دراوسێکانیان دەسکاری کردووە کە هەم ناسنامەی ناوچەکان بسڕنەوە و هەم کێشەی نەتەوەیی لەنێوان نەتەوە دراوسێکان دروست بکەن، بۆ وێنە کێشە لە نێوان کورد و تورک پێک بێنن یان کێشە لە نێوان کورد و عەرەب یان بەلووچ و تورکمەن یان تورکمەن و گیلەک بە گژ یەکدا بکەن.

سیاسەتی دیکەی کۆلۆنیالێستیی دەسەڵاتی حاکم لە سەد ساڵەی ڕابردوودا، بریتی بووە لە گوێنەدان بە ویست و داواکاری و ناسنامەی خەڵکی نیشتەجێی ناوچەکان و بە ڕوانگەیەکی ئەمنیەتییەوە دابەشکارییەکانیان پەیڕەو کردووە.

گەر تەنانەت ئاڵۆزی و ناڕەزایەتییەکیش لەنێو خەڵکی نیشتەجێی شوێنێک پێک هاتبێ، لەباتی دۆزینەوەی ڕێگا چارە و گوێگرتن لە خەڵک، بە سەرکوت و کوشتار وەڵامیان داوەتەوە و بەشێک لە خاکی ئەم خەڵکەیان وەرگرتووە و خستوویانەتە سەر ناوچەی خەڵکی دیکە.

بەم پێیە هەم سەرکوتیان بەڕێوە بردووە و هەم دوژمنایەتییان لە نێوان گرووپە جیاوازەکان دروست کردووە.

ئەمە سیاسەتی سەرکوتکارانەی حکوومەت بووە کە لەم سەد ساڵەدا پێڕەو کراوە، بەڵام لایەنی دیکەی سیاسەتی فاشیستی لە ئێراندا، هەڵسوکەوتی کەسانێک بووە کە خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەت نیشان داوە بەڵام لە کردەوە و بیرکردنەوەدا هەمان سیاسەتی حکوومەتییان بەلاوە پەسند بووە.

هەرکات نەتەوە ستەملێکراوەکان داوای مافی خۆیان کردبێ و یان باس لە سیستمی فیدراڵی بکرێ، ئەم ئۆپۆزیسیۆنە ناڕاستانە هەڵوێست دەگرن و بۆ پاساوهێنانەوە دەڵێن کە ئەو سنوورە ئاڵۆزەی لە نێوان نەتەوەکان و خەڵکی شارەکان هەیە جیا ناکرێتەوە و خوێنی لێ هەڵدەستێ! یان گەر باسی پارێزگایەک بۆ وێنە سنە دەکەی یان پارێزگای ورمێ یان پارێزگای ئەحواز یان ... زوو خۆیان سوور دەکەنەوە و دەڵێن کە ئێوە ناوی دیکە بۆ پارێزگا و شوێنەکان دادەنێن و ئەوە دەسکاریی ناسنامەی پیرۆزی شوێنەکان دەکەن و ئەوە نیشانەی تەجزیەتەڵبییە! نابێ سنووری پارێزگا و شارستانەکان دەسکاری بکەن یان ناوی دیکە بهێنن چونکە بڤەیە و وڵات تێک دەچێ!

کەچی لە سەد ساڵی ڕابردوودا حکوومەتی دەسەڵاتدار بەردەوام سنوورەکانی دەسکاری کردووە و دەیان و سەدان شارستانی ئەمبەر و ئەوبەر پێ کردووە و ناوی شوێنەکانی گۆڕیوە و ئەم ڕوانگە فاشیستیە تەییدی تەواوی ئەو دەسکارییانە دەکا کە حکوومەتەکان کردوویانە!

**جۆزەردانی ٢٧٢٣**

**لەم ڕۆژانەدا باس لەوە دەکرێ کە ڕێژیمی ئیسلامی دەیەوێ پارێزگایەک بە ناوی عیلامی باستان دروست بکا و بەشێک لە ئەحواز و بەشێک لە ئیلام جیا دەکاتەوە و دەیخاتە سەر ئەو پارێزگا نوێیە!**

**جارێ لەوە گەڕێین کە گەر پارێزگایەک بە ناوی ئیلام هەیە ئیدی عیلامی باستان چییە؟ ئایا مەبەستێک هەیە لە دووبارە دابڕینەوەی بەشێک لە کوردستان و کێشە سازکردن لەگەڵ نەتەوەی دیکە؟ بەڵام هەر ئەوانەی کە هێرش دەکەنە سەر خەڵک کە نابێ ناوی پارێزگاکان بگۆڕن و سنوورەکانی بشێوێنن، بەرامبەر بەم کردەوەی ڕێژیم یان بێدەنگن یان تەییدی دەکەن! ئیدی بۆ حکوومەت سنوورەکانی ئیداری پیرۆز نین و دەتوانن بە ئاسانی دەستی تێوەردەن!**

**لێرەدایە کە وەبیر پائۆلۆف و تیۆری مەرجدارکردنی خوو و خدە دەکەوینەوە کە ملکەچی و گوێڕایەڵی بەرامبەر بە فاشیزیمی دەسەڵاتدار و قامچیی ستەمکار بۆتە دیاردەیەکی دەروونیکراو و ئەم جۆرە کەسانە ناخێکی ملکەچ و کۆیلەیانەیە کە بە بینینی قامچی، خوو و خدەیان مەرجدار کراوەتەوە!**

**وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین**

**٢١ی جۆزەردانی ٢٧٢٣**

---



سەرچاوە
Serchawe

# پێگەی ڕەفتاری بنەماڵەی شەهیدان لە شۆڕشی ژینادا



سمایل شەرەفی

لە درێــژەی قۆنــاغە جیاجیاکــانی شۆڕشــی ژینــادا، بنەمــاڵەی شــەهیدانی ئەم شۆڕشــە بە دەرکەوتــنە تــایبەت و پــڕ لە پەیامەکانیــان، پێگەیەکــی زینــدوو و چالاکیــان لــێ تۆمــار کــرا. ئەوان هەر لە ســەرەتای شۆڕشــەوە کە بە هــۆی تەقەی ڕاستەخۆی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە خوێن لە جەستەی ڕۆڵەکانیــان دەچۆڕا، نەتەنیــا ڕەشیان نەپۆشــی و پەرســەی دۆشــدامانیان نەگــرت، بەڵکــوو جامــانە و هەوری لەکــۆڵ، لەســەر تەرم و گــۆڕی کــچ و کــوڕە سوورخەڵاتەکانیان، بە زمانی گڕی ئـازادیخوازی و مافویستییەوە بەگژ دەسەڵاتی ڕەش و جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامیدا چوون و وێڕای بڵاوکردنەوەی پەیــامی کۆتاییهێنــان بە ئەقڵیەتــی فاشیستی و تەواویەتخوازی، بە شانازی و سەربەرزییەوە باسیان لە شەهیدەکان دەکرد.

بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە کوردستان بە کەڵکوەرگرتن لە دەرفەت و بۆنەی تــایبەت بە ڕۆڵە شەهیدەکانیان و بە بەڕێوەبردنی کۆڕ و کۆبوونەوە و ڕێوڕەسمی تــایبەت، وەک پاڵنەرێک لە درێژەکێشانی ئەم شۆڕشە و بەزیندوویی‌هێشتنەوەی

پەیام و ئەرزش و بەهاکانی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی، ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەریان نواند. ئەوان هەموو حەوتوویەک بە بێگوێدان بە هەڕەشە و گوشارەکانی ناوەندە سەرکوتکەرە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم، یەکگرتووانە بە کۆبوونەوە لە سەر گڵکۆی شەهیدەکان، درووشم و پەیامەکانی شۆڕشی ژینایان تا ئێستاش بە زیندوویی هێشتۆتەوە.

یەکگرتویی نێوان بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە کوردستان نەتەنیا سنووری شارەکانی کوردستانی بەزاند، بەڵکوو بنەماڵەی شەهیدان لە شوێن و ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش باڵکێشی کوردستان کران و وێڕای هاودەردیکردن لەگەڵ یەکتری، پەیامی بەگژداچوونەوەیەکی یەکگرتووانەیان دژ بە ڕێژیمی بکوژی ڕۆڵەکانیان دا. ئەم یەکگرتوویە لە نێوان بنەماڵەی شەهیدانی کوردستاندا بەرچاوتر لە شوێنەکانی دیکە خۆی نواند. سەرەتا گۆڕستانی ئایچی لە شاری سەقز کە تەرمی شەهید ژینای لێ نێژراوە، بوو بە شوێنی کۆبوونەوەی خەڵک و بنەماڵەی شەهیدان و نارەزایەتیدەربڕین دژ بە ڕێژیم. دواتر ئەم هەمگەرایی و یەکگرتوویە لە نێوان بنەماڵەی شەهیداندا گوازرایەوە بۆ زۆرێک لە شارەکانی دیکەی کوردستان. لە مهابادەوە بۆ بۆکان لە بۆکانەوە بۆ جوانڕۆ و لە جوانڕۆوە بۆ سەقز و لە سنەوە و دیواندەرەوە بۆ بۆکان و سەقز.

لەم سەردان و بەسەرکردنەوانەدا، بنەماڵەی شەهیدان بە کۆمەڵێک داهێنانی جوان و پڕ لە ڕەمز و پەیامی سەردەمیانە و بەکەڵکوەرگرتن لە هێندێک هێما و سەمبولی نەتەوەییەوە، نیشانیاندا کە کۆمەڵی کوردەواری پڕە لە پتانسێل و زەرفییەتی مودێرنی خەباتکارانە دژ بە تەواویەتی نیزامێکی کۆنەپەرەست. ئەوان بە پێشکەشکردنی گوڵی سوور بەیەکتر و جامانە لەمل یەکترکردن و، وتنەوەی سرووده شۆڕشگێڕییەکان و ڕازاندنەوەی خۆیان و منداڵی شەهیدەکان بە جل و بەرگی ئاڵاو واڵای کوردییەوە، پەیامەکانی یەکگرتوویی، ژیاندۆستی و خەبات لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجی شەهیدەکانیان بەرز و بەرجەستە کردەوە.

کاریگەریی ئەم هەڵسووکەوت و ڕەفتارانەی بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە سەر هەست و ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بیروڕای گشتی بە ڕادەیەک شوێندانەر بوو کە ژووره ڕەشە پیلانگێڕییەکانی ڕێژیمی تووڕە و نیگەران کرد. بۆیە چەندین جار پەلاماری کێلی شەهیدەکانیاندا و شێواندیانن، هەڕەشەو گوشاریان خستە سەر بنەماڵە و کەس و کاری شەهیدەکان و تەنانەت هێندێکیانیان لێ دەستبەسەر و زیندانی کردن. چەند جارێک گۆڕی شەهید ژینایان لە گۆڕستانی ئایچی شێواند و لە سنە و شارەکانی دیکەی کوردستان و ئێرانیش گۆڕی زۆرێک لە شەهیدەکانیان شێواند. هەر لە پێوەندی لە گەڵ گوشارخستنەسەر بنەماڵە و کەس و کاری شەهیدەکاندا، ڕۆژی هەینیی ڕابردوو، ڕێکەوتی ١٩ی جۆزەردان کە بنەماڵەی شەهیدان لە شارەکانی سنە، دێولان و دیواندەرەوە سەردانی بنەماڵەی شەهیدانیان لە شارەکانی سەقز و بۆکان کرد، لە گەڕانەوەدا دەستبەسەر کران.

جۆزەردانی ٢٧٢٣

ڕەفتار و هەڵسووکەوتی بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە ماوەی ئەم چەند مانگەدا کە وەک باس کرا زەبر و زەنگ و فشاری ناوەندە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمیان لەسەر بووە، خاوەنداریکردنێکی دەروەستانە و خەباتکارانەیە کە لە شۆڕشی نوێی خەڵکی کورستان و ئێران دژ بە نیزامی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی ئێراندا جێگە و پێگەیەکی بەرز و مێژوویی لێ تۆمار کراوە. ئەم ڕەفتارانە نیشان دەدات کە؛ هەیمەنەی سەرکوتکاریی ڕێژیم، پووچ و بەتاڵ و بێ داهاتوویە، شەهیدان و بە گشتی قوربانیانی ئەم شۆڕشە ڕۆڵ و پێگەیان لە یادەوەرییەکاندا بە زیندووی دەمێنێتەوە و خەڵک پێیان وەفادار دەبێت و شانازییان پێوە دەهات. لە هەمووی گرینگتر ڕەفتار و هەڵسووکەوتی بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا و پشتیوانیی خەڵک لە بنەماڵەی شەهیدان دەریدەخات و دەریانخست کە، خاوەنانی ڕاستەقینەی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی لەنێو دڵی ڕاستەقینە شۆڕشەکەدان و هیچ ئیرادەیەکی تەوایەتخواز و فاشیست، ناتوانێ دەست بەسەر ئەم شۆڕشە و دەسکەوتەکانیدا بگرێت.

٢١ی جۆزەردانی ٢٧٢٣

# بۆ بەرەنگاربوونەوەی حکوومەت، ئاڵتێرناتیڤی بۆ دروست بکەن




ڕایان مەککان

و لە فارسییەوە: شاهۆ مەتین

لیبراڵیزم- ئەو ئیدئۆلۆژییەی ئێستا پێی دەگوترێ "لیبراڵیزمی کلاسیک" یان "لیبرتاریێنیزم"- بە درێژایی مێژووی خۆی بەدەست ئەم وێنەیەوە دەناڵێنێ کە لە بنەڕەتدا دژایەتی شتەکانە، ئەمە بە تەواوی هەڵە نییە. لە ڕووی مێژووییەوە لیبراڵیزم وەک ئیدئۆلۆژییەکی ناسراو و یەکگرتوو لە دژایەتیی بازرگانی و ڕەهاگەرایی لە سەرانسەری ئورووپای ڕۆژئاوا پەرەی ساند. بە تێپەڕبوونی کات ئەم دژایەتییە بۆ سۆسیالیزم، پارێزگاریخوازی، ئیمپریالیزم، شەڕی شەڕانگێزی و کۆیلایەتی درێژ بۆوە. لەم ڕووە لیبراڵەکان بۆ چەندین سەدە لە دژی کۆمەڵێک خراپەکاری ئەخلاقی و ئابووری کە هەژاری و نادادپەروەری و نەهامەتی بڵاو دەکردەوە شەڕیان کردووە. بەڵام "دژ" بوون بۆ خۆی هیچکات بەس نەبووە و لیبراڵەکان هەرگیز بەم شتە ڕازی نەبوون.

بێگومـان لیبراڵیـزم لەمێـژە پێوەنـدییەکی نیزیکی بە بەهاکـانی بەنـاو "بـورژوازی"، خاوەنـداریتی تـایبەت، خۆبەڕێـوەبەری نێوخۆیی و - سەرەڕای ئەو بانگەشانەی کە دەڵێن دوژمنایەتی لەگەڵ دەکات، لەگەڵ دامەزراوە ئاینییەکاندا پێوەنـدییەکی نیزیکی هەیە. بەڵام ئەمڕۆ ئەم دامەزراوانە کە لەمێژە بنەمـای لیبراڵیـزم و کـۆمەڵگەی ئازادیـان پێـک هێنـاوە؛ لە دۆخێکی دابەزینی زیاتردان. ئەمانە ئەو دامەزراوانەن کە کۆمەڵگە و ژیانی مەدەنییان بەبێ کۆنترۆڵی حکوومەت مومکین کردووە.

دابەزینـی ئەو دامەزراوانە بە ڕێکەوت نەبـووە. دەسـەڵاتی دەوڵـەتـی مۆدێرن دەرەنجـامی شـەڕە درێژخایەنەکـانی دەوڵـەتە لە دژی کلیسا سەربەخۆکان و دژی پێوەندی خێزانی و دژی خۆبەڕێوەبەری نێوخـۆیی حکـوومەت هیچکـات تەحەمولی ڕکابەرەکـانی نەکـردووە. بـۆیە هەر ڕێکخراوێـک کە کێبڕکـێ لەسـەر "دڵ و دەروون"ی خەڵـک بکـا، دەبـێ ژێـر پـێ بخرێـت. بـۆیە بۆمـان دەردەکەوێت کە ئەو تەحەدایەی کە ڕووبەڕوومـان دەبێـتەوە زیـاترە لە دژایەتیکردنی حکـوومەت. بەڵکوو پێویسـتە دامەزراوە گەلێـک دروسـت بـن و بەهێـز بکـرێن و بەردەوام بێـت کە بتـوانێ بەدیلێـک بـۆ حکـوومەت لە ڕووی ڕێکخسـتن و پشـتیوانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دابین بکات.

بەبێ ئەم دامەزراوانە کاری لیبراڵیزم زۆر قورس ترە یان تەنانەت مەحاڵ ترە.کۆمەڵگەکان لە دامەزراوەکان پێک هـاتوون. وەک مێژوونووسـی ئـازادیخواز ڕاڵـف ڕایکـۆ ئامـاژەی پـێ دەکـات، لیبراڵەکـان جیـاوازییەکی سـەرەکی لەنێـوان حکـوومەت و "کۆمەڵگە"دا دادەنێن. کۆمەڵگە تەنیا ئەو دامەزراوانەن کە دەوڵەت نین. یـان وەک دیڤیـد گـۆردۆن دەڵـێ "لیبراڵەکـان پێیـان وایە دامەزراوە بنەڕەتییەکـانی کـۆمەڵگە دەتـوانن بە سـەربەخۆیی تەواو لە دەوڵەت کـاربکەن". بیـرۆکەی ئەوەی کە دامەزراوەکانی کۆمەڵگە دەتوانن بەبێ حکوومەت کار بکەن، ڕاستییەکی مێژوویی قووڵ و لەمێژینەیە.

لە سـەرەتای شارسـتانییەتی مرۆڤـایەتییەوە، تەنـانەت لە نەبـوونی حکوومەتەکانیشـدا، مرۆڤەکـان دامەزراوە و پێوەنـدییان دروست کردووە کە بۆ دابینکردنی ڕێکوپێک و ئاسایش و تۆڕەکـانی ئاسایشـی کـۆمەڵایەتی داڕێـژراون. وەک مێژوونـووس "پـۆڵ فریـدمان" دەڵـێ: زۆرێـک لە کۆمەڵگەکـان بە شـتێکی تـر جگە لە "حکـوومەت، وەک ئەوەی ئێمە لێـی تێـدەگەین" بەیەکەوە دەگیرێن بەڵکوو دەتوانرێت کۆمەڵگەکـان بە "زنجیـرە کۆمەڵایەتییەکـان و پێوەنـدییە نافەرمییەکـان" بەیەکەوە ببەسترێنەوە. ئەم زنجیرەیانە بـریتین لە "خزمـایەتی، خێـزان، سیسـتەمی تۆڵەسـەندنەوەی تـایبەت، ئـایین" هەروەهـا ئەم دامەزراوانە لە ئیدەاڵی پەرشوبڵاوی دەسـەڵاتی سیاسـی لەنێـوان ڕێکخـراوە جۆراوجۆرەکانـدا جەوهەری بـوون، لەبـڕی ئەوەی لە دەسـەڵاتێکی ناوەندیدا چڕ بکەنەوە.

بە بڕوای ڕایکۆ، خەبـاتی ڕۆژئـاوا بۆ ئازادی و سەربەخۆیی سیاسی لە ڕووی مێژووییەوە بە خەبـاتی ئەم دامەزراوانە بۆ مـافە یاساییە جیاجیاکانیان تـایبەتمەندە. زۆرجـار شـازادەکان دەسـتیان بە میسـاقی مافەکـانەوە بەسـترابوو (وەک ماگنـا کارتـا)؛



سەرچاوە
Serchawe

ئەو میساقانەی کە دەبوو بیدەن بە ڕەعیەتەکانیان. لە کۆتاییدا تەنانەت لەنێو دەوڵەتە تا ڕادەیەک بچووکەکانی ئورووپادا، دەسەڵات لەنێوان ئیستاتەکان، سیستەمی یاسایی، شارە بەکرێگیراوەکان، کۆمەڵگە ئاینییەکان، سوپاکان، زانکۆکان و... بڵاوبووەوە و هەریەکەیان ئازادییە گەرەنتیکراوەکانی خۆیان هەبوو.

سەیر نییە کە سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێرن پێوەندییەکی نیزیکی بە شەڕی دەوڵەتەوە هەبێت بەرامبەر بەو دامەزراوانە. وەک مێژوونووسی حکوومەت "مارتین ڤان کرۆڵد" نیشانی داوە، بۆ چەسپاندنی دەسەڵات سەرەتا حکوومەت دەبوو کلیسا و ئاغا و شارەکان بەتوندی لاواز بکا.

لە کۆتاییدا ئەم ڕێکخراوانە کێبڕکێیان لەگەڵ حکوومەتدا دەکرد. ئەم ڕێکخراوانە زۆرجار تۆڕی سڵامەتی ئابووری و ڕێکوپێکی مەدەنی خۆیان لە ڕێگەی دادگا سەربازییە نێوخۆییەکانەوە دابین دەکرد. جگە لە بیرۆکەی دەوڵەت-نەتەوە، هەستێکی کۆمەڵایەتی و ئامانجی کۆمەڵایەتییان دروست دەکرد. ئەوانیش وەک "خولی هانسیاتیک"، خزمەتگوزارییە ئابوورییە سەرەکییەکانیان پێشکەش دەکرد کە ڕێڕەوی بازرگانی پارێزراو و خزمەتگوزاری نێوبژیوانی بۆ بازرگانەکان دەرەخساند.

ئەم سیستەمە سیاسییە فرە سەنتەرییانە ئاستەنگ بوون لەبەردەم چەسپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەت و وەک مۆرای ڕۆتبارد دەڵێ: هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوە نادەوڵەتییەکان لە سەرەتای قۆناغی مۆدێرن خێراتر بوو. لە سەدەی ١٦ لە فەڕانسە ئەم پرۆسەیە گەیشتە سەرکەوتنی تەواو. حکوومەتی فەڕانسە "بە شێوەیەکی سیستماتیک مافە یاساییەکانی هەموو کارگەکان یان ڕێکخراوەکانی هەڵوەشاندەوە کە لە سەدەکانی نێوەڕاستدا لەنێوان تاک و دەوڵەتدا وەستابوون. ئیتر دەسەڵاتی ناوەندخواز نەما و پاشا باڵادەستی ڕەهای بەسەر ئەم نێوبژیوانانەدا پەیدا کرد. ئەم پرۆسەیە بۆ کۆتایی هێنان بەسەربەخۆیی و ئەگەری بەرەنگاربوونەوەی حکوومەت پێویست بوو.

لە ڕابردوودا حکوومەت دەبوو ڕەزامەندی ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان بەدەست بهێنێ کە دەیتوانی بەرەنگاری ڕاستەقینە لە بەرامبەر دەسەڵاتەکەیدا پیشان بدەن. وەک "ئەلێکسی دۆ تۆکڤیل" فیلسووفی سەدەی نۆزدەیەمدا دەڵێ: "تەنانەت هەر لەم دواییانەدا وەک سەد ساڵ لەمەوبەر، لەنێو بەشێکی زۆری گەلانی ئورووپاییدا چەندین کەسایەتی و کۆمپانیای تایبەت هەبوون کە ئەوەندە سەربەخۆ بوون بۆ بەڕێوەبردنی دادپەروەری، کۆکردنەوە و پاراستنی سپایەک، باج وەرگرتن و تەنانەت زۆرجاریش بۆ جێبەجێکردنی یاسا و دروستکردنی پێوەندی ڕاستەوخۆ لەنێوان حکوومەت و هاووڵاتی.

بەڵام تەنانەت دوای هەڵوەشاندنەوەی سەربەخۆیی یاسایی سەدەی نێوەڕاستەکانیش، کلیساکان، ڕێکخراوە برایەتییەکان و تۆڕەکانی خێزانە فراوانەکان وەک دامەزراوەیەکی گرینگ مانەوە بۆ هاودەنگی نێوخۆیی، سەربەخۆیی ناوچەیی و کەمکردنەوەی هەژاری بوون. جگە لەوەش کۆمپانیای خێزانە سەرمایەدارەکان، سەرچاوەیەکی جیاوازی دەسەڵاتیان لە دەرەوەی دەوڵەت پێک دەهێنا و زۆرێک لەو خێزانانە بە ئاگادارییەوە بەدوای سەربەخۆیی ئابووریدا دەگەڕان.

تێڕوانینی مێژوونووسی مارکسیستی ئێریک هۆبسباوم سەبارەت بە "خێزانی بورژوازی" هەرچەند بە تەواوی شیاوی قبووڵکردن نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی جەوهەری خێزان لە کۆمەڵگەی سەدەی نۆزدەیەمدا پیشان دەدات و دەڵێ: "خێزان تەنیا یەکەیەکی بنەڕەتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی بورژوازی نەبووە، بەڵکوو هەروەها یەکەی سەرەکی خاوەندارێتی و کارگە بازرگانییەکانیش بوو".

بەڵام تەنانەت ئەم کێبڕکێ نافەرمییە و دامەزراوەییەش لەگەڵ حکوومەتدا بەرگەی نەگرت. لە سەدەی نۆزدەیەمدا دژایەتی حکوومەت بۆ دامەزراوە سەربەخۆکان لەلایەن دەوڵەتی خۆشگوزەرانەوە چووە قۆناغێکی تر و ئەمە بۆ یەکەمجار لە ئاڵماندا ڕوویدا کە دەوڵەتی ئاسوودە ژیان لەلایەن ئۆتۆڤۆن بیسمارک ناسێندرا. ڕایکۆ دەڵێ: دەوڵەتی ئاسوودەژیان هەوڵێکی بە ئەنقەست و هۆشیارانەی بیسمارک بووە بۆ کۆتاییهێنان بەسەربەخۆیی دارایی خەڵک لە دەوڵەت. ئەنتۆنی مۆلەر بەو ئەنجامە دەگات کە دەوڵەتی ئاسوودەیی ژیان "سیستەمێکی پابەندبوونی هاوبەشی نێوان دەوڵەت و هاووڵاتییانی"ی دروست کردووە. ئەمەش زیاتر ئەو بیرۆکەیەی بەهێزتر کرد کە حکوومەت پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ خەڵکدا هەبێ، بەبێ بەربەستی دامەزراوەیی نێوخۆیی، کولتووری و ئایینی. دابەزینی دامەزراوە ناحکوومییەکان هەوڵەکان بۆ بێلایەنکردنی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان زۆر سەرکەوتوو بوون. بەربەستە دامەزراوەییەکان لەبەردەم دەسەڵاتی دەوڵەتدا تەنیا سێبەری پێشینەی خۆیان نیین.

کۆمەڵگە سەربەخۆکان و شارە ئازادەکان و میلیشیا نێوخۆییەکان و خانەقا و کلیسا سەربەخۆکان لەمێژە نەماون. لە مێژووی نوێتردا تەنانەت ڕێکخراوە برایەتییەکان و ڕێکخراوە خێرخوازییە نێوخۆییەکان تا دێت نەماون و زیاتر پشت بە دۆلاری باجی حکوومەتی ناوەندی دەبەستن. پراکتیزە ئایینییەکان لە دابەزینێکی قووڵدان. لە ئەکامدا ڕێکخراوەکانی کلیسا وەک قوتابخانە زۆر کەمیان کردووە، خێزانەکانیش لە دابەزیندان، هەردوو ڕێژەی هاوسەرگیری و منداڵبوون لە دابەزیندایە، جیابوونەوەش لە هەڵکشاندایە. واتە لە درێژخایەندا پێوەندی خێزانی کەمتر دەبێتەوە. تەنانەت لەنێو ئەو کەسانەی کە خۆیان بە نەریتخواز ناو دەبەن، بە ئاسانی دەتوانی کەسانێکی زۆر بدۆزیتەوە کە جیابوونەتەوە و جیا لە منداڵە بچووکەکانیان دەژین و دوور لە پێوەندییە درێژخایەنەکانن.

بە پێچەوانەوە سەقامگیرترین پێوەندی ئابووری و دامەزراوەیی زۆر کەس لەگەڵ حکوومەتە نەتەوەییەکەیاندایە. نیزیکەی زۆرینەی باجەکان دەدرێت بە حکوومەتی ناوەندی و زۆربەی یارمەتییەکانی چاودێری تەندروستی و خانەنشینی لەلایەن حکوومەتە نیشتمانییەکانەوە دابین دەکرێن. حکوومەتەکان- نەک کلیساکان یان خێزانە دیارەکانی ناوچەکە، ئێستا لە ڕووی داراییەوە زاڵن بەسەر زانکۆکان و نەخۆشخانەکان و کەمکردنەوەی هەژاریدا.
ئەمەش بە تەواوی لە بەرژەوەندی حکوومەت دایە. چونکە بەو مانایە کە خەڵکێکی کەمتر دەتوانن پشت بە زنجیرە خێزانییەکان یان زنجیرە نێوخۆییەکانی دیکە ببەستن بۆ ئاسایشی ئابووری یان کۆمەڵایەتی و بە واتای کەمتر دڵسۆزی بۆ هەر کۆمەڵگەیەک دێت لەچاو "کۆمەڵگە"ی نیشتمانی کە بە شێوەیەکی ناڕوون و خەیاڵی پێناسە کراوە.

لە بەرامبەر هەموو ئەمانەدا ڕەنگە هێندێک بڵێن: " پێویستمان بە هیچ ڕێکخراو و دامەزراوەیەک نییە و تەنیا پێویستمان بە تاکگەرایی توندوتیژ هەیە!" بیرۆکەیەکی باشە، بەڵام هیچ بەڵگەیەک نییە کە لەڕاستیدا وەک بالانسی هێز بەرامبەر دەسەڵاتی حکوومەت کار بکەن.

لە ڕوانگەی مێژوورییەوە لیبراڵەکان لەمێژە تێگەیشتوون کە دژایەتیکردنی دەسەڵاتی حکوومەت ناتوانێ کاریگەر بێت ئەگەر تەنیا لەسەر بنەمای دژایەتی تاکەکانی پەرشوبڵاو بێت کە هیچ بەرژەوەندی و هەستێکی هاوبەشی پراکتیکی، ئایینی، خێزانی، یان ئابووریی ڕەگداکوتاوی قووڵ و سەقامگیریان نییە.
بەڵکوو بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەت لە دەوری دڵسۆزی دامەزراوەیی کولتووری، ئایینی، زمانەوانی و نێوخۆیی کۆبۆتەوە و لە ڕووی مێژووییەوە ئەم هەڵوێستە زۆر جار لە شێوەی زنجیرە خێزانە نێوخۆییەکان و هاوپەیمانەکانیاندا بووە. تۆکڤیل ئاماژەی بەوە دەکا کە ئەم گرووپانە هاودەنگییەکی باشیان بۆ ڕێکخستنی دژایەتی بەرامبەر پێشێلکارییەکانی حکوومەت دابین کردووە و دەنووسێت: "تا ئەو کاتەی هەستی بنەماڵەیی بە زیندووی هێڵدرایەوە، ستەمکار هەرگیز تەنیا نەبووە؛ ستەمکارەکە سەیری دەکرد و هاوڕێ بۆ ماوەییەکان و خزمەکانی دۆزیەوە ئەگەر ئەم پاڵپشتییە کەم بووبایەوە لەلایەن باوباپیرانی پاڵپشتی دەکرا و نەوەکانی ژیانیان پێ دەدا.

تۆکڤیل بەو ئاکامە دەگا کە بەبێ ئەم دامەزراوانە یان هاوشێوەکانی، دژایەتی سیاسی بۆ حکوومەت بێکەڵک و بێکاریگەر دەبێ. بە تایبەتی بەبێ دامودەزگاکان کە لە ڕێگەیانەوە بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت بە شێوەیەکی کاریگەر دامەزرابێ، تەنانەت ئیدئۆلۆژی دژە ڕژێمیش شانسی جێبەجێکردنی نییە. تەنانەت ڕای گشتیش دەتوانێ چ دەسەڵاتێکی هەبێت، لە کاتێکدا بیست کەس بە پێوەندییەکی هاوبەش بەیەکەوە نەبەستراونەتەوە؛ کاتێک نە پیاوێک، نە خێزانێک، نە کۆمپانیایەکی فەرمی، نە چینێک، نە دامەزراوەیەکی ئازاد، دەسەڵاتی نوێنەرایەتیکردنی ئەو بیروباوەڕانەیان نییە؛ و

جۆزەردانی ٢٧٢٣

کاتێک هەموو هاوڵاتییەک "وەک لاواز و هەژار و وابەستە" تەنیا بێتوانایی تاکەکەسی خۆی هەیە لە بەرەنگاربوونەوەی هێزی ڕێکخراوەی حکوومەت؟

بنیامین کۆنستانت لیبراڵی فەرانسەیی-سویسی گەیشتە ئەنجامێکی هاوشێوە و ڕایگەیاند کە دامەزراوە کۆمەڵایەتییە نێوخۆییەکان زۆرجار لە ڕێگەی هاودەنگی و ڕێکخستنەوە هاوسەنگییەکی کولتووری بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت دابین دەکەن. کۆنستان دەنووسێ: "ئەو بەرژەوەندی و یادەوەرییانەی کە لەدایکبوونی داب و نەریتە نێوخۆییەکانن، ڕەگ و بناغەی بەرخۆدانیان تێدایە کە دەسەڵات تەنیا بە پەشیمانییەوە دەناڵێنێ و پەلە دەکات لە بنبڕکردنیان و ڕێگایەکی نەرمی لە پێشە لەگەڵ خەڵک؛ بەبێ هیچ هەوڵێک دەیەوێ قورسایی گەورەی خۆی بەسەریاندا فەرز بکا".

## ئێمە دەبێ چی بکەین؟


بۆیە ئەگەر بمانەوێ بە شێوەیەکی مانادار دژایەتی دەسەڵاتی حکوومەت بکەین، پێویستمان بەهاندان و گەشەکردن و پاراستنی ئەو دامەزراوە و ڕێکخراوانە هەیە کە حکوومەتەکان ناتوانن ئەوەندە بە ئاسانی بوون و بڕیارەکانیان وەپشت گوێ بخەن.

کاتێک خەڵک پشتگیری لە دامەزراوە نێوخۆیی و سڤیلەکان دەکەن، خێزانێک پەروەردە دەکەن، بزنسێک دروست دەکەن، ڕێکخراوی هاوکاری یەکتر دروست دەکەن، یان خۆبەڕێوەبەری نێوخۆیی بەهێز دەکەن. لەڕاستیدا ئەو کارانە دەکەن کە بە تەواوی گرینگن بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی حکوومەت. لە کاتێکدا هەمیشە قسەی ناشرین لەسەر دەسەڵاتی حکوومەت و دژایەتی توندوتیژی و دزییە لەئەژمارنەهاتووکانی هەژاری بەس نییە. هەروەها پێویستە بە باشی باسی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بکەین و لە کار و ژیانی ڕۆژانەماندا بەهێزیان بکەین.

ئەگەر ئەم دامەزراوانەی خزمایەتی و ئایین و بازاڕ و شار نەبوایە، کۆمەڵگەی نادەوڵەتی بێمانا دەبوو. تەنیا دژایەتیکردن لەگەڵ حکوومەت هیچکات بەس نابێ. خەڵک خزمەتگوزاری وەک پەروەردە و یارمەتی بۆ بێوەژن و منداڵی بێ باوک و کەمئەندامانیان دەوێت، ئەوان ئاسایش و هەستکردن بە کۆمەڵایەتی و هاودەنگی لەگەڵ ئەوانی دیکەیان دەوێ. ئەم سوودانەی کۆمەڵگە پێویستیان بە حکوومەت نییە، بەڵکوو پێویستیان بە دامەزراوە هەیە. بەڵام ئەم دامەزراوانە لە سەردەمی ئێمەدا هێندە دابەزینیان بەخۆوە بینیوە کە بەرامبەر بە حکوومەت بەدیلێکی لاوازن.

٢٢ی جۆزەردانی ٢٧٢٣

# هۆکاری جێگیرکردنی هێزی سەربازی لە کوردستان چییە؟



**شەهرام سوبحانی**

کوردستان وەک ئەکتەرێکی زیندوو و چالاک هەمیشە لە جوگرافیای سیاسیی ئێراندا خۆی نواندووە و لە گۆڕەپانی سیاسی و قۆناغی هەستیاری مێژووییدا کاریگەر و بەهێز بووە؛ زیاتر لە چەند دەیەیە دژی هەرچەشنە زێهنییەتێکی کۆنەپەرست و چەوسێنەر خەبات دەکا و لەم پێناوەشدا شەقامەکانی کردووەتە مەیدانی خەبات بۆ ئاشتی و ئازادیی گەلەکەی. هەر بۆیە هەمیشە کوردستان و شارەکانی، جێگەی ترس و دڵەڕاوکێی دەسەڵاتدارانی جەمارانن و ئەمە وای کردووە کە لە بەرانبەر کوردستاندا بێدەنگ نەبن و کاردانەوەیان هەبێت..

ئەڵبەت پیلان و بەرنامەکانی ڕێژیم بۆ سەرکوتی کوردستان شتێکی نامۆ نییە و ئەم نەریتە هەر تەنیا بۆ ئێستا ناگەڕێتەوە، بەڵکوو لە ٤ دەیە دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا هەتا ئێستا کوردستانیان بە چاوێکی ئەمنییەتییەوە سەیر کردووە. کاردانەوە و پیلانی نوێی ڕێژیم لەهەمبەر کوردستان و حیزبەکانیدا هەر ڕۆژ بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆی دەنوێنێ کە ڕێژیم لەم پێوەندییەدا دەیان میلیارد دۆلاری تەرخانی سیاسەتە دژە مرۆڤییەکانی دژی کورد کردووە، تاکوو بتوانێ

**جۆزەردانی ٢٧٢٣**

پرسی شوناسخوازی لە کوردستان بۆ هەمیشە لە مێژوودا بسڕێتەوە، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە هەوڵەکانی ڕێژیم لەهەمبەر ئازادی و ئازایەتیی خەڵکی کوردستان بێ ئاکام ماوەتەوە، چونکە بیر و هزری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵات لە ئاستێکدایە کە هیچ هێزێکی نیزامی بۆ گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسی ناتوانێ پێش بە خەڵکی کوردستان بگرێ، بۆ نموونە: هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕێژیمەوە لە ساڵی ٥٧ی هەتاوی و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و بەتالانبردنی لەلایەن ئاخوندەکانی ڕێژیمەوە هەتا ئێستا، کوردستان شوێنی ململانێ و شەڕ دژی زوڵم و زۆری فاشیزم بووە، چونکە کوردستان وەک هیچ بەشێکی دیکە لە ئێران نییە واتا خاکێکی دابەش کراوە کە لەم نێوانەدا بووەتە قوربانیی سیاسەتی زلهێزەکان.

زوڵم و زۆری داگیرکەران لە کوردستان گەیشتۆتە ڕادەیەک کە بووەتە هۆی سەرهەڵدان و بەرخۆدانی جۆراوجۆر لە کوردستان و هاوکات لەگەڵ ئەمەش گەشەی بیر و هزری ئەم نەتەوەیە وای کردووە کە هەمیشە کوردستان مەیدانی بەربەرەکانێ لەگەڵ داگیرکەر بووە. نەتەوەی کورد سەدان ساڵە لەژێر چەپۆکی داگیرکەراندا بە کوشتن و ئێعدام و سەرکوت و بڕین دەچەوسێتەوە، بەڵام سەرکوت و ئێعدام، کوشتن و بڕین، هیچیان نەیتوانی هێز و و وزەی خەڵکی کوردستان سەرکوت بکا و لە ئامانجەکانیان دووریان بخاتەوە، هەر بۆیە ئەمڕۆ دەبینین کە خەڵکی کوردستان بە بیر و باوەڕێکی پۆڵاینتر و بەگوڕتر لە جاران شەقامی شارەکان چۆڵ ناکەن و لە هەر دەرفەتێک کەڵک وەردەگرن تاکوو کۆڵەکەکانی ڕێژیم و لەرزە بخەن.

هەر وەک هەموومان ئاگادارین لە چەند حەوتووی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی هێزێکی زۆری ڕەوانەی سنوورەکانی کوردستان کردووە، هێزێک کە دەرخەری ترس و دڵەڕاوکێی ڕێژیمە لە بەرانبەر ئیرادەی خەڵکی کوردستان بۆ گەیشتن بە ئازادی و دیاریکردنی مافی چارنووسی گەلان لە ئێرانی داهاتوودا، هەر بۆیە ڕێژیم بە ناردنی چەکی قورسی سەربازی بۆ سەر سنوورەکان دەیهەوێ چەن خاڵ بپێکێ؛ یەکەم: هێز و توانای خۆی بە خەڵکی ئێران نیشان بدا کە دەسەڵاتەکەی خاوەن هێزی نیزامییە، واتا مانۆڕێکی نیزامی بۆ تۆقاندن و ترساندنی خەڵکی مەدەنی؛ دووهەم: بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتیی خەڵکی نێوخۆ و میدیاکانی دەرەوە تاکوو بەم جۆرە سرنجی خەڵک لە شۆڕش و دەسپێکردنی قۆناغێکی دیکە لە خەبات دوور بخاتەوە و بەم شێوەیە بتوانێ نەفەسێکی تازە بۆ خۆی دەستەبەر بکا. سێهەم: بە ڕێکلام کردنی جووڵە سەربازییەکانی خۆی بۆ نێوخۆ و دەرەوەی سنوورەکان وا نیشان بدا کە کوردستان و حیزبەکانی مەترسییەکی گەورەن بۆ گەلانی ئێران و لەلایەکی دیکەوە گۆڕینی ڕوانینی خەڵکی کوردستان بەنیسبەت حیزبەکان، کە ئەمانە "تێرۆریست" و "جیاییخواز"ن کە ئەگەر ئێمە نەمێنین ئەمانە دەتانکوژن.

بەڵام ئەگەر بە وردی ئاوڕێک لە مێژوو بدەینەوە باشتر بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوە کوردستان و حیزبەکانی نەبوون و نین کە ئێرانیان دابەش کردووە، بەڵکوو کۆماری ئیسلامی و پاشماوەکانی پەهلەوی بوون کە خاکی ئێرانیان دابەش کرد. هەر



سەرچاوە
Serchawe

وەک ئاماژەم پێ کرد ترس و دڵەڕاوکێی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم لە بەرانبەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵات هەر بۆ سەردەمی ئێستا ناگەڕێتەوە، ئاوڕدانەوە لە مێژووی دەسەڵاتداریی ئەم ڕێژیمە پێمان دەڵێ کە ئەم دیاردەیە شتێکی نامۆ نییە؛ بەڵکوو پرۆسە و بەرنامەیەکی درێژخایەنە کە بەرانبەر پرسی مافخوازیی کورد جێبەجێ دەکرێت.

یەکێک تر لە هۆکارەکان ئەوەیە کە "کوردستان خاوەن پاشخانێکی دەوڵەمەندی مێژووییە" کە لەنێو گەلانی ئێراندا بێوێنە و سرنجڕاکێشە. پاشخانێکی سیاسی و بنەڕەتیی ڕیشەدار لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، پاشخانێک کە پڕە لە خەبات و تێکۆشان و گیانفیدایی ڕۆڵە قارەمانەکانی ئەم نەتەوەیە کە هەوڵیان نە تەنیا بۆ ڕزگاریی کوردستان بەڵکوو سەقامگیرکردنی ئاشتی و دێموکراسی لە ئێران بۆ بۆنیاتنانەوەی دەوڵەتێکی دێموکراتیکی فیدراڵە کە تێیدا هەموو گەلانی ئێران بەشدار بن و خۆیان تێیدا ببیننەوە. هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی، کوردستان و حیزبەکانی کە هەڵقوڵاوی کۆمەڵانی خەڵکن بە مەترسییەکەی گەورە دەزانێ بۆ سەر دەسەڵاتەکەی و لەم پێناوەشدا بە مووشەک و سێدارە و کوشتن و بڕین و مێلیتاریزەکردنی شارەکانی کوردستان دەیهەوێ مەڵبەندی ئاشتی و دێموکراسی لەت و کوت بکا، تا لە ئاکامدا بتوانێ تەمەنی زیاتر بۆ ڕێژیمەکەی مسۆگەر بکات.

یەکێکی تر لە هۆکارەکان "هەستیاربوونی سنوورەکانی کوردستانە لە ئێران" چونکە کوردستان وەک هیچ بەشێکی دیکەی ئێران نییە؛ ئەم خاکە لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆری عوسمانییەکان لە بەینی چوار وڵاتی خوێنمژ و فاشیستدا بەش کرا، زوڵم و زۆری داگیرکەران گەیشتە ئاستێک کە بووە هۆی دروستبوونی چەندین حیزب و ڕێکخراوی سیاسی کە بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی گەلەکەیان خەبات دەکەن و لەو کاتەوە هەتا ئێستا، کوردستانیان هەر بە زەبری چەک و سێدارە و بڕین ڕاگرتووە. خاکی ئێمەیان دابەش کردووە و سنوورگەلێکیان بە سەرماندا سەپاندووە کە سنوورگەلێکی کاتییە،. لە ڕاستیدا سنوورگەلێک کە کاتی بن لە جوگرافیای سیاسیی هەر وڵاتێکدا زۆر بە وەردی چاوەدێری دەکرێن چۆن دەزانن کە خۆیان میوانن و خاکی نەتەوەیەکیان داگیر کردووە. هەر وەک د.قاسملوو کە دەیگوت: ئەگەر ڕۆژێک کوردەکان یەکگرن و یەکگرتوو بن ئەوا دابەشبوونی خاکی هیچ دەوڵەتێک نییە، چونکە دابەشبوونی کوردستان دابەشبوونێکی دەستکردە.

یەکێکی تر لە هۆکارەکان "ئاستی وشیاری نەتەوەیی کوردە لەهەمبەر فاشیزمی ئایینی و قەومیدا" کوردستان هەمیشە وەک بەشێکی زیندوو و چالاک لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و... خۆی سەلماندووە، بۆ نموونە: لە سەردەمی کۆماری کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیفاکتۆی کوردی و هەروەها لە دەسپێکی شۆڕشی گەلانی ئێران، وەک تاکە شوێنێک بوو کە لە دژی حکوومەتی ئاخوندی چەکی هەڵگرتووە و ئازایانە بۆ مافەکانی خۆی خەباتی کردووە، یان بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی وەک یەکەمین ئۆپۆزیسۆنی ئێرانی کە هەتاهەتایە وەک بەرگێکی زێڕین لە مێژووی

سیاسیی کوردستاندا دەدرەوشێتەوە.

یەکێکی تر لەو هۆکارانە ئەوەیە کە "کوردستان تاکە شوێنێکە کە تێیدا ڕێکخراوی سیاسیی کاریگەر بوونی هەیە"، حیزبگەلێک کە هەڵقولاوی نێو خەڵکن و مەشرووعییەتی سیاسییان هەیە، بەڵام بە پێچەوانەی کوردستان، لە ئێران ڕێکخراوێکی ئەوتۆ کە بتوانێ کاریگەر بێ لەسەر شەقامەکان بوونی نییە؛ هەر بۆیە کوردستان وەک تاکە شوێنێکە کە خاوەن پاشخانێکی دەوڵەمەندی مێژوویی و سیاسییە کە بوەتە هۆی ئەوەیکە دەسەڵاتدارنی ڕێژیم تەرکیزیان لەسەری زیاتر بێ، هەر وەک ئەوەی لە شۆڕشی ژینادا بینیمان کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ڕۆڵی ڕێبەرایەتیی ئەو شۆڕشەیان وەئەستۆ گرتبوو کە بۆ هەموو گەلانی ئێران وەک سەرچاوەیەک دەمایەوە کە خەڵکی بەرەو ڕووخانی ڕێژیم هەدایەت دەکرد.

جا بۆیە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم باش دەزانن کە کوردستان ماهییەتی ئەوەی هەیە کە ڕێبەرایەتیی شۆڕشێکی نوێ و بەرینتر لەم جارە وەگەڕ خاتەوە کە ئاکامەی ببێتە ڕووخانی ڕێژیم، هەر بۆیە بە هەموو هێز و وزەیەوە هەوڵی مێلیتاریزەکردنی شارەکانی کوردستان دەدا تاکوو نەتوانن ببنە فاکتەرێکی بەهێز بۆ ڕووخانی ڕێژیم، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم هەوڵانەی ڕێژیم کاتییە و تەنیا بۆ ماوەیەک دەتوانێ نەفەسێکی تازە بە بۆ خۆی وەربگرێ، چۆن هیچ هێزێکی نیزامی لە دونیادا ناتوانێ ئیرادەی میللەتێک بۆ گەیشتن بە ئازادی بشکێنێ.

٢٣ی جۆزەردانی ٢٧٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe

# دەبێ چی بکەین؟



**شەماڵ تەرغیبی**

شۆڕشی ژینا بە ڕژانی خوێنی کچەکوردێکی بێتاوانەوە دەستی پێکرد و بە خوێن و هەوڵ و هیممەتی دەیان و سەدان مرۆڤی مافویست و ئازادیخواز قەوارەی گرت و بووە هۆکارێک بۆ شکانی هەیمەنەی پۆشاڵی و درۆیینی کۆماری ئیسلامی بەچەشنێک کە دەکرێ بڵێین لە ئێستەدا کۆماری ئیسلامی خاوەنی هیچ ڕەواییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی نییە لە ئاستی نێوخۆییدا و ئەگەر دەبینین ناوەبەناوە لە ئاستی دەرەکیدا جموجۆڵێکی بەناو بازرگانی یان دیپلۆماتیک لە خۆیان نیشان دەدەن ئەوە تەنیا لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی وڵاتانە و هەر کات لایەنە دەرەکییەکان بزانن کە چیتر ڕێژیمی تاران ناتوانێ بەرژەوەندییەکانیان بپارێزێ ئەوا بێشک واز لەو پشتیوانییانەش دەهێنن کە تێچووەکەی بریتی بووە لە خوێنی خەڵکانی سەر شەقام لە ئێران؛ بە دیوێکی تریدا تەنیا پرسێک کە توانیویەتی کۆماری ئیسلامی لەسەر کورسیی دەسەڵات بهێڵێتەوە لەڕاستیدا دانی تێچوویەکی قورس بووە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی زلهێزان و وڵاتانی ناوچەیی لەلایەک و ئامرازی سەرکوت لە نێوخۆی وڵات لە لایەکی ترەوە.

بەم پێشەکییەوە دەپرژێینە سەر ئەو کەتوار و ڕاستییەی کە ئەگەرچی زۆرینەیەکی ڕەها لە خەڵکانی ئێران لە ئێستەدا دژ بە دەسەڵاتی ملهۆڕی کۆماری ئیسلامین و لە بەرەی دژ بە ویلایەتی فەقیە خۆیان دەبیننەوە بەڵام دیسانیش ڕێژیم لە هەوڵەکانی بۆ درزخستنە نێو بەرەی ئازادیخوازی خەڵک ماندوو نەبووە و لە هەر ڕێگەیەکەوە کە بۆی بلوێ تێدەکۆشێ؛ لێرەدا نموونەیەک دەهێنینەوە: ماڵپەڕی کوردستانم یدیا لە هەواڵێکدا بە ڕێکەوتی ٢٣ی جۆزەردان بڵاوی کردەوە لە دوای دەستپێکی شۆڕشی ژینا، ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە شێوەیەکی چڕتر لە جاران لە هەوڵی ئەوەدایە کە دەستێوەردان لە فێستیڤاڵ و ڕێوڕەسمە فەرهەنگییەکان لە کوردستان بکات و لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی خۆیاندا بەڕێوەیان بەرێت.

فێستیڤاڵی شانۆی کوردی لە سەقز کە بە هیممەتی هونەرمەندانی شانۆی ئەو شارە پێک هاتووە و ٢٣ ساڵی بەسەردا تێدەپەڕێت و تا ئێستە ١٧ خولی بەڕێوە چووە، یەکێکە لەو پێگە کۆمەڵایەتییانەی کە ڕێژیم دەیهەوێ لێی بدات و خەوشداری بکات. بەو مانایە کە لە دوای شۆڕشی ژینا ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ڕێژیم لە شاری سەقز لە هەوڵی ئەوەدایە ئەو فێستیڤاڵە بەڕێوە ببات و بۆ ئەو کارە شارەوانیی سەقزی وەک بەرپرس دیاری کردووە.

بەرپرسانی ڕێژیم لە سەقز کە دەیانهەوێت ئەو شانۆیە بە بوودجەی خۆیان بەڕێوە بەرن، بانگەوازیان بۆ بەشداریی هونەرمەندان بڵاو کردووەتەوە، بەڵام بەپێی ئەو دۆخە سیاسی و شۆڕشگێڕانەی کە لە کوردستان لەئارادایە هیچ هونەرمەندێکی لایەنگری خەڵک، بەشدارییان نەکردووە و بۆ بەڕێوەبردنی ئەو شانۆیە تەنیا چەند هونەرمەندێکی بەسیج و سەر بە ڕێژیم ئامادەییان دەربڕیوە تاکوو ئەو شانۆیە بەڕێوە بەرن.

ئەوەی کە گومانی لەسەر نییە هونەرمەندان لە هەموو قۆناغەکانی شۆڕش و خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی جیهان و یەک لەوان گەلی کورد ڕۆڵ و نەخشی دیار و بەرچاویان گێڕاوە و توانیویانە هەم ببنە هۆی بەردەوامیی شۆڕشەکە و هەم قورسایی بە شۆڕشەکە ببەخشن؛ لە ڕەوتی شۆڕشی ژیناشدا ئێمە شاهێدی دەرکەوتنی دیار و کاریگەری هونەرمەندانی کورد لە هەموو ئاستەکانی موسیقا، شانۆ، نیگارکێشی، پەیکەرتاشی، گرافیک، سینما، شێعر و هتد بووین و دیتمان کە چلۆن بە هەستی پاکی خۆیان ڕۆحیان وەبەر شۆڕشەکە نا و وەک پەپوولە بە دەوری گڕی شۆڕشەکەوە بوون تا خوێنی لاوانی نیشتمان بەفیڕۆ نەچێ. لە ئێستەشدا کە گلۆڵەی تەمەنی ڕێژیم کەوتووەتە لێژی و هەر ساتێک کە تێدەپەڕێ لە تەمەنی ڕێژیم کەم دەبێتەوە، دەبینین کە بە کەڵکاوەژووەرگرتن لە هونەر و بەئامرازکردنی، لە هەوڵی ئەوەدایە کە درز و کەلێن بخاتە نێو ڕیزی شۆڕشگێڕان لە لایەک و لەیەکی دیکەشەوە وەها بنوێنێ کە ئێران شامی شەریفە و ئاراستە فکری و زەینییەکان بەلاڕێدا ببات کە ئەم هەوڵەی ڕێژیم لەلای هونەرمەندانی دەروەست جێگەی پەسن و قبووڵکردن نەبووە و "نا"یان

وتووەتەوە بە بکوژانی ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەیان.

پرسێکی دیکەش کە پێویستە لێرەدا و بە وردی لێی بڕوانین هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانە و ئازایانەیە کە ڕۆژی ڕابردوو بە بەرچاوی جیهانەوە ڕووی دا؛ مانگرتنی خەڵکی شاری ژینا لە کاردانەوە بە سیاسەتی شکاندنی هێمای شۆڕشی ژینا!

لە ڕۆژانی ڕابردوودا فەرمانداری شاری سەقز وەک نوێنەری پارێزگا بە هاوکاری دادستان وەک نوێنەری دەوڵەت و سەرۆکی شۆرای شاری سەقز بەناوی نوێنەری خەڵک و لە ڕێگەی کۆمیتەیەکی ئەمنییەتی بەناوی کۆمیتەی "انطباق" بڕیاریان دابوو کە شوێنی گۆڕی شەهید ژینا ئەمینی لە گۆڕستانی ئایچی بەجۆرێک بشێوێنن کە لەنێو گۆڕەکانی دیکەدا بشاردرێتەوە. هەروەها بە کێشانی فەنس و داخستنی دەرکی سەرەکی و گەورەی گۆڕستانی ئایچی نەهێڵن هیچ کەسێک بە ئاسانی ماشین بباتە نێو گۆڕستانەکەوە هەتا خەڵک بۆ سەر قەبران نەچن و سەردانی ئەو مەزارە و مەزاری باقیی شەهیدان نەکەن و بە کامێرای چاوەدێری کۆنترۆڵی بکەن.

وەک ئاماژەی پێکرا لە کاردانەوە و وەک پەرچەکردارێک بەم هەوڵە قێزەونەی ڕێژیم خەڵکی شارەکەی ژینا بڕیاریان دا کە دووکان و بازاڕەکان دابخەن و بەمشێوەیە بۆ جارێکی تر و یەکدەنگ و یەکهەڵوێست "نا"یەکی قایمتر لە پێشوو بە ڕێژیم لە تەواوییەتی خۆی بدەن.

لێرەدا دەگەڕێینەوە بۆ سەرەتای ئەم ڕوانینە کە پرسیمان دەبێ چی بکەین؟ و لە وڵامدا دەتوانین بڵێین "نا"وتن بە ملهوڕی و کۆڵنەدان لە بەرامبەر زەخت و گوشارەکانی ڕێژیم لە هەموو ئاست و ڕەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و یەکگرتوویی و یەکهەڵوێستی خەڵک بەمەبەستی قایمترکردنی بەرەی خەڵک و شۆڕش و کز و لاوازکردنی بەرەی دوژمن، هەروەک لە دوو نموونەی باسکراودا ئاماژەیان پێکرا، لەڕاستیدا بەهێزترین چەکی بەردەستە کە دەتوانێ تەنانەت گەورەدەسەڵاتەکانیش بەچۆکدا بهێنێ و پیلانەکانی دوژمن بکاتە بڵقی سەر ئاو. بەدڵنیاییەوە ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە کەمتێچوو نابێ و ڕەنگە ڕێژیمیش لە بەرامبەریدا هەڵوێست بنوێنێ و دژکردەوەی هەبێ بەڵام ئەزموون و مێژوو پیشانی داوە کە گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی پێویستیی بەم جۆرە تێچووانە هەیە.

٢٤ی جۆزەردانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# حیجابی زۆرەملێ و سەپاندنی هەژموونی



**ئومید محەممەدپووری**

پرسی حیجاب لەگەڵ هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی خۆی نیشان دا . پێش لە گەڕانەوەی خومەینی بۆ ئێران و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلان و تەنانەت یەک مانگ پێش لە گەڕانەوەش قسە و باسێک سەبارەت بە زۆرەملێکردنی حیجاب لە گۆڕێدا نەبوو.

لە فەرانسە کاتێ کە لە خومەینی دەپرسن ڕوانگەت بە نیسبەت حیجاب چییە؟ لە جوابدا دەڵێت ژنان لە ئێران خۆیان دەبێ هەڵبژێرن کە حیجابیان دەوێت یان نا، ئەوەی ئەرکە لەسەر ئێمە تەنیا چاوەدێریکردنی پاراستنی سنوورەکانی پۆشینی جلێکە کە لەگەڵ ماهییەتی حکوومەتی ئیسلامی ناتەبا نەبێت."

بەڵام دوابەدوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، خومەینی لە بەڵێنەکانی خۆی پاشگەز بووەوە و بڕیاری دا کە لە شوێنە ئیدارییەکان ژنان نابێ بە بێ حیجاب بەشدار بن. ئەمە لە دەوڵەتی بازەرگاندا خەریک بوو بە فەرمی بکرێ کە زۆربەی

جۆزەردانی ٢٧٢٣

هەرەزۆری ژنانی ئێران ئەو بڕیارەیان قەبووڵ نەکرد و هاتنە سەر شەقامەکان.

لە ١٧ی ڕەشەمەی ١٣٥٧دا و هاوکات لە گەڵ ڕۆژی جیهانی ژنان ، ژنانی ئێران هاتنە سەر شەقامەکان و دەنگی ناڕەزایەتیی خۆیان بەرز کردەوە.

دوای بەڕێوەبردنی ڕێفراندۆم لە ئێران، خومەینی دە ڕۆژ دەرفەتی دا کە لە ئیدارەکاندا حیجاب بۆ ژنان ببێت بە یاسایەکی زۆرەملێ و لە ئەگەری نەپاراستنی ئەم یاسایەشدا حکوومەت بەتوندی لە گەڵ ژنان بەرەوڕوو دەبووەوە. لە کۆتاییدا و پاش چەند ساڵ بەربەرەکانێی خەڵک و ڕێژیم بە نیسبەت ئەم پرسە، لە ساڵی ١٣٦٣دا، لە یاسای بنەڕەتیدا پرسی حیجاب بە یەکجاری سەپێندرا و بۆ ئەو کەسانەی کە بە پێی ئەو بڕیارە نەجووڵێنەوە سزای قورس دیاری کرا.

## شۆڕشی ژینا و پرسی حیجاب

هەڵسوکەوتی توندی ڕێژیم لەگەڵ ژنان خۆی دەرخەری ئەوەیە کە بەرپرسانی ڕێژیم چەندە لە چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانە نێوخۆییەکان زەبوون و داماو ماون. هەروەها نیشانەی دەستەوەستانی ڕێژیم لە بەرانبەر نافەرمانیی مەدەنیی ئەو بەشە لە کۆمەڵگای ئێرانە کە لە ڕاستیدا بزوێنەری شۆڕشێکن. بەڕێوەبەرانی وڵات لە دوای سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکان چاوی دیتنی ژنانیان نەماوە و دەیانهەوێت بە هەر شێوەیەک تۆڵە بستێننەوە و حەقیرانەترین کارێک کە لە دەستیان هاتبێت بێڕێزیکردن بە ماف و کەرامەتیان بووە.

ئەو هەڵسووکەوتەی ڕێژیم دەرخەری نەبوونی گەشەی ڕەوانی و فیکری بە نیسبەت هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەو بابەتەیە و بە زەقکردنەوەی پرسی حیجاب دەیهەوێ قورسایی ئەو ئەرکە بخاتە سەر شانی خودی خەڵک تا بەرانبەر بە یەکتر و لە دوو بەرەی جیاوازدا بوەستنەوە، دەستەیەکیان بە بیرێکی دێموکرات، ئەمە بە بەشێک لە ئازادییەکانی ژنان پێناسە دەکەن و دەستەیەکیش لە ڕوانگەی ئایینەوە ژنان ناچار بە ملکەچ بوون دەبینن.

هەمووی ئەم لایەنگرییە توندانە لەسەر پرسی حیجاب بۆ شاردنەوەی قەیرانە یەک بەدوای یەکەکانی کۆمەڵگەی ئێرانە. دارمانی ئابووری و سیاسی و دابەزینی پێگەی ڕێژیم چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوە پەیوەندیی بەم بابەتانەوە هەیە، بۆیە ڕێژیم کەوتۆتە سەری دووڕێیانی لێبووردەیی یان سزادانی ئەو کەسانە؛ ئەگەر ئەوانەی کە حیجاب ڕەچاو نەکەن لەلایەن حکوومەتەوە سزا بدرێن ئەوە لە خۆیەوە دەبێتە هۆی ڕق ئەستووریی زیاتری خەڵک و دژایەتیکردنی یاتر لەگەڵ ئەم



سەرچاوە
Serchawe

بڕیارەی دەوڵەت و ئەگەریش لێیان خۆش بێت و چاوپۆشی بکات لە ویستەکەی، ئەوە دەبێتە پاشەکشە لە خواستەکانی خۆی کە بە هیچ جۆر لە زات و ماهییەتی ئەم ڕێژیمەدا نەرمینواندن نییە چون هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە یەکێک لە فاکتەرەکان کە پێی ناسراوەتەوە، پاراستنی ئوسووڵ و پرەنسیپەکانی حیجاب بووە.

گرینگیی ئەم بابەتە لێرەدایە کە شەخسی خامنەیی نەیتوانی بەرانبەر بەم بڕیارشکێنییە بێدەنگ بێ، بۆیە بە حەرامی سیاسی ناودێری کرد، یان وەکوو هەموو ڕووداوەکانی ڕابردوو بۆ خۆ دەربازکردن لە کێشەکان و مەشرووعیەت دان بە سەرکوت و پێشێلکارییەکانی ماف و کەرامەتی خەڵک ئەمەی بە پیلانی وڵاتانی غەربی و بێگانە ناو برد و داوای لە کاربەدەستان و مەرجەعە قەزاییەکان کرد کە بێوڵام نەمێنن و ئەوپەڕی تووڕەیی خۆیان بنوێنن.

ئەم ویستەی ڕێژیم لە حاڵێکدایە کە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیش لەم سەردەمەدا ڕێگر نین لە پاراستن یان نەپاراستنی حیجاب و نیمچە ئازادییەکیان هەر بە ژنان داوە، وێنەیەکی هەرە بەر چاو و زەق وڵاتی عەرەبستانە کە وەکوو یەکێک لە گرینگترین وڵاتانی ئیسلامی دێتە ئەژمار، بەڵام بەو حاڵەشەوە بەرانبەر بە ژنان و و ڕێژەی بەشداریان لە نێو کۆمەڵگا نەرمییەکی زۆری نواندووە، بۆ وێنە بەشداریی ژنان لە ستادیۆمە وەرزشیەکان، دانی مۆڵەتی شۆفێری بە ژنان و زۆر یەک لەم بابەتانە.

بەڵام بەو حاڵەشەوە دیسان ئێران زۆر بە ڕاشکاوانە تووڕەیی خۆی بەرانبەر بەم پرسە دەردەبڕێت و هەر جار بە دوای ڕێگا چارەیەکە کەچی هەر پیلانەکیان دەرخەری پاشەکشە و شکەست پێهێنانی ئەم دەسەڵاتە نگریسەیە، بۆیە دەیانهەوێ هەرچی وزەیان هەیە، وەگەڕی بخەن بۆ ئەوەی کە ڕێگر بن لە داخوازیی خەڵک تا بتوانن ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت هەژموونیی خۆیان بەسەر خەڵکدا بسەپێنن و پرۆسەی ڕووخانی حکوومەتەکەیان دوا بخەن.

ئەوە لە حاڵێکدایە کە هەرکات کاربەدەستان بۆ مەبەستی خۆیان پێویستیان بە دەنگی خەڵک و بەشداربوونیان لەسەر شەقامەکانە، بۆ وێنە لە بۆنە و مەراسمە گشتییەکاندا کە پەیوەندیی بە بەرژەوەندیی ڕێژیمەوە هەیە یان کاتی دەنگدانەکان، ئەم ئازادییانە بۆ خەڵک بە ڕوا دەبینن و بەربەست نابن بۆیان، بۆ ئەوەی کە خەڵک لە شەقامەکان نەپرینگێنەوە، بەڵام کە پێویستیان بە حزووری خەڵک لە شەقامەکان نەما دیسان فارس وتەنی "آش همان آش و کاسه همان کاسه"یە و دۆخەکە ڕەوتی ئاسایی خۆی دەپێوێتەوە و پرسەکان دەبنەوە کێشەساز بۆ نیزام و دژی ئوسوول و پرەنسیپە شەرعییەکانن.


جۆزەردانی ٢٧٢٣

ئەو بە قەول نافەرمانییەی کە لەلایەن خەڵکەوە سەر هەڵدەدات بەشێکە لە ویست و داخوازیی خەڵک و حاشاشی لێ ناکرێت، نەک ئەوەی کە هێلێکی دیاریکراو بێت کە ئەوان بە دەسکاریی حیزب و ئۆپۆزسیۆنە دژبەرەکان یان وڵاتانی غەربی پەیوەندی دەدەنەوە، بە خۆشییەوە دەتوانین بڵێین شعووری سیاسی و پێگەی ڕوانینی کۆمەڵگا لەوپەڕی تێگەیشتوویی خۆیدایە و ئەم یەکگرتووییە لە بەینی هەموو چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا ئاوێنەی باڵانوێنی شعوور و ئاستی دەرکی خەڵکە لە پەیوەندی لەگەڵ پیلانەکانی ڕێژیم کە زۆر بە ڕوونی خۆی دەردەخات و پێداگری لەسەر ئەم ویستانە لە خۆیەوە دەرخەری ئەوەن کە چیتر ناتوانن گوێ نەدەن بە داخوازییەکان و دەنگەکان کەپ بکەن.

**گاندی دەڵێت: ژنان بەشێکن لە کۆمەڵگا بۆیە هەر کات ئەم دوو بەشە یانی ژنان و پیاوان هاو دەنگ بن لە چارەسەری کێشەکان، کۆمەڵگا ڕزگاری دەبێت.**

٢٥ی جۆزەردانی ٢٧٢٣

# کۆمێدیی مێژوو




**کەریم پەرویزی**

بە پێی گێڕانەوەکانی کتێبە ئایینیەکان، فێرعەونی میسر لە ترسی ئەوەی منداڵێک لەدایک دەبێ کە دەسەڵاتەکەی دەڕووخێنێ، بڕیاری دا کە هەموو کوڕەکانی عیبرانییەکان بکوژن تاکوو ئەو کەسەی کە دەبێتە هۆی فیتنەیەک و دەسەڵاتەکەی دەڕووخێنێ بکوژێ. بەڵام چارەنووس وەها دەبێ کە منداڵێک کە لە ئاو دەگیرێتەوە بەناوی مووسا ناو دەنرێ و لە ماڵی خودی فیرعەون گەورە بوو.

ئەم چیرۆکە کە باس لە ترسی دەسەڵاتداران لە لەدایکبوونی هۆکاری ڕووخانەکانیان دەکا، ئەوە دەڵێ کە فیرعەونەکان بەزەییان بە منداڵێشدا نایەتەوە و ئامادەن هەموو منداڵەکان بکوژن تاکوو کەسێک نەبێ کە کۆڵەکەکانی دەسەڵاتیان وەلەرزە بخا.

هێگل دەیگووت مێژوو دووپات دەبێتەوە؛ جاری یەکەم بە شێوەی تراژیک و جاری دووهەم بە شێوەی کۆمێدی!



سەرچاوە
Serchawe

**جۆزەردانی ٢٧٢٣**

**لە شۆڕشی ژینادا، ئەوەی نوێی نێو ئەم جوغرافیایە بەگژ دەسەڵاتدا ڕۆیشتنەوە و سیمای دزێوی دیکتاتۆریان لە شەقام و سەر تابلۆکان ئاگر تێبەردا و ئەمە خەونە پەرێشانەکانی فیرعەونی وەبیر خامنەیی ستەوە و ترسی لێ نیشت کە منداڵێک لەدایک دەبێ کە ئاگر لە کۆشکەکەی بەر دەدا!**

**دەزگای پڕوپاگەندەی ڕێژیمی ئیسلامی، لەم چەند مانگەدا بە هەموو جۆرێک هەوڵی چەواشەکارییان دا کە سیمای خاوێنی شۆڕشی ژینا خەوشدار بکەن و بە شتێکی دەسکردی بیانیی نیشانی بدەن!**

**ئەوەی لە پڕوپاگەندەی ڕێژیم بەڕێوە چووە، لە لایەکەوە هەوڵیان داوە کە دەسەڵاتەکەیان بە جێگرتوو و بەهێز نیشان بدەن و لەولاشەوە خەڵکی ڕاپەڕیوی سەر شەقام بە لاواز و زۆر کەم و ئەویش بە دەسکرد و هاندراوی دوژمنان نیشان بدەن.**

**بەڵام ڕووی ڕاستەقینەیان لە کردەوەکانیان و لە هەندێ لە قوژبنەکانی پڕوپاگەندەکانیان دیار دەکەوێ.**

**کاتێک لەسەر شەقام هێزەکانی ڕێژیم هێرش دەکەنە سەر کچان و گەنجان و تەنانەت بە هێزی گاردی ویژە پەلاماری قوتابخانەی سەرەتایی دەدەن و دەرمانی ژەهراوی لە قوتابخانەکان دەدەن، دەری دەخەن کە تا چ ڕادەیەک ترس لە سەرتاپایان نیشتووە!**

**کاتێک کە ڕێژیم و سوپای تێرۆریستییەکەی مووشەکی بالستیک و درۆنی خۆکوژ بە بنەماڵەکانی دێموکراتەوە دەنێن و ژنی دووگیان و منداڵە لەدایکنەبووەکەی شەهید دەکەن، بەهێزیی ڕێژیم نیشان نادا بەڵکوو ئەوپەڕی لاوازی و زراوچوونی ڕێژیم دەسەلمێنێ.**

**یان کاتێک لە لوڕستان تەقە لە ماشینێک دەکەن کە منداڵی ١٠ ساڵانی بە ناوی کیانی پیرفەلەکی تێدایە، و منداڵی بێتاوان بەر دەستڕێژ دەدەن، نیشانەی بەهێزیی نییە بەڵکوو سەلمێنەری دۆشداماویی ڕێژیمە.**

**لە بواری پڕوپاگەندەییەوە زۆریان هەوڵ داوە کە خۆیان بە بەهێز دەربخەن و خەڵکی ڕاپەڕیو بە لاواز و ژمارەیەکی کەمی هاندراوی بیانییەکان نیشان بدەن؛**

جۆزەردانی ٢٧٢٣

لەم ڕۆژانەی دواییشدا خامنەیی دوبارە ڕق و کینی خۆی هەڵڕشتەوە و بە سووک و سووکایەتی پێکردن باسی خەڵکی ڕاپەڕیوی کرد.

یەکێک لە دەزگای تەبلیغیی تێرۆریستانی سوپای پاسداران کە سەرچاوەی دەنگۆ و شتی ناڕاست بڵاوکردنەوەیە، لە دەستی دەرچوو و ترسی ڕێژیمی لە منداڵانی ئەم وڵاتە نیشان دا.

ئەو کاناڵە تەبلیغیە، لە هەواڵێکدا باسی دایکی کیانی پیرفەلەکی کرد کە تازەیی ئامۆزاکەشیان دایە بەر دەسرێژ. لەوێدا دەڵێ کە ماهمونیر مەولایی دووگیانە و دووبارە منداڵێکی فیتنە لەدایک دەبێ! کاناڵەکە دەڵی کە منداڵانی فیتنە دەبێ لەنێو بچن و فیتنە لە نوتفەدا بخنکێنن!!

ئەمە هەمان دووپاتبوونەوەی مێژووی ترسنۆکیی دیکتاتۆرەکانە!

دەیان ساڵە کە لەم وڵاتەدا فیرعەونی سەردەم هەوڵی پەروەردی ئیدئۆلۆژیک دەدا و لە قوتابخانە و هەموو بنکەیەکی فێرکارییەوە بەقەول دەیەوێ بە پەروەردەی ویلایەتی فەقیهی باریان بێنێ! بەڵام ئەم منداڵانە کە گوایە قەرار بوو بەسیجییەکانی پێڕەوی خامنەیی و ڕێڕەوی قاسمە تێرۆریست بن و سروودی سڵاو فەرماندەیان فێر کەن بەڵام بوونەتە هۆی ترساندنی خامنەیی و لە منداڵی نێو سکی دایکێک دەترسێ و فەرمانی خنکاندنی دەدا!

فیرعەونێکی دیکە زەندەقی لە منداڵانی وڵات چووە و فەرمانی کوشتاری منداڵانی داوە! ڕەنگە چارەنووسی خامنەیی پێشێلکران لەژێر پێی منداڵانێک بێ کە شەو و ڕۆژ لێیان دەترسێ!

وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین

٢٥ی جۆزەردانی ٢٧٢٣

# ئەزموونێک لە ساڵی ڕابردوو



سۆران شەمسی

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کاتێک لە مانگەکانی خەرمانان و ڕەزبەری ساڵی ڕابردوو لەگەڵ یەکەم هەڵگیرسانی بزووتنەوەی نارەزایەتیی ژن، ژیان، ئازادی بەرەوڕوو بووەوە، نەیتوانی سیاسەتێکی نەرم و لێبوردەیی بگرێتە بەر، بزووتنەوەیەک کە هەندێک داواکاریی تایبەتی هەبوو گۆڕدرا بۆ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە کە لە دروشمەکانیدا هاوار دەکات بۆ ڕووخاندنی ڕێبەریی حکوومەت و ڕێژیمی دیکتاتۆری. بزووتنەوەکە بە مەبەستی دژایەتی لەگەڵ مەیلی دەسەڵاتی چەوسێنەر بۆ هەڵاواردن لە دژی ژنان و زوڵم و ستەمی حکوومەت بەرنابەر بە خەڵک، یەکگرتوویی خەڵکانی ئێرانی لێ کەوتەوە و ئاکامەکەی بوو بە ئاواتی "مەرگ بۆ دیکتاتۆریەت". ئەم داواکارییە ئەوەندە بەهێز و گشتگیر بوو کە لە هەموو گۆشەیەکەوە و لە هەموو دەرگا و پەنجەرەیەکەوە دەنگی دایەوە.

داواکاریی ڕووخاندنی حکوومەتێک داواکارییەکی شۆڕشگێڕانەیە، شۆڕشێکە لە چوارچێوەی سیاسیی وڵاتدا. ئەم جۆرە گۆڕانکارییە ئەگەر بە شێوەیەکی ناتوندوتیژییش ئەنجام بدرێت، خۆی شۆڕشێکە. داواکاریی شۆڕش لە شێوەی مەرگ بۆ

دیکتاتۆرییەت زیاتر لە هەموو شتێک کاردانەوە بوو بەرانبەر بە سەرکوتکردنی بێبەزەییانەی ناڕەزایەتییە سادەکان لەلایەن حکوومەتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵە سیاسەتی سەرکوت و کوشتنی پێڕەو کردووە و ڕەواییەکی بۆ خۆی دەستەبەر کردووە بەڵام دەبێ بزانین کە ئەم ڕەواییە ساختەیە لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەیەکی زیرەک و دەرەنجامێکی ڕوون نەبووە سەبارەت بەوەی کە ئایا مەرجە بابەتییەکانی شۆڕش جێبەجێ کراوە یان نا. ئەم داواکارییە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات بەهێزتر بوو، سواری شەپۆلێکی بەرزی وەهم بوو. ئەو وەهمەی کە مرۆڤ دەتوانێت شۆڕشێک بکات بە هەبوونی داواکارییەکی شۆڕشگێڕانە، بەبێ ئەوەی مەرجەکان جێبەجێ بکرێت.

ئەوەی کە تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی فۆرمێکی شۆڕشگێڕانە وەربگرێت، کە ئاشتیخوازانە و ناتوندوتیژانە بێت، دەرئەنجامی خەباتی هێزە کۆمەڵایەتییەکانە و وردتر، بەرهەمی ڕووبەڕووبوونەوەی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها هێزە سیاسییەکانە، کە ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانیانن. بۆیە پێویستە ڕیزبەندی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بخرێتە ڕوو، هەروەها توانا سیاسییەکانیان لە ڕووی هێنانە ناوەوەی فۆرمەکانی ئینتقالیی ئەگەری شی بکرێتەوە.

ڕووداوەکانی چوار مانگی کۆتایی بزووتنەوەکە دەریخست کە هەموو چین و توێژەکان، هەندێک جار بە شێوەیەکی چالاک و زۆرجاریش بە شێوەیەکی پاسیڤ، لە بەرەی هێزە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامیدا بوون و سەرەڕای سەرکوتکردن و کۆمەڵکوژیی دڕندانەی هێزەکانی پۆلیس کە نەیانهێشت خەڵکی ئاشتیخوازانە بێنە مەیدان، بەرەیەکی بەرفراوان لە نەیارانی بێدەنگی ڕێژیمی دەسەڵاتدار بە سەرۆکایەتی گەنجەکان، سوپایەکیان پێکهێنا. ڕاپرسییە نافەرمییەکان کە لەلایەن میدیاکانەوە بڵاو کرانەوە، پشتڕاستیان کردەوە کە زیاتر لە ٨٠%ی خەڵکی ئێران لە بەرەی ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامیدان.

بزوێنەری سەرەکیی ئەم بزووتنەوەیە گەنجان و تووڕەییان بوو، کە چیتر بەرگەی هەڵاواردن و توندوتیژی و نایەکسانی مەدەنییان نەدەگرت. بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی ئەم گرووپە کە خوێندکارانی بەشێک لە شارەکان لەگەڵی کەوتن، بوومەلەرزەیەکی گەورەی لێکەوتەوە کە پاشبوومەلەرزەکانی بۆ ماوەیەکی زۆر کۆماری ئیسلامی تووشی بەڵا دەکات. بەشێک لە دەرئەنجامە کۆمەڵایەتییەکانی بزووتنەوەی لاوان، وەکوو خواستی دەربڕین و تەحەمولنەکردنی چەوساندنەوە و زوڵم و ستەمی بەرپرسانی حکوومەتی و پەروەردەیی، دەبێتە وەبەرهێنانێکی گەورە بۆ داهاتووی ئێران و ڕەوتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی.

لەو یەکڕیزییە سیاسییەی کە لە کۆمەڵگادا دروست بووە، دەردەکەوێت کە دیکتاتۆرییەتی مەوجوود، توانای حوکمڕانیی بە

شێوەیەکی ڕێکوپێک و ئاشتیانە لەدەست داوە. بێ هۆ نەبوو کە حکوومەت لەم ماوەی چوار ساڵەدا نەیتوانی جگە لە سەرکوتکردن و کوشتار هیچ سیاسەتێکی تر بگرێتەبەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک. هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵات بە شێوەی جیاجیا ئەم دەرەنجامە پشتڕاست دەکاتەوە و هەروەها ئەوەی کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران توانای بەڕێوەبردنی وڵات بە شێوەیەکی ئاشتیانەی نییە، نەک لە داهاتوویەکی دووردا، بەڵکوو لە داهاتوویەکی نزیکدا بە دڵنیاییەوە گۆڕانکارییەکەی دەست پێ دەکات.

بەڵام هیچ دەسەڵاتێک، هەرچەندە دژ بەیەک و ناسک بێت، بە خۆی ناڕووخێت. پێویستە هەلومەرجی بابەتی و دەروونیی ژیانی خەڵک ئامادەبێت بۆ ڕاپەڕینێکی شۆڕشگێڕانە و بەستێنەکان بۆ ئەم ڕووداوە دروست بکات.

جگە لە هەلومەرجی سەخت و ماندوویی بابەتیی ژیانی خەڵک، پێویستە عەقڵییەتی ئەوان لە ئاستێکدا بێت کە دەسەڵات و متمانەی حکوومەت ڕەت بکەنەوە و نەیانەوێت لەژێر دەسەڵاتی ئەودا بژین و ئامادە بن بۆ هەڵوەشاندنەوەی حکوومەتی مەوجوود کە بوونی دەروونییان لەگەڵ بیرکردنەوەکان و سیاسەتی ئەو سەرکردانەی کە سیاسەتی "ئینتقالی" پەیڕەو دەکەن، پێویستە هەماهەنگ و یەکگرتوو بێت.

توانای حکوومەت بۆ بەڕێوەبردنی مەکینەی سەرکوت لاواز بێت و دژایەتییە ناوخۆییەکانی بەرزببێتەوە و بگاتە قۆناغێک کە ڕێگری بکات لە جێبەجێکردنی ئەرکە ئاساییەکانی حکوومەت لە جێگیرکردنی فەرمانێکی زۆرەملێدا.

پێویستە ئامرازێکی ڕێکخراوەیی و هێزێکی پێشەنگ هەبێت بۆ ئەوەی جەماوەری خەڵک کۆ بکاتەوە و ڕێنماییان بکات بۆ ڕووخاندنی حکوومەت و گۆڕینی بۆ حکوومەتێکی تر.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دەسەڵات و توانایەی کە لە کەمپینەکەدا هەیە کە بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوەی حکوومەت و ئۆپۆزسیۆنەوە دروست بووە، با بزانین چارەنووسی کۆماری ئیسلامی چۆن دەگۆڕێت یان چ فۆرمێک دەتوانرێت بەڕێوە بچێت. لەبیرمان نەچێت کە بیرکردنەوە لەم ڕووەوە بەو هۆشیارییە دەکرێت کە هیچ دڵنیاییەک نییە کە بە دڵنیاییەوە بەم شێوەیە یان ئەو ڕوو دەدات، بە واتایەکی دیکە فۆرمەکانی گواستنەوە هەموویان بە فۆرمی ئەگەری دادەنرێت. دەبێت خاڵێکی گرنگ لەبارەی ڕۆڵی وڵاتانی دەرەوە لە ڕووی کاریگەری لەسەر پرۆسەی گەشەپێدانی وڵات بگێڕینەوە. هێزی دەرەکی کە بە ڕوونی دەیانەوێت ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بگۆڕن. لەم نێوەندەدا ئەمریکا بەهۆی هێزی سەربازییەوە ڕۆڵێکی سەرەکی و یەکلاکەرەوەی هەیە. سەرەڕای ئەوەی کە ئەم وڵاتە چەندین جار خواستی خۆی بۆ گۆڕینی ئەو دەسەڵاتەی کە حوکمڕانیی

ئێران دەکات بە حکوومەتێک کە لە بەرژەوەندیی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بێت، دەربڕیوە، بەڵام ئامادە نییە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی وڵاتی ئێران ببێتەوە و لە هەموو ڕوویەکەوە دەستێوەردانی تێدا بکات.

کاتێک بزووتنەوەی نـاڕەزایەتی بە خۆپیشـاندانی سەر شەقامەکان گەیشتە لـووتکە، هەنـدێک پێیـان وابـوو چارەنووسی حکوومەت کۆتـایی پێهـاتووە، ئەمەش سووتەمەنیی ئەو وەهمەی کە دەسەڵاتی نـاڕەزایەتی خەڵک ئەوەنـدە بەهێزە کە بەم زووانە شۆڕشێکی شکۆمەندانە بەرهەم دەهێنێت. بێ ئاگا لەوەی کە شۆڕش تەنیا بەرهەمی کوڵانی شەقام یان شەقام و بـازاڕ نییە. داگیرکردنی شەقامیان لەلایەن خەڵکەوە بە شۆڕش دەزانی، لە کاتێکدا شەقام ئەو شوێنەیە کە دەسەڵاتی خەڵک تێیدا نمایش دەکرێت و شوێنێکە بـۆ ڕووبەڕووبوونەوەیـان لەگەڵ حکوومەت، نەک دیـاریکەری شۆڕش. چارەنووسی شۆڕش بە ڕەوت و فـاکتەری نەبینـراو دیـاری دەکرێت کە بەشێک لە بوونیـان لە گۆڕەپـانی شەقامدا دەردەخەن. کە حکوومەت بەهـۆی لاوازی و دژایەتییە ناوخۆییەکـانەوە ناتوانێت بەتەواوی ئامرازەکـانی سەرکوتکردن بەکـار بهێنێت و خەڵـک ئامـادەیە بە بەردەوامی ڕووبەڕووی حکوومەت ببێتەوە، و بتوانێت بە هاوکاریی سەرکردایەتی و ناوەنـدێکی بەهێزی کۆکراوە بوەستێت، و بـۆ مـاوەیەکی زۆر بوەستێت. بـزووتنەوەی ژینـا لەم هەلـومەرجە ژیـانییە بێبەش بـوو، بە کەمکـردنەوەی حەماسـەتی گەورەی گەنجان و ئامادەیی بەشێک لە خەڵک و لە ئەنجامدا نەیتوانی بگاتە ئاکامی دڵخواز.

زۆرینـەی ڕەهـای گـرووپە کۆمەڵایەتییەکـان و هێـزە سیاسییەکانی ئێـران خوازیـاری خەبـاتی ئاشتیانە و دوورکەوتـنەوە لە توندوتیژی و خوێنڕشتنن. ئەوان گوێ لەو بانگەوازانە نـاگرن کە گواستنەوەی نائاشتیانە بەرەوپێش دەبەن، هەروەهـا هەر چارەسـەرێک کە بـۆنی خـوێن و تونـدوتیژی لێبێـت، ڕەت دەکەنەوە. ئەزمـوونە تاڵەکـانی شـێوازە تونـدوتیژەکانی بەرەنگاربوونەوەی سەرکردە دیکتاتۆرییەکان و کۆتایی کارەساتبارانەی ئەو تـاقیکردنەوانە بـۆ خەڵکی ئەو وڵاتـانە چووەتە ناو هۆشیاری سیاسیی گەلی ئێران و ڕۆشنبیرەکانیانەوە.

بەم پێیە، ئێمە ڕووبەڕووی هاوکێشەیەک دەبینەوە کە دوو نەزانراوی تێدایە؛ لەلایەک ئەو ڕێگا توندوتیژانەی کە ڕێگە بە ڕووبەڕووبـوونەوەی دەسـەڵاتی بـاڵای سـەربازی و جێبەجێکردنـی یاسـای کۆمـاری ئیسلامی بە یـارمەتی دەستێوەردانی دەرەکی دەدەن، وەلا دەنـرێن و لەلایەکـی دیکەشەوە کـاروانی خەبـاتی ئاشتیخوازانەی گەل دەسەڵاتی پێویستی وەک لەم حـاڵەتەدا ڕووبەڕووی دەسەڵاتی سەربازی باڵا و یەکگرتـووی حکـوومەت دەبێتەوە. هاوسەنگیی هێزەکـان لە دۆخێکی وادا، لانیکەم لەم دۆخەی ئێستادا، لە بەرژەوەندیی هێزەکانی لایەنگری دیمۆکراسیدا نییە. لەم حاڵەتەدا چارەسەر چییە؟

ژێرئاو کەوتنی دروشمەکانی بزووتنەوەی ژنان، ژیان، ئازادی خۆی پاشەکشەی زۆرەملێ نیشان دەدات. زۆر ڕوون بوو کە

ژیرانە نەبوو ڕووبەڕووی چەکی جێبەجێکردنی یاسای ڕێژیم ببنەوە کە یەکپارچەیی خۆی پاراستووە و بێبەزەییانە نارەزایەتی و گردبوونەوەکانی سەرکوت دەکرد. کشانەوەی ڕاپەڕینەکانی بزووتنەوەکە لە شەقامەکان بڕیارێک نەبوو کە بە ئاگاداری و خۆبەخشانە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە درابێت.

بەڵام هەموو ئەکتەرە مەیدانییەکان درکیان بەوە کردبوو کە جگە لە پاشەکشەکردن لە بەرانبەر مەکینەی سەرکوت و کوشتنی دڕندانە و بازنەی لەسێدارەدراوان هیچ بژاردەیەکی دیکە نییە.

سێ مانگ خەباتی ئازایانە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئامرازەکانی سەرکوتی ڕێژیمدا نەیتوانی پێشێلکارییەکی جیددی لە بینای حکوومەتدا دروست بکات، بۆ ئەوەی ڕێژیم لە ڕێگەیەوە بلەرزێت. ئێستا بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ڕێگای ڕیفۆرمخوازی و ئەنجامدانی گۆڕانکاری بەشێکی گەیشتووەتە بنبەست، تەنانەت بەرپرسی ئۆردوگای ڕیفۆرمخوازیش وتوویەتی و لەئەنجامدا ناتوانرێت بگەڕێنەوە بۆ ڕابردوو و ڕێگای ڕیفۆرمخوازی بگرنە بەر، کەواتە چی بکرێت؟

هیچ بژاردەیەکی تر نییە؛ پێویستە دووبارە بەدواداچوون بۆ ئەو پرسە بکرێتەوە. دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکانی بزووتنەوەکە دەتوانێت وانەیەک بێت بۆ ئەوەی زەمینە بۆ داهاتوو خۆش بکات. ڕاستییەکە ئەوەیە کە پاڵەوانی سەرەکیی شەڕی سەر شەقامەکان گەنجان بوون و گرووپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان نەچوونە ناو چاڵەکەوە وەک لە بزووتنەوەکانی ساڵانی پێشوودا بینرا. ڕەنگە ئەوان زیاتر لە ڕابردوو پشتگیریی ئەم هەڵمەتە دژە حکوومەتەیان کردبێت، بەڵام پشتیوانیی پاسیڤ و دوور لە ئامادەبوونێکی گەورە لە گۆڕەپانەکەدا تەنیا لە بەلووچستان بە بەردەوامی و لە کوردستان خەڵک بە قەبارەیەکی بەرفراوان هاتنە بەرەکانی شەڕ.

ئەگەر هێزە چالاکەکانی بزووتنەوەکە بتوانن لە چەند مانگی داهاتوودا سەختی و تاڵی پەرشوبڵاوی و نەبوونی سەرکردایەتی و ناوەندگەرایی چارەسەر بکەن - بێگومان دەتوانین بە شێوەیەکی واقیعی هیوای ئەوەمان هەبێت کە لە قۆناغەکانی داهاتووی بزووتنەوەکەدا خەڵک کۆ بکرێتەوە و بە شێوەیەکی بەرفراوان، بە شێوەیەکی هەمیشەیی و لە شێوەی ملیۆنان بێنەوە سەر شانۆ.

کۆکردنەوەی خەڵک مەرجێکی پێویستە بۆ دروستکردنی تێکدانی بینای حکوومەت. هەڵمەتی سیاسی بۆ گۆڕینی حکوومەت، سەرەڕای پێداگری لەسەر نەچوونە ناو قۆناغی سەربازی، پێویستە وەک هەڵمەتێکی جەنگی سەیر بکرێت.

**جۆزەردانی ٢٧٢٣**

**بۆ ئەوانەی دەترسن لە چەمکەکانی نزیکی و تێکەڵبوون لەگەڵ بەشێکی حکوومەت کە دژایەتیی سیاسەتی ستەم و کوشتن و چەوساندنەوە دەکات، پێویستە ئەوە لەبیر بکرێت کە خەباتی سیاسی بۆ ڕووخاندنی حکوومەتێک وەک شەڕە، شەڕێکە کە بە شێوەیەکی ئاشتیانە بەڕێوەدەچێت و لەوێدا ئەگەر توانای سەربازی نەبێت بۆ ئەوەی بەتەواوی دوژمن تێک بدات، ڕێگاکانی دیالۆگ و ئاشتی دەگیرێتە بەر.**

**ئەم چارەسەرە، کاتێک دەبێتە شتێکی حەتمی کە بەرهەمی یەکریزی و هاوسەنگیی هێزەکان بێ، نەک بڕیاری ئارەزوومەندانەی ئەم یان ئەو کەسە. لەبیرمان نەچێت کە شەپۆلی ئێعدامەکان دەستی پێکرد، هێزە چالاکەکانی بزووتنەوەکە ئەوەندە بێ ئارام بوون.**

**سەبارەت بە فۆرم و شێوازەکانی پێکەوەگرتن لەسەر بنەمای کەڵکوەرگرتن لە دژایەتییە ناوخۆییەکانی حکوومەت و لەم پێوەندییەدا نزیکبوونەوە لەو توخمانەی دەسەڵات کە دژی سیاسەتی زۆرەملێ و سەرکوت و کوشتنن، مرۆڤ دەتوانێت گریمانە بکات و سیناریۆی جیاواز لەبەرچاو بگرێت . خەیاڵی کرد بەڵام ڕاستی و کارایی و توانایان لە نەخلیسکانەوە بۆ لادان، پەیوەستە بە بوونی هاوپەیمانی و هاودەنگییەکی بەهێز کە پلانی کار و ستراتێژیی هەڵمەتەکەی لەلایەن خەڵکەوە بە کردەوە پەسەند بکرێت و بەتایبەتی ئەگەر پتەو بێت بۆ پێشخستنی پرۆسەی گواستنەوە لێیەوە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی. ئێستا ئەگەر لە ڕوانگەی ئەو کەموکوڕیانەی سەرەوە و ئەو مەرجانەی کە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی سوودی لێ وەرنەگرت، سەیری ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردوو بکەین، دەبینین؛ چەندە گەشبینانە و بێهەڵوێست بوو بیر لەوە بکەینەوە کە دەسەڵات بەم زووانە کاروانەکە لەدەست دەدات، و چەند مانگێکی تر تەسلیمی سوپای شۆڕشگێڕ دەبێت. لە دۆخێکدا کە درزی دیواری سەرکوتی حکوومەت دەرنەکەوتبێت، و بزووتنەوەکەش کەموکوڕییە بنەڕەتییەکانی تێپەڕاندبێت.**

**بۆ ئەوەی شۆڕشێک سەر بکەوێت پێویستی بە دابینکردنی ئامراز و مەرج هەیە بۆ ئەمە، هەروەها لابردنی ئەو کەموکوڕیانەی کە ڕێگربوون لە پێشکەوتن و بەردەوامیی بزووتنەوەکە.**

**٢٧ی جۆزەردانی ٢٧٢٣**

# کەرامەتی مرۆڤ!



**کەریم پەرویزی**

دەڵێن لە سەردەمی کۆنی خێڵەکانی ناوچەی بیابانی عەرەبدا کە کەلتووری ئیسلامی بەو دەورانە دەڵێ سەردەمی "جاهلیت"، دوو خێڵی عەرەب زیاتر لە بیست ساڵ پێکەوە شەڕیان بوو و بە سەدان کەسیان لە یەکتر کوشت و سەدان جار دەوار و ڕەشماڵ و کاروان و ژیانی یەکتریان ئاگر تێ بەردا! سەرەتای ئەو شەڕە بێکۆتاییەش بە کوشتنی بزنێکی خێڵێک بە دەستی گەنجێکی خێڵەکەی دیکە دەستی پێ کردووە!

بە پێی ئەم چیرۆکە کۆنەی ئەو سەردەمە، گیانی بزنێک بایەخی زۆرتری هەبوو لە ژیانی بیست ساڵی دوو خێڵەکە و لەو سەدان کەسەی لە یەکدییان کوشت! ئەمە چیرۆکی ئەو گرووپ و بیرکردنەوانەیە کە هەزاران ساڵە لە کونج و قوژبنی جیاوازی ئەم جیهان دەژین و ژیان و کەرامتی مرۆڤ لایانەوە شتێکی بەبایەخ نییە، بەڵکوو گرێدراوی شتە ورد و بێبایەخەکانە کە "مرۆڤ" لە لایان لە دەمەقاڵەیەکی ساتای دوو منداڵ کەمتر دەکا و ماڵوێرانییەک بەدوای خۆیدا دێنێ کە بە هەزاران کەسیش بۆیان دانەمرکێتەوە!

**جۆزەردانی ٢٧٢٣**

ڕۆژی ١٤ی ژووئەن واتە ٢٤ی جۆزەردان، کەشتییەکی ماسیگری لە دەریای سپی یان مەدیترانە لە کەنارەکانی یۆنان ژێر ئاو کەوت و سەدان کەسی سەر کەشتییەکە کەوتنە دەریاوە. لەو چەند سەد کەسە بە وتەی بێژەرانی پۆلیس تاکوو ئێستا تەرمی نزیک بە ٨٠ کەسیان لە ئێو ئاو دەرهێناوە و نزیک بە سەد کەسیش بە زیندوو دەرباز کراون.

لە نێو ئامارەکانی قوربانی و سەرنشینەکانی کەشتیەکەدا دەڵێن کە نزیک بە ٣٥ کەسی خەڵکی کوردستانی ڕۆژاوای تێدا بووە و تا ئێستا تەرمی ژمارەیەکیان کە هەندێکیان خەڵکی کۆبانین دۆزراوەتەوە.

بە وتەی یەکێک لە خزمەکانی ئەوانەی تەرمەکانیان ون بووە، تاکوو ئێستا تەرمی ٣٤ کەسی خەڵکی دەرعای سووریەشیان دۆزیوەتەوە!

کۆبانی ئەو شارەی کوردستانی ڕۆژاوا بوو کە بەرخۆدانی بێوێنە و مێژوویەکەی، بۆ یەکەمجار ئەفسانەی دڕندەیی داعشی بەچۆک داهێنا! دەرعاش ئەو شارەی سووریا لە ناوچەی عەرەبنشین بوو کە دەروازەی ڕاپەڕینی سووریا بوو!

بەڵام چیرۆکی بێبەزەیی سیاسەت و بەرژەوەندەییە نێونەتەوەییەکان وای کرد کە قارەمانانی شەڕی داعش و دەروازەی ڕاپەڕین دژی دەسەڵاتی دڕندەی دەمشق، بۆ دەربازکردنی گیانیان پەنایان بردە بەر کرێکاری لە لیبی و لەوێشەوە بۆ دۆزینەوەی هیوایەک بە داهاتوو سواری کەشتیی چارەنووس بوون و لە کەنارەکانی ئورووپا ژێر ئاو کەوتن و مردن هات بە پێشوازییانەوە!

ئەم داستانی کۆچی مەرگئاسا و ژێر ئاو کەوتن و خنکان لە ماشینە بارهەڵگرەکان و ڕێگای مەرگ و نەمان گرتنەبەرە، داستانێکی هەموو ڕۆژە و هەموو مانگەی ئەم ناوچەیە کە ماڵوێرانی بەسەریدا زاڵە و لە پێتەختەکانی ئورووپادا بڕیار لەسەر مانەوەی دیکتاتۆرەکان و ساتوسەودا لەگەڵیان دەدرێ و خەڵکیش بە هیوای دۆزینەوەی کلاوڕۆژنەیەکی ڕوناهی ڕوو دەکەنە هەمان پێتەختەکان! تراژێدییەکی سەیرە کە نووسین لە توانایدا نییە بیگێڕێتەوە تەنیا گەر لە کەشتی ژێر ئاو بکەوی و دواهەناسەکانی ژیان بدەی و چاوت لە ڕووناکایی شارەکانی ئورووپایەک بێ کە لەگەڵ جەلادەکانی حاکم بەسەر وڵاتەکەتدا خەریکی ساتوسەودان، دەتوانی دەرک بە کارەساتەکە بکەی!

لەو ڕووداوی ژێرئاو کەوتنی کەشتییەکەی پەنابەران لە ١٤ی ژووئەندا دەڵێن گوایە سەرۆکوەزیرانی یۆنان گوتوویە کە گەر ئەو کەسانەی سەر کەشتییەکە ئورووپایی بوونایە، وڵاتانی ئورووپایی ڕێگەیان نەدەدا تاقە یەک کەسیان بمرێ وهەموویان

ڕزگار دەکردن!

ئەمە لایەنێکی تاڵی ڕاستیەکەیە کە نموونەی لە ئیتالیا ڕووی دا و کەشتییەک کە تووشی کێشە بوو، هەموویان ڕزگار کردن چونکە تووریستی ئورووپایی سواری بوون.

بەڵام لایەنی زۆر تاڵی ئەم هەقیقەتە ئەوە نییە و ئەوە تەنیا بەشێکی تاڵیی هەقیقەتەکەیە.

بەشە زۆر تاڵەکەی دیکەی ئەوەیە کە ئەو سەدان و هەزاران کەسە کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە بەدوای ڕووناکیی بەقەد دەنکە شقارەتەیەکدا بەرەو ئورووپا وەڕێ دەکەون، هیچ وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی نییە کە جێی هیوا بێ بۆ پەنابەران و ئەوان دڵیان پێ خۆش بێ ڕووی تێ بکەن! لەوە تاڵتریش ئەوەیە کە هیچ حکوومەتێکی ئەم ناوچە لە لم چەقیوە، لە چارەنووسی ئەو پەنابەرانە ناکۆڵێتەوەو هیچ حکوومەتێک لەگەڵ دەوڵەتانی ئورووپاییدا لە پێوەندیدا نابێ بۆ ڕزگارکردنی گیانی ئەو ژێرئاو کەوتووانە!

بەشێکی چیرۆکە تاڵەکە ئەوەیە کە دەوڵەتانی ئورووپایی ژیان و کەرامەتی مرۆڤی ئورووپاییان پێ گرینگترە تا مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی، بەڵام بەشە زۆر تاڵترەکەی ئەوەیە کە هیچ دەسەڵاتدارێکی لەم ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە بایەخ بۆ کەرامەت و ژیانی مرۆڤەکان دانانێ.

لە ڕاستیدا ئەوەی لەم ناوچەیە بایەخی نییە، کەرامەتی مرۆڤە. هەر بۆیە نە هیچ دەوڵەتێکی دەڤەرەکە گرینگیی پێ دەدا کە خاوەندارەتی لەو پەنابەرانە بکا و گوشار بۆ دەوڵەتە ئورووپاییەکان بێنێ کە ڕزگاریان بکەن و نە ئەو شایستەییەشیان هەیە کە داوایەکی وەها بکەن چونکە یەکەم وەڵامی ئەو دەوڵەتە ئورووپاییانە ئەوە دەبێ کە گەر گیانی ئەو کەسانەتان بەلاوە گرنگە بۆ لە وڵاتەکەی خۆتان دەرەتانی ژیانیان بۆ دروست ناکەن تاکوو ڕێگای مەرگ نەگرنە بەر! چیرۆکی بێبایەخیی گیانی مرۆڤەکان و کەرامەتیان تەنیا تایبەت نییە بە سەردەمی "جاهلیەت" کە لەسەر بزنێک بە سەدان کەسیان لە یەکدی دەکوشت. بەڵکوو بێبایەخیی مرۆڤ و سووککردنی کەرامتی لە ئێستادا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست زۆر زۆر دڕندانەتر و دزێوتر لە هەموو سەردەمێکی مێژوو بەڕێوە دەچێ!

لەم ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەدا لەسەر چکۆلەترین جیاوازییە ئایینی و زمانی و کەلتوورییەکان، لافاوی خوێن هەڵدەستێندرێ و ئەمبەر و ئەوبەری لافاوەکەش چەپڵە بۆ خوێنڕێژەکان لێ دەدەن.

جۆزەردانی ٢٧٢٣

هەر لەم سەردەمەدا لایەنگرانی پاشایی لەم ئێرانە وێرانەدا، خۆیان ئاوارە و دەربەدەرن بەڵام چەپڵە بۆ سوپای پاسداران لێ دەدەن کە هێز ڕەوانەی کوردستان دەکا و شاخ و شاری کوردستان دەسووتێنێ و منداڵ دەکوژێ!

هەر لەم سەردەمشدا، ڕێژیمێک کە ئیددیعا دەکا مووشەکی ماهوارەبەر و هایپرسۆنیکی دروست کردووە!! بەڵام لە مەزاری ژینا و کیانی پیرفەلەک و شەهیدانی دیکەی ئەم شۆڕشە دەترسێ و بەردی مەزارەکەیان دەشکێنێ!

ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گیرۆدەی دیکتاتۆری و فاشیزمەوە بایەخی نییە، ژیان و کەرامەتی مرۆڤە و تەنیا ڕێگا ئەوەیە کە بیری بەرتەریخوازی لەنێو ببرێ و بیری بەرابەریی مرۆڤەکان جێی بگرێتەوە؛ دەنا چارەنووسی هەمیشەیی، کەشتیە نقومبووەکان لە کەنارەکانی ئورووپا و کوشتارە بێ کۆتاییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەسەر بزن و شتە کەمبایەخەکانە!

وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین

٢٨ی جۆزەردانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# هەژاریی مێشک!



**کەریم پەرویزی**

لە دەروونناسیی نوێدا، بیستن و گوێلێبوون لە شتە ناڕاست و دڵەڕاوکێهێنەرەکان بە ڤایرۆس ناو دەبەن. زانایانی بواری دەروونناسی دەڵێن کە هەر وەک چۆن لەش پێویستی بە خواردن و خوراردنەوە و ڤیتامین و کانزاکانە، مێشکیش پێویستی بە وەرگرتنی زانیاری و دەرک کردن بە شتە نوێیەکان و خواردەمەنیی هزرییە تاکوو بیری لەسەر بکاتەوە و خانەکانی خۆی پێ ڕێک بخاتەوە.

هەر وەک لەش بە خواردن و خواردنەوە خراپەکان تێک دەچێ و نەخۆش دەکەوێ، مێشکیش بە شتە خراپەکانی وەکوو زانیاریی هەڵە وهەواڵی پڕ لە دڵەڕاوکێ و هەروەها خورافات، تووشی نەخۆشی و ژەهراوی دەبێ. مێشک و بیرکردنەوەی ژەهراوی ژیان قورس و پڕ لە گوشار دەکا و لەشیش تووشی نەخۆشی دەکا و تواناکان و سەرچاوەکانی ژیان بەفیڕۆ دەدا. مێشکیش هەر وەکوو دەزگای هەرس و خواردنی لەش، برسیی دەبێ و لە کاتی برسییەتیدا پەلاماری هەموو شتێک دەدا تاوەکوو هەرچی زووتر تێری بکا! لەو کاتەدا کە مێشک برسییە، نزیکترین شتەکان و بەردەستترین وەڵامەکان دەبنە ڕاستی

و هەقیقەت بۆی و وەریدەگری، بەڵام لەڕاستیدا ئەوانە خواردەمەنیی پڕ ڤایرۆسن کە مێشک تووشی شێرپەنجە دەکەن!

دوای چەندین ساڵ لە کێشمەکێشی نێوان ڕێژیمی ئێران و عەرەبستان، بە گوشاری چین، خامنەیی ملکەچی دۆخی نوێ بوو و هەموو دروشم و هەڕەشە و گورەشەکانی پێشووی لەبیر کرد و جا کەوتنە پاساوهێنانەوە کە گوایە دونیای ئیسلام پێویستی بە یەکگرتووییە و دەبێ هەوڵی دیپلۆماتیک بۆ یەکگرتوویی دونیای ئیسلام بدەن!

وەک بڵێی ئەوکاتەی کە خەڵکی هەژاری یەمەنی پڕ چەک دەکرد و چەندین ساڵە ئەو وڵاتە وێران و هەژارەی وێرانتر و هەژارتر کردووە و بە سەدان هەزار کەس لەوێ ماڵوێران بوون، ئەوکات دونیای ئیسلام پێویستی بە یەکگرتوویی نەبوو! یان لەو ساڵانەدا کە سوپای پاسداران بە فەرماندەیی قاسم سولەیمانیی تێرۆریست لە سووریە خەریکی کوشتار و جینۆساید بوو و تەنانەت بە بۆشکەی ئاگرین و بۆمبی شیمیایی لە قوتابخانەکانی منداڵانی سووریەی دەدا، دونیای ئیسلام پێویستی بە یەکگرتوویی نەبوو!

یان ئەو کاتەی کە بە فەرمانی قاسم سولەیمانی چەندین درۆن و مووشەک نران بە کۆمپانیای ئارامکۆی عەرەبستانەوە دونیای ئیسلام هیچ پێویست نەبوو یەکگرتوو بێ!

بەڵام ئێستە کە بەرژەوەندییەکانی وڵاتی چین پێویستیی بە ئارامی لە ناوچەکە هەیە، لەناکاو پێویستییەکانی دونیای ئیسلامیش ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هات! لەڕاستیدا قیبلەی وەلیی فەقیە گۆڕدرا و بەرژەوەندییەکان و پێویستییەکانی ئومولقورای ئیسلامی، واتە ڕێژیمی تاران بەپێی بەرژەوەندییەکانی "پێکەن"ی داس و چەکوشی زەرد، دیاری دەکرێن!

گۆڕانکاری لە سیاسەت و کردەوەکانی ڕێژیمی وەلیی فەقیهی لەو ئاستە سەرسووڕهێنەرەدا شتێکی تازە نییە و لە هەر دوو دەورانی خومەینی و خامنەییدا، ئەوەی بنەما بووە بۆیان پاراستنی دەسەڵاتە شەخسییەکەیان یان بە وتەی خویان پاراستنی نیزام لە واجبترینی واجبەکان بووە!

بەڵام ڕووداوەکانی مێژوو هەندێ جار بە پێچەوانەی مەیلی چەواشەکارانە و هەڵخەڵەتێنەرانەی وەلیی فەقیە و سوپای تێرۆریستیەکەی دەچنە پێش و سیمای ترسنۆکانەیان زیاتر لە جاران دەر دەخەن! لە ڕێوڕەسمێک کە لەم ڕۆژانەدا قەرار بوو وەزیرانی دەرەوەی عەرەبستان و ڕێژیمی تاران پێکەوە کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی بدەن، لایەنی عەرەبستانی ساڵۆنی کۆبوونەوەکەی پێ گۆڕین، چونکە لەو ساڵۆنەی دیاری کرابوو، وێنەیەکی قاسم سولەیمانیی تێرۆریست دانرابوو و وەزیری

**جۆزەردانی ٢٧٢٣**

**دەرەوەی عەرەبستان ئامادە نەبوو لە سالۆنێک بێ کە وێنەی ئەو تیرۆریستەی لێ بێ!**

**هەرچەند سەرەتا وتەبێژی مەئمووری درۆکردنی وەزارەتی دەرەوە، واتە ناسر کەنعانی وتی کە تەنیا کێشەی تێکنیکی بۆتە هۆکاری گۆڕینی سالۆنەکە، بەلام دواتر خودی وەزیری دەرەوەی ڕێژیم لە توویتێکدا دەڵێ کە قاسم سولەیمانی خۆیشی بۆ یەکگرتوویی دونیای ئیسلام ئامادەی وەها کارێک دەبوو!!**

**لەڕاستیدا ڕێژیمی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی دەیەویست بە بەڕێوەبردنی کۆنفرانسەکە لەو سالۆنە، وەزیری دەرەوەی عەرەبستان لەژێر وێنەی ئەو تیرۆریستە دابنێ ئەوەیش بەو مەبەستەی کە خۆراکی تەبیلغی بۆ بەسیجی و مێشک چەقبەستووەکانی دەس بکەوێ کە گەر پرسیاریان کرد باشە بۆچی لەگەڵ عەرەبستان پێوەندیتان دامەزراندەوە مەگەر نەتاندەگوت کە دەسەلاتی عەرەبستان دایکی فەسادە لە ناوچەکە؟ ئەوانیش ئەو بیانووەیان پێ بێ کە بڵێن ئەوە نییە وەزیری دەرەوی عەرەبستانمان هێنایە ژێر وێنەی قاسم سولەیمانی و ئەوە هێژموونیی کۆماری ئیسلامی نیشان دەدا!!**

**بەلام وەزیری دەرەوەی عەرەبستان نەڕۆیشتە ئەو سالۆنە و ناچار بوون لە سالۆنی دیکە کۆنفرانسەکە بگرن و وێنەی قاسمی تیرۆریستی لێ نەبێ و دووبارە سەلمایەوە کە ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی هێژموونیی نییە، بەڵکوو لەوپەڕی لاوازی و ترسی لەنێوچووندا ملیان بۆ ئەو شتانە ڕاکێشاوە و ئەوە چین و عەرەبستانن کە بڕیار بەسەر ڕێژیمی خامنەییدا دەسەپێنن!**

**ڕۆژنامەی لیبراسیۆنی فەرانسەوی لەم ڕۆژانەدا نووسیبووی کە دەسەلاتدارانی تاران خۆیان نیگەرانن لە شۆڕشی برسییەکان! ئەوە ڕاستیەکی تاڵە کە کۆمەڵگای فرەنەتەوەی ئێران بەتەواوی تووشی هەژاری و قەیرانی ئابووری بووە و هەرچی ڕۆژە هەلاوسانی ئابووری و گرانبوونی سادەترین شتومەکەکانی ژیان، بڕستی لە خەڵک بڕیوە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خەڵک برسیتر دەبن و هەر کات وساتێک ئەگەری تەقینەوەی ئەو مەزنە قەیرانە هەیە.**

**بەلام لەوە گرنگتر، هەژاریی مێشکی ئەو لایەنگر و شوێنکەوتوانەی ڕێژیمە کە دوای ئەو هەموو کارەساتە کە لەم ولاتە دەیبینن و دوای ئەو هەموو شتە دژ بەیەک و پێچەوانانەی لەم ڕێژیمە ڕوو دەدەن هێشتا چاویان لە پڕوپاگەندەکانی ڕێژیم بێ کە قسەیان بۆ بکا و خۆی پێوە فریو بدەن!**

**مێشکی ئەو جۆرە کەسانە وەها بە درێژایی چەندین ساڵ شتی خراپ و ڤایرۆسی تێ چووە و درۆ و چەواشەکاری و خورافات وەها پڕی بووە کە لە مێشک ناچێ بەڵکوو لە هەنبانەیەکی پڕ شێرپەنجە دەچێ کە بە زانیاریی ڕاست و ڕوون و دروست**



سەرچاوە
Serchawe

جۆزەردانی ٢٧٢٣

**ڕووناک نابێتەوە و دژە ڤایرۆسەکان کاری تێ ناکا!**

**هیچ مێشکێکی تەندروست بەقەد نوکەدەرزیەک بڕوا بە دروشم و چەواشەکاری و سیاسەتە تەبلیغییەکانی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی ناکا. تەنیا و تەنیا فریوخواردووەکان کە خانەکانی مێشکیان پڕ بووە لە نەخۆشی و وەهم، بڕوا بە پروپاگەندەی ڕێژیمێک دەکەن کە لە سەرەمەرگدایە!**

**وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین**

٣٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٣

# "تێکۆشین بە تەمای جیران ویشکە"




**کوردستان میدیا**

ڕۆژی ڕابردوو ٣٠ی جۆزەردان پۆلیسی دەوڵەتی ئاڵبانی لە هەنگاوێکی چاوەڕواننەکراودا هێرشی کردە سەر کەمپی ئەشرەفی ڕێکخراوی موجاهیدین و وێڕای شکاندنی دەرگا و کۆمید و کەرەستە کەسۆکییەکانیان بە گازی فرمێسکڕێژ پەلاماری دانیشتووانەکەیان دا کە لەئەنجامدا یەکێک لە ئەندامانی موجاهیدین کوژرا و چەندین کەسیشیان بریندار بوون. کردارێک کە وەبیرهێنەرەوەی هێرشەکانی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٩ بۆ سەر کەمپی ئەشرەف بوو.

ئەم کردارەی دەوڵەتی ئاڵبانی کە وەک پۆلیسی ئەم وڵاتە دەڵێ بەپێی بڕیاری دادگای باڵای وڵاتەکەیان بووە لەکاتێکدایە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ڕۆژاوایی و بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشتر پابەندیی خۆیان بە دابینکردنی ئەمنییەت و پاراستنی گیانی ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵق ڕاگەیاندووە.

لەم چوارچێوەیەدا ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا ئەم کردەوەی ئاڵبانیی مەحکووم کرد



سەرچاوە
Serchawe

و ڕایگەیاند: ئەم کردەوەیەی وڵاتی ئاڵبانی لە قازانجی کۆماری ئیسلامی و لە ئاراستەی مانەوەی ئەو ڕێژیمە لەم کاتە هەستیارەی هاوکات لەگەڵ خەباتی خەڵکی مافخواز و نەتەوە چەوساوەکانی ئێران دژی ئەو ڕێژیمە کۆنەپەرستە و هەروەها وەک هەوڵێک لەدژی هێزە ئازادیخوازەکان لە دەرەوەی ئێران دەزانین. لەگەڵ ئەوەدا ئەم هێرشە هاوتەریب و هاوکات لەگەڵ وەگەڕخستنەوەی ماشینی لەسێدارەدان و ڕەشەکوژی و دەزگای سەرکوتی ئەو ڕێژیمە لە نێوخۆ و لەشکەرکێشی و هەڕەشەی ئەنجامدانی هێرشی مووشەکی و درۆن لەدژی پەنابەرانی کوردی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان دەبینین.

لە بەرامبەریشدا وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا وێڕای پشتیوانیکردن لە دەوڵەتی ئاڵبانی بۆ ئەنجامدانی کردەوەی لەو چەشنە خۆی بێبەری کردووە لەو بەرپرسایەتییانەی کە لە کاتی ڕاگواستنی موجاهیدینی خەڵق بۆ ئاڵبانی دابووی.

پاساوی پۆلیسی ئاڵبانی بۆ هێرشی بەربڵاو بۆ سەر موجاهدین ئەوەیە کە گومانیان هەبووە لە کەمپی ئەو ڕێکخراوەیە هێرشی سایبری بۆ سەر تیرانا پێتەختی ئاڵبانی ئەنجام بدرێ. ئەم گومانە دەریدەخات کە کۆماری ئیسلامیی ئێران توانیویەتی دزە بکاتە نێو دامودەزگا دەوڵەتییەکانی ئاڵبانی یان بە دانی هەندێک ئیمتیازی بازرگانی و سیاسی کاریگەری لەسەر دەوڵەتی ئاڵبانی داناوە تاکوو کردەوەیەکی لەو چەشنە ئەنجام بدەن؛ بە دیوێکی تریدا دەتوانین بڵێین ئەم هێرشە دەکرێ گوزراشت بێ لە ڕێککەوتنێکی ژێربەژێر لە نێوان کۆماری ئیسلامی و وڵاتانی ڕۆژئاوایی بۆ ئەنجامدانی هەندێ کرداری هاوشێوە. ئەوەیکە ڕوونە کۆماری ئیسلامیی لە ساڵی ڕابردووەوە کە شۆڕشی ژینا چەخماخەی لێدرا بە جیددی ترسی لێ نیشتووە و موجاهدین وەک لایەنێکی سیاسیی دژبەری خۆی بە مەترسی دەزانێ و هەوڵی لاوازکردنی دەدا؛ ئەمەش ئەوکاتە زیاتر دەرکەوت کە هەندێ گرووپی نیزیک لە موجاهیدین توانییان بەڵگەنامەی نهێنیی کۆماری ئیسلامی لە دامودەزگا حکومەتییەکان و یەک لەوان نیهادی سەرکۆماری ڕێژیم هەک بکەن و ڕای گشتی لێ ئاگادار بکەنەوە.

لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بەم شیوەیە دۆخەکە لێک بدەینەوە کە کۆماری ئیسلامی تاکوو دێ دڕندانەتر لەگەڵ خەڵکی وەزاڵەهاتووی سەر شەقام و ئۆپۆزسیۆن دەجووڵێتەوە. ئەمەش دەرخەری ترسی ڕێژیم لە مانەوەیەتی، کە ئەم خاڵە گرینگە دەبێتە هۆی ڕادیکاڵتربوونی خەڵک لە داهاتوودا. هاوکات هەڵوێستی دەوڵەتێکی وەک ئامریکا بەرامبەر بە هێرشی دەوڵەتی ئاڵبانی بۆ سەر موجاهیدین دیسانەوە ئەو ڕاستییەمان وەبیر دێنێتەوە کە "تێکوشین بە تەمای جیران ویشکە."

ڕاستییەکی دیکەش کە لێرەدا دەبێ ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی وەک هەر سیستمێکی ملهۆڕ و دیکتاتۆریی دیکە بە گوشارخستنەسەر دژبەرانی خۆی هەوڵی پاشەکشێپێکردنیان دەدات و هەر پاشەکشێیەک دەبێتە ڕێخۆشکەر بۆ پاشەکشێکردنی زیاتر و چوونەسەری ئاستی داواکارییەکانی ڕێژیم و لەکۆتاییدا گۆڕانی باڵانسەکان؛ بۆیە زۆر گرینگە کە



سەرچاوە
Serchawe

**جۆزەردانی ٢٧٢٣**

**سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لە ئێستەدا هەم هەوڵی یەکخستنی زیاتری هێزەکانی کوردستان بدەن و هەمیش خۆ لە قەرەی دابەزاندنی ویستەکانیان و پاشەکشێ لەسەر داخوازەکانی تاران نەدەن و وەک ئاڵتێرناتیڤێکیش بۆ هەڕەشە و گوڕەشەکانی ڕێژیم و سستکردنی زیاتری پایەکانی دەسەڵاتەکەی هەوڵی هێنانە سەر شەقامی میلیۆنی خەڵکانی ئێران بەشێوەی ڕێکخراو بدەن.**

**٣١ی جۆزەردانی ٢٧٢٣**

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**جۆزەردانی ٢٧٢٣ی کوردی = جوونی ٢٠٢٤ی زایینی**

---






سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێیان بۆ نووسین و ئامادەکردنی دیمانە و وتارەکان.**

**دەستان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

